سایتی فەرموودە

هەمیشە ڕاستگۆیی

www.fermude.com

چۆن ڕزگارت دەبێت

لە ناخۆشی و نـاڕەحـەتییەکانی

سەر پردی (صِراط)؟

نوسینی: د. محمّد بن إبراهیم النّعیم

وەرگێڕانی م. شاخەوان جەواد ئەحمەد

پێش نوێژو ووتـارخوێنی مزگەوتی (سەید ئەحمەدی فەیلەسوف)

لە پیریادی - چەمچەماڵ

چاپی یەکەم ١٤٣١ك - ٢٠١٠ز

پێشەکی

الحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ العالَمينَ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى سَيِّدِ الأنبياءِ وَالمُرسَلينَ نَبِّينا مُحَمَّدٍ، وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أجْمَعينَ، أما بَعْدُ:

موسڵمانی خۆشەویست بەڕاستی شارەزا بوون لە حاڵی دواڕۆژوو ڕوودانی ئەو هەموو کارە ناخۆش و ناڕەحەتانەی کە تیایدایە، کارێکە زۆربەی موسڵمانان بێ ئاگان لێی، بەڕادەیەك وایان لێ هاتووە هەر باسی ناکەن و بیریشی لێناکەنەوە، لە کاتێکدا زۆر شارەزاو خەم خۆرن لە کارو باری ژیانی دونیا.

شارەزابوون و بە ئاگابوون لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط) یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە پێویستە موسڵمان بەردەوام بیری لێ بکاتەوەو لە یادی نەکات، چونکە بە هیچ شێوەیەك ڕزگار بوون نییە لە چوونە ناو دۆزەخ یان ڕۆیشتن بەسەریدا، هەروەك خوای پەروەردگار سوێند دەخوات کە دەبێت بەندەکانی بەناو دۆزەخدا بەرێت، هەروەك دەفەرمووێت:

﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾ ﴾ (مريم: ٧٢-٧٣). واتە: ئەی خەڵکینە! ئیللا دەبێت هەمووتان بە ناو ئاگری دۆزەخدا یان بەسەر پردی (صِراط)دا تێپەڕن، ئەی مُحَمَّد (ﷺ) ئەمە بڕیارێکە لە لایەن پەروەردگارتەوە بڕاوەتەو شتێکی حەتمییە، پاش چوونە ناو ئاگری دۆزەخ یان ڕۆیشتن بەسەر پردی (صِراط)دا، پارێزگارو خواناسان ڕزگار دەکەین، وە زاڵم و ستەمکاران لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەستە و ئەژنۆ دێڵینەوە (بە چۆکدا دەکەون و لە دۆزەخدا دەمێننەوە).

ڕۆیشتنی موسڵمان بەناو ئاگری دۆزەخدا بریتییە لە ڕۆیشتن بەسەر پردی (صِراط)دا نەك چوونە ناوی، وە ڕۆیشتنی هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان بریتییە لە چوونە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەمە بۆچوونی زانای پایەبەرز (عَبدالرَّحمنِ کوڕی زَیدِ کوڕی أسْلَم)ـە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)

هەروەك زانای پایەبەرز حافظِ حَكَمي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گێڕاوێتیەوە [١].

قۆناغی تێپەڕبوون بەسەر پردی (صِراط) یەكێكە لە ترسناكترین ئەو ناخۆشی و ناڕەحەتییانەی كە ڕووبەڕووی موسڵمان دەبێتەوە لە دواڕۆژدا، وە موسڵمان ترس و لەرزوو دڵە ڕاوكێی ئارام نابێتەوە تا لەو پردە ڕزگاری نەبێت و بە جێی نەهێڵێت و نەكەوێتە پشتییەوە.

پێشبڕكێی ڕاستەقینەو یەكلاكەرەوە لە نێوان خەڵكیدا ئەوەیە كەلەسەر پردی (صِراط) ڕوو دەدات نەك لە دونیا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَوۡ نَشَآءُ لَطَمَسۡنَا عَلَىٰٓ أَعۡيُنِهِمۡ فَٱسۡتَبَقُواْ ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبۡصِرُونَ ٦٦ ﴾ (یس: ٦٦). واتە: خۆ ئەگەر بمانەوێت نەبینن، ئەوە ئاسەواری چاوەكانیشیانمان نەدەهێشت تا نەبینن، ئەو كاتە پێشبڕكێیان كرد بەرەو ڕێگاكە ڕێگای پردی (صِراط) تا بیبڕن و بپەڕنەوە، بەڵام چۆن دەتوانن بپەڕنەوە لە كاتێكدا ئێمە كوێرمان كردبێتن.

بۆیە هەر موسڵمانێك بە سەلامەتی ئەو قۆناغە ببڕێت و بەسەر ئەو پردەدا تێپەڕێت، ئەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بووەو بە هەمیشەیی سەرفراز بووە.

دەی كەوابوو موسڵمانی خۆشەویست چیت ئامادەكردووە بۆ ڕزگار بوونت لەو هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتییانەی كە لەسەر پردی (صِراط) دێتەڕێت؟ سوێند بە خوای پەروەردگار كارەكە زۆر ترسناكەو گاڵتە نییە، چونكە یان ڕزگار بوونە لێی، یان كەوتنە ناو ئاگری دۆزەخی زۆر سوتێنەری بە ئێش و ئازارە.

موسڵمانی خۆشەویست لەم كیتابەی بەردەستتدا هەوڵم داوە تیشكێك بخەمە سەر ناخۆشی و ناڕەحەتی و ترسناكی پردی (صِراط)، **ئەویش لە چوار بەشدا:**

بەشی یەكەم: پێناسەی پردی (صِراط) و ناڕەحەتییەكانی.

بەشی دووەم: ناخۆشی و سووتانی سەر پردی (صِراط) و ئەو كارانەی كە دەبێتە مایەی

---

[١] بڕوانە: مَعارِجُ القَبول لِلحافِظ الحَكَمي (٨٥٣/٢).

ڕزگاربوون لێی.

بەشی سێیەم: ناڕەحەتی تاریکی سەر پردی (صِراط)و ئەو کارانەی کە دەبنە مایەی ڕوناک کەرەوەی.

بەشی چوارەم: ئەو تاوانانەی کە خاوەنەکەی بە هۆیەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

لە کۆتاییدا داواکارم لە پەروەردگاری بە تواناو بەبەزەیی ڕزگارمان بکات بە ڕەحم و لێبووردەیی خۆی لە هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتییە ترسناکەکانی دواڕۆژ، بە تایبەتی ناخۆشی و ناڕەحەتی سەر پردی (صِراط)، آمین.

بەشی یەکەم: پێناسەی پردی (صِراط) و ناڕەحەتییەکانی

باسی یەکەم: پردی (صِراط) چییە؟

پردی (صِراط): ئەو پردەیە کە ڕاخراوەو درێژکراوەتەوە بەسەر پشتی دۆزەخدا، تیژترە لە دەمی شمشێر، باریکترە لە تاڵەموو، خلیسکەو پێی لەسەر هەڵدەخلیسکێ، ڕێگەیەکی زۆر تاریك و سووتێنەرە، بەملاو بەولایەوە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێکی ئاگرینی پێوە هەڵواسراوە، موسڵمانانی شوێن کەوتووانی ڕاستەقینەی پێغەمبەران (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) بەسەریا تێدەپەڕن و ڕزگاریان دەبێت.

ووتراوە: درێژی ئەو پردە سەخت و ناڕەحەتە پانزە هەزار ساڵە[٢].

---

[٢] پێناسەی پردی (صِراط) لە چەند فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) وەرگیراوە، تەنها درێژی پردی (صِراط) نەبێت کە فەرموودەکەی "مُعْضَل"ـە.

فەرموودەی "مُعْضَل": ئەو فەرموودەیەیە کە لە سنەدەکەیدا دوو کەس لەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە نادیارن بە دوای

جا ئەو موسڵمانانەی کەبەسەریدا دەڕۆن یان بە سەلامەتی ڕزگاریان دەبێت، یان بە ناڕەحەتی و ئێش و ئازارێکی زۆرەوە، یان دەکەونە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

هاوەڵی بەڕێز سَلمانِ فارسی (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَيُوضَعُ الصِّراطُ مِثْلُ حَدِّ المُوسِي، فَتَقُولُ المَلائِكَةُ: مَن يجوز عَلى هذا؟ فَيَقولُ: مَن شِئْتُ مِنْ خَلقِي، فَيَقُولُونَ: سُبْحانَكَ ما عَبَدْناكَ حَقَّ عِبادَتِكَ))[٣]. واتە:... پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، ئەوەندە تیژە بە وێنەی دەمی موس، فریشتەکان دەڵێن: کێ هەیە بتوانێت بەسەریدا بڕوات و تێپەڕێت؟ خوای پەروەردگاریش دەفەرمووێت: ئەو بەندانەی کە خۆم ویستم لێیە، پاشان فریشتەکان دەڵێن: پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار بەڕاستی ئێمە تۆمان بە تەواوی نەپەرستووەو عیبادەتی تەواومان بۆ نەکردوویت.

هاوەڵی بەڕێز أبو سَعيد الخُدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێم گەیشتووەو بیستوومە کە پردی (صِراط) باریکترە لە تاڵەموو، وە تیژترە لە دەمی شمشێر[٤].

وە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((... ثُمَّ يُؤتَى بِالجِسرِ فَيُجْعَلُ بَين ظَهري جَهَنَّمَ، قُلنا: يا رَسولَ اللهِ وَما الجِسرُ؟ قالَ: مُدحِضَةٌ مزلَّة، عَلَيهِ خَطاطِيفٌ وَكَلالِيبٌ وَحَسَكَةٌ مُفَلْطَحَة، لَهَا شَوكَةٌ عُقَيفاء تَكونُ بِنَجْدٍ يُقالُ لَها: السَّعدان ...))[٥]. واتە: ... پاشان پردی

یەکدا، زانای پایەبەرز الجوزجاني (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: فەرموودەی "مُعْضَل" خراپترە لە فەرموودەی "مُنْقَطِع"، وە فەرموودەی "مُنْقَطِع"یش خراپترە لە فەرموودەی "مُرْسَل"، فەرموودەی "مُرْسَل"یش کاری پێناکرێت و ناکرێتە بەڵگە، بڕوانە: "النُّكَت على إبنِ الصَّلاح" (٢/٥٨١-٥٨٢)، وە "توضيح الأفكار" (١/٣٢٩). واتە: ئەو فەرموودەیەی کە باسی درێژی پردی (صِراط) دەکات، فەرموودەیەکی صەحیح نییەو ناکرێتە بەڵگە، بەڵام لەبەر ئەوەی دانەر هێناویەتی و باسی کردووە منیش دەستکاریم نەکردووە. **وەرگێڕ**.

[٣] رواه الحاكم (٤/٥٨٦)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٢٦).

[٤] رواه الإمام مسلم (١٨٣).

[٥] رواه البخاري واللفظ له (٧٤٤٠)، ومسلم (١٨٣).

(صِراط) دەهێنرێت و لەسەر پشتی دۆزەخ دادەنرێت، ووتمان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پردە چییەو چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پردی (صِراط) ڕێگەیەکە زۆر لووسە پێی لەسەر بەند نابێت بەڵکو هەڵدەخلیسکێت، لەسەر ئەو ڕێگەیە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێك هەیە، وە دڕکی (عُقَیفاءِ) پێوەیە کە بەلەشیانەوە دەنووسێت و ڕایان دەکێشێت (ئەو دڕکە ئاسنێکی دەم تیژی چەماوەیە کە شتی پیا هەڵدەواسرێت، وەکو ئەو قولاپەی کە قەسابەکان گۆشتی ئاژەڵانی پیا هەڵدەواسن)، پێی دەووترێت دڕکی (سَعدان) کە لە وولاتی نەجد هەیە...).

زانای پایەبەرز شێخ إبنُ العُثَیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو دەکرێت: ئەویش ئەوەیە: چۆن دەتوانرێت بەسەر ڕێگایەکدا بڕۆیت لە کاتێکدا بەو شێوەیەیە؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: کارەکانی دواڕۆژ قیاس ناکرێتە سەر کارەکانی دونیا، وە خوای پەروەردگار بەسەر هەموو کارێکدا بە تواناو بە دەسەڵاتە، بۆیە نازانین چۆن بەسەریا تێدەپەڕن، ئایا هەموویان کۆدەبنەوەو بە یەکجار بەسەریا تێدەپەڕن؟ یان یەك یەك بەسەریا تێدەپەڕن، خوای پەروەردگار زاناترە [٦].

موسڵمانی خۆشەویست دەتوانیت گەورەیی و فراوانی پردی (صِراط) بێنیتە پێش چاوی خۆت لە کاتێکدا هەموو خەڵکی لەسەرە (جگە لە هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان، چونکە ئەوان ناچنە سەر پردی (صِراط) بەڵکو یەکسەر بۆ دۆزەخ دەبردرێن)، ئەو کاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕدرێت، هەروەك دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ ﴿٤٨﴾ ﴾ (إبراهيم: ٤٨) [٧].

---

[٦] بڕوانە: شرح العقيدة الواسطية لِشَيخِ الإسلام إبنُ تيمية، لمحمد الصالح العثيمين (٢/١٦٠).

[٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٨/١٨٩)، ومسلم (٢٧٩١)، و الترمذي (٣١٢١)، وإبن ماجه (٤٢٧٩)، والدارمي (٢٨٠٩)، وإبن حبان (٣٣١)، والحاكم (٢/٤٧٣).

واته: لەو ڕۆژەدا کە قیامەتە ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕدرێت بۆ ئاسمان و زەوی تر. ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژەدا خەڵکی لە کوێن؟ ئەویش فەرمووی: لەسەر پردی (صِراط)ن، لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی التِّرمذي گێڕاوێتیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خەڵکی لەو ڕۆژەدا لە تاریکیدان لەسەر پردی (صِراط).

باسی دووەم:
تەنگ و چەڵەمەو نارەحەتی سەر پردی (صِراط)

تێپەڕ بوون بەسەر پردی (صِراط)دا یەکێکە لە ناخۆشترین و نارەحەتترین و ترسناکترین قۆناغەکانی دواڕۆژ، ئەگەر لە هەموو نارەحەتییەکان سەختترو ترسناکتر نەبێت، ئەوەندە ترس و بیم و نارەحەتی تێدایە کە بە هیچ شێوەیەك عەقڵ و نەفسی مرۆڤەکان ناتوانێت بەرگەی بگرێت و تەحەمولی بکات، **ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر ئەمە، ئەم چوار شتەیە:**

یەکەم: لەو شوێن و کاتەدا مرۆڤ هیچ کەسی لە بیر نییە جگە لە نەفسی خۆی:

دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان باسی دواڕۆژ و ئاگری دۆزەخم کرد، دەستم کرد بە گریان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆچی دەگیرییت؟ منیش ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی دواڕۆژ و ئاگری دۆزەخم کرد و گریام، پاشان ووتم: ئایا ئێوە لە قیامەتدا منداڵ و کەس و کارتان لەبیرە، ئەویش فەرمووی: ((أَمّا فِي ثَلاثَةِ مَواطِنَ فَلا يَذْكُرُ أحدٌ أحَدَاً: عِندَ المِيزانِ حَتّى يَعْلَمَ أَيَخِفُّ مِيزانُهُ أو يَثْقُل، وَحيثُ الكِتابُ حِينَ يُقالُ: [هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيهْ] حَتّى يَعْلَمَ أينَ يَقعُ كِتابُهُ في يَمينِهِ أم شِمالِهِ أم مِن وَراءِ ظَهْرِهِ، وَعِندَ الصِّراطِ إذا وَضَعَ بَين

ظَهري جَهَنَّم))[٨]. واته: فەرمووی: لە سێ کات و شوێندا هیچ کەس کەسی لەبیر نییە: لە کاتی دانانی ترازوودا کەس کەسی لەبیر نییە تا ئەو کەسە نەزانێت ئایا پێوانەی کردەوەکانی سووک دەبێت یان قورس؟ وە لەو کاتەی کیتابی کردەوەکان وەردەگیرێت و دەووترێت: «ئەوە کیتابەکەمە بیخوێننەوە» ئەو کەسە هیچ کەسی لەبیر نییە تا نەزانێت ئایا کیتابەکەی بە دەستی ڕاستی وەردەگرێت یان بەدەستی چەپی یان لە پشتیەوە؟ وە لەو کاتەی کە پردی (صِراط) دادەنرێت لەسەر دۆزەخ بۆ پەڕینەوەی موسڵمانان بەسەریا؟ ئەو سێ کاتە ئەوەندە ترسناکە هیچ کەس ئاگای لەکەس نییە، نە ژن و مێرد، نە براو خوشك، نە دایك و باوك و منداڵەکانیان، نە برادەرو هاوڕێ و خۆشەویستان، نەکاربەدەست و شوێن کەوتووانیان، هیچیان کەسیان لە بیر نییە.

دووەم: ترسانی فریشتەکان لە ناخۆشی و ناڕەحەتی پردی (صِراط) لە کاتێکدا لێپرسینەوەیان نییە:

هاوەڵی بەڕێز سَلمانِ فارسي (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... يُوضَعُ الميزانُ يومَ القيامةِ، فَلَو وُزِنَ فِيهِ السَّمواتُ والأرضُ لَوَسعَتْ، فَتَقولُ الملائكةُ: يا رَبِّ لِمَنْ يَزِنُ هذا؟ فَيَقولُ اللهُ: لِمَنْ شِئْتُ مِن خَلقي، فَتَقولُ الملائكةُ: سُبْحانَكَ ما عَبَدْناكَ حَقَّ عِبادَتِكَ، وَيُوضَعُ الصِّراطُ مِثلُ حَدِّ الموسي، فَتَقولُ الملائكةُ: مَن تُجيزُ عَلى هذا؟ فَيَقولُ: مَنْ شِئْتُ مِن خَلقي، فَيقولونَ: سُبْحانَكَ ما عَبَدْناكَ حَقَّ عِبادَتِكَ))[٩]. واتە: ... لە دواڕۆژدا ترازوو دادەنرێت

---

[٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤٤/٢٤)، وأبو داود واللفظ له (٤٧٥٥)، والحاكم (٥٧٨/٤)، وحسن إسناده شعيب الأرناؤوط في "تخريج أحاديث جامع الأصول لإبن الأثير" (٤٧٥/١٠)، بەڵام شێخ ئەلبانی ئەم فەرموودەیەی بە "ضَعيف" داناوە، بڕوانە "ضَعيفُ التَّرغيب وَالتَّرهيب" (٢١٠٨)، وە "سنن أبي داود" (٢٤٠/٤، رقم حديث: (٤٧٥٥).

[٩] رواه الحاكم (٥٨٦/٤)، وصححه الألباني في "صَحيح التَّرغيب والتَّرهيب" (٣٦٢٦).

(بۆ کێشانی کردەوەکان)، ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی پێ بکێشرێت دەیان گرێت و دەیانکێشێت (ئەوەندە گەورەیە)، فریشتەکان دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەو ترازووە بۆ کێ کێشانە دەکات، کێ دەتوانێت پڕی بکات؟ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: بۆ ئەو بەندانەی کە خۆم ویستم لێیە، فریشتەکان دەڵێن: پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار بەڕاستی ئێمە تۆمان بە تەواوی نەپەرستووەو عیبادەتی تەواومان بۆ نەکردوویت، پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت ئەوەندە تیژە بە وێنەی دەمی موس، فریشتەکان دەڵێن: کێ بەسەریدا دەپەڕێنیتەوە، کێ هەیە بتوانێت بەسەریدا بپەڕێتەوە؟ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەو بەندانەی کە خۆم ویستم لێیە، پاشان فریشتەکان دەڵێن: پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار بەڕاستی ئێمە تۆمان بە تەواوی نەپەرستووەو عیبادەتی تەواومان نەکردوویت.

سێیەم: وەستانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو شوێنەدا بۆ ئەوەی شەفاعەت بکات:

هاوەڵی بەڕێز أَنَسِ کوڕی مالِك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((سَأَلْتُ النَّبيَّ (ﷺ) أَنْ يَشْفَعَ لِي يَومَ القيامَةِ فَقالَ: أنا فاعِلٌ، قالَ: قُلْتُ: يا رَسولَ اللهِ فَأينَ أَطْلُبكَ؟ قالَ: أُطْلُبني أولَّ ما تَطْلُبُني عَلى الصِّراطِ، قالَ: قُلتُ: فإنْ لَمَ أَلْقِكَ على الصِّراطِ؟ قال: فَاطْلُبْني عِندَ الِميزانِ، قُلْتُ: فإنْ لَمَ أَلقِكَ عِندَ المِيزان؟ قالَ: فَاْطْلُبْني عِندَ الحَوضِ فإنّي لا أُخْطِئُ هذه الثلاث المَواطِن))[١٠]. واتە: داوام لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتم بۆ بکات، ئەویش فەرمووی: بەڵێ شەفاعەتت بۆ دەکەم، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێ بتبینم تا شەفاعەتم بۆ بکەی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بە دواما بگەڕێ و هەوڵ بدە بمبینە لەسەر پردی (صِراط)، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر پێت نەگەیشتم و نەتم بینی لەسەر پردی (صِراط)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەوڵ بدە بمبینە لای ترازوو (لە کاتی کێشانی کردەوەکان)، ووتم: ئەی پێغەمبەر

[١٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٣٢/٢٤)، والترمذي (٢٤٣٣)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٢٥).

(ﷺ) ئەگەر پێت نەگەیشتم و نەتم بینی لای ترازوو؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەوڵ بدە لای حەوزی (کَوثَر) بمبینە، چونکە من هەرگیز ئەو سێ شوێنە جێ ناهێڵم، بەڵکو بەردەوام لەو شوێنانەم.

دەی موسڵمانی خۆشەویست جوان بیر بکەوەو سەیری هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) بکە، چۆن باوەڕی تەواویان بە ڕۆژی دوایی هەبووە؟ وە باوەڕی تەواویان بە هەموو ئەو کارانە هەبووە کە لەو ڕۆژەدا ڕوو دەدات، وەکو ئەوەی لە پێش چاویان بوبێت، وە بڕوانە هاوەڵی بەڕێز أنَسِ کوڕی مالِك (خوای لێ ڕازی بێت) چۆن مەوعیدی بۆ دانراوە، وە چۆن شوێنی بۆ دیاری کراوە تا شەفاعەتی بۆ بکرێت، ئەمەش هەمووی بە هۆی باوەڕی تەواویان و ترسیان لەو ڕۆژە بووە، سەد خۆزگە ئێمەش وەکو ئەوان بوینایە.

چوارەم: لەو کات و شوێنەدا هیچ کەس ناتوانێت قسە بکات تەنها پێغەمبەران نەبێت (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت):

وە ئەوەی ترسناکی پردی (صِراط) دەربخات ئەوەیە لەو شوێنەدا هیچ کەس ناتوانێت لە کاتی پەڕینەوەدا قسە بکات، جگە لە پێغەمبەران (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە داوا لە خوای پەروەردگار دەکەن تا شوێن کەوتوانیان بە ساغ و سەلامەتی بیپەڕێنێتەوەو ڕزگاریان بکات، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أبو هُريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((... فَيُضْرَبُ الصِّراطُ بَينَ ظَهراني جَهَنَّمَ، فَأكونُ أوَّلُ مَن يجوز مِنَ الرُّسُلِ بِأُمَّتِهِ، وَلا يَتَكَلَّمُ يومَئذٍ إلا الرُّسُلُ، وَكَلامُ الرُّسُلِ يومَئذٍ: اللّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ ...))[(١١)]. واتە: ... پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، من یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) دەبم کە ئوممەتەکەمی بەسەردا

[(١١)] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٣٢/٢٤)، والترمذي (٢٤٣٣)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٢٥).

دەپەڕێنمەوە، وە لەو ڕۆژەدا هیچ کەس ناتوانێت قسە بکات تەنها پێغەمبەران نەبێت (صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، وە ووتەو پاڕانەوەی پێغەمبەران (صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەو ڕۆژەدا تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە...).

موسڵمانی خۆشەویست لەو فەرموودانەی سەرەوە کە باسمان کرد ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تێپەڕین بەسەر پردی (صِراط)دا یەکێکە لە ترسناکترین قۆناغەکانی دواڕۆژ، ئەو نارەحەتییەش وا پێویست دەکات لەسەرمان کە سوور بین و هەوڵ بدەین کاری چاکە زۆر بکەین و خۆمان لە خراپەو تاوان بپارێزین تا ڕزگارمان بێت لە ناخۆشی و نارەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط).

هەر بۆیە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) مُعاذِ کوڕی جَبَل (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: ((إنَّ المُؤمِنَ لا يَسْكُنُ رَوعُهُ حَتّى يَتْرُكَ جِسْرَ جَهنَّمَ وَراءَهُ))[12]. واتە: ئیماندار دڵی ئارام نابێت و ترسی لەسەر لاناچێت تا بەسەر پردی (صِراط)دا نەپەڕێتەوەو دۆزەخ نەکەوێتە پشتییەوە.

وە هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((آخِرُ مَن يَدخُلُ الجَنَّةَ رَجُلٌ يَمشي عَلى الصِّراطِ، فَهُو يَمشي مَرَّةً وَيَكبُو مَرَّةً وَتَسفِعُهُ النّارُ مَرَّةً، فإذا جاوَزَها التَفَتَ إلَيها فقالَ: تَبارَكَ الذّي نَجاني مِنكَ؛ لَقَد أعطانِي اللهُ شَيئَاً مَا أعْطاهُ أَحَدَاً مِنَ الأوَّلينَ وَالآخِرِينَ ...))[13]. واتە: کۆتا کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە پیاوێکە کاتێك بەسەر پردی (صراط)دا دەڕوات، جارێك ئاسایی دەڕوات و جارێك بەدەمدا دەکەوێت و جارێك هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و ئازاری دەدات، کاتێك تێپەڕی بەسەریداو ڕزگاری بوو لێی، ئاوڕێك دەداتەوەو سەیرێکی دۆزەخ دەکات و دەڵێت: بەخششی زۆرە ئەو پەروەردگارەی

---

[12] **بڕوانە**: موعظة المؤمنين من إحياء علوم الدين للقاسمي (ص٤٣١).
[13] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني"(٢٤/١٧٥)، والبخاري (٦٥٧١)، ومسلم واللفظ له (١٨٧).

که منی ڕزگار کرد له تـۆ، بەڕاستی خوای پەروەردگار شتێکی بە من بەخشیوە (ڕزگاری کردم لە ئاگری دۆزەخ) بە هیچ شێوەیەك بە کەسی نەبەخشیوە نە لە پێشینان و نە لە کۆتاییان...).

باسی سێیەم:
ئـــایـا بێبـــاوەڕان و دووڕووەکـــان بـەســەر پـــــردی (صِراط)دا دەڕۆن؟

هەندێ لە زانایان بۆچوونیان وایە کە خەڵکی هەموویان (موسڵمانان و بێباوەڕان) بەسـەر پـردی (صِراط)دا دەڕۆن، بەڵام فـەرموودەی (صَحیح) لـە صـەحیحی بوخـاری و موسـلیمدا هـاتووە کـە هاوەڵ بڕیاردەران و گاورو جولەکە بەسەر پردی (صِراط)دا ناڕۆن [١٤]، لەبەر ئەوەی پێش دانـانی پردی (صِراط) فەرمانیان پێ دەکرێت تا شوێنی ئەو شتە بکـەون کـە لـە دونیـادا پەرستوویانە، ئەوانیش شوێنی پەرستراوەکانیان دەکەون و بانگێکیان لێ دەکرێت و دەکەونە نـاو دۆزەخـەوە، پاشـان موسـڵمانانی ئـەم ئوممەتـە لـە ناخۆشـی و نارەحـەتی سـاحەی مەحشـەردا دەمێننـەوە، پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت.

هاوەڵی بەڕێز أبو سَعيد الخُدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: هَلْ تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ إِذَا كَانَتْ صَحْوًا؟ قُلْنَا: لاَ. قَالَ: فَإِنَّكُمْ لاَ تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ رَبِّكُمْ يَوْمَئِذٍ، إِلاَّ كَمَا تُضَارُونَ فِي رُؤْيَتِهِمَا، ثُمَّ قَالَ: يُنَادِي مُنَادٍ لِيَذْهَبْ كُلُّ قَوْمٍ إِلَى مَا كَانُوا يَعْبُدُونَ. فَيَذْهَبُ أَصْحَابُ الصَّلِيبِ مَعَ صَلِيبِهِمْ، وَأَصْحَابُ الأَوْثَانِ مَعَ أَوْثَانِهِمْ، وَأَصْحَابُ كُلِّ آلِهَةٍ مَعَ آلِهَتِهِمْ، حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ وَغُبَّرَاتٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، ثُمَّ يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ تُعْرَضُ كَأَنَّهَا سَرَابٌ، فَيُقَالُ: لِلْيَهُودِ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ قَالُوا: كُنَّا نَعْبُدُ

[١٤] رواه البخاري واللفظ له (٧٤٤٠)، ومسلم (١٨٣).

عُزَيْرَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ: كَذَبْتُمْ لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلاَ وَلَدٌ، فَمَا تُرِيدُونَ؟ قَالُوا: نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا، فَيُقَالُ: إشْرَبُوا، فَيَتَسَاقَطُونَ فِي جَهَنَّمَ، ثُمَّ يُقَالُ: لِلنَّصَارَى مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ فَيَقُولُونَ: كُنَّا نَعْبُدُ الْمَسِيحَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ: كَذَبْتُمْ لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلاَ وَلَدٌ، فَمَا تُرِيدُونَ؟ فَيَقُولُونَ: نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا. فَيُقَالُ: اشْرَبُوا. فَيَتَسَاقَطُونَ فِي جَهَنَّمَ، حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ، فَيُقَالُ: لَهُمْ مَا يَحْبِسُكُمْ وَقَدْ ذَهَبَ النَّاسُ؟ فَيَقُولُونَ: فَارَقْنَاهُمْ وَنَحْنُ أَحْوَجُ مِنَّا إِلَيْهِ الْيَوْمَ وَإِنَّا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِيَلْحَقْ كُلُّ قَوْمٍ بِمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ. وَإِنَّمَا نَنْتَظِرُ رَبَّنَا، قَالَ: فَيَأْتِيهِمُ الْجَبَّارُ. فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ. فَيَقُولُونَ: أَنْتَ رَبُّنَا. فَلاَ يُكَلِّمُهُ إِلاَّ الأَنْبِيَاءُ، فَيَقُولُ: هَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ آيَةٌ تَعْرِفُونَهُ، فَيَقُولُونَ: السَّاقُ. فَيَكْشِفُ عَنْ سَاقِهِ فَيَسْجُدُ لَهُ كُلُّ مُؤْمِنٍ، وَيَبْقَى مَنْ كَانَ يَسْجُدُ لِلَّهِ رِيَاءً وَسُمْعَةً، فَيَذْهَبُ كَيْمَا يَسْجُدَ فَيَعُودُ ظَهْرُهُ طَبَقًا وَاحِدًا، ثُمَّ يُؤْتَى بِالْجَسْرِ فَيُجْعَلُ بَيْنَ ظَهْرَىْ جَهَنَّمَ. قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْجَسْرُ؟ قَالَ: مَدْحَضَةٌ مَزِلَّةٌ، عَلَيْهِ خَطَاطِيفُ وَكَلاَلِيبُ وَحَسَكَةٌ مُفَلْطَحَةٌ، لَهَا شَوْكَةٌ عُقَيْفَاءُ تَكُونُ بِنَجْدٍ، يُقَالُ لَهَا: السَّعْدَانُ، الْمُؤْمِنُ عَلَيْهَا كَالطَّرْفِ وَكَالْبَرْقِ وَكَالرِّيحِ وَكَأَجَاوِيدِ الْخَيْلِ وَالرِّكَابِ، فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَنَاجٍ مَخْدُوشٌ وَمَكْدُوسٌ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، حَتَّى يَمُرَّ آخِرُهُمْ يُسْحَبُ سَحْبًا ...))[١٥]. واتە: ووتمان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئێمە خوای پەروەردگار دەبینین لە دواڕۆژدا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئێوە تووشی هیچ ناڕەحەتی و زەحمەتێك دەبن لە کاتی سەیرکردنی خۆرو مانگ لە ڕۆژێکی ساف و بێ تەم و هەوردا؟ ووتمان: نەخێر، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: دەی کەوابوو ئێوە تووشی هیچ ناڕەحەتی و زەحمەتێك نابن لە کاتی بینینی خوای پەروەردگاردا هەروەك چۆن تووشی ناڕەحەتی و زەحمەت نابن لە کاتی سەیر کردنی خۆرو مانگ لە ڕۆژێکی ساف و بێ تەم و هەوردا، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لە ڕۆژی دواییدا بانگ کەرێك بانگ دەکات با هەموو گەلێك بڕوات بۆ لای ئەوەی کە لە دونیادا

---

[١٥] رواه البخاري واللفظ له (٧٤٤٠)، ومسلم (١٨٣).

پەرستوویەتی و شوێنی بکەوێت، کەسانی خاوەن سەلیب (گاورەکان) لە گەڵ سەلیبەکانیان و بت پەرستەکان لەگەڵ بتەکانیان دەڕۆن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوانەن کە خوای پەروەردگاریان پەرستووە لە چاکەکاران و تاوانباران و پاشماوەی گاورو جولەکە (واتە: لەسەر دینی خۆیان مابوون، بەڵام کاتێك ئیسلام هات پێیان نەگەیشتبوو)، پاشان دۆزەخ دەهێنرێت و دەخرێتە پێش چاو بە وێنەی (سَراب) *، بە جولەکە دەووترێت: چیتان پەرستووە لە دونیادا؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لە دونیادا عوزەیری کوڕی خوامان پەرستووە (رضي الله عنه)، پێیان دەووترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار خێزان و کوڕی نییە، ئێستا چیتان دەوێت و داوای چی دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: دەمانەوێت ئاو بخۆینەوە (گەرمای خۆر زۆر تینووی کردوون)، پێیان دەووترێت: بڕۆن ئاو بخۆنەوە، کاتێك دەڕۆن بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخەوە، پاشان بە گاور دەووترێت: ئەی ئێوە چیتان پەرستووە لە دونیادا؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لە دونیادا عیسای کوڕی خوامان (رضي الله عنه) پەرستووە، پێیان دەووترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار خێزان و کوڕی نییە، دەی کەوابوو ئێستا چیتان دەوێت و داوای چی دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: دەمانەوێت ئاو بخۆینە، دەووترێت: بڕۆن ئاو بخۆنەوە، کاتێك دەڕۆن بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەمانە هەر لەسەرەتاوە دەچنە ناو دۆزەخەوە، ئەوەی کە دەمینێتەوە ئەو موسڵمانانەن کە خوای پەروەردگاریان پەرستووە لە چاکەکاران و خراپەکاران، پێیان دەووترێت: چی ڕێگری لێکردن تا نەڕۆن لە کاتێکدا خەڵکی ڕۆیشتن؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لە دونیاشدا لە خۆیان و پەرستراوەکانیان جیا ببووینەوە، وە ئێمە ئەمڕۆ زیاتر پێویستمان بە خوای پەروەردگارە، وە ئێمە گوێمان لە بانگ کەرێك بوو بانگی کردوو ووتی: با هەموو گەلێك بڕوات بۆ لای ئەوەی کە لە دونیادا پەرستوویەتی و شوێنی بکەوێت، ئێمەش چاوەڕێی خوای

---

* السَّراب: بەو شتە دەووترێت: کاتێك لە گەرمای هاویندا سەیری دەشتاییەك یان سەیری سەر جادەیەکی قیر دەکەیت شتێك دەردەکەوێت وەکو ئاو وایە، بەڵام ئاو نییە، بەڵکو گەرمای خۆرەیەکە ڕمل دەکات بە وێنەی ئاو.



پەروەردگار دەکەین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پاشان خوای پەروەردگار دێت بە شێوەیەك جیاتر لەو شێوەیەی کە یەکەم جار بینیبویان، دەفەرمووێت: من پەروەردگاری ئێوەم، ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، بۆیە لەو ڕۆژەدا هیچ کەس قسە ناکاو داوا لە خوای پەروەردگار ناکات تەنها پێغەمبەران نەبێت (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئایا لە نێوان ئێوەو خوای پەروەردگاردا نیشانەیەك هەیە تا پێی بناسنەوە؟ ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ بە (ساقی) دەیناسینەوە، کاتێك (ساقی) هەڵدەداتەوە هەموو ئیماندارێك سوجدەی بۆ دەبات، بەڵام ئەو کەسانەی لە دونیادا سوجدەیان بۆ خوا بردووە بەڵام بۆ ڕیاو ناو دەرکردن بووە (دووڕووەکان)، دەیانەوێت وەکو ئیمانداران سوجدە بەرن بۆ خوای پەروەردگار، بەڵام پشتیان ڕەق دەبێت ناتوانن سوجدەی بۆ بەرن، پاشان پردی (صِراط) دەهێنرێت و لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، ووتمان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پردە چییە و چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پردی (صِراط) ڕێگەیەکە زۆر لووسە پێی لەسەر بەند نابێت بەڵکو هەڵدەخلیسکێت، لەسەر ئەو ڕێگەیە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێك هەیە، وە دڕکی (عُقَیفاءِ) پێوەیە کە بەلەشیانەوە دەنوسێت و ڕایان دەکێشێت، پێی دەووترێت (سَعدان) کە لە ووڵاتی نەجد هەیە، ئیمانداران بەسەریا دەپەڕنەوە هەیانە وەکو: چاو تروکان دەپەڕێتەوە، وە هەیانە وەکو: شەوقی ئاوێنە دەپەڕێتەوە، هەیانە وەکو: با دەپەڕێتەوە، هەیانە وەکو: سوارچاکێك دەپەڕێتەوە، هەیانە بە پیادە دەپەڕێتەوە، بۆیە ئەوانەی کە بەسەریا ئەڕۆن هەیانە بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە ڕزگاری دەبێت بەڵام لەش و دەم و چاوی ڕووشاوە، هەیانە بەردەبێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ و ناتوانێت بپەڕێتەوە، هەتا کۆتا کەسیان ڕزگاری دەبێت کەسێکە دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە و ڕادەکێشرێت، بەو حاڵە ناخۆشە بەڵام ڕزگاری دەبێت...). لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی مُسْلِم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گێڕاوێتیەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ لِيَتَّبِعْ كُلُّ أُمَّةٍ مَا كَانَتْ تَعْبُدُ. فَلاَ يَبْقَى أَحَدٌ

كَانَ يَعْبُدُ غَيْرَ اللَّهِ سُبْحَانَهُ مِنَ الأَصْنَامِ وَالأَنْصَابِ إِلاَّ يَتَسَاقَطُونَ فِي النَّارِ حَتَّى إِذَا لَمْ يَبْقَ إِلاَّ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ وَفَاجِرٍ وَغُبَّرِ أَهْلِ الْكِتَابِ، فَيُدْعَى الْيَهُودُ فَيُقَالُ لَهُمْ: مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ قَالُوا: كُنَّا نَعْبُدُ عُزَيْرَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ: كَذَبْتُمْ مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ صَاحِبَةٍ وَلاَ وَلَدٍ، فَمَاذَا تَبْغُونَ؟ قَالُوا: عَطِشْنَا يَا رَبَّنَا فَاسْقِنَا. فَيُشَارُ إِلَيْهِمْ أَلاَ تَرِدُونَ فَيُحْشَرُونَ إِلَى النَّارِ كَأَنَّهَا سَرَابٌ يَحْطِمُ بَعْضُهَا بَعْضًا فَيَتَسَاقَطُونَ فِي النَّارِ. ثُمَّ يُدْعَى النَّصَارَى، فَيُقَالُ: لَهُمْ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ قَالُوا: كُنَّا نَعْبُدُ الْمَسِيحَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ لَهُمْ: كَذَبْتُمْ. مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ صَاحِبَةٍ وَلاَ وَلَدٍ. فَيُقَالُ لَهُمْ: مَاذَا تَبْغُونَ؟ فَيَقُولُونَ: عَطِشْنَا يَا رَبَّنَا فَاسْقِنَا. قَالَ: فَيُشَارُ إِلَيْهِمْ أَلاَ تَرِدُونَ فَيُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ كَأَنَّهَا سَرَابٌ يَحْطِمُ بَعْضُهَا بَعْضًا فَيَتَسَاقَطُونَ فِي النَّارِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يَبْقَ إِلاَّ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ تَعَالَى مِنْ بَرٍّ وَفَاجِرٍ، أَتَاهُمْ رَبُّ الْعَالَمِينَ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى فِي أَدْنَى صُورَةٍ مِنَ الَّتِي رَأَوْهُ فِيهَا. قَالَ: فَمَا تَنْتَظِرُونَ تَتْبَعُ كُلُّ أُمَّةٍ مَا كَانَتْ تَعْبُدُ؟. قَالُوا: يَا رَبَّنَا فَارَقْنَا النَّاسَ فِي الدُّنْيَا أَفْقَرَ مَا كُنَّا إِلَيْهِمْ وَلَمْ نُصَاحِبْهُمْ. فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ. فَيَقُولُونَ: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ لاَ نُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا "مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا" حَتَّى إِنَّ بَعْضَهُمْ لَيَكَادُ أَنْ يَنْقَلِبَ. فَيَقُولُ: هَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ آيَةٌ فَتَعْرِفُونَهُ بِهَا؟ فَيَقُولُونَ: نَعَمْ. فَيُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ فَلاَ يَبْقَى مَنْ كَانَ يَسْجُدُ لِلَّهِ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِهِ إِلاَّ أَذِنَ اللَّهُ لَهُ بِالسُّجُودِ، وَلاَ يَبْقَى مَنْ كَانَ يَسْجُدُ اتِّقَاءً وَرِيَاءً إِلاَّ جَعَلَ اللَّهُ ظَهْرَهُ طَبَقَةً وَاحِدَةً كُلَّمَا أَرَادَ أَنْ يَسْجُدَ خَرَّ عَلَى قَفَاهُ. ثُمَّ يَرْفَعُونَ رُءُوسَهُمْ وَقَدْ تَحَوَّلَ فِي صُورَتِهِ الَّتِي رَأَوْهُ فِيهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ، فَقَالَ: أَنَا رَبُّكُمْ. فَيَقُولُونَ: أَنْتَ رَبُّنَا. ثُمَّ يُضْرَبُ الْجِسْرُ عَلَى جَهَنَّمَ وَتَحِلُّ الشَّفَاعَةُ، وَيَقُولُونَ: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ ...)) [١٦]. واته: كاتێك ڕۆژی قیامەت دێت بانگکەرێك بانگ دەكات با هەموو گەلێك بڕوات بۆ لای ئەوەی كە لە دونیادا پەرستوویەتی، ئەوانەی جگە لە خوای پەروەردگار بت و داروو بەردیان پەرستووە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، تەنها ئەوانە دەمێننەوە كە خوای پەروەردگاریان پەرستووە لە چاكەكاران و تاوانباران و پاشماوەی گاورو

[١٦] رواه مسلم (٢/٦٦/٤٧٢).

جولەکە، بانگی جولەکە دەکرێت و پێیان دەووترێت: چیتان پەرستووە لە دونیادا؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لە دونیادا عوزەیری کوڕی خوامان پەرستووە، پێیان دەووترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار نە خێزانی هەبووەو نە کوڕیش، ئێستا چیتان دەوێت و داوای چی دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: تینومانە دەمانەوێت ئاو بخۆینەوە، ئاماژەیان بۆ دەکرێت و پێیان دەووترێت بۆ ناڕۆن بۆسەری؟ پێش دەخرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ کە بە وێنەی (سَراب)ـە، هەندێکی هەندێکی تێك دەشکێنێت، کاتێك دەڕۆن بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخەوەو دەکەونە ناوی، پاشان بانگی گاورەکان دەکرێت و پێیان دەووترێت: ئەی ئێوە چیتان پەرستووە لە دونیادا؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لە دونیادا عیسای کوڕی خوامان پەرستووە، پێیان دەووترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار نە خێزانی هەبووەو نە کوڕیش، ئێستا چیتان دەوێت و داوای چی دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: تینومانە دەمانەوێت ئاو بخۆینەوە، ئاماژەیان بۆ دەکرێت و پێیان دەوترێت بۆ ناڕۆن بۆسەری؟ پێش دەخرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ کە بە وێنەی (سَراب)ـە، هەندێکی هەندێکی تێك دەشکێنێت، کاتێك دەڕۆن بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخەوەو دەکەونە ناوی، ئەوان دەڕۆن کەس نامێنێتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خوای پەروەردگاریان پەرستووە لە چاکەکاران و خراپەکاران و پاشماوەی گاورو جولەکە، لەو کاتەدا خوای پەروەردگار دێت بۆ لایان (هاتنێك کە شایستەیە بە خۆی) بە نزیکترین شێوە کە دونیادا ناسیویانە (موسڵمانان خوایان نەبینیوە لە دونیادا بەڵام ناسیویانە بە ناوو سیفاتەکانی کە هیچ کەس و شتێك لەو ناچێت)، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: چاوەڕێی چی دەکەن؟ هەموو ئوممەتێك شوێنی ئەوە کەوتن کە لە دونیادا پەرستبوویان، ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئێمە لە دونیادا لە خەڵکی جیابوینەوە و هاوەڵایەتیمان نەکردن لە کاتێکدا زۆر پێویستمان پێیان بوو، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: من پەروەردگاری ئێوەم، ئەوانیش دەڵێن: پەنا دەگرین بەتۆ ئەی خوای پەروەردگار بە هیچ شێوەیەك هاوەڵمان بۆت بڕیارنەداوەو

بڕیاریشی نادەین (دوو جار یان سێ جار وا دەڵێن)، هەتا هەندێ لە موسڵمانان لەوکاتەدا خەریکە پەشیمان دەبنەوە لە بیروباوەڕی پاکیان لە بەر گرانی و سەختی ئەو تاقی کردنەوەیە، خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ئایا هیچ نیشانەیەك هەیە لە نێوان ئێوەو ئەودا تا پێی بناسنەوە؟ ئەوانیش دەڵێن: بـەڵێ، لەو کاتەدا پەردە لەسەر (ساق)ی لادەدرێت، هیچ کەس نییە لە دونیادا کە بە دڵسۆزی و ئیخلاصەوە سوجدەی بۆ خوا بردبێت ئیللا خوای پەروەردگار ڕێگەی پێدەدات تا سوجدەی بۆ بەرێت، وە هیچ کەس نییە لە دونیادا سوجدەی بۆ ڕیاو ناو دەرکردن بردووە، ئیللا خوای پەروەردگار پشتی دەکات بە یەك پارچە هەر کاتێك بیەوێت سوجدەی بۆ بەرێت بە پشتا دەکەوێت، پاشان موسڵمانان سەریان بەرز دەکەنەوە خوای پەروەردگار دەبینن لەسەر ئەو شێوەیەی کە لە دونیادا ناسیویانە (بە ناوو سیفاتەکانی کە هیچ کەس و شتێك لەو ناچێت)، خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: من پەروەردگاری ئێوەم، ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، پاشان پردی (صراط) بەسەر دۆزەخەوە دادەنرێت، ڕێگە بە شەفاعەت کردن دەدرێت، پێغەمبەرانی خوا (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەفەرموون: خوایە سەلامەتیان بکەیت، خوایە سەلامەتیان بکەیت.

زانای پایەبەرز إبنُ رَجَب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێـت: ئـەم فەرمودەیـە بـە ڕوون و ئاشـکرایی ئەوە دەگەیەنێت کە هەرکەسێك عیبادەت بۆ شتێکی تر بکات جگە لە خوای پەروەردگار، وەکـو گاورو جولەکـە کـە پێغەمبـەر (عیسی) و پێغەمبـەر (عُزَیر) دەپەرسـتن (صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسەر بێت)، ئەوە حوکمی ئەو کەسـە وەکـو موشـریکین و هـاوەڵ بڕیـاڕدەران وایـە، واتـە: پـێش دانانی پردی (صِراط) دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە، بـەڵام بـت پەرسـتان و خـۆرو مـانگ پەرسـتان و جگـە لـەوانیش هـەموویان کۆمـەڵ کۆمـەڵ شـوێنی ئـەو پەرسـتراوە دەکـەون کـە لـە دونیـادا پەرستویانە، شوێنیان دەکەون و هەر لەسەرەتاوە دەکەونە ناو دۆزەخەوە، ئـەوەی بەڵگـە بێـت لەسەر ئەمە فەرموودەی خوای پەروەردگارە کە سەبارەت بە حـاڵی فیرعـەون دەفـەرموویێت: ﴿

يَقۡدُمُ قَوۡمَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَأَوۡرَدَهُمُ ٱلنَّارَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡوِرۡدُ ٱلۡمَوۡرُودُ ﴿٩٨﴾ (هود: ٩٨) [١٧]. واته: فیرعەون لە دوارِۆژدا پێش ئەو کەسانە دەکەوێت کە لە دونیادا شوێنی کەوتبوون، پێشیان دەکەوێت و بەرەو ناو ئاگری دۆزەخ دەیان بات، چەند خراپ و نارِەحەتە ئاگری دۆزەخ، جێی ئاوخواردنەوەو حەوانەوەی گەلێکی تینووی خەستە بێت، ئاوی زۆر گەرم و کوڵاوی دۆزەخ و کێم و زووخاوی ئەهلی دۆزەخ دەخۆنەوە. دووڕووەکان کاتێك دەچنە سەر پردی (صِراط) بۆ ئەوەی بپەڕنەوە، نورو ڕوناکیان دەدرێتێ و بەردەمیان ڕوناك دەبێتەوە ئەوانیش شوێنی ئەو ڕوناکییە دەکەون تا بپەڕنەوە، بەڵام نورو ڕوناکییەکەیان دەکوژێتەوە، تا بەربنەوەو بکەونە پلە ناخۆش و نارِەحەتەکانی ژێرەوەی دۆزەخ، خوای پەروەردگار پەنامان بدات.

هاوەڵی بەڕێز جابرِ کوڕی عَبدُالله (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: ((... وَيُعْطَى كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ "مُنَافِقٍ أَوْ مُؤْمِنٍ" نُورًا ثُمَّ يَتَّبِعُونَهُ، وَعَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ كَلاَلِيبٌ وَحَسَكٌ تَأْخُذُ مَنْ شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ يَطْفَأُ نُورُ الْمُنَافِقِينَ، ثُمَّ يَنْجُو الْمُؤْمِنُونَ ...)) [١٨]. واته: ... پاشان نورو ڕوناکی دەدرێت بە هەموو مرۆڤێك جادووڕوو بێت یان ئیماندار، شوێنی ئەو ڕوناکییە دەکەون تا پێی بپەڕنەوە بەسەر پردی (صِراط)دا، وە لەسەر پردی (صِراط) قولاپ و دڕکی ئاگرین هەیە ئەو کەسانە ڕادەکێشێت کە خوای پەروەردگار ویستی لێیە، پاشان کە دووڕووەکان دەچنە سەر پردی (صِراط) تا بپەڕنەوە نورو ڕوناکییەکەیان دەکوژێتەوە، پاشان ئیمانداران ڕزگاریان دەبێت .....

---

[١٧] **بڕوانە**: التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار، لإبن رجب، تحقيق إياد القيسي (ص ٢٢٧).

[١٨] رواه الإمام أحمد "المسند" (١٤٧٦٣)، ومسلم موقوفا على جابر (ت) (١٩١).

باسی چوارەم:
حاڵــی خەڵــکــی لەســـەر پـــردی (صراط)

ئەو خەلکەی بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕۆن بە چوار شێوە دەپەڕنەوە، هەریەك بە پێی ئەو ئیمانەی کە هەیبووە، وە بە ئەندازەی ئەو کردەوەیەی کە لە دونیادا کردوویەتی، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێز أبو سَعيد الخُدري (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((يُوضَعُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَى جَهَنَّمَ عَلَيْهِ حَسَكٌ كَحَسَكِ السَّعْدَانِ ثُمَّ يَسْتَجِيزُ النَّاسُ فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَمَخدُوجٌ بِهِ "أي مَخْدوش"، ثُمَّ نَاجٍ وَمُحْتَبِسٌ بِهِ، وَمَنْكُوسٌ فِيهَا ...))[١٩]. واتە: پردی (صِراط) دادەنرێت لەسەر پشتی دۆزەخ، دڕکێکی لەسەرە وەکو دڕکی (سَعْدان)ـە، پاشان خەڵکی دەکەونە ڕێ تا بەسەریا بپەڕنەوە، هەیانە بە سەلامەتی دەپەڕێتەوەو ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە لاشەی هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و لاشەی بریندار دەبێت و دەڕوشێت، بەڵام ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە ڕادەگیرێت، وە هەیانە سەرەوخوار دەکرێت و بەسەرسەرا بەردەدرێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ...).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆیشتنی خەڵکی بەسەر پردی (صِراط)دا بەم شێوانەیە:

یەکەم: خەڵکی وا هەیە لەسەر پردی (صِراط) زۆر بە خێرایی دەپەڕێتەوەو ڕزگاری ئەبێت، نە هەڵاوی گەرمی دۆزەخ و نە قولاپەکانی پردی (صِراط) نایگرێت، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی مَسعُود (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((يَرِدُ النَّاسُ النَّارَ ثُمَّ يَصْدُرُونَ منها بأعمالهم، فأوَّلُهُم كَلَمْحِ البرقِ ثُمَّ

---

[١٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، وإبن ماجه (٤٢٨٠)، وإبن حبان (٧٤٢٩)، والحاكم (٦٢٨/٤)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٨١٨٩).

كَالرِّيحِ ثُمَّ كَحُضْرِ الْفَرَسِ "أي كَجَري الفَرَسِ" ثُمَّ كَالرّاكِبِ فِي رِحْلِهِ ثُمَّ كَشَدِّ الرَّجُلِ ثُمَّ كَمَشْيِهِ)) [٢٠]. واتە: خەڵكی دێنە دیار ئاگری دۆزەخ، پاشان بە پێی کردەوەکانیان بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕن و ڕزگاریان دەبێت لێی، یەکەم کەس و کۆمەڵیانیان بە وێنەی تیشك دەپەڕێتەوە، پاشان وەکو با، پاشان وەکو ڕۆیشتنی سوارچاکێك، پاشان وەکو سوارییەکی ئاسایی، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی باش، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی سادەو ئاسایی.

دووەم: هەیانە قولاپەکانی ئەملاو ئەولای پردی (صِراط) دەیگرێت و لاشەی بریندار دەکات و دەیڕوشێنێت، یان گۆشتی لاشەی دەپچرێت، پاشان ڕزگاری دەبێت، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) **حُذيفة** (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَفِي حَافَتَي الصِّرَاطِ كَلالِيبُ مُعَلَّقَةٌ مَأْمُورَةٌ تَأْخُذُ مَنْ أُمِرَتْ بِهِ، فَنَاجٍ مَخْدُوشٌ، وَمَكْدُوسٌ فِي النَّارِ...)) [٢١]. واتە: ... بەملاو بەولای پردی (صِراط)ـەوە قولاپی ئاسنی پیا هەڵواسراوە، فەرمانی پێکراوە ئەوانە ڕابکێشێت کە دۆزەخین و فەرمانی ڕاکێشانیان کراوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، هەیانە لاشەی هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و بریندار دەبێت و دەڕوشێت و پاشان ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە بە پشتا بەردەدرێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ.

وە هەروەها هاوەڵی بەڕێز **أبوهُرَيرة** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((... وَفِي جَهَنَّمَ كَلاَلِيبُ مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، هَلْ رَأَيْتُمْ شَوْكَ السَّعْدَانِ؟. قَالُوا: نَعَمْ. قَالَ: فَإِنَّهَا مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، غَيْرَ أَنَّهُ لاَ يَعْلَمُ قَدْرَ عِظَمِهَا إِلاَّ اللَّهُ، تَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ،

---

[٢٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٨/٢٠٩)، والترمذي (٣١٥٩)، والدارمي (٢٨١٠)، والحاكم (٤/٥٨٦)، وصححه الألباني في "صحيح الترمذي" (٢٥٢٦).

[٢١] رواه الإمام مسلم (١٩٥)، والحاكم (٤/٦٣١).

فَمِنْهُمْ مَنْ يُوبَقُ بِعَمَلِهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يُخَرْدَلُ ثُمَّ يَنْجُو، ...))[٢٢]. واته: ... له دۆزەخدا قولاپ هەیه به وێنەی دڕکی (سَعدان)ـه، ئایا دڕکی (سَعدان)تان بینیوه؟ فەرموویان: بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: قولاپەکانی ناو دۆزەخ به وێنەی دڕکی (سَعدان)ــه، بەڵام هیچ کەس گەورەیی ئەو دڕکه نازانێت جگه له خوای پەروەردگار، ئەو دڕکه (له ناو دۆزەخدا ئاسنه) خەڵکی ڕادەکێشێت بۆ ناو ئاگر به پێی کردەوەکانیان، هەیانه له ناو دەچێت، سزاو ئێش و ئازار زۆر دەبینێت به هۆی کردەوه خراپەکانییەوە، وه هەیانه قولاپەکانی تەنیشت پردی (صِراط) ڕایدەکێشێت و گۆشتی لاشەی پارچه پارچه دەکات، بەڵام له دواییدا ڕزگاری دەبێت.

زانای پایەبەرز إبنُ الحَجَر له الزَّينُ إبْنُ المُنير (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) دەگێڕێتەوە حیکمەت له شوبهاندنی قولاپەکانی ناو دۆزەخ به دڕکی (سَعدان) ئەوەیه: ئەو دڕکه زۆر زوو مرۆڤەکان ڕادەکێشێت و زوو بەلاشەیانەوە دەنووسێت، وه بۆیه پێغەمبەر (ﷺ) قولاپەکانی تەنیشت پردی (صِراط)ی شوبهاندووه بەو دڕکه چونکه له دونیادا بینیویانه[٢٣].

هەیانه لەسەر پردی (صِراط) ڕادەگیرێت و تووشی ئێش و ئازارو نارەحەتییەکی زۆر دەبێت، وه تووشی ترس و سزایەکی وا دەبێت که دڵەکان دێنێته لەرزین، هەروەك هاوەڵی بەڕێز سَهلِ كوڕی مُعاذِ كوڕی أَنَسِ الجُهَني له باوكيەوه (خوایان لێ ڕازی بێت) له پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوێتیەوە که فەرموویەتی: ((... وَمَنْ رَمى مُسْلِمًا بِشَيْءٍ يُرِيدُ شَيْنَهُ بِهِ، حَبَسَهُ اللَّهُ عَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ))[٢٤]. واته: ... هەرکەسێك شتێك له عەیبه و کەم و کوڕی بداته پاڵ موسڵمانێك و

---

[٢٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، والبخاري (٨٠٦)، ومسلم (١٨٢)، وإبن ماجه (٤٢٨٠).

[٢٣] **بروانه**: فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (٤٦٢/١١ ح ٦٥٧٤).

[٢٤] أخرجه الأمام أحمد (٤٤١/٣، رقم ١٥٦٨٧)، وإبن المبارك (٢٣٩/١، رقم ٦٨٦)، وأبو داود (٢٧٠/٤، رقم ٤٨٨٣)، وإبن أبى الدنيا (ص ١٥١، رقم ٢٤٨)، والطبرانى (١٩٤/٢٠، رقم ٤٣٣)، وأخرجه أيضًا: البخارى فى "التاريخ الكبير" (٣٧٧/١)، وحسنه الألباني في

مەبەستی پێی ناشرین کردن و شکاندنەوەی بێت، ئەوە خوای پەروەردگار لەسەر پردی (صِراط) ڕایدەگرێت تا پاك دەبێتەوە لەو تاوانە، ئەویش یان بەڕازی کردنی ئەو کەسەیە کە خراپەو عەیبەی داوەت پاڵ، یان بە هۆی شەفاعەتەوەیە، یان دەبێت ئەو کەسە بە ئەندازەی تاوانەکەی سزای دۆزەخ بکێشێت[٢٥].

سێیەم: هەیانە بە هۆی کردەوە خراپەکانییەوە لە ناو دەچێت و دەکەوێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە (پەنا بە خوای پەروەردگار) لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێز أبو بَكْرَة (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((يُحْمَلُ النّاسُ عَلى الصِّراطِ يَومَ القيامَةِ، فَتَقَادَعُ بِهِم جَنَبَةُ الصِّراطِ، تَقَادُعَ الْفَرَاشِ في النّارِ، قالَ: فَيُنَجِّي اللهُ تَبارَكَ وَتَعالَى بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشاءُ))[٢٦].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا خەڵکی دەهێنرێنە سەر پردی (صِراط)، قولاپەکانی تەنیشت پردی (صِراط) ڕایان دەکێشێت و یەك لە دوای یەك بەریان دەداتەوە ناو ئاگری دۆزەخ، بە وێنەی کەوتن و بەربونەوەی پەپولە بۆ ناو ئاگر (چەند ناسکە و چەند زوو دەسووتێت کاتێك لە ئاگر نزیك دەبێتەوە)، پاشان خوای پەروەردگار ئەو کەسانە ڕزگار دەکات کە خۆی ویستی لێیە.

موسڵمانی خۆشەویست لەو کات و ساتە ترسناك و سەختەدا کە دڵەکان دێنە لەرزین، پێغەمبەران (سەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەست دەکەن بە پاڕانەوەو بەردەوام دەڵێن: اللّهُمَّ سَلِّم سَلِّم، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، زۆر پەرۆشن و بەزەییان بە حاڵی ئەو خەڵکەدا دێتەوە کاتێك دەیان بینن لەسەر پردی (صِراط).

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((...

"صحيح أبي داود" (٤٠٨٦).

[٢٥] **بڕوانە:** عون المعبود شرح سنن أبي داود (١٠/٤٠٧/حديث ٤٢٣٩).

[٢٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٤/١٥٦)، وحسنه الألباني في "ظلال الجنة" (٨٣٧).

فَيُضْرَبُ الصِّراطُ بَينَ ظَهرانَي جَهَنَّم، فَأكونُ أَوَّلَ مَنْ يجوزُ مِنَ الرُّسُلِ بِأُمَّتِهِ، وَلا يَتَكَلَّمُ يَومَئِذٍ إلاّ الرُّسُلُ، وَكَلامُ الرُّسُلِ يَومَئِذٍ: اللّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ، وَفِي جَهَنَّمَ كَلالِيبَ مِثْلُ شَوكِ السَّعدانِ، لا يَعْلَمُ قَدْرَ عِظَمِها إلا اللهُ، تَخْطِفُ النّاسُ بِأعمالِهِم، فَمِنْهُمْ مَنْ يُوبَقُ بِعَمَلِهِ "أي يُهْلِكُ"، وَمِنْهُمْ مَنْ يُخَردَلُ، ثُمَّ يَنْجُو ...)) [٢٧]. واته: ... پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، من یەکەم پێغەمبەر دەبم کە ئوممەتەکەمی بەسەردا دەپەڕێنمەوە، وە لەو ڕۆژەدا هیچ کەس ناتوانێت قسە بکات تەنها پێغەمبەران نەبێت (سەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، وە ووتەو پاڕانەوەی پێغەمبەران (سەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەو ڕۆژەدا تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، لە دۆزەخدا قولاپ هەیە بە وێنەی دڕکی (سَعدان)، هیچ کەس گەورەیی ئەو دڕکە نازانێت جگە لە خوای پەروەردگار، ئەو دڕکە خەڵکی ڕادەکێشێت بۆ ناو ئاگر بە پێی کردەوەکانیان، هەیانە لە ناو دەچێت و سزاو ئێش و ئازار زۆر دەبینێت بە هۆی کردەوە خراپەکانییەوە، وە هەیانە قولاپەکانی دۆزەخ ڕایدەکێشێت و گۆشتی لاشەی پارچە پارچە دەکات، پاشان ڕزگاری دەبێت و دەردەچێت.

سەرەتاو کۆتا کەس کە بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕێت

یەکەم ئوممەت لە ئوممەتان کە بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕێت ئوممەتی پێغەمبەری خۆمانە (ﷺ) ، ئەویش لەبەر ڕێزێتی لای خوای پەروەردگار، هاوەڵی بەڕێز أبو هُريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... فَيُضْرَبُ الصِّراطُ بَينَ ظَهراني جَهَنَّمَ،

---

[٢٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، والبخاري واللفظ له (٨٠٦)، ومسلم (١٨٢)، وإبن ماجه (٤٢٨٠).

فَأكونُ أوَّلُ مَن يجوز مِنَ الرُّسُلِ بِأُمَّتِهِ، ...)) [٢٨]. واته: ... پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، من یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) دەبم کە ئوممەتەکەمی بەسەردا دەپەڕێنمەوە.

وە یەکەم کەسیش لەم ئوممەتە کە بەسەر پردی (صِراط)دا دەپەڕێتەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێز أبو سَعید الخُدري (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَالأنبياءُ بِجَنْبَتَي الصِّراطِ، وَأَكْثَرُ قَولِهِم: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ، فَأكونُ أنا وَأُمَّتِي أوَّلَ مَنْ يَمُرُّ، أَو قالَ: أَوَّلُ مَنْ يُجيزُ،...)) [٢٩]. واته: ... لەو ڕۆژەدا پێغەمبەران (سەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) لە تەنیشت پردی (صِراط)ـەوە دەوەستن و لە خوای پەروەردگار دەپاڕێنەوە تا شوێن کەوتوانیان بەسەلامەتی بپەڕنەوەو ڕزگاریان بێت، زۆربەی پاڕانەوەو ووتەیان لەو ڕۆژەدا ئەوەیە کە دەڵێن: ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، من و شوێن کەوتوانم یەکەم کەس و کۆمەڵین کە بەسەریا دەڕۆین، یان فەرمووی: ئێمە یەکەم کەس و کۆمەڵین کە بەسەریا تێدەپەڕین.

وە یەکەم کۆمەڵ دوای پێغەمبەر (ﷺ) لەم ئوممەتە کە بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕن، موسڵمانە هەژارە کۆچکردووەکانن (واتە: پێش هەموو موسڵمانانی شوێنکەوتووی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەك هاوەڵی بەڕێزو خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) ثوبان (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: ((أنَّ حَبْرَاً مِنْ أحبارِ اليَهودِ سَأَلَ النَّبيَّ (ﷺ) عِدَّةَ أسْئِلَةَ كانَ مِنها قَوله: أينَ يَكونُ النّاسُ يَومَ تُبَدَّلُ الأرضُ غَيرَ الأرضِ وَالسَّمواتِ؟ فَقالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): هُمْ فِي الظُّلْمَةِ دُونَ الجِسْرِ، قالَ: فَمَنْ أوَّلُ النّاسِ إجازَةً؟ قالَ: فُقَراءُ المُهاجِرينَ ...)) [٣٠]. واته: زاناو گەورەیەکی جولەکە هاتە لای پێغەمبەرو ر(ﷺ) و چەند پرسیارێکی لێکرد، یەکێك لەو پرسیارانە ئەوەبوو

---

[٢٨] رواه الإمام أحمد "لفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، والبخاري واللفظ له (٨٠٦)، ومسلم (١٨٢)، وإبن ماجه (٤٢٨٠).

[٢٩] رواه ابن أبي عاصم في "السنة" (٢٨٤/١)، وقال الألباني في "ظلال الجنة": إسناده جيد وهو على شرط مسلم (٦٣٤).

[٣٠] رواه الإمام مسلم (٣١٥).

ووتی: خەڵکی لە کوێن لەو ڕۆژەی کە زەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕدرێن (لە دوارۆژدا)؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ خەڵکی لەو ڕۆژەدا لە تاریکاییدان لەسەر پردی (صِراط)، ئەویش ووتی: ئەی کێ یەکەم کەسە کە بەسەریدا دەپەڕێتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: موسڵمانە هەژارە کۆچکردووەکانن. وە کۆتا کەس کە بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات و تێدەپەڕێت پیاوێکە جارێك ئاسایی دەڕوات و جارێك بە دەما دەکەوێت و جارێك دەم و چاوی ڕەش دەبێت و هەڵاوی گەرمی دۆزەخی بۆ دێت و ئەمیش بەرگەی ناگرێت.

هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی مَسعُود (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((آخِرُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَمْشِي عَلَى الصِّرَاطِ، وَهُوَ يَمْشِي مَرَّةً وَيَكْبُو مَرَّةً، وَتَسْفَعُهُ النَّارُ، فَإِذَا جَاوَزَهَا الْتَفَتَ إِلَيْهَا، قَالَ: تَبَارَكَ الَّذِي نَجَّانِي مِنْكِ، أَعْطَانِي شَيْئًا مَا أَعْطَاهُ أَحَدًا مِنَ الأَوَّلِينَ وَالآخِرِينَ ...)) [٣١]. واتە: کۆتا کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە پیاوێکە کاتێك بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات، جارێك ئاسایی دەڕوات و جارێك بەدەمدا دەکەوێت و جارێك هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و ئازاری دەدات، کاتێك تێپەڕی بەسەریداو ڕزگاری بوو لێی، ئاوڕێك دەداتەوەو سەیرێکی دۆزەخ دەکات و دەڵێت: بەخششی زۆرە ئەو پەروەردگارەی کە منی لە تۆ ڕزگار کرد، بەڕاستی خوای پەروەردگار شتێکی بە من بەخشیوە (ڕزگاری کردم لە ئاگری دۆزەخ) بە هیچ شێوەیەك بە کەسی نەبەخشیوە نە لە پێشینان و نە لە کۆتاییان ...).

وە فەرموودەیەکی ترمان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((... يَأْمُرُ اللَّهُ بِالصِّرَاطِ، فَيُضْرَبُ عَلَى جهنَّمَ، فَيَمُرُّ النَّاسُ عَلى قَدرِ أعمالِهِم زُمَراً زُمَرَاً، أوائِلُهُم كَلَمْحِ البرقِ، ثمَّ كَمَرِّ الرِّيحِ، ثُمَّ كَمَرِّ الطَّيرِ، ثُمَّ كَمَرِّ البَهائِمِ، حَتَّى يَمُرَّ الرَّجُلُ سَعْياً، وَحتّى يَمُرَّ الرَّجلُ مَشْياً، حتَّى يَمُرَّ آخِرُهُم يَتَلَبَّطُ عَلى بَطْنِهِ، فَيَقولُ: يا رَبِّ، لِمَ بَطَّأْتَ بِي؟ فَيَقولُ: إنِّي لَمْ أُبَطِّئْ بِكَ، إنَّما بَطَّأَ بِكَ

---

[٣١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٤/١٧٥)، والبخاري (٦٥٧١)، ومسلم واللفظ له (١٨٧).

عَمَلُكَ ...)) [٣٢]. واتە: خوای پەروەردگار فەرمان دەکات کە پردی (صِراط) دابنرێت، کاتێك دادەنرێت لەسەر دۆزەخ، خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ بە پێی کردەوەکانیان بەسەریدا دەڕۆن، یەکەم کۆمەڵیان بە وێنەی تیشك تێدەپەڕن بەسەریا، پاشان وەکو خێرایی با بەسەریا دەڕۆن، پاشان وەکو ڕۆیشتنی باڵندە، پاشان وەکو سوارچاکێکی باش، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی خێرا، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی ئاسایی، تا کۆتا کەس دێت تا بەسەریا بپەڕێتەوە، دەڕوات و بەسەر سك و ڕووبا دەکەوێت، دەڵێت: ئەی پەروەردگار بۆ دوام دەخەیت و تاخیرم دەکەیت؟ خوای پەروەردگاریش پێی دەڵێت: من دوام نەخستوویت و هێواشم نەکردووی، بەڵکو کردەوەکانت هێواشی کردوویت و دوای خستوویت (واتە: کردەوەی چاکەت کەمە).

هاوەڵی بەڕێز أبوسَعيد الخُدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... ثُمَّ يُؤْتَى بِالْجَسْرِ فَيُجْعَلُ بَيْنَ ظَهْرَيْ جَهَنَّمَ، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْجِسْرُ؟ قَالَ: مَدْحَضَةٌ مَزِلَّةٌ، عَلَيْهِ خَطَاطِيفُ وَكَلَالِيبُ وَحَسَكَةٌ مُفَلْطَحَةٌ، لَهَا شَوْكَةٌ عُقَيْفَاءُ تَكُونُ بِنَجْدٍ، يُقَالُ لَهَا: السَّعْدَانُ، الْمُؤْمِنُ عَلَيْهَا كَالطَّرْفِ وَكَالْبَرْقِ وَكَالرِّيحِ وَكَأَجَاوِيدِ الْخَيْلِ وَالرِّكَابِ، فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَنَاجٍ مَخْدُوشٌ وَمَكْدُوسٌ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، حَتَّى يَمُرَّ آخِرُهُمْ يُسْحَبُ سَحْبًا ...)) [٣٣]. واتە: ... پاشان پردی (صِراط) دەهێنرێت و لەسەر پشتی دۆزەخ دادەنرێت، ووتمان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پردی (صِراط) چییە و چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پردی (صِراط) ڕێگەیەکە زۆر لووسە پێی لەسەر بەند نابێت بەڵکو هەڵدەخلیسکێت، لەسەر ئەو ڕێگەیە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێك هەیە، وە درکی (عُقَيفاءِ) پێوەیە کە بەلەشیانەوە دەنووسێت و ڕایان دەکێشێت، پێی دەووترێت:

---

[٣٢] أخرجه: إبن أبي شيبة (٣٧٦٣٧)، والمروزي في "تعظيم قدر الصلاة" (٢٨٢)، والطبري في"تفسيره" (١٧٠٦٣)، والطبراني في "الكبير"(٩٧٦١)، والحاكم (٥٩٨/٤ -٥٦٠)، وحسن إسناده شعيب الأرناؤوط في "تخريج أحاديث جامع العلوم والحكم" لإبن رجب (٣٠٨/٢) وقال: روي مرفوعا وموقوفا.

[٣٣] رواه البخاري واللفظ له (٧٤٤٠)، ومسلم (١٨٣).

(سَعدان) كه له وولاَتی نه‌جد هه‌یه، "ئه‌و دڕكه‌یه كه به‌له‌شی ئاژه‌ڵانه‌وه ده‌نوسێت به‌ڵام ئه‌وه‌ی سه‌ر پردی (صِراط) پیٚ ده‌چیٚ ئاسن بێت" ئیمانداران به‌سه‌ریا ده‌په‌ڕنه‌وه هه‌یانه وه‌كو: چاو تروكان ده‌په‌ڕێته‌وه، وه هه‌یانه وه‌كو: تیشك ده‌په‌ڕێته‌وه، هه‌یانه وه‌كو: با ده‌په‌ڕێته‌وه، هه‌یانه وه‌كو: سوارچاكێك ده‌په‌ڕێته‌وه، هه‌یانه به پیاده ده‌په‌ڕێته‌وه‌و به‌سه‌لامه‌تی ڕزگاری ده‌بێت، وه هه‌یانه ڕزگاری ده‌بێت به‌ڵام له‌ش و ده‌م و چاوی ڕووشاوه، هه‌یانه به‌رده‌بێته‌وه ناو ئاگری دۆزه‌خ و ناتوانێت بپه‌ڕێته‌وه، هه‌تا كۆتا كه‌سیان ڕزگاری ده‌بێت ده‌كه‌وێت و هه‌ڵده‌ستێته‌وه‌و ڕاده‌كێشرێت، به‌و حاڵه ناخۆشه به‌ڵام ڕزگاری ده‌بێت، ...)).

شـێوازه‌كانی به‌ر بوونه‌وه له‌سه‌ر پـردی (صِراط)ــه‌وه بۆ ناو دۆزه‌خ

چه‌ند فه‌رمووده‌یه‌كی صه‌حیح هاتووه كه باسی شێوازی به‌ر بوونـه‌وه له‌سـه‌ر پـردی (صِراط)و كه‌وتنه ناو ئاگری دۆزه‌خمان بۆ ده‌كات "خوای په‌روه‌ردگار هه‌موو لایه‌كمان بپارێزێـت لـه‌و سـه‌ر ئه‌نجامه ناخۆش و ترسناكه":

شێوازی یه‌كه‌م: المُكَرْدَس:

ئه‌و شێوازه‌یه كه هه‌ردوو ده‌ست و پێی ئه‌و كه‌سه به یه‌كه‌وه كه‌له‌پچه ده‌كرێت و له‌سه‌ر پردی (صِراط)ـه‌وه هه‌ڵده‌درێته ناو دۆزه‌خه‌وه[٣٤]، هاوه‌ڵی به‌ڕێز أبو سعید الخدري (خوای لیٚ ڕازی بێت) بۆمان ده‌گێڕێته‌وه كه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: ((... وَالأنبياءُ بِجَنْبَتَي الصِّراطِ، وَأَكْثَرُ قَولِهِم: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ، فَأَكونُ أنا وَأُمَّتي أوَّلَ مَنْ يَمُرُّ، أَو قالَ: أَوَّلُ مَنْ يُجيزُ، قالَ: فَيَمُرُّونَ عَلَيهِ مِثل البرقِ، وَمِثل الرِّيحِ، وَمِثل أجاويدُ الخَيلِ وَالرِّكابِ، فَناجٌ مُسَلَّمٌ، وَمَخْدوشٌ مُكَلَّمٌ، وَمُكَرْدَسٌ فِي

---

[٣٤] بڕوانه: النهاية في غريب الحديث والأثر لإبن الأثير (١٦٢/٤).

النّار ...)) [٢٩]. واته: ... لەو ڕۆژەدا پێغەمبەران (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) لە تەنیشت پردی (صِراط)ـەوە دەوەستن و لە خوای پەروەردگار دەپاڕێنەوە تا شوێن کەوتوانیان بەسەلامەتی بپەڕنەوەو ڕزگاریان بێت، زۆربەی پاڕانەوەو ووتەیان لەو ڕۆژەدا ئەوەیە کە دەڵێن: ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، من و شوێن کەوتوانم یەکەم کەس و کۆمەڵێن کە بەسەریا دەڕۆین، یان فەرمووی: یەکەم کەس و کۆمەڵێن کە بەسەریا تێدەپەڕین، وە فەرمووی: خەڵکی بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕۆن هەیانە بە وێنەی تیشك تێدەپەڕێت بەسەریا، ......، وە هەیانە هەردوو دەست و پێی بە یەکەوە کەلەپچە دەکرێت و لەسەر پردی (صِراط)ـەوە هەڵدەدرێتە شوێنێکی دۆزەخەوە.

شێوازی دووەم: المَنْكُوس:

بەربوونەوە لەسەر پردی (صِراط)ـەوە بۆ ئاگری دۆزەخ بەسەرەو خواری (سەرت بەرەو خوارو، پێیەکانت بەرەو سەر) [٣٥]، هاوەڵی بەڕێز أبو سعيد الخدري (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((يُوضَعُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَيْ جَهَنَّمَ عَلَيْهِ حَسَكٌ، كَحَسَكِ السَّعْدَانِ، ثُمَّ يَسْتَجِيزُ النَّاسُ فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَمَخدُوجٌ بِهِ "أي مخدوش"، ثُمَّ نَاجٍ وَمُحْتَبِسٌ بِهِ، وَمَنْكُوسٌ فِيهَا ...)) [٣٦]. واتە: پاشان پردی (صِراط) دادەنرێت لەسەر پشتی دۆزەخ، دڕکێکی لەسەرە وەکو دڕکی (سَعدان) وایە، پاشان خەڵکی دەکەونە ڕێ تا بەسەریا بپەڕنەوە، هەیانە بە سەلامەتی دەپەڕێتەوەو ڕزگاری دەبێت، هەیانە لاشەی هەڵاوو گەرمی ئاگری بۆ دێت و بریندار دەبێت و لاشەی دەڕوشێت، بەڵام ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە

---

[٢٩] رواه ابن أبي عاصم في "السنة" (٢٨٤/١)، وقال الألباني في "ظلال الجنة": إسناده جيد وهو على شرط مسلم (٦٣٤).

[٣٥] **بڕوانە**: شرح سنن إبن ماجه القزويني للسندي (٥٧٣/٢).

[٣٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، وابن ماجه (٤٢٨٠)، وإبن حبان (٧٤٢٩)، والحاكم (٦٢٨/٤)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٨١٨٩).

ڕادەگیرێت، وە هەیانە سەرەو خوار دەكرێت و بەسەر سەرا بەردەدرێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ.

هاوەڵی بەڕێز مُعاذِ كوڕی جَبَل (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ووتم: ((يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ قَالَ: "ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ عَلَى وُجُوهِهِمْ، أَوْ قَالَ: مَنَاخِرِهِمْ فِي النَّارِ إِلا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ؟)) [٣٧]. واتە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئێمە لەسەر ئەوەی كە دەیلێین سزا دەدرێین (لە سەر ووتەی خراپ و نابەجێ و تاوانی زمانمان)؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی لەبار دایكت بچویتایە مُعاذ، ئەمە گاڵتەیەك بووە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ "مُعاذ"دا كردوویەتی) بەڵێ، ئایا كاتێك خەڵكی بەسەر دەم و چاوو ڕویانا ڕادەكێشرێن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ هەمووی بە هۆی دروێنەی زمانیانەوە نییە (تاوانەكانی زمانیان)؟.

شێوازی سێیەم: المَكْدوس:

بەربوونەوەو كەوتنە ناو ئاگری دۆزەخ بە پشتا [٣٨]، خوای پەروەردگار هەواڵی داوە كە هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان زۆر بە توندی هەڵدەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، هەروەك دەفەرمووێت:﴿ يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ﴿١٣﴾ ﴾ (الطور: ١٣). واتە: لەو ڕۆژەدا پاڵیان پێوە دەنرێت و هەڵ دەدرێنە دۆزەخەوە چۆن پاڵ پێوە نان و هەڵدانێك (واتە: زۆر بە توندی).

هاوەڵی بەڕێز أبو سَعيد الخدري (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((... ثُمَّ يُؤتَى بِالجِسرِ فَيُجْعَلُ بَين ظَهري جَهَنَّمَ، قُلنا: يا رَسولَ اللهِ وَما الجِسرُ؟ قالَ: مُدحِضَةٌ مزلَّة، عَلَيهِ خَطاطِيفٌ وَكَلالِيبٌ وَحَسَكَةٌ مفلطحة، لَها شَوكَةٌ عقيفاء تَكونُ بِنَجْد يُقالُ لَها: السَّعدان، المُؤمِنُ عَلَيها كَالطَّرْفِ وَكَالبَرقِ وَكَالرِّيحِ وَكَأجاويدِ الخَيلِ وَالرِّكابِ، فَناجٌ مُسَلَّمٌ، وَناج

---

[٣٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٥٨)، والترمذي واللفظ له (٢٦١٦)، وإبن ماجه (٣٩٧٣)، والحاكم (٢/٤٤٧)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٥١٣٦).

[٣٨] **بڕوانە**: النهاية في غريب الحديث والأثر، لإبن الأثير (٤/١٥٥).



مَخْدوش، وَمكدُوس في نارِ جَهَنَّمَ، حَتّى يَمُرُّ آخِرُهُم يسحب سحبا ...))[٣٩]. واته: ... پاشان پردی (صِراط) دەهێنرێت و لەسەر پشتی دۆزەخ دادەنرێت، ووتمان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پرد چییە؟ فەرمووی: پردی (صِراط) ڕێگەیەکە زۆر لووسە پێی لەسەر بەند نابێت بەڵکو هەڵدەخلیسکێت، لەسەر ئەو ڕێگەیە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێك هەیە، وە دڕکی (عُقَیفاءِ) پێوەیە کە بەلەشیانەوە دەنوسێت و ڕایان دەکێشێت، پێی دەووترێت: (سَعدان) کە لە وولاتی نەجد هەیە، ئیمانداران بەسەریا دەپەڕنەوە هەیانە وەکو: ..... ، وە هەیانە ڕزگاری دەبێت بەڵام لەش و دەم و چاوی ڕووشاوە، وە هەیانە بە پشتا هەڵدەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو ناتوانێت بپەڕێتەوە، هەتا کۆتا کەسیان ڕزگاری دەبێت کەسێکە دەکەوێت و هەڵدەستێتەوەو ڕادەکێشرێت، بەو حاڵە ناخۆشە، بەڵام ڕزگاری دەبێت، ...)).

پاش باس کردن و وەصف کردنی ترسناکی پردی (صِراط)، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خەڵکی لەسەری تووشی دوو ناخۆشی و ناڕەحەتی زۆر سەخت دەبن، **ناخۆشی یەکەم**: هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخ و سووتان لەسەر پردی (صِراط)، **ناخۆشی دووەم**: ئەو تاریکی و ناڕەحەتییەی کە لەسەر پردی (صِراط) هەیە.

بەشـــــی دووەم: ناڕەحەتی سووتـان لەسەر پردی (صِراط) و ئەو کارانەی دەبێتە مایەی ڕزگاری بوون لێی

ناڕەحـەتی و ترسـناکی ڕۆیشـتن بەسـەر پـردی (صِراط)دا لـەوەدا شـاراوەتە کـە بـە پێـی کردەوەکانت ڕۆیشتنت بەسەریدا دەبێت، واتە: ئەوەی ئەندازەی خێرایی ڕۆیشتنت دیـاری بکـات لەسەری تەنها کردەوە چاکەکانتە، تـەنها کـردەوە چـاکەکانت توێشـوو و هـاوڕێتن لەسـەری، وە

[٣٩] رواه البخاري واللفظ له (٧٤٤٠)، ومسلم (١٨٣).

تەنها کردەوە چاکەکانتە کە دەتوانێت بتپەڕێنێتەوە لە ڕێیەکی زۆر سەخت و دووروو درێژ کە ماوەکەی زۆر دوورە.

زانای پایەبەرز فُضَیلِ کوڕی عِیاض (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: درێژی ڕێگای پردی (صِراط) و ماوەی کۆتایی هاتنی پانزە هەزار ساڵە [٤٠].

هاوەڵی بەڕێز عَبدالله کوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((يَرِدُ النَّاسُ النَّارَ ثُمَّ يَصْدُرُونَ منها بِأعمالِهِم، فَأَوَّلُهُم كَلَمْحِ البرق ثُمَّ كَالرِّيحِ ثُمَّ كَحُضْرِ الْفَرَسِ "أي كَجَري الفَرَسِ" ثُمَّ كَالرّاكِبِ فِي رَحْلِهِ ثُمَّ كَشَدِّ الرَّجُلِ ثُمَّ كَمَشْيِهِ)) [٤١]. واتە: خەڵکی دێنە دیار ئاگری دۆزەخ، پاشان بە پێی کردەوەکانیان ڕزگاریان دەبێت و تێدەپەڕن بەسەر پردی (صِراط)دا، یەکەم کەسیان بە وێنەی تیشك دەپەڕێتەوە، پاشان وەکو با، پاشان وەکو ڕۆیشتنی سوارچاکێك، پاشان وەکو سوارییەکی ئاسایی، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی باش، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی سادەو ئاسایی.

موسڵمانی خۆشەویست تەنها کردەوە چاکەکانتە کە دەتوانیت بە هۆیانەوە زۆر بە خێرایی بەسەر پردی (صِراط)دا بڕۆیت و بەسەلامەتی بپەڕیتەوەو ڕزگارت بێت، وە خەڵکی زوو پەڕینەوەو خێراییان لەسەر پردی (صِراط) جیاوازە ئەویش بە هۆی جیاوازی پلەو پایەو کردەوە چاکەکانیانە، بۆچی کەسێك لە دواڕۆژدا کاتێك دەیەوێت بەسەر پردی (صِراط)دا تێپەڕ ێت ناتوانێت مەگەر بە سکە خشکێ نەبێت؟ ئایا بە هۆی کەمی کردەوە چاکەکانییەوە نییە؟ یان بە

---

[٤٠] **بڕوانە**: فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (٤٦٢/١١ ح ٦٥٧٤)، وة "البدور السافرة في أمور الآخرة" للسيوطي (صفحة ٣٣٤) (ح ١٠٢٥)، وقال إبن حجر رحمه الله تعالى في الفتح: أخرجه إبن عساكر في ترجمته وهذا معضل لا يثبت. أهـ. **واتە**: **ئەو فەرموودەیەی کە باسی درێژی پردی (صِراط) دەکات، فەرموودەیەکی "مُعْضَلَ" صەحیح نییەو ناکرێتە بەڵگە.**

[٤١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٠٩/١٨)، والترمذي (٣١٥٩)، والدارمي (٢٨١٠)، والحاكم (٥٨٦/٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترمذي" (٢٥٢٦).

هۆی نەمانی ئەو هێزەوە نییە کە پاڵی دەنێت بۆ ڕۆیشتن بەرەو پێشەوە؟ وە یان لەبەر ئەوەی لە دونیادا پێشبڕکێی نەکردووە بۆ زیاد کردنی کردەوەی چاکە؟ لە کاتێکدا زۆر خێراو ئازابووە بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی دونیای بەسەرچوو، خۆی زۆر ماندوو کردووە بۆ بەدەست هێنانی دونیا، بەڵام دواڕۆژی لەبیر کردووە یان گوێی پێنەداوە.

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((فَيَمُرُّ أَوَّلُكُمْ كَمَرِّ الْبَرْقِ كَيْفَ يَمُرُّ، ثُمَّ يَرْجِعُ فِي طَرْفَةٍ، ثُمَّ يَمُرُّ كَمَرِّ الرِّيحِ، ثُمَّ يَمُرُّ كَمَرِّ الطَّيْرِ، ثُمَّ كَشَدِّ الرِّجَالِ تَجْرِي بِهِمْ أَعْمَالُهُمْ، وَنَبِيُّكُمْ (ﷺ) قَائِمٌ عَلَى الصِّرَاطِ، يَقُولُ: سَلِّمْ، حَتَّى تَعْجِزَ أَعْمَالُ النَّاسِ، حَتَّى يَجِيءَ الرَّجُلُ لا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَمُرَّ إِلا زَحْفًا، وَفِي حَافَتَيِ الصِّرَاطِ كَلالِيبُ مُعَلَّقَةٌ مَأْمُورَةٌ تَأْخُذُ مَنْ أُمِرَتْ بِهِ، فَنَاجٍ مَخْدُوشٌ، وَمَكْدُوسٌ فِي النَّارِ))، والَّذي نَفْسُ أَبِي هُرَيرَةَ بِيَدِهِ، إنَّ قَعْرَ جَهَنَّمَ لَسَبْعُونَ خَرِيفاً))[٤٢]. واتە: یەکەم کەستان بە وێنەی تیشك دەپەڕێتەوە، هەروەك چۆن لە چاو تروکانێکدا دێت و دەڕوات، پاشان وەکو خێرایی با، پاشان وەکوڕۆیشتنی باڵندە، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی سادەو ئاسایی، خەڵکی بەپێی کردەوەکانیان بەسەریدا دەڕۆن، وە پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) لەسەر پردی (صِراط) دەوەستێت و دەڵێت: ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، تا کردەوەکان بێ توانا دەبێت لە پەڕاندنەوەی خەڵکی لەسەر پردی (صِراط)، تا وای لێدێت پیاوی وا هەیە ناتوانێت بەسەر پردی (صِراط)دا بڕوات مەگەر بە سکە خشکێ، وە بەم لاو بەولای پردی (صِراط)ـەوە قولاپی ئاسنی پیا هەڵواسراوە، فەرمانی پێکراوە ئەو کەسانە ڕابکێشێت کە فەرمانی ڕاکێشانیان کراوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، هەیانە لاشەی هەڵاوو گەرمی ئاگری بۆ دێت و بریندار دەبێت و دەڕوشێت، بەڵام ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە پاڵی پێوە دەنرێت و بە پشتا بەردەدرێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ.

---

[٤٢] رواه الإمام مسلم (١٩٥)، والحاكم (٤/٦٣١).

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: سوێند بێت بەو خوایەی کە گیانی منی بە دەستە قوولی دۆزەخ حەفتا پایزە (واتە: حەفتا ساڵە). واتە: ئەگەر بەردێکی گەورە بەربدرێتەوە ناو دۆزەخ بە حەفتا ساڵ ئینجا دەگاتە بنەوەی دۆزەخ.

مرۆڤ ناتوانێت بە هێزو دەسەڵات و ویستی خۆی بەسەر پردی (صِراط)دا بڕوات و بە سەلامەتی ڕزگاری بێت لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکاتی، بەڵکو کردەوە چاکەکانی دەتوانێت بیپەڕێنێتەوەو ڕزگاری بکات لێی.

موسڵمانی خۆشەویست بیرێك بکەوە لە حاڵی ئەو کەسەی کە بە سکەخشکێ بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات و ئاگری دۆزەخ لە ژێریەوەیەتی، گڕوو تین و هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت، ئاخۆ دەبێت کەی و بە ماوەی چەند بتوانێت پردی (صِراط) ببڕێت و ڕزگاری بێت لە ترسناکی و ناڕەحەتیەکەی؟ وە ئایا دەبێت چەند ترس و بیم دایبگرێت بە هۆی بینینی دۆزەخ و گەرمی ئاگرەکەی، ئەو ئاگرەی کە گەرمییەکەی حەفتا جار زیاترە لە گەرمی ئاگری دونیا، یان گەرمییەکەی سەد جار زیاترە لە گەرمی ئاگری دونیا؟.

هەروەك هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً. قَالَ: فُضِّلَتْ عَلَيْهِنَّ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا))[٤٣]. واتە: ئاگری دونیاتان بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر گەرمی ئاگری دۆزەخ تەنها بە وێنەی ئاگری دونیا بێت بەسە بۆ ئەوەی سزای پێ بچێژین و بمان سووتێنێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی گەرمی ئاگری دۆزەخ شەست و نۆ جار زیاترە لە گەرمی ئاگری دونیا، هەر بەشە

---

[٤٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٦٤/٢٤)، والبخاري واللفظ له (٣٢٦٥)، ومسلم (٢٨٤٣)، والترمذي (٢٥٩٠)، وإبن ماجه (٤٣١٨)، والدارمي (٢٨٤٧).



گەرمییەکیشی بە وێنەی گەرمی ئاگری دونیایە، لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێت: ((هَذِهِ النَّارُ جُزْءٌ مِنْ مِائَةِ جُزْءٍ مِنْ جَهَنَّمَ))[٤٤]. واتە: ئاگری دونیاتان بەشێکە لە سەد بەشی ئاگری دۆزەخ، واتە: گڕوو تین و گەرمی ئاگری دۆزەخ سەد ئەوەندەی گەورەترین و سوتێنەرترین ئاگری دونیایە (خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان بپارێزێت لێی).

موسڵمانی خۆشەویست بیر بکەوە لە حاڵی کەسێك بە ڕێیەکی ئاگراویدا بڕوات جا بە پیادەو ئاسایی بێت یان بە خێرایی تیشك بێت، ئایا هەست بە گەرمی ئەو ئاگرە دەکات ئەگەر بە خێرایی تیشك بڕوات؟ بێگومان بەڵێ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت ئەگەر بە سکە خشکێ بەسەر ئەو ڕێگا ئاگراویەدا بڕوات؟ یان جارێك هەستێت و جارێك بە ڕوودا بکەوێت؟ بەڵێ ئەگەر ئەوە حاڵی بێت بە هۆی ئاگری دونیاوە، ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت لە کاتێکدا بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات و ئاگری دۆزەخی لە ژێرەوە بێت؟ ئەو ئاگرەی کە لە پێشدا زانیت چەند بە تین و سووتێنەرە.

بۆچی کردەوەی بەندەکان لەسەر پردی (صِراط) بێتوانا دەبێت؟

موسڵمانی خۆشەویست بیرێك بکەوە لە حاڵی ئەو کەسانەی کە لەسەر پردی (صِراط) کردەوەکانیان بێ توانا دەبێت و ناتوانێت بیان پەڕێنێتەوە؟ ئایا دەبێت هۆکار چی بێت؟ ئایا تەنها لەبەر ئەوە نییە کە لە دونیادا تەمەنیان لە پەرستن و ڕازی کردنی خوای پەروەردگاردا سەرف نەکرووە؟ بەڵکو کاڵایەکی خراپیان پێیە، چەند کردەوەیەکی چاکی کەم تێکەڵیان کردووە بە تاوان و خراپەکارییەکی زۆر.

---

[٤٤] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٦٤/٢٤)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٧٠٠٦).



زانای پایەبەرز الملا علي القاري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) سەبارەت بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ)کە فەرموویەتی: ((حَتَّى يَجِيءَ الرَّجُلُ فَلاَ يَسْتَطِيعُ السَّيْرَ إِلاَّ زَحْفًا)). دەڵێت: واتە: پیاوێك کاتێك ناتوانێت بە باشی بەسەر پردی (صِراط)دا بڕوات تەنها بە سکە خشکێ نەبێت، هۆکارەکەی ئەوەیە: کردەوەی چاکەی کەمە، لە دونیادا پێشبڕکێی نەکردووە بۆ کردنی کردەوەی چاکە، بەڵکو کەسێکی تەمبەڵ بووەو پاڵی لێدابووەوەو کردەوەی چاکەی زۆر کەم کردووە، بۆیە لەسەر پردی (صِراط) ناتوانێت بڕوات مەگەر بە گاوڵکێ و سکەخشکێ نەبێت [٤٥].

موسڵمانی خۆشەویست ئایا پاش ئەمە کەسێك هەیە لە ئێمە بیرێك لە حاڵی خۆی نەکاتەوەو هەوڵی ڕزگار بوون نەدات لەو هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتیانەی سەر پردی (صِراط)؟ ئایا کەسێك لە ئێمە هەیە کاتەکانی ژیانی بە فیڕۆ بدات، تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار دوا بخات؟ لە کاتێکدا لە پێشمانەوە چەندین کۆسپ و ڕێگرو ناخۆشی و ناڕەحەتی هەیە، ڕزگار بوون لێیان هەروا ئاسان نییە، مەگەر بە گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگارو کردنی کردەوەی چاکەی زۆرو خۆ پاراستن لە خراپەو تاوان.

تەنها کردەوە چاکەکان هاوڕێ و هاوەڵمانن لەسەر پردی (صِراط)، خێرا ڕۆیشتن و پەڕینەوە لەسەر پردی (صِراط) بە سەلامەتی تەنها بە کردەوە چاکەکان دەبێت، نەك بە ناوو پلەو پایەو ماڵ و سەروەت و سامانی زۆر.

هاوەڵی بەڕێز أبو هُريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، ....، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ)) [٤٦]. واتە: هەر موسڵمانێك ناخۆشی و ناڕەحەتییەك لە ناخۆشی و

---

[٤٥] **بڕوانە**: "مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح" للملا علي القاري (٥٧٤/٩).

[٤٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني"(٦٥/١٩)، ومسلم واللفظ له (٢٦٩٩)، والترمذي (١٤٢٥)، وأبو داود (٤٩٤٦).

ناڕەحەتییەکانی دونیا لەسەر ئیمانداریك لابەرێت و باری سەرشانی سووك بکات، ئەوە خوای پەروەردگار ناڕەحەتییەك لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی دواڕۆژی لەسەر لادەبات، ......، وە هەرکەسێك کردەوەکانی دوای بخات لەسەر پردی (صِراط) ئەوە بە هیچ شێوەیەك کەس و کارو ناوداریەکەی خێرای ناکات (تا بتوانێت بە خێرایی بەسەر پردی (صِراط)دا بپەڕێتەوە.

خەڵکی لە دونیادا زۆر هەوڵ دەدەن بۆ بەدەست هێنانی ئامێری خێراو پێشکەوتوو بۆ گواستنەوەو هاتۆچۆ کردن لە گەشتەکانیاندا، هەرچەندە ماڵ و پارەی زۆریش سەرف بکەن بۆ بەدی هێنانی، کەسی وا هەیە دەیبینیت کاتێك گەشتێك دەکات بۆ وڵاتێکی دوور، بە تەیارە گەشت دەکات هەرچەندە پارەی زۆرتر تێبچێت وەك لە سەیارە، تەنها مەبەستی ئەوەیە بەزووترین کات بگات و تووشی ناخۆشی و ناڕەحەتی ئەو گەشتە نەبێت، تەنها بۆ ڕزگار بوونە لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی دونیا، دەی موسڵمان بیرێك بکەوە ئایا بۆ تۆی موسڵمان باشترو لە پێشتر نییە کە هەوڵی کردنی کردەوەی چاکە زۆر بدەیت تا بە ئاسانترین و خێراترین شێوە بەسەر پردی (صراط)دا بپەڕیتەوەو ڕزگارت بێت لێی؟ چونکە پردی (صِراط) ڕێگەیەك نییە بە ڕاخەری نەرم و جوان و دیمەنی سەرنج ڕاکێش نەخشێنرابێت، بەڵکو ڕێگەیەکی تەنگی خلیسکە، هەمووی قولاپ و ناخۆشی و سزاو سووتانە.

هاوەڵی بەڕێز عَبداللە کوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((... يَأمُرُ اللهُ بِالصِّراطِ، فَيُضْرَبُ عَلى جَهَنَّمَ، فَيَمُرُّ النَّاسُ عَلى قَدَرِ أعمالِهِم زُمَرَاً زُمَرَاً، أوائلُهُم كَلَمْحِ البَرْقِ، ثمَّ كَمَرِّ الرِّيحِ، ثمَّ كَمَرِّ الطَّيرِ، ثمَّ كَمَرِّ البَهائِمِ، حَتَّى يَمُرَّ الرَّجُلُ سَعْياً، وَحتّى يَمُرَّ الرَّجُلُ مشياً، حَتَّى يَمُرَّ آخِرُهُمْ يَتَلبَّطُ عَلى بَطْنِهِ، فَيَقولُ: يا رَبِّ، لِمَ بَطَّأْتَ بِي؟ فَيَقولُ: إنِّي لَمْ أبَطِّئ بِكَ، إنَّما بَطَّأَ بِكَ عِمَلُكَ ...)) [٤٧]. واتە: خوای پەروەردگار فەرمان دەکات کە پردی (صِراط) دابنرێت، کاتێك

[٤٧] أخرجه: إبن أبي شيبة (٣٧٦٣٧)، والمروزي في "تعظيم قدر الصلاة " (٢٨٢)، والطبري في"تفسيره" (١٧٠٦٣)، والطبراني في

دادەنرێت لەسەر دۆزەخ، خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ بە پێی کردەوەکانیان بەسەریدا دەڕۆن، ....، تا کۆتا کەس دێت تا بەسەریا بپەڕێتەوە، دەڕوات و بەسەر سك و ڕوویا دەکەوێت، دەڵێت: ئەی پەروەردگار بۆ دوام دەخەیت و تاخیرم دەکەیت، خوای پەروەردگاریش پێی دەڵێت: من دوام نەخستویت و هێواشم نەکردووی، بەڵکو کردەوەکانت هێواشی کردوویت و دواى خستویت. ئەمەش ڕاستێتی ئەو فەرموودەیەمان بۆ دەردەخات کە هاوەڵی بەڕێز أبوذَرّ (خوای لیّ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەویش لە خوای پەروەردگارەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((... يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُم ثُمَّ أَوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلا يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ)) [٤٨]. واتە: ... ئەی بەندەکانم ئەوەی کە دەیبینن (لە دواڕۆژدا) تەنها کردەوەکانی خۆتانە کە من بە تەواوی و بە ڕێکی بۆم ژماردبوون و بۆم نوسیبوون (بە زانیاری خۆم، وە بەهۆی فریشتەکانمەوە)، پاشان پاداشتی تەواوتان دەدەمەوە لەسەری، پاداشتی چاکە بە کردەوە چاکەکانتان، وە سزاش بە تاوان و خراپەکانتان، هەر کەسێك کاری چاکەو پاداشتی باشی بینی ئەوە با تەنها سوپاسی خوای پەروەردگار بکات (چونکە تەنها خوای پەروەردگار یارمەتی داوە بۆ کردنی کردەوەی چاکە نەك بە هێزو توانای خۆی)، وە هەرکەسێك جگە لەوەی بینیی (کردەوەی خراپ و سزای بینی) ئەوە با سەرزەنشتی هیچ کەس نەکات تەنها نەفسی خۆی نەبێت.

"الكبير"(٩٧٦١)، والحاكم (٤/٥٩٨-٥٦٠)، وحسن إسناده شعيب الأرناؤوط في "تخريج أحاديث جامع العلوم والحكم" لإبن رجب(٢/٣٠٨) وقال: روي مرفوعا وموقوفا.

[٤٨] رواه الإمام مسلم (٢٥٧٧)، وأخرجه أيضاً: معمر في "جامعه"(٢٠٢٧٢)، والطيالسي (٤٦٣)، وأحمد ٥/١٥٤ و١٦٠ و١٧٧، وهناد في "الزهد" (٩٠٥)، والبخاري في "الأدب المفرد" (٤٩٠)، وإبن ماجه (٤٢٥٧)، والترمذي (٢٤٩٥)، والبزار (٤٠٥١) و (٤٠٥٢) و (٤٠٥٣)، وإبن حبان (٦١٩)، والطبراني في "مسند الشاميين" (٣٣٨) و(٢٨١١)، والحاكم ٤/٢٤١، وأبو نعيم في "الحلية" (٥/١٢٥ – ١٢٦)، والخطيب في "تأريخه" ٧/٢٠٣ - ٢٠٤.

سزای کەسی تەمبەڵ و کەمتەرخەم لەسەر پردی (صراط)

کەسانی تەمبەڵ و لەسەرخۆ لە پەرستنی خوای پەروەردگاردا، دەبێت لەسەر پردی (صِراط) باج و نرخی ئەو تەمبەڵی و کەمتەرخەمییەیان بدەن، وە دەبێت باج و نرخی ئەو گاڵتەکردنەیان بدەن کاتێك بانگەوازکاران بانگیان دەکردن تا وەڵامی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)بدەنەوە، بەڵام گاڵتەیان پێدەکردن و گوێیان پێنەدەدان، نرخی تەمبەڵی و گاڵتەجارِییەکەشیان ئەوەیە: لەسەر پردی (صِراط) زۆر بە خاوی و هێواشی دەڕۆن، دواکەوتن و خاو ڕۆیشتنیان لەسەر پردی (صِراط) بە هۆی کەمی کردەوەی چاکەیانە، هەر بۆیە بەهۆیەوە تووشی دوو جۆر سزا دەبن:

یەکەم: کاتێك بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕۆن تووشی گڕوو تین و هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخ دەبن: هاوەڵی بەڕێز **عبدالله** کوڕی **مَسعود** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... والصِّراط كَحَدِّ السَّيْفِ دَحْضُ مَزِلَّةٍ، قَالَ: وَيَقُولُ: مُرُّوا، فَيَمُرُّونَ عَلَى قَدْرِ نُورِهِمْ، مِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَطَرَفِ الْعَيْنِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالْبَرْقِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالسَّحَابِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَانْقِضَاضِ الْكَوْكَبِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالرِّيحِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَشَدِّ الرَّجُلِ وَيَرمَلُ رَمْلاً، فَيَمُرُّونَ عَلَى قَدَرِ أعمَالِهِم، حَتّى يَمُرُّ الذّي نُورُهُ عَلَى إبْهامِ قَدَمَيهِ، تَخِرُّ يَدٌ وَتَعْلَقُ يدٌ، وتَخِرُّ رِجْلٌ، وَتَعْلَقُ رِجْلٌ، فَتُصِيبُ جَوَانُبَهُ النَّارُ))[٤٩]. واتە: ... پردی (صِراط) بە وێنەی دەمی شمشێر تیژە، خلیسکەو پێیەکان لەسەری خۆی ناگرێت، دەفەرموێت: پێیان دەووترێت: بەسەریدا بڕۆن، خەڵکیش بە پێی ئەو نورو ڕوناکییەی پێیان بەخشراوە بەسەریدا دەڕۆن، هەیانە بە خێرایی چاو تروکان بەسەریدا دەڕوات و دەپەڕێتەوە، وە هەیانە بە خێرایی تیشك و بە وێنەی خێرایی هەور،

[٤٩] رواه الحاكم واللفظ له (٤/٦٣٣)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٢٩).

وە هەیانە بە وێنەی ئەستێرە کشان، وە هەیانە بە خێرایی با، وە هەیانە بە وێنەی ڕاکردنی پیاوێك بە خێرایی، بە پێی کردەوەکانیان بەسەریدا ئەپەڕنەوە، تا ئەگاتە ئەو کەسەی کە نورو ڕوناکییەی بەسەرە پەنجەیەوەیەتی (زۆر کەمە)، جارێك بەسەر دەستیدا دەکەوێت و جارێك دەستی هەڵدەگرێتەوە، وە جارێك بەسەر چۆکدا دەکەوێت و جارێك هەڵدەستێتەوە، ئاگر ئەملاو ئەولای ئەو موسڵمانە دەگرێت و دەیسووتێنێت.

دووەم: ڕووشان و برینداربوونی لاشەیان بەو قولاپانەی کە هەڵواسراوە بەملاو بەولای پردی (صِراط)ـەوە، هاوەڵی بەڕێز **أبو هريرة** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((**فَيُضْرَبُ الصِّراطُ بَينَ ظَهراني جَهَنَّمَ، فَأكونُ أوَّلُ مَن يجوز مِنَ الرُّسُلِ بِأُمَّتِهِ، وَلا يَتَكَلَّمُ يومَئذٍ إلا الرُّسُلُ، وَكَلامُ الرُّسُلِ يومَئذٍ: اللّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ، وَفِي جَهَنَّمَ كَلاَلِيبُ مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، هَلْ رَأَيْتُمْ شَوْكَ السَّعْدَانِ، قَالُوا: نَعَمْ. قَالَ: فَإِنَّهَا مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، غَيْرَ أَنَّهُ لاَ يَعْلَمُ قَدْرَ عِظَمِهَا إِلاَّ اللَّهُ، تَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ، فَمِنْهُمْ مَنْ يُوبَقُ بِعَمَلِهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يُخَرْدَلُ ثُمَّ يَنْجُو**،...))[٥٠]. واتە: پاشان پردی (صِراط) لەسەر دۆزەخ دادەنرێت، من یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) دەبم کە ئوممەتەکەمی بەسەردا دەپەڕێنمەوە،......... ، هەیانە لە ناو دەچێت، سزاو ئێش و ئازار زۆر دەبینێت بە هۆی کردەوە خراپەکانییەوە، وە هەیانە قولاپەکانی تەنیشت پردی (صِراط) ڕایدەکێشێت و گۆشتی لاشەی پارچە پارچە دەکات، بەڵام لە دواییدا ڕزگاری دەبێت، ...). زانای پایەبەرز **الملا علي القاري** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتوویەتی: (**يُخَردَل**): واتە: پارچە پارچە کراو بە وێنەی دەنکە خەرتەلە، (**وَالمُخَرْدَلُ**): واتە: بڕاوو پارچە پارچە کراو کە قولاپە هەڵواسراوەکانی ئەملاو ئەولای پردی (صِراط) وای لێکردووە، بەڵام ئەم کەسە پاش ئەو هەموو

---

[٥٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٧/٢٤)، والبخاري (٨٠٦)، ومسلم (١٨٢)، وإبن ماجه (٤٢٨٠).



ناڕەحەتییە ڕزگاری دەبێت[٥١].

بیرکردنەوەو تێڕامانێك لە پردی (صراط)

زانای پایەبەرز ئیمامی القُرطبي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتوویەتی: هەر ئێستا بیربکەوەو بیهێنە پێش چاوت دڵت چۆن دەکەوێتە لەرزین کاتێك چاوت بە پردی (صِراط) و باریکییەکەی دەکەوێت، پاشان چاوت بە تاریکی و ڕەشی دۆزەخ دەکەوێت لە ژێرییەوە، پاشان گوێ بیستی ناڵەو تورەیی ئاگری دۆزەخ دەبیت، وە فەرمانت پێکراوە بەسەریا بڕۆیت لەگەڵ بێ توانایی و بێ دەسەڵاتیت، وە لەرزین و لێدانی دڵت لە ترسا، وە خلیسکان و خۆ نەگرتنی پێیەکانت لەسەری، وە قورسی شانت بە تاوان و خراپەکانت، ئەو تاوانانەی کە لە دونیادا باری گران کردبوویت نەتدەتوانی بە ئاسانی بەسەر زەویدا بڕۆیت چ جای بتوانیت بەسەر پردی (صِراط)ی تیژو خلیسکی دۆزەخدا بڕۆیت و خۆت بگریت لەسەری؟ ئەی دەبێ حاڵت چۆن بێت لە کاتێکدا یەکەم پێت نایە سەری و هەستت بە تیژی و خلیسکیەکەی کردوو ناچار کراویت پێی دووەمت هەڵنێیت بۆ ڕۆیشتن بەسەریدا؟ خەڵکی لە پێشتەوە پێیان هەڵدەخلیسکێت و بەردەبنەوەو فریشتە زۆر تورەو بێبەزەییە فەرمان پێکراوەکانی دۆزەخ ڕایان دەکێشن بۆ ناو دۆزەخ، ئەوە حاڵیانەو تۆش سەیریان دەکەیت و بە چاوەکانی خۆت سزایان دەبینیت، چۆن سەرەو خوار هەڵدەواسرێن، سەریان بۆ خوارەوەو قاچیان بۆ سەرەوە، ئای دیمەنێکی چەند ترسناکە، وە سەرکەوتنێکی چەند قورس و گرانە، وە تێپەڕبوون و بڕینی ڕێگەیەکی چەند تەسك و تەنگ و سەختە؟!!!

---

[٥١] **بڕوانە:** مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح للملا علي القاري (٩/٥٤١).

.[52]

ئەو كارانەی دەبنە مایەی ڕزگار بوون لە گەرمی و كەوتنە ناو ئاگری دۆزەخەوە

كردەوە چاكەكان زۆرن كە یارمەتی دەری خاوەنەكانیان دەبن تا لەسەر پردی (صِراط) پێیان جێگیر بێت و بە سەلامەتی بپەڕنەوەو ڕزگاریان بێت، بۆ ئەوەی هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخ بیان گرێت یان بكەونە ناوی، هەروەك چۆن چەند كارێكی چاكە هەیە كە بە هۆیانەوە خاوەنەكەی دەتوانێت زۆر بە خێرایی و بێ ماندوو بوون و دوا كەوتن پردی (صِراط) ببڕێت و بە سەلامەتی ڕزگاری بێت، هەر دوو جۆرە كردەوەكان تەواوكەری یەكترین، بۆیە پێویستە موسڵمان زۆر گرنگیان پێبدات.

موسڵمانی خۆشەویست لێرەدا باسی ئەو كردەوە چاكانە ناكەم كە موژدەی چوونە بەهەشت بە خاوەنەكەی دراوە، لەبەر ئەوەی بەڵگەی ئەوەیان تێدا نییە كە خاوەنەكەی هەر لە سەرەتاوەو بێ سزا ڕزگاری دەبێت، بەڵكو لێرەدا باسی ئەو كردەوانە دەكەم كە خوای پەروەردگارو پێغەمبەری (ﷺ) خۆشەویست موژدەی ڕزگار بوونیان لە سووتان و هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخ بە خاوەنەكەی داوە، كە ئەمەیان زیاتر بەڵگەیە لەسەر ڕزگار بوون لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی سەر پردی (صِراط)و پاشان چوونە ناو بەهەشتەوە.

هاوەڵی بەڕێز أبوذَرّ (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أَتَانِي جِبْرِيلُ فَبَشَّرَنِي أَنَّهُ مَنْ مَاتَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ. قُلْتُ: وَإِنْ سَرَقَ وَإِنْ زَنَى؟ قَالَ: وَإِنْ سَرَقَ وَإِنْ زَنَى؟)) [53].

---

[52] **بڕوانە**: التذكرة في أحوال الموتى وأمور الآخرة للقرطبي، تحقيق مجدي السيد، (٢/٤٣).

[53] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/١٠٣)، والبخاري واللفظ له (٧٤٨٧)، ومسلم (٩٤)، والترمذي (٢٦٤٤).

واتە: جبریل (علیەالسلام) هات بۆلام و موژدەی پێدام و دڵخۆشی کردم بەوەی کە هەر موسڵمانێك بمرێت و بە هیچ شێوەك هاوەڵ و شەریکی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار نەدابێت دەچێتە بەهەشتەوە (ئەگەر لەسەرەتاوە بشچێتە ناو دۆزەخەوە بە هۆی تاوانەکانییەوە)، أبوذَرّ (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەو موسڵمانە دزی کردبێت و زیناشی کردبێت هەر دەچێتە بەهەشتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر ئەو موسڵمانە دزی کردبێت و زیناشی کردبێت هەر دەچێتە بەهەشتەوە.

ئەوەی کە زانراوە دزی کردن و زینا کردن لە تاوانە گەورەکانە ئەگەر هەر موسڵمانێك بیان کات ئەوە هەڕەشەی ئاگری دۆزەخی لێکراوە، بەڵام لێرەدا پێدەچێت مانای فەرموودەکە ئەوەبێت: هەر کەسێك ئەو تاوانانە بکات و موسڵمان بێت ئەوە سەر ئەنجامی هەر چوونە ناو بەهەشتە، جا لەسەرەتاوەو بێ سزا بێت، خوای پەروەردگار بیکاتە بەهەشتەوە ئەگەر ئەو تاوانانەشی کردبێت، یان پاش ئەوەی بە پێی ئەو تاوانانەی سزا بکێشێت و پاشان ڕزگاری بێت و بچێتە بەهەشتەوە.

موسڵمانی خۆشەویست لەم بەشەدا باسی ئەو کردەوانە دەکەم کە پێیەکان بە هۆیانەوە لەسەر پردی (صِراط) جێگیر دەبێت، یان ڕزگارکەرن لە سووتان و هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخ، یان ڕزگارکەرن لە کەوتنە ناو ئاگری دۆزەخ، بەڵام ئەو کردەوانەی کە دەبنە مایەی زوو پەڕینەوەو خێرا ڕۆیشتن بەسەر پردی (صِراط)دا لە بەشی سێیەم لە باسی ناخۆشی و ناڕەحەتی و تاریکی سەر پردی (صِراط) و ئەو کردەوانەی کە دەبنە مایەی ڕووناك کەرەوەی، باس دەکەم.

پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە ئەو موسڵمانانەی کە بەشداری جەنگی (بَدرُ) و (بَیعَةُ الرِّضوان)یان کردووە، کەسیان ناچنە دۆزەخەوە، هاوەڵی بەڕێز جابر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: بەندەیەکی (کۆیلەیەکی) حاطَبِ کوڕی بَلْتَعَة هاتە لای پێغەمبەرو (ﷺ) شکاتی لە حاطَب کردوو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حاطَب دەچێتە دۆزەخەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

((كَذَبْتَ لا يَدْخُلُهَا، إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا وَالْحُدَيْبِيَةَ))[٥٤]. واتــە: ڕاســتت نــەکرد، حاطَب ناچـێتە دۆزەخەوە، چونکە ئەو کەسێکە بەشداری جەنگی (بَدرُ) و سوڵحی (حُدَيبية)ی کردووە.

هەروەها دایکی ئیمانداران خاتوو حَفصَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنِّي لأَرْجُو أَلاَّ يَدْخُلَ النَّارَ أَحَدٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرًا وَالْحُدَيْبِيَةَ، قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَيْسَ قَدْ قَالَ اللَّهُ: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾﴾ قَالَ: أَلَمْ تَسْمَعِيهِ يَقُولُ: ﴿ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾﴾ (مريم: ٧٢-٧٣)))[٥٥].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئومێدم وایە هیچ یەکێك لەو موسڵمانانە نەچێتە دۆزەخەوە کە بەشداری جەنگی (بَدر) و سوڵحی (حُدَيبية)یان کردووە (إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى)، خاتوو حَفْصَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: ووتم: ئەی ئەوە نییە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾﴾ واتە: کەس نییە لە ئێوە تێنەپەڕێت و نەڕوات بەسەر دۆزەخدا یان بە ناویدا، ئەو ڕۆیشتنە بڕیارێکی بڕاوەیە لە لایەن پەروەردگارتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی گوێبیستی فەرموودەی خوای پەروەردگار نەبوویتە کە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾﴾ پاشان ئەوانە ڕزگار دەکەین کە خواناس و پارێزگار بوونە، وە ستەمکاران لە دۆزەخدا دەهێڵینەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو موسڵمانانەی بەشداری ئەو ڕووداوە گەورانەی وەکو جەنگی (بَدرُ) و (الحديبية) و (بَيعَةُ الرِّضوان)یان نەکردبێت ئایا لەسەر پردی (صِراط) دەکەونە خوارەوەو دەچنە دۆزەخەوە؟ نەخێر، پێغەمبەری (ﷺ) زۆر خۆشەویسـت و دڵسـۆزو خـەمخۆری ئوممەتەکەی باسـی چـەندین

---

[٥٤] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٢/١٩٣)، ومسلم (٢٤٩٥)، والترمذي (٣٨٦٤).

[٥٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٢/١٩٤)، وإبن ماجه (٤٢٨١)، وصححه الألباني في "صحيح إبن ماجه" (٣٤٥٤).

کاری چاکەی بۆ کردووین کە دەبنە هۆکاری جێگیر بوونی پێیەکانمان لەسەر پردی (صِراط)، وە باسی زۆر لەو کارە چاکانەی بۆ کردووین کە خاوەنەکەی دەپارێزێت لە چوونە دۆزەخەوە، موسڵمانی خۆشەویست ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە: هێك ڕزگاری بێت لە ئاگری دۆزەخ ئەوە بێگومان پردی (صراط)ی بە سەلامەتی بڕیوەو ڕزگاری بووە لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی، خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان بە سەلامەتی ڕزگار بکات.

ئەو کردەوە چاکانەی کە بە هۆیەوە لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی سەر پردی (صراط)و ئاگری دۆزەخ ڕزگارمان دەبێت

١. باوەڕهێنان بە خوا، خێر کردن، فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، یارمەتی دانی کەسی نوقستان و ستەم لێکراو، ئازار نەدانی خەڵکی:

هاوەڵی بەڕێز أبوذر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، چی کارێك بەندە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار دەکات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((الإيمانُ باللهِ، فَقُلْتُ: يا نَبيَّ اللهِ مَعَ الإيمانِ عَمَلٌ؟ قالَ: أنْ تَرْضَخَ مِمّا خَوَّلَكَ اللهُ أو تَرْضَخَ مِمّا رَزَقَكَ اللهُ، قُلْتُ: يا نَبيَّ اللهِ، فإنْ كانَ فَقيراً لا يَجِدُ ما يَرْضَخُ؟ قالَ: يَأمُرُ بِالَمعروفِ وَيَنهى عَنِ المُنكَرِ، قُلتُ: إنْ كانَ لا يَستَطيعُ أنْ يَأمُرَ بِالمَعروفِ وَلا يَنهى عَنِ المُنكَرِ؟ قالَ: فَلْيُعِنْ الأخْرَقَ، قُلْتُ: يا رَسُولَ اللهِ، أرَأَيت إنْ كانَ لا يُحْسِنُ أنْ يَصْنَعَ؟ قالَ: فَلْيُعِنْ مَظْلوماً، قُلْت: يا نَبيَّ اللهِ، أرَأَيت إنْ كانَ ضَعيفاً لا يَستَطيعُ أنْ يُعينَ مَظلوماً؟ قالَ: ما تُريدُ أنْ تَتْرُكَ لِصاحِبِكَ مِنْ خَيرٍ لِيُمْسِكْ أذاهُ عَنِ النّاسِ، قُلْتُ: يا رَسُولَ اللهِ، أرَأَيت إنْ فَعَلَ هذا يَدْخُلُ الجَنَّةَ؟ قالَ: ما مِنْ مُؤمِنٍ يُصيبُ خَصْلَةً مِنْ هذِهِ الخِصالِ

إلاّ أَخَذَتْ بِيَدِهِ حَتّى تَدْخُلَهُ الجَنَّةَ)) [٥٦]. واته: باوەڕ هێنان بە خوای پەروەردگار، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ باوەڕ هێنان بە خوا پەروەردگار کردەوەی چاکە چی هەیە تا بەندە بیکات؟ فەرمووی: ببەخشێت لەوەی کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیوە، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەو کەسە هەژار بوو هیچی نەبوو ببەخشێت؟ فەرمووی: با فەرمان بکات بە چاکەو ڕێگری بکات لە خراپە، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەو کەسە نەیتوانی فەرمان بکات بە چاکەو ڕێگری بکات لە خراپە؟ فەرمووی: با یارمەتی کەسێکی نوقستان (نەزان) بدات (یارمەتی کەسێك بدات کە ناتوانێت یان نازانێت ئیشێك بکات)، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر نەیتوانی بە باشی و بە چاکی یارمەتی خەڵکی بدات، چی بکات باشە؟ (واتە: هیچ کارێکی نەدەزانی تا یارمەتی خەڵکی بدات)، فەرمووی: با یارمەتی ستەم لێکراوێك بدات، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر کەسێکی بێتوانا بوو نەیدەتوانی یارمەتی ئەو ستەم لێکراوە بدات؟ فەرمووی: یارمەتی هاوڕێکەت بدە تا دەست لە زوڵم و ستەم بگرێتەوە، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر کەسێك ئەم کارانە بکات ئایا دەچێتە بەهەشتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هیچ بەندەیەکی موسڵمان نییە یەکێك لەم کارانە بکات، ئیللا ئەو کارە چاکە دەستی دەگرێت تا دەیکاتە ناو بەهەشتەوە.

٢. جێبەکردنی پێداویستی خەڵکی و لابردنی ناڕەحەتی لەسەریان:

هاوەڵی بەڕێز عبدالله کوڕی ئیمامی عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ، وَأَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ سُرُورٍ تُدْخِلُهُ عَلَى مُسْلِمٍ، أَوْ تَكْشِفُ عَنْهُ كُرْبَةً، أَوْ تَقْضِي عَنْهُ دِينًا، أَوْ تُطْرَدُ عَنْهُ جُوعًا، وَلأَنْ أَمْشِيَ مَعَ أَخٍ لِي فِي

---

[٥٦] رواه إبن حِبّان (٣٧٣)، والحاكم (١/١٣٢)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٨٧٦).

حَاجَةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَعْتَكِفَ فِي هَذَا الْمَسْجِدِ، يَعْنِي "مَسْجِد الْمَدِينَةِ" شَهْرًا، وَمَنْ كَفَّ غَضَبَهُ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، وَمَنْ كَظَمَ غَيْظَهُ وَلَوْ شَاءَ أَنْ يُمْضِيَهُ أَمْضَاهُ، مَلأَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ قَلْبَهُ أَمْنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ مَشَى مَعَ أَخِيهِ فِي حَاجَةٍ حَتَّى أَثْبَتَهَا لَهُ، أَثْبَتَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ قَدَمَهُ عَلَى الصِّرَاطِ يَوْمَ تَزِلُّ فِيهِ الأَقْدَامُ، وإنَّ سُوءَ الخُلُق لَيُفْسِد العَمَلَ كَما يُفْسِدُ الخلُّ العَسَلَ)) [٥٧]. واته: خۆشەویستترین بەندە بەلای خوای پەروەردگارەوە ئەو بەندەیەیە (موسڵمانەیە) کە زۆر بە کەڵك و بەسوودە بۆ بەندەکان، وە خۆشەویستترین کردەوە بەلای خوای پەروەردگارەوە ئەوەیە: خۆشییەك بخەیتە دڵی موسڵمانێکەوە، یان ناخۆشی و ناڕەحەتییەکی لەسەر لابەریت، یان قەرزێکی بۆ بدەیتەوە، یان نانی پێبدەیت و لە برسێتییەك تێری بکەیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر لەگەڵ برایەکی موسڵمانمدا بڕۆم بۆ جێبەجێ کردنی کارو پێویستییەکی، ئەوە بەلامەوە خێرترو خۆشەویستترە، وەك لەوەی یەك مانگ لە مزگەوتی خۆما بمێنمەوەو عیبادەتی خوای پەروەردگار بکەم (عیبادەتی سوننەت، نەك فەرز)، وە هەرکەسێك توڕەیی خۆی بگرێتەوە ئەوە خوای پەروەردگار عەیب و کەم و کوڕییەکانی دەپۆشێت، وە هەرکەسێك ڕق و کینەی خۆی بخواتەوە لە کاتێکدا ئەگەر ویستی لێبوایە ڕقەکەی جێبەجێ دەکرد، ئەوە خوای پەروەردگار لە دواڕۆژدا دڵی پڕ دەکات لە هێمنی و ئارامی (ترس و دڵە ڕاوکێی لەسەر لا دەبات)، وە هەر موسڵمانێك لەگەڵ برایەکی موسڵمانیدا بڕوات بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی پێویستی تا پێویستییەکەی تەواو دەکات و تەواو پێیەکانی جێگیر دەبێت تیایدا، ئەوە خوای پەروەردگار پێیەکانی جێگیر دەکات لەسەر پردی (صِراط) لەو ڕۆژەی کە پێیەکان هەڵدەخلیسکێن و خۆیان ناگرن بەسەر پردی (صِراط)ـەوە، وە ڕەوشتی ناشرین کردەوەی چاکە تێك دەدات و خراپی دەکات، هەروەك چۆن سرکە هەنگوین تێك دەدەات و خراپی دەکات.

---

[٥٧] حسنه الألباني في "صحيح الجامع" (١٧٦).

٣. کردنی ئەو کارانەی کە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ):

گرنگی دان بەو کارانەی کە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی لاچوون و سووك بوونی ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر پردی (صِراط) ڕادەوەستێت و بەردەوام دەپاڕێتەوەو داوا لە خوای پەروەردگار دەکات تا ئیمانداران بەسەلامەتی ڕزگار بکات و بەرنەبنەوە ناو دۆزەخ، بەردەوام دەپاڕێتەوەو دەڵێت: (رَبِّ سَلِّمْ سَلِّمْ): ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە، ئەی پەروەردگار سەلامەتیان بکە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە لەسەر پردی (صِراط) شەفاعەت بۆ کۆمەڵە موسڵمانێك دەکات، لە کاتێکدا دەبینێت موسڵمانان لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکی زۆردان.

هاوەڵی بەڕێز أنسِ کوڕی مالك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((سألتُ النَّبيَّ (ﷺ) أَنْ يَشْفَعَ لِي يومَ القيامَةِ، فَقالَ: (أنا فاعِلٌ)، قالَ: قُلْتُ: يا رَسولَ اللهِ فَأينَ أَطْلُبكَ؟ قالَ: أُطْلُبْنى أولَّ ما تَطْلُبُني عَلى الصِّراطِ، قالَ: قُلتُ: فإنْ لَم أَلْقِكَ على الصِّراطِ؟ قالَ: فَاطْلُبْنى عِندَ المِيزانِ، قُلْتُ: فإنْ لَمَ أَلقِكَ عِندَ المِيزان؟ قالَ: فَاْطْلُبْني عِندَ الحَوضِ فإنّي لا أُخْطِئُ هذه الثّلاث المَواطِن))[٥٨].

واتە: داوام لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتم بۆ بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ شەفاعەتت بۆ دەکەم، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێ پێت بگەم و بتبینم تا شەفاعەتم بۆ بکەی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەیەکەم ساتەوە بە دواما بگەڕێ و هەوڵ بدە بمبینە لەسەر پردی (صِراط)، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر پێت نەگەیشتم و نەتم بینی لەسەر پردی (صِراط)، فەرمووی: بە دواما بگەڕێ و هەوڵ بدە بمبینە لای ترازوو (لە کاتی

---

[٥٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٣٢/٢٤)، والترمذي (٢٤٣٣)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٦٢٥).

کێشانی کردەوەکان)، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر پێت نەگەیشتم و نەتم بینی لای ترازوو؟ فەرمووی: هەوڵ بدە لای حەوزی (کَوثر) بمبینە، چونکە من هەرگیز ئەو سێ شوێنە جێ ناهێڵم، بەڵکو بەردەوام لەو شوێنانەم.

بۆیە هەر موسڵمانێك حەزدەكات و دەیەوێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەفاعەتی بۆ بكات تا ڕزگاری بێت لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی دواڕۆژ بە گشتی و ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط) بە تایبەتی، ئەوە با گرنگی بە کردنی کردەوە چاکەکان بدات بە گشتی و ئەو کارانەی کە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە تایبەتی.

گرنگترین ئەو کارە چاکانەی کە شەفاعەتی پێغەمبەری (ﷺ) پێبەدەست دێت، ئەمانەن:

یەکەم: داواکردنی (الوَسیلَة)[٥٩] بۆ پێغەمبەر (ﷺ):

عَبدالله کوڕی ئیمامی عَبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... سَلُوا اللهَ لِيَ الوَسِيلَةَ فَإِنَّهُ لا يَسْألُهَا لِي عَبْدٌ فِي الدُّنيا إلاّ كُنْتُ لَهُ شَهِيدَاً أو شَفيعَاً يَومَ القيامَةِ))[٦٠]. واتە: دوای ئەوەی وەڵامی بانگ بێژتان دایەوە داوای وسیلەم بۆ بکەن (داوای ئەو شوێن و پلە بەرزەی بەهەشتم بۆ بکەن)، چونکە هیچ بەندەیەکی موسڵمان لە دونیادا داوای ناکات بۆم، ئیللا لە دواڕۆژدا شایەتی بۆ دەدەم کە شایستەی بەهەشتە، یان شەفاعەتی بۆ دەکەم تا نەچێتە دۆزەخەوە ئەگەر شایستەی چوونە ناو دۆزەخیش بێت[٦١].

داواکردنی ئەو شوێن و پلە بەرزەی بەهەشت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای بیستن و وەڵام دانەوەی بانگی پیرۆز دەبێت، هەروەك هاوەڵی بەڕێز جابر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت:

---

[٥٩] (الوَسیلَة): بەرزترین پلەو مەنزڵگایە لە بەهەشتدا، بۆ هیچ کەس نابێت جگە لە بەندەیەك لە بەندەکانی خوا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئومێدم وایە ئەو کەسە من بم.

[٦٠] رواه الطبراني في "المعجم الأوسط" (٦٣٣/١٩٨/١)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٦٣٧).

[٦١] **بڕوانە**: التيسير بشرح الجامع الصغير، للإمام الحافظ زين الدّين عبد الرؤوف المناوي (١١٨/٢).



پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدتَّهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٦٢]. واتە: هەر موسڵمانێك كاتێك گوێی لە بانگ بوو وەڵامی دایەوەو پاشان ووتی: ((اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدتَّهُ حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). واتە: ئەی خوایە، پەروەردگاری ئەم بانگەوازە تەواوو نوێژە دامەزراوە، ببەخشە بە پێغەمبەرمان (ﷺ) پلەی بەرزی (الوَسيلَة)، وە (الفَضيلة) كە پلەیەكی زیادەیە بەسەر دروست كراواندا، وە بیبەرە ئەو شوێنە سوپاس كراوەی كە بەڵێنت پێداوە (ئەویش پلەی شەفاعەتی گەورەیە لە دواڕۆژدا) ئەوە لە دواڕۆژدا شەفاعەتی منی بۆ مسۆگەر دەبێت.

دووەم: زۆر صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ):

پێغەمبەر (ﷺ) هانی داوین تا صەڵاواتی زۆر لەسەر بدەین، وە هەواڵی داوە نزیكترین موسڵمان لێیەوە، یان نزیكترین موسڵمان كە بەر شەفاعەتی بكەوێت ئەو موسڵمانەیە كە زۆر سەڵاواتی لەسەر دەدات، هەروەك هاوەڵی بەڕێز عَبداللە كوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ عَلَيَّ صَلَاةً))[٦٣].

واتە: نزیكترین موسڵمان لە منەوە، یان نزیكترین موسڵمان كە بەر شەفاعەتی من بكەوێت، ئەو موسڵمانەیە كە زۆر صەڵاواتی لەسەر من داوە، لە هەموو موسڵمانان زیاتر سەڵاواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) داوە.

---

[٦٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٣/٣١)، والبخاري (٦١٤)، ومسلم (٣٨٤)، والترمذي (٢١١)، وأبو داود (٥٢٩)، والنسائي (٦٧٨)، وإبن ماجه (٧٢٢).

[٦٣] رواه الترمذي (٤٨٤)، وإبن حبان (٩١١)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن لغيره (١٦٦٨).

سێیەم: صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بە ژمارەی دیاری کراو:

هاوەڵی بەڕێز أبوالدَّرداء (خوای لیّ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ صَلَّى عَلَيَّ حِينَ يُصْبِحُ عَشْرَاً، وَحِينَ يُمْسِي عَشْرَاً، أَدْرَكَتْهُ شَفَاعَتِي يَومَ القِيامَةِ)) [٦٤]. واتە: هەر موسڵمانێك كاتێك بەیانی دەكاتەوە دەجار صەڵاوات لەسەر من بڵێت، وە كاتێك ئێوارەشی بەسەرداهات بەهەمان شێوە دەجار صەڵاوات لەسەر من بڵێت [*]، ئەوە لە دواڕۆژدا شەفاعەتی منی بۆ مسۆگەر دەبێت.

هەروەها هاوەڵی بەڕێز رافِع كوڕی ثابت (خوای لیّ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ صَلَّى عَلَى مُحَمَّدٍ وَقَالَ: اللَّهُمَّ أَنْزِلْهُ الْمَقْعَدَ الْمُقَرَّبَ عِنْدَكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَجَبَتْ لَهُ شَفَاعَتِي)) [٦٥]. واتە: هەر موسڵمانێك سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدات و بڵێت: (اللَّهُمَّ أَنْزِلْهُ الْمَقْعَدَ الْمُقَرَّبَ عِنْدَكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ): ئەی پەروەردگار پێغەمبەر (ﷺ) لە شوێن و مەنزڵگایەكی نزیك خۆت دابنێ لە دواڕۆژ، ئەگەر ئەم دوعایەی كرد ئەوە لە دواڕۆژدا شەفاعەتی منی بۆ مسۆگەر دەبێت.

---

[٦٤] رواه الطبراني، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٣٥٧).

[*] ئەم سەڵاوات دانە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بەشێكە لە زیكرەكانی بەیانیان و ئێواران، دوای نوێژی بەیانی تا خۆر كەوتن و دوای نوێژی عەسریش تا خۆر ئاوا بوون دەخوێندرێت، وە باشترین شێوازی سەڵاواتیش ئەم شێوازەیە: (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ).

[٦٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/٣١١)، والطبراني في "الكبير" واللفظ له (٤٤٨٠)، وحسنه الهيثمي في "مجمع الزوائد" (١٦٣/١٠)، والسيوطي في "البدور السافرة في أمور الآخرة" (١١٠٨)، ووافقه الوادعي في كتاب الشفاعة وقال: لكن الحديث له شواهد يرتقي بها إلى الحسن. أهـ (ص ٢٣٥)، وقال الساعاتي في الفتح: رواه البزار والطبراني في الكبير والأوسط، وقال المنذري: وبعض أسانيدهم حسن اهـ (١٤/٣١١)، **بەڵام شێخ ئەلبانی دەڵێت: فەرموودەیەكی** (ضَعيفَ)**ـە، هەروەك لە كیتابی** (تخريج كتاب السُنة لأبي عاصم) **لاپەڕە (٨٢٧) هاتووە.**

چوارەم: زۆر كردنی نوێژی سوننەت:

زیادِ كوڕی أبوزیاد (خوای لێ ڕازی بێت) لە خزمەتكارێكی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە، كە پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەفەرموو: ئایا پێویستیەكت هەیە تا بۆت جێبەجێ بكەم: زیاد دەفەرمووێت: ئەوە بوو ڕۆژێكیان خزمەتكارێكی ووتی: پێویستیم پێتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پێویستیەكەت چییە تا بۆت جێبەجێبكەم؟ ووتی: پێویستیم پێت ئەوەیە لە دواڕۆژدا شەفاعەتم بۆ بكەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: كێ ئەمەی پێ ووتی (كێ ڕێنمونی كردی بۆ ئەم داوایە)؟ ئەویش ووتی: خوای پەروەردگار خستێ دڵمەوە تا داوای ئەو كارەت لێ بكەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی ئەگەر تۆ هەر سووری لەسەر ئەو داوایەت ئەوە: ((فَأَعِنِّي بِكَثْرَةِ السُّجُودِ))[٦٦]، واتە: یارمەتی دەرم بە بۆ هاتنەدی ئاواتەكەت ئەویش بەوەی سوجدەی زۆر بەری بۆ خوای پەروەردگار.

موسوڵمانی نوێژخوێنی خۆشەویست جوان وورد بەوە لە فەرموودەكە ئەو كاتە گەورەیی نوێژە سوننەتەكانت بۆ دەردەكەوێت، لە كاتێكدا ئەو هاوەڵە بەڕێزەی پێغەمبەر (ﷺ) داوای شەفاعەت لە پێغەمبەر (ﷺ) دەكات، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێنمونی دەكات بۆ زیاد كردنی نوێژی سوننەت، چونكە سوجدە بردن بەتەنها هیچ مانایەكی نییە"مەگەر بۆ چەند حاڵەتێك نەبێت" وە نوێژە فەرزەكان هەر دەبێت ئەنجام بدرێت، بۆیە لێرەدا مەبەست بە (فَأَعِنِّي بِكَثْرَةِ السُّجُودِ) نوێژە سوننەتەكانە نەك بردنی سوجدە بە تەنها.

پێنجەم: ئارامگرتن لەسەر ناخۆشی و ناڕەحەتی ژیان لە شاری مەدینەی پیرۆز:

هاوەڵی بەڕێز أبوهریرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لا يَصْبِرُ عَلَى لأْوَاءِ الْمَدِينَةِ وَشِدَّتِهَا أَحَدٌ إلا كُنْتُ لَهُ شَهِيدًا أَوْ شَفِيعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٦٧]. واتە: هیچ

---

[٦٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/٢١٩) و(١٣٢/٢٤)، وصححه الألباني في "السلسلة الصحيحة" (٢١٠٢).

[٦٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٦٠/٢٣)، ومسلم (١٣٧٨)، والترمذي (٣٩٢٤).

موسڵمانێك ئارام ناگرێت لەسەر نەبوونی و ناڕەحەتی ژیانی شاری مەدینەی پیرۆز (یان هەر ناخۆشی و ناڕەحەتییەکی تر) ئیللا لە دواڕۆژدا شایەتی بۆ دەدەم کە شایستەی بەهەشتە، یان شەفاعەتی بۆ دەکەم تا نەچێتە دۆزەخەوە ئەگەر شایستەی چونە دۆزەخیش بێت [٦٨].

زانای پایەبەرز ئیمامی الباجي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: (اللأْوَاء): مەبەست پێی برسێتی و بێ کاری و ناڕەحەتی ژیانە، و(الشِّدَّة): مەبەست پێی هەموو کارێکە کە ناخۆشی و ناڕەحەتی بە دانیشتوانی شاری مەدینەی پیرۆز بگەیەنێت [٦٩].

شەشەم: مردنی موسڵمان لە شاری مەدینەی پیرۆز:

هاوەڵی بەڕێز عبدالله کوڕی ئیمامی عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنِ اسْتَطَاعَ أَنْ يَمُوتَ بِالْمَدِينَةِ فَلْيَمُتْ بِهَا، فَإِنِّي أَشْفَعُ لِمَنْ يَمُوتُ بِهَا)) [٧٠]. واتە: هەر موسڵمانێك دەتوانێت لە شاری مەدینە بمرێت، با هەوڵ بدات لەوێ بمرێت (واتە: دەرنەچێت و شاری مەدینە جێنەهێڵێت ئەگەر خەڵکی ئەوێیە)، چونکە من لە دواڕۆژدا شەفاعەت بۆ ئەو موسڵمانە دەکەم کە لە شاری مەدینەی پیرۆز مردووە.

٤. ئارامگرتن لەسەر مردنی منداڵ:

هاوەڵی بەڕێز عَبدُالرحمنِ کوڕی بَشير (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ ماتَ لَهُ ثَلاثَةٌ مِنَ الوَلَدِ لَمْ يَبْلُغُوا الحِنْثَ لَمْ يَرِدِ النّارَ إلاّ عابِرِ سَبيلٍ "يَعني الجَواز عَلى الصِّراطِ")) [٧١]. واتە: هەر موسڵمانێك سێ منداڵی بمرێت کە نەگەیشتبێتنە تەمەنی

---

[٦٨] **بڕوانە**: التيسير بشرح الجامع الصغير، للإمام الحافظ زين الدين عبد الرؤوف المناوي (١١٨/٢).

[٦٩] **بڕوانە**: المنتقى شرح موطأ مالك (١٦٣٨).

[٧٠] رواه الإمام أحمد"الفتح الرباني" (٢٥٩/٢٣)، والترمذي (٣٩١٧)، وإبن ماجه (٣١١٢)، وصححه السيوطي في "الجامع الصغير" (٨٤٠٤)، ووافقه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٠١٥).

[٧١] رواه الطبراني، وحسنه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٢٠٠١).



باڵغ بوون (پاك بن و تاوانیان نەكردبێت)، ئەوە ئەو موسڵمانە ناچێتە ئاگری دۆزەخەوە مەگەر بە وێنەی تێپەڕبوونی گەشتیارێك بە ڕێگایەكدا، واتە: بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕێت و ناچێتە دۆزەخەوە.

وە هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاَ يَمُوتُ لأَحَدٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ثَلاَثَةٌ مِنَ الْوَلَدِ فَتَمَسَّهُ النَّارُ إِلاَّ تَحِلَّةَ الْقَسَمِ)) [٧٢]. واتە: هیچ موسڵمانێك سێ منداڵی نامرێت ئیللا بەدوور دەبێت و ناچێتە دۆزەخەوە، مەگەر ئەوەندە كە خوای پەروەردگار سوێندی خواردووە كە دەبێت بەندەكان بە ناویدا بڕۆن، ڕۆیشتنی موسڵمان بەناو ئاگری دۆزەخدا بریتییە لە ڕۆیشتن بەسەر پردی (صِراط)دا نەك چوونە ناوی، واتە: ئەو موسڵمانەی كە سێ منداڵی دەمرێت پێش باڵغ بوونیان ئەوە تەنها بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات نەك بە ناو ئاگری دۆزەخدا.

هەروەها فەرموودەیەكی ترمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: جارێكیان ئافرەتێك منداڵێكی نەخۆشی بە باوەشەوە بوو هات بۆ لای پێغەمبەرو (ﷺ) ، ووتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەترسم ئەمەشیان بمرێت، چونكە سێ منداڵی ترم پێش ئەم مردووە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((لَقَدِ احْتَظَرْتِ بِحِظَارٍ شَدِيدٍ مِنَ النَّارِ)) [٧٣]. واتە: بەڕاستی تۆ پارێزراوی لە ئاگری دۆزەخ بە بەربەستێكی زۆر بەهێزو پتەو، بەربەستێكی زۆر پتەو لە نێوان تۆو دۆزەخدا هەیە.

هاوەڵی بەڕێز أبوسَعيدٍ الخدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَا مِنْكُنَّ امْرَأَةٌ تُقَدِّمُ ثَلاَثَةً مِنْ وَلَدِهَا إِلاَّ كَانَ لَهَا حِجَابًا مِنَ النَّارِ. فَقَالَتِ امْرَأَةٌ: وَاثْنَيْنِ، فَقَالَ:

---

[٧٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٣٨/١٩)، والبخاري (٦٦٥٦)، ومسلم (٢٦٣٢)، والترمذي (١٠٦٠)، والنسائي (١٨٧٥)، وابن ماجه (١٦٠٣).

[٧٣] رواه النسائي (١٨٧٧)، والبخاري في "الأدب المفرد" (١٤٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب" (١٩٩٤).

وَاثْنَيْنِ))[٧٤]. واته: هیچ ئافرەتێکی موسڵمان نییە لە ئێوە کە سێ منداڵی دەمرێت، ئیللا بۆی دەبنە پەردەو ناوەندێك لە ئاگــــری دۆزەخ، ئافرەتێك ووتی: ئەگەر دوو منداڵیشی بمرێت هەر بۆی دەبنە بەربەستێك لە ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ ئەگەر دوو منداڵیشی بمرێت هەر بۆی دەبنە بەربەستێت لە ئاگری دۆزەخ.

٥. بەردەوام بوون لەسەر کردنی نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر:

هـاوەڵی بـەڕێز عُمَارَة کـوڕی رُوَيْبَة الثَّقَفِيِّ لـە باوکییـەوە (خوایـان لـێ ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوەو دەفـەرموویێت: گـوێم لـە پێغەمبـەر (ﷺ) بـوو دەیفـەرموو: ((لَنْ يَلِجَ النَّارَ مَنْ صَلَّى قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا))[٧٥]. واته: هیچ موسڵمانێك ناچێتە ئاگری دۆزەخـەوە ئەگـەر پـێش خـۆر هەڵات و پێش خۆر ئاوابوون نوێژ بکات، واته: نوێژی فەرزی بەیانی و عەسر بکات.

٦. بەردەوام بوون لەسەر کردنی نوێژی چێشتەنگاو (صَلاةُ الضُّحى):

موسڵمان داوای لێکراوە کە هەموو ڕۆژێك سێسەدو شەست خێرو چاکە بکات، هەر موسڵمانێك ئەو خێرانە بکات و لەو ڕۆژەدا بمرێت ئەوە خۆی دڵنیا کردووەو خۆی پاراستووە لە ئاگری دۆزەخ لەو کاتەی کە بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات بە پشتیوانی خوای پەروەردگار، دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِى آدَمَ عَلَى سِتِّينَ وَثَلاَثِمَائَةِ مَفْصِلٍ، فَمَنْ كَبَّرَ اللَّهَ، وَحَمِدَ اللَّهَ، وَهَلَّلَ اللَّهَ،

---

[٧٤] رواه الإمام مالك (٥٥٤)، وأحمد "الفتح الرباني" (١٣٨/١٩)، والبخاري (١٠٢)، ومسلم (٢٦٣٤)، والترمذي (١٠٦٠)، والنسائى فى "الكبرى" (٤٥٢/٣، رقم ٥٨٩٧)، وإبن ماجه (١٦٠٣)، وعبد بن حميد (ص ٢٨٧ ، رقم ٩١٦)، وإبن حبان (٢٠٦/٧، رقم ٢٩٤٤)، وأبو يعلى (٤٦١/٢، رقم ١٢٧٩)، والبغوى فى "الجعديات" (١٠٣/١، رقم ٦٠٨)، والبيهقى (٦٧/٤، رقم ٦٩٢٨) .

[٧٥] أخرجه أحمد (١٣٦/٤، رقم ١٧٢٥٩)، وأبو داود (١١٦/١، رقم ٤٢٧)، ومسلم (٤٤٠/١، رقم ٦٣٤)، والنسائى (٢٣٥/١، رقم ٤٧١)، وإبن حبان (٣٤/٥، رقم ١٧٤٠). وأخرجه أيضًا: إبن خزيمة (١٦٤/١، رقم ٣١٩).

وَسَبَّحَ اللَّهَ، وَاسْتَغْفَرَ اللَّهَ، وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْمًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ أَوْ نَهَى عَنْ مُنْكَرٍ، عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلاَثِمِائَةِ السُّلاَمَى فَإِنَّهُ يَمْشِى، وفي روايةٍ " يُمْسِى" يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ))[٧٦]. واته: هەر مرۆڤێك لە نەوەی ئادەم (عليه‌السلام) وا دروست كراوە كە سێ‌سەدو شەست جومگەی هەیە، بۆیە هەر موسڵمانێك "الله أكبر"ێك، یان"الحمدلله"یەك، یان "لآ إلهَ إلا الله"،یەك، یان"سبحان الله"یەك، یان"أسْتَغْفَرُ اللَّهَ"یەك بكات، بەردێك یان دڕكێك یان ئێسكێك (ناڕەحەتییەك) لەسەر ڕێی موسڵمانان لابەرێت، وە فەرمان بە چاكە بكات، وە نەهی و ڕێگری لە خراپە بكات، بە ئەندازەی ئەو سێ‌سەدو شەست جومگەیە چاكە بكات، ئەوە ئەو موسڵمانە بەسەر زەویدا دەڕوات و نەفسی خۆی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار كردووە، یان كاتێك ئێوارەی بەسەردا دێت ئەوە نەفسی خۆی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار كردووە، بە كردنی ئەو كردەوانەو كردەوە چاكەكانی تر.

موسڵمانی خۆشەویست پێ دەچێت كردنی ئەو هەموو كردەوە چاكانە لە ڕۆژێكدا كارێكی هەروا ئاسان نەبێت، دەی با بزانین چی كارێك شوێنی ئەو هەموو چاكەیەمان بۆ دەگرێتەوە لە ڕۆژێكدا تا ئێمەش ئەنجامی بدەین؟ بەڵێ ئەوەی شوێنی ئەو هەموو چاكەیەمان بۆ بگرێتەوە لە ڕۆژێكدا كردنی دوو ڕكات نوێژی چێشتەنگاوە (صَلاةُ الضُّحى)، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أبوذر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلاَمَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ

---

[٧٦] أخرجه مسلم (٦٩٨/٢، رقم ١٠٠٧)، وأبو الشيخ فى "العظمة" (١٦٢٠/٥، رقم ١٠٦٦٢)، وأخرجه أيضًا: النسائى فى "الكبرى" (٢٠٩/٦، رقم ١٠٦٧٣)، وابن حبان (١٧٣/٨، رقم ٣٣٨٠)، والبيهقي (١٨٨/٤، رقم ٧٦١١).

بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنْ الضُّحَى)) [٧٧].

واته: كاتێك ڕۆژ دەبێتە هەر یەك لە جومگەكانتان (ئەی موسڵمانان) خێرو صەدەقەی دەكەوێتە سەر كە دەبێت بیان كات، بۆیە ووتنی هەر "سبحان الله"یەك خێرێكە، وە ووتنی هەر "الحمدلله"یەك خێرێكە، وە ووتنی هەر "لآ إلهَ إلا الله"،یەك خێرێكە، وە ووتنی هەر "الله أكبر"ێك خێرێكە، وە فەرمان كردن بە چاكە خێرێكە، وە نەهی و ڕێگری كردن لە خراپە خێرێكە، وە ئەوەی شوێنی ئەم هەموو خێرو چاكەیە بگرێتەوە تەنها كردنی دوو ڕكات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاوە*.

هاوەڵی بەڕێز أبوبُرَیدة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((فِي الإِنْسَانِ ثَلاَثُمِائَةٍ وَسِتُّونَ مَفْصِلاً فَعَلَيْهِ أَنْ يَتَصَدَّقَ عَنْ كُلِّ مَفْصِلٍ مِنْهُ بِصَدَقَةٍ. قَالُوا: وَمَنْ يُطِيقُ ذَلِكَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ؟ قَالَ: النُّخَاعَةُ فِي الْمَسْجِدِ تَدْفِنُهَا، وَالشَّيْءُ تُنَحِّيهِ عَنِ الطَّرِيقِ، فَإِنْ لَمْ تَجِدْ فَرَكْعَتَا الضُّحَى تُجْزِئُكَ)) [٧٨].

---

[٧٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٥/٢٢)، ومسلم (١/٤٩٨ رقم ٧٢٠)، وأبو داود (١٢٨٥) والنسائى فى الكبرى (٥/٣٢٦ رقم ٩٠٢٨)، وابن خزيمة (٢/٢٢٨، رقم ١٢٢٥).

* موسڵمانی خۆشەویست خۆ ئەگەر بتوانیت ڕۆژانە چوار ڕكات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو بكەیت، ئەوە خۆت بێخەم دەكەیت لە بەڕێوەبردنی كارو بارەكانی دوای نیوەڕۆ و دەمەو ئێوارەت، هەروەك خوای پەروەردگار لە فەرموودەیەكی قودسیدا دەفەرمووێت: ((إبن آدم لا تعجزني من أربع ركعات في أول النهار أكفك آخره)). رواه أبو داود (١٢٨٩) والدارمي (١/ ٣٣٨) وأحمد (٥/ ٢٨٦ و ٢٨٧)، واتە: ئەی بەندەی موسڵمان بێدەسەلات و بێ تاقەت مەبە لە كردنی چوار ڕكات نوێژ لەسەرەتای ڕۆژەوە (واتە: نوێژی چێشتەنگاو)، ئەگەر ئەو چوار ڕكات نوێژەت كرد ئەوە خەمت نەبێت من كارەكانی كۆتایی ڕۆژت بۆ ئاسان دەكەم و بۆت بەڕێوە دەبەم و دەتپارێزم.

[٧٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٩/١٧٦)، وأبو داود واللفظ له (٥٢٤٢)، والطحاوي في (مشكل الآثار) (١/ ٢٥) وابن حبان (٦٣٣ و٨١١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٤٢٣٩).

واتە: لە مرۆڤدا سێسەدو شەست جومگە هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ بۆ هەر جومگەیەك لە ڕۆژێكدا خێرو صەدەقەیەك بكات، هاوەڵانی بەڕێز (خوایان لێ ڕازی بێت) ووتیان: كێ دەتوانێت لە ڕۆژێكدا بۆ هەر جومگەیەكی لاشەی خێرو چاكەیەك بكات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پاككردنەوەی تف (یان هەر پیسیەك)ی ناو مزگەوت خێرو چاكەیە، وە شتێك كە بۆتە مایەی ناڕەحەتی موسڵمانان لەسەر ڕێگاویان لادانی خێرو چاكەیە، ئەگەر ئەمانەت نەبینی یان پێت نەكرا ئەوە دوو ڕكات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو بكە، شوێنی ئەو هەموو خێرو چاكەیەت بۆ دەگرێتەوە.

موسڵمانی خۆشەویست زۆر جێگای داخ و خەفەتە بێئاگا بوونمان لە كردنی ئەو دوو ڕكاتە نوێژە سوننەتە، خۆ ئەگەر ڕۆژێك نەمان توانی بیكەین بە هۆی ئیش وكارو سەرقاڵیمان بە ژیانی دونیاوە، ئەوە با هەوڵ بدەین زمانمان بخەینە گەڕو زیكرو یادی خوای پەروەردگاری پێبكەین و زۆر بڵێین: "سبحان الله" وَ "الحمدلله" وَ "لآ إلهَ إلا الله" وَ "الله أكبر"، وە سەرجەم ویردەكانی ترو كارە چاكەكانی تر بكەین بە ئەندازەی ئەو ژمارەیەی كە لە فەرموودەكەدا هاتووە، كە دەتوانین بە چەند دەقیقەیەكی كەم ئەنجامی بدەین بە پشتیوانی خوای پەروەردگار، وە بۆ ئەوەی ئەندامەكانی لاشەمان ڕزگار بكەین لەو قەرزەی كە ڕۆژانە دەكەوێتە سەریان.

٧. بەردەوام بوون لەسەر كردنی چوار ڕكات نوێژی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆو چوار ڕكات لە دوای:

دایكی ئیمانداران أُمُّ حَبِيبَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ حافَظَ على أَرْبَعِ رَكَعاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حَرُمَ عَلَى النَّارِ)) [٧٩] واتە: هەر موسڵمانێك

---

[٧٩] رواه الترمذي(٣٩٢/٢/٢١٥)، والنسائي(١٧٩٢/٦/٣٤١)، وابن ماجه(١١٥٠/٣/٤٩٠)، وأحمد(٢٥٥٤٧/٥٤/٢١٢)، وإبن أبي شيبة في "مصنفه"(٢/١٠٩)، والطبراني في"معجم الكبير"(١٧/٦٨)، وأبو يعلى في "مسنده"(٦٩٧٣/١٤/٤١٨)، وإبن خزيمة في"صحيحه"(١١٢٧/٤/٤٠٤).

بەردەوام چوار ڕكات نوێژی سوننەت پـێش نوێـژی نیـوەڕۆو چـوار ڕكـات لـە دوای بكـات، ئـەوە خوای گەورە بەدوری دەگرێت و دەیپارێزێت لەئاگری دۆزەخ.

وە لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَا مِنْ عَبْدٍ مُؤْمِنٍ يُصَلِّي أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ بَعْدَ الظُّهْرِ فَتَمَسُّ وَجْهَهُ النَّارُ أَبَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ)) [٨٠]. واتە: هەر بەندەیەكی موسڵمان چوار ڕكات نوێژی سوننەت دوای نوێژی نیوەڕۆ بكات، ئەوە ڕووی ئەو موسڵمانە پارێزراوەو هەرگیز ئاگری دۆزەخ نایگرێت (إن شآء الله).

زانای پایەبـەرز أبو الطيب مُحَمَّد شَمسُ الدّين آبادي (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) لـە شـەرحی ئـەم فەرموودە پیرۆزەدا دەڵێت: ووتەی پێغەمبەر (ﷺ) : (حَرُمَ عَلَى النَّارِ): واتە: خـوای پـەروەردگار ئەو بەندەیە دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ، هەروەك لە فەرموودەیەكی تـردا دەفـەرموێت: (حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ)، وە لـە لـە فەرموودەیـەكی تـردا دەفـەرموێت: (حَرَّمَ اللهُ لَحْمَهُ عَلَى النَّارِ)، واتـە: خوای پەروەردگار لاشەی ئەو موسڵمانە دەپارێزێت لە ئـاگری دۆزەخ، لێـرەدا ڕاجیـایی هەیـە لـە لێكدانەوەی فەرموودەكە: ئایا ئـەو موسـڵمانەی كـە چـوار ڕكـات نوێـژی سـوننەت پـێش و دوای نوێـژی نیـوەڕۆ بكـات هـەر لـە بنەڕەتـداو هـەرگیز ناچـێتە دۆزەخـەوە؟ یـان ئەگـەر بچـێتە دۆزەخیشەوە ئەوە ئاگر لاشەی ناسووتێنێت؟ یان خوای پەروەردگار ئـەو موسـڵمانە دەپارێزێـت و ناهێڵێـت لاشـەی بـە گشـتی بسـووتێت ئەگـەر هەنـدێ لـە لاشەشـی بسـووتێت؟ هـەروەك لـە فەرموودەیەكدا هاتووە كە ئیمـامی النَّسائي (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) ئەیگێڕێتـەوە كـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (فَتَمَسَّ وَجْهَهُ النَّارُ أَبَدَاً)، كـە ئەمـەش تـەواو یـەك دەگرێتـەوە لەگـەڵ ئـەو فەرموودەیـەی كـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: (وَحَرَّمَ عَلى النّارِ أنْ تَأْكُلَ مَواضِعَ السُّجُودِ)،

---

[٨٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٤/٢٠٠)، والترمذي (٤٢٨)، والنسائي (١٨١٦)، وأبو داود (١٢٦٩)، وإبن ماجه (١١٦٠)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦١٩٥).



واتە: خوای پەروەردگار حەرامی کردووە لەسەر ئاگرو ڕێگەی پێنەداوە کە شوێنی سوجدەی موسڵمان بسووتێنێت و ئازاری بدات، لێرەدا ئەم فەرموودەیە گشتگیرە بەڵام پێدەچێت مەبەست پێی هەندێ شوێنی ئەو موسڵمانەی مەبەست بێت کە ئاگری دۆزەخ نایسووتێنێت، بەڵام باش وایە فەرموودەکە لەسەر ڕواڵەتەکەی وەربگرین (حَرُمَ عَلَى النَّارِ)، یان (حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ): واتە: خوای پەروەردگار ئەو بەندەیە دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ. واتە: هەموو لاشەی ئەو موسڵمانە پارێزراوە کە ئەو نوێژە سوننەتانەی پێش نوێژی نیوەڕۆ و دوای دەکات، چونکە بەخششی خوای پەروەردگار زۆر فراوانترەو ڕەحم و بەزەیشی زۆر گشتگیرترە، بە هەر حاڵ فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە کردنی چوار ڕکات نوێژی سوننەت پێش نوێژی نیوەڕۆ و چوار ڕکات لە دوای پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ، دەی کەوابوو تەنها ئەوەندە بەسە بۆ خێرو پاداشت و گەورەیی ئەو نوێژە سوننەتانە، وە ڕواڵەتی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: (مَنْ صَلَّى): ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر موسڵمانێك تەنها یەك جاریش ئەو سوننەتانە بکات ئەوە هەر پارێزراوە لە ئاگری دۆزەخ، بەڵام هەردوو زانای پایەبەرز ئیمامی الترمذي و أبوداود و جگە لەمانیش (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) بە ڕیوایەتی (مَنْ حافَظَ): واتە: بەبەردەوامی بیکات، گێڕاویانەتەوە، بۆیە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت دەبێت ئەو نوێژە سوننەتانە بەبەردەوامی بکرێت نەك یەك جار، چونکە هیچ موسڵمانێك لە ئاگری دۆزەخ پارێزراو نابێت بە هۆی ئەم کردەوەیەوە، ئەگەر جارێك یان چەند جارێك بیکات، بەڵکو دەبێت هەموو ڕۆژێك بەبەردەوامی ئەم نوێژە سوننەتانە بکات ئەوسا پارێزراو دەبێت لە ئاگری دۆزەخ [٨١].

هەربۆیە کاتێك عَنْبَسَة کوڕی أبوسفیان (خوایان لێ ڕازی بێت) لەسەرەمەرگدا بوو، نارەحەتی سەرەمەرگی بینی زۆر پەشیمانی دەربڕی، چونکە بەردەوام نەبوو لەسەر کردنی چوار ڕکات

---

[٨١] **بڕوانە**: عون المعبود شرح سنن أبي داود لأبي الطيب محمد آبادي (١٤٧/٤).



نوێژی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆو چوار ڕکات لە دوای، پاش ئەوەی خێرو پاداشت و گەورەیی ئەم نوێژانەی بیست لە أمُّ حَبيبَةِ‌ی خوشکی کە دەکاتە خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە أم حبيبة (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك فەزڵ و گەورەیی ئەو نوێژە سوننەتانەی بۆ دەرکەوت هەتا ئەو ڕۆژەی مرد بەردەوام بوو لەسەر کردنیان.

حَسانِ کوڕی عَطِيّة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: کاتێك عَنْبَسَة کوڕی أبوسفيان (خوایان لێ ڕازی بێت) لەسەرەمەرگدا بوو، ئارامی نەماو کەوتە نرکەو ناڵە ناڵ، پێی ووترا: ئەی عَنْبَسَة چییە بۆ وا دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: لە أم حبيبة خوشکم بیست (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ صَلَّى أَرْبَعَاً قَبْلَ الظُّهْرِ وَأَرْبَعاً بَعْدَهَا، حَرَّمَ اللهُ لَحْمَهُ عَلَى النَّارِ) أم حبيبة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: لەو ڕۆژەوەی فەزڵ و گەورەیی ئەو نوێژانەم بیستووە لە پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز وازم لێنەهێناوە بەڵکو بەردەوام کردوومە.

دەی خۆزگە ئێمەی موسڵمانیش بەردەوام بووینایە لەسەر کردنی ئەو سوننەتانە و سوننەتەکانی تریش تا ئەو خێرو پاداشتەمان بەدەست بهێنایەو ببوایەتە قەڵغانێك بۆمان و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارمان ببوایە پێی.

٨. تە پوتۆزاوی بوون و ماندووبوونی پێیەکان لە هەموو کارێکدا کە خوای پەروەردگار پێی ڕازییە:

هاوەڵی بەڕێز یَزيد کوڕی أبو مَريم (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان دەچووم بۆ نوێژی هەینی، لە ڕێگا عباية کوڕی رفاعة کوڕی رافع (خوایان لێ ڕازی بێت) گەیشت پێم و پێی ووتم: موژدەبێ لێت ئەی یَزيد ئەو هەنگاوانەی کە دەینێیت و دەڕۆیت بۆ مزگەوت هەمووی لە پێناو خوای پەروەردگاردایە، چونکە گوێم لە أبوعبس بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر (ﷺ)

فەرموویەتی: ((مَنِ اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ)) [٨٢]. واتە: هەر موسڵمانێك پێیەکانی لە پێناو خوای پەروەردگاردا تۆزاوی بێت (جیهاد بکات)، ئەوە خوای پەروەردگار لاشەی ئەو موسڵمانە لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزێت.

زانای پایەبەرز ئیمامی المناوي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (مَنِ اغْبَرَّتْ قَدَمَاهُ)، واتە: پێیەکانی خۆڵاوی و تەپوتۆزاوی بێت کە مەبەست پێی ڕۆیشتنە، (فِي سَبِيلِ اللَّهِ): واتە: لە ڕێیەکدا پێیەکانی تەپوتۆزاوی بێت و ماندووبێت کە ڕازی بوونی خوای پەروەردگاری تێدایە، کە ئەمەش ڕێگای جیهاد کردن و گەڕان بە دوای زانستی شەرعی و ئامادەبوونی نوێژی جەماعەت و ڕۆیشتن بۆ حەج و جگە لەم کارەچاکانەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ووشەی (سَبِيلِ اللّه) ناوێکی گشتگیرەو هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە ڕازی بوونی خوای پەروەردگاری تێدایە، بەڵام ئەوەی زیاتر لێی تێدەگەین و بەرچاوە (في سَبِيلِ اللَّهِ) جیهاد کردنە، (حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ) خوای پەروەردگار هەموو لاشەی ئەو بەندەیە دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ، کە ئەمە ڕەوانترو بەهێزترە وەك لەوەی بڵێت: (أدخَلَهُ اللّهُ الجَنَّةَ): واتە: خوای پەروەردگار دەیکاتە بەهەشتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە پێی دووترێت دەچێتە بەهەشتەوە پێدەچێت دوای چوونە ناو دۆزەخ و سزاکێشان بێت، بەڵام ئەو موسڵمانەی کە پێی دووترێت: (حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ): واتە: خوای پەروەردگار بە یەکجاری پاراستوویەتی لە ئاگری دۆزەخ و سزای نادات، موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر موسڵمانێك تەنها پێیەکانی تەپوتۆزاوی بێت ئەوە پاداشتی بێت؟!! ئەی ئەو موسڵمانەی کە خۆی بەخت دەکات و دەجەنگێت تا شەهید دەبێت،

---

[٨٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٦/٦٦)، والبخاري (٩٠٧)، والترمذي واللفظ له (١٦٣٢)، والنسائي (٣١١٦)، والدارمي (٢٣٩٧)، و أخرجه الطيالسى (ص ٢٤٣، رقم ١٧٧٢)، قال الهيثمى (٥/٢٨٥): رجاله رجال الصحيح خلا أبي المصبح وهو ثقة، والبيهقى (١٦٢/٩، رقم ١٨٢٩٧)، وإبن عساكر (١٥/٥٧).

دەبێت خێرو پاداشتی چەندێ زۆر بێت؟.

هەروەها ئەو فەرموودەیە ئەوەی تێدایە ڕۆیشتن بۆ عیبادەت و خوا پەرستی بە پێ خێرو پاداشتی زۆر زۆرە، وە یەکێکە لەو کارە چاك و بەسوودانەی کە خاوەنەکەی بە هۆیەوە پلەی بەرزی بەهەشت و فیردەوسی پێ بەدەست دێنێت " کە شوێنی هەرە بەرزو خۆشی بەهەشتە"[٨٣]. زانای پایەبەرز المباركفوري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی فەرموودەکەدا دەڵێت: ووتەی پێغەمبەر (ﷺ): (فَهُما حَرامٌ عَلى النّارِ) واتە: ئاگری دۆزەخ نایان گرێت و نایان سووتێن، لەم فەرموودەیەدا ئاماژە بۆ فەزڵ و گەورەیی کارکردن و ماندوو بوون بۆ خوای پەروەردگار کراوە، ئەگەر تەنها پێیەکان تەپوتۆزاوی بێت ئەوە پاداشتی بێت؟ ئەی ئەو موسڵمانەی هەموو هێزو توانای دەخاتە گەڕ بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگارو هەمووی بۆ ئەو سەرف دەکات، دەبێت خێرو پاداشتی چۆن بێت؟ [٨٤].

أبو المصبح المقرائي (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: جارێکیان لە زەوی ڕوومەکاندا دەڕۆیشتین لەگەڵ کۆمەڵێك لە موسڵمانان گەورەو ئەمیرمان مالك كوڕی عَبدُالله الخَثْعَمي بوو (خوای لێ ڕازی بێت)، تێپەڕی بە تەنیشت عبدالله كوڕی جابردا (خوای لێ ڕازی بێت) کە هێسترێك پێ بوو ڕایدەکێشا، مالك بە جابری ووت: ئەی باوکی عَبدالله خوای پەروەردگار ئەو ئاژەڵە باشەی پێ بەخشیویت بۆ سەرناکەویت؟ جابر (خوای لێ ڕازی بێت) ووتی: ئاژەڵەکەم چاك و ئامادە دەکەم، بێ پێویست دەبم لە قەومەکەم، چونکە گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: هەر موسڵمانێك پێیەکانی لە پێناو خوای پەروەردگاردا تۆزاوی بێت (جیهاد بکات)، ئەوە خوای پەروەردگار لاشەی ئەو موسڵمانە لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزێت، مالك (خوای لێ ڕازی بێت) جابری

---

[٨٣] **بڕوانە**: فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (٦/٧٦).

[٨٤] **بڕوانە**: تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي للمباركفوري (٥/٢٥٩).

(خوای لێ ڕازی بێت) بە جێهێشت و بە دەنگی بەرز بانگی جابری کردوو ووتی: ئەی باوکی عَبدالله خوای پەروەردگار ئەو ئاژەڵە باشەی پێ بەخشیویت بۆ سەرناکەویت؟ جابر (خوای لێ ڕازی بێت) لە مەبەستی مالك تێگەیشت (واتە: زانی مەبەستی مالك ئەوەیە: هۆکاری سەرنەکەوتنی ئاژەڵەکەی چییە؟ وە خێرو پاداشتی بە پێ ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی عیبادەت بۆ موسڵمانان ڕوون ببێتەوە)، جابر (خوای لێ ڕازی بێت) ووتی: ئاژەڵەکەم چاك و ئامادە دەکەم، بێ پێویست دەبم لە قەومەکەم، چونکە گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: هەر موسڵمانێك پێیەکانی لە پێناو خوای پەروەردگاردا تۆزاوی بێت (جیهاد بکات)، ئەوە خوای پەروەردگار لاشەی ئەو موسڵمانە لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزێت، کاتێك موسڵمانان ئەمەیان بیست لە ئاژەڵەکانیان دابەزیتن و بە پێ ڕۆیشتن، أبو المصبح (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: هیچ ڕۆژێك نەمبینیوە موسڵمانان ئەوەندە بە زۆری بە پێ برۆن[٨٥].

٩. بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسەی کە غەیبەتی موسڵمانێك دەکات، دیفاع کردن لێی، هیچ شتێکی خراپ نەدەیتە پاڵی لە ناموسی یان هەر شتێکی تری:

هاوەڵی بەڕێز أبوالدّرداء (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ كَانَ لَهُ حِجَابًا مِنَ النَّارِ)) وفي رواية: ((مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ رَدَّ اللَّه عَنْ وَجْهه النَّار يَوْمَ الْقِيَامَة))[٨٦]. واتە: هەر موسڵمانێك بەرپەرچی کەسێك بداتەوە کە غەیبەتی یان باسی ناموس و کەم و کوڕی موسڵمانێك دەکات، ئەوە ئەو دیفاع کردنەی لەو موسڵمانە دەبێتە بەربەستێك (پەردەیەك) بۆی لە ئاگری دۆزەخ، وە لە فەرموودەکەی تردا دەفەرمووێت: هەر موسڵمانێك بەرپەرچی کەسێك بداتەوە کە غەیبەتی یان باسی ناموس و کەم و کوڕی موسڵمانێك

---

[٨٥] رواه إبن حبان (٤٦٠٤)، وأبو يعلى، وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: صحيح لغيره (١٢٧٣).

[٨٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٦٩/١٩)، والترمذي (١٩٣١)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٢٦٣).

دەکات، ئەوە خوای پەروەردگار ئاگری دۆزەخ لە ڕووی ئەو موسڵمانە دوور دەخاتەوە لە دواڕۆژدا. وە هاوەڵی بەڕێز سَهلِ کوڕی مُعاذِ کوڕی أنسي الجهني لە باوکییەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَنْ حَمَى مُؤْمِنًا مِنْ مُنَافِقٍ يَغْتَابُهُ بَعَثَ اللَّهُ مَلَكًا يَحْمِي لَحْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، وَمَنْ قَفَّا مُسْلِمًا بِشَيْءٍ يُرِيدُ شَيْنَهُ بِهِ حَبَسَهُ اللَّهُ عَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ)) [87]. واتە: هەر موسڵمانێك بەرگری لە موسڵمانێك بکات و نەهێڵێت دووڕوویەك غەیبەتی بکات و باسی بکات بە خراپە، ئەوە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت کە لاشەی ئەو موسڵمانە دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ (چونکە لە دونیادا پارێزگاری لە ناموس و کەسایەتی موسڵمانان کردووە)، وەهەر موسڵمانێك شتێك لە عەیبە و کەم و کوڕی بداتە پاڵ موسڵمانێك و مەبەستی پێی ناشرین کردنی بێت، ئەوە خوای پەروەردگار لەسەر پردی (صِراط) ڕایدەگرێت تا پاك دەبێتەوە لەو تاوانە، ئەویش یان بەڕازی کردنی ئەو کەسەی کە خراپەو عەیبەی داوەت پاڵ، یان بە هۆی شەفاعەت، یان دەبێت بە ئەندازەی تاوانەکەی سزای دۆزەخ بکێشێت.

أسماءِ کچی یَزید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ ذَبَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ بِالْمَغِيبِ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يَعْتِقَهُ مِنَ النَّارِ)) [88]. واتە: هەر موسڵمانێك

---

[87] أخرجه الأمام أحمد (٣/٤٤١، رقم ١٥٦٨٧)، وإبن المبارك (١/٢٣٩، رقم ٦٨٦)، وأبو داود (٤/٢٧٠، رقم ٤٨٨٣)، وإبن أبى الدنيا (ص ١٥١ ، رقم ٢٤٨)، والطبرانى (٢٠/١٩٤، رقم ٤٣٣)، وأخرجه أيضًا: البخارى فى "التاريخ الكبير" (١/٣٧٧)، وحسنه الألباني في "صحيح أبي داود" (٤٠٨٦).

[88] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٦٢)، أخرجه إبن المبارك (١/٢٣٩، رقم ٦٨٧)، قال الهيثمى (٨/٩٥): إسناده حسن، والطبرانى (٢٤/١٧٥، رقم ٤٤٢)، والبيهقى فى "شعب الإيمان" (٦/١١٢، رقم ٧٦٤٢)، وأخرجه أيضًا: الطيالسى (ص ٢٢٧ رقم ١٦٣٢) وعبد بن حميد (ص ٤٥٦ رقم ١٥٧٩)، وأبو نعيم فى "الحلية" (٦/٦٧)، والرافعى (١/٢٦١)، والديلمى (٣/٥٣٤ رقم ٥٦٦٧)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٢٤٠).

بەرگری لە ناموس و لاشەی موسڵمانێك بكات لە پاشملە، ئەوە بێگومان خوای پەروەردگار پێویستی كردووە لەسەر خۆی كە ڕزگاری بكات لە ئاگری دۆزەخ.

هەر كەسێك ڕابگیرێت و ڕۆیشتنی هێواش و خاو بێت لەسەر پردی (صِراط) ئەوە گرووگ تینی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و دەیسووتێنێت (خوا پەنامان بدات)، هەروەك أبو سُلَيمان الدّارانِي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتوویەتی: ئەگەر گوێت لە كەسێك بوو بە كەسێكی تری دەووت: لەسەر پردی (صِراط) دەتبینم تۆڵەت لێدەستێنمەوە، ئەگەر وای ووت: ئەوە بزانە ئەو كەسە نە پردی (صِراط) دەناسێت و نەدەزانێت چەندێ ناخۆشی و ناڕەحەتی لەسەرە، چونكە ئەگەر ئەو كەسە بیزانیایە سەر پردی (صِراط) چەندێ ناڕەحەتە ئەوە هەرگیز حەزی نەدەكرد نە هیچ كەس ببینێت و ڕایبگرێت، وە نە ئەمیش هیچ كەس ببینێت و ڕایبگرێت و دوای بخات[٨٩].

١٠. خێركردن و ووتنی ووتەی جوان و باش:

هاوەڵی بەڕێز عَدي كوڕی حاتَم (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إجْعَلُوا بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ النَّارِ حِجَابًا وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ))، وفي روايةٍ: ((مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَتِرَ مِنَ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَلْيَفْعَلْ))[٩٠]. واتە: ئەی موسڵمانان لە نێوان خۆتان و ئاگری دۆزەخدا بەربەست و پەردەیەك دابنێن ئەگەر بەبەخشینی لەتە خورمایەكیش بێت (بەكەمی مەزانن).

وە لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: ئەی موسڵمانان هەر یەكێك لە ئێوە دەتوانێت بەربەستێك بۆ خۆی دروست بكات و خۆی پێ بپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ ئەگەر بەبەخشینی لەتە خورمایەكیش بێت، ئەوە با بیكات، كەمتەرخەم نەبێت و ئەو كارە بەكەم نەزانێت.

وە لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئاگری دۆزەخی كردوو پەنای

---

[٨٩] **بڕوانە**: التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار لابن رجب الحنبلي، تحقيق إياد القيسي (صفحة ٢٣٢).

[٩٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥٦/٩)، والبخاري (٦٥٦٣)، ومسلم (١٠١٦)، والترمذي (٢٤١٥)، والنسائي (٢٥٥٢)، وابن ماجه (١٨٥)، والدارمي (١٦٥٧).

گرت بە خوای پەروەردگار لێی، پاشان باسی ئاگری دۆزەخی کردوو پەنای گرت بە خوای پەروەردگار لێی ، ئیمامی شُعبَة دەفەرموویێت: بە دڵنیاییەوە پێغەمبەر (ﷺ) دوو جار وای کرد، پاشان فەرمووی: ((اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ)) [٩١]. واتە: ئەی موسڵمانان خۆتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ ئەگەر بەبەخشینی لەتە خورمایەکیش بێت، ئەگەر ئەو لەتە خورمایەتان نەبوو بیبەخشن (هەژار بوون نەتانتوانی ماڵ ببەخشن)، ئەوە خۆتان بپارێزن لێی ئەگەر بە ووتنی ووتەی جوان و باش و خێریش بێت.

١١. ڕۆژوو گرتن:

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَحِصْنٌ حَصِينٌ مِنَ النّار)) [٩٢]. واتە: ڕۆژوو گرتن قەڵغانە، وە قەڵایەکی پتەوی پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ.

وە هاوەڵی بەڕێز عثمانِ کوڕی أبو العاص (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الصِّيَامُ جُنَّةٌ مِنَ النّارِكَجُنَّةِ أَحَدِكُمْ مِنَ القِتالِ)) [٩٣]. واتە: ڕۆژوو گرتن قەڵغان و پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ، بە وێنەی ئەو قەڵغانەی کە خۆتانی پێدەپارێزن لە جەنگدا.

ئەو قەڵغان و پارێزگارییە بەهێزترو زیاتر دەبێت ئەگەر ئەو ڕۆژوو گرتنە لە کاتی جیهاد کردندا

---

[٩١] رواه الإمام البخاري واللفظ له (٦٠٢٣)، ومسلم (١٠١٦)، والنسائي (٢٥٥٢).

[٩٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٩/٢٠٨)، والبيهقي في شعب الإيمان (٣/٢٨٩، رقم ٣٥٧١)، وقال الهيثمي (٣/١٨٠): إسناده حسن، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (٣٨٨٠).

[٩٣] أخرجه أحمد (٤/٢١، رقم ١٦٣١٧)، والنسائي (٤/١٦٧، رقم٢٢٣٠)، وابن ماجه (١/٥٢٥، رقم ١٦٣٩)، والطبراني (٩/٥١، رقم٨٣٦٠)، والبيهقي في "شعب الإيمان" (٣/٢٩٠، رقم ٣٥٧٣)، وابن حبان (٨/٤٠٩، رقم ٣٦٤٩). وأخرجه أيضًا: إبن أبي عاصم في "الآحاد والمثاني" (٣/١٩٥، رقم ١٥٤٢)، والروياني (٢/٤٩٢ رقم ١٥٢٢)، والبزار(٦/٣٠٩، رقم ٢٣٢١)، وأبو نعيم في "الحلية" (٦/٢٦٥)، وصححه العلاّمة الألباني في "صحيح الجامع" حديث رقم: (٣٨٧٩).

بێت، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أبو أمامَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ صَامَ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ جَعَلَ اللَّهُ بَيْنَهُ، وَبَيْنَ النَّارِ خَنْدَقًا كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ)) [٩٤]. واتە: هەر موسڵمانێك تەنها یەك ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگاردا بە ڕۆژوو بێت، ئەوە خوای پەروەردگار لە نێوان ئەو موسڵمانە و ئاگری دۆزەخدا چاڵێك (خَنْدَق) دادەنێت بە ئەندازەی دووری نێوان ئاسمان و زەوی (ئەو موسڵمانە ئەوەندە دوور دەبێت لە ئاگری دۆزەخ).

١٢. گریان لە ترسی خوای پەروەردگارو پاسەوانی کردن لە سنووری، چاو گرتن لە حەرامەکان (نەزەر نەکردن):

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لَا يَلِجُ النَّارَ رَجُلٌ بَكَى مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ تَعَالَى حَتَّى يَعُودَ اللَّبَنُ فِي الضَّرْعِ، وَلَا يَجْتَمِعُ غُبَارٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدُخَانُ نَارِ جَهَنَّمَ فِي مَنْخِرَيْ مُسْلِمٍ أَبَداً)) [٩٥]. واتە: موسڵمانێك ناچێتە ئاگری دۆزەخەوە کە لەبەر خوای پەروەردگار گریا بێت، هەتا شیر نەگەڕێتەوە ناو گوانی ئاژەڵ (کە ئەمەش شتێکی مەحاڵە)، وە هەرگیز تەپوتۆزی گۆڕەپانی جیهادو دوکەڵی ئاگری دۆزەخ لە لووتی موسڵماندا کۆ نابێتەوە، واتە: هەرگیز ئەو موسڵمانەی کە بەڕاستی دەجەنگێت و خوای پەروەردگار لێی وەردەگرێت ناچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

---

[٩٤] رواه الترمذي (١٦٢٤)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٣٣٣).

[٩٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/١٤)، والترمذى (١٧١/٤، رقم ١٦٣٣)، والنسائي (١٢/٦، رقم ٣١٠٨)، وهناد (٢٦٨/١ ، رقم ٤٦٥)، وقال: حسن صحيح، والحاكم (٢٨٨/٤، رقم ٧٦٦٧) وقال: صحيح الإسناد. والبيهقى فى "شعب الإيمان" (٤٩٠/١، رقم ٨٠٠) وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٧٧٧٨).

وە هاوەڵی بەڕێز أَنَسِ کوڕی مالك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((عَيْنَانِ لا تَمَسُّهُمَا النَّارُ أَبَدًا: عَيْنٌ بَاتَتْ تَكْلأُ الْمُسْلِمِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَعَيْنٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ)) [٩٦]. واتە: دوو چاو هەن هەرگیز ئاگری دۆزەخ نایان گرێت و نایان سووتێنێت، چاوێك لە پێناو خوای پەروەردگاردا شەونخونی کردبێت و پارێزگاری لە موسڵمانان کردبێت، وە چاوێك لە ترسی خوای پەروەردگار گریا بێت.

هاوەڵی بەڕێز معاوية کوڕی حيدة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ثَلاثَةٌ لاَ تَرَى أَعْيُنُهُم النّارَ عَينٌ حَرَسَتْ فِي سَبيلِ اللهِ، وَعَينٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ، وَعَينٌ كَفَتْ عَنْ مَحارِمِ اللهِ)) [٩٧]. واتە: سێ کۆمەڵ هەن لە موسڵمانان چاوەکانیان ئاگری دۆزەخ نایان سووتێنێت: چاوێك لە ترسی خوای پەروەردگار گریا بێت، وە چاوێك لە پێناو خوای پەروەردگار پارێزگاری لە موسڵمانان کردبێت، وە چاوێك خاوەنەکەی پاراستووبێتی لە تێڕوانین و سەیرکردنی ئەو کارو شتانەی کە خوای پەروەردگار حەرامی کردووە لێی (نەزەر نەکردن).

پاراستنی چاو (واتە: نەزەر نەکردن) یەکێکە لەو عیبادەتانەی کە زۆربەی موسڵمانان بێئاگان لێی و کەمتەرخەمن تیایدا بە تایبەتی لەم کات و سەردەمەدا، لە کاتێکدا ئافرەتانی لە خوا نەترسی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی زۆر بێشەرم و بێ حەیایانە خۆیان ڕووت کردۆتەوەو پۆشاکی شەرعی و پۆشتەیی و حەیاو حورمەتیان فڕێ داوەو پۆشاکی نادروست و ئابڕو چونانەیان پۆشیوە، ڕووتی و خۆ دەرخستن بە شێوەیەکی وا کە بە هیچ شێوەیەك لە سەردەمانی پێشوودا بوونی نەبووە، بەڵێ ئافرەتان بە هۆی خۆ نەپۆشینیان بە جل و بەرگی

---

[٩٦] رواه الترمذي (١٦٣٩)، وأبو يعلى (٣٠٧/٧، رقم٤٣٤٦)، والطبراني (١٤٠/٧، رقم ٢٣٧٠)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن صحيح (١٢٣٠).

[٩٧] رواه الطبراني، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن لغيره (١٩٠٠).

شەرعی جوانی خۆیان دەرخستووە، وە بوونەتە مایەی فیتنە بۆ پیاوان و زۆریان لە خشتە بردوون، بە تایبەتی لە دوای کرانەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا بە دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانیەکان (سەتەلایت و تەلەفزیۆن) و (تۆڕی ئینتەرنێت)، خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان بپارێزێت لە شەڕو خراپەو تاوانی ئەو ئامێرانە.

موسڵمانی خۆشەویست بەڕاستی (سەتەلایت و تەلەفزیۆن) و (تۆڕی ئینتەرنێت) پەنجەرەیەکی شەڕو خراپەکارین، پەنجەرەی ئەمڕۆو دەرگای خراپەکاری سبەی، ئەمڕۆ دڵۆپەو تکەتکەی فەسادەو سبەی ڕووباری خراپەو تاوانکاری و ماڵ وێرانی لێدەبارێت، بەڵێ ئەو ئامێرانە سەرەتاو دەستپێکەری تاوان و خراپەکاری و داڕووخانی ئیمان و ڕەوشتە، هەرچەندە خەڵکی شەڕو خراپەی بەکەم بزانن و بە سووك سەیری بکەن. بەڵێ لەبەر خوو گرتنێکی زۆرو حەز پێ بوونێکی زیاد پێیانەوە هەست کردنمان بە خراپەو تاوانیان ترسناکیانمان لە دەست داوە، بۆیە بوون و دەست پێوە گرتنیان زۆر بووەو هەست کردن بە خراپەیان کەم بووە.

موسڵمانی خۆشەویست کاتێك بیر لە حاڵی ئەمڕۆی موسڵمانان دەکەیتەوە دەبینیت چاومان کراوەتەوەو هەستمان بە ئاگا هاتووە لە زۆر کاردا، بەڵام گوێ و چاوو دڵەکانمان ڕاگرتووەو نایخەینە گەڕ بەرامبەر بەو هەموو تاوان و خراپەکارییەی لەو ئامێرانەوە پیشان دەدرێت، جا فەرموودەی خوای پەروەردگارمان لەبیر چوو بێت یان بە دەستی ئەنقەست لەبیرمان کردبێت کە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ (الإسراء:٣٦) واتە: بەڕاستی گوێ و چاوو دڵ هەموویان بەرپرسیارن لە گوێ گرتن و تێڕوانین و ئارەزوو کردنی تاوان.

ئایا هیچ داناییەکی تێدا هەیە تا ئێمەی موسڵمان بەو سادەو ساکاری و گوێ نەدانە بە سەرئەنجامی خراپی ئەو ئامێرانە ئاوها بە سووکی و ئاسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟ چونکە ئەوەندە خراپەو تاوان و فەسادی تێدایە ناتوانرێت باسی خێرو چاکەی بکرێت.

موسڵمانی خۆشەویستی نوێژخوێن ئامێرە پڕ لە تـاوان و خراپەکارییـەکانی وەکـو: (سـەتەلایت و تەلەفزیۆن) و (تۆڕی ئینتەرنێت) پلەی یەکەمی داگیر کردووە لە نێوان هۆکارەکـانی ڕاگەیاندنـدا، کە ئەویش لە هەموویان ترسناکترو بە هێزترە بۆ دەسـت گـرتن بەسـەر مرۆڤەکانـدا، زاڵ بـوون و دەست گرتن بەسەر گرنگترین ئەندامی هەستیاری مرۆڤـ (ئەندامی هەستیاری چاوو دڵەکان).

ڕۆڵی گرنگی باوکان، قوتابخانەکان، بەها بەرزەکان، پوچەڵ کراوەتەوەو هەڵوەشاوەتەوە، ئەمرۆ کەناڵــەکان ڕۆڵــی پــەروەردەو فێرکــردن دەبیــنن (فێرکــردن و نیشــاندانی کــارە خــراپ و بەدڕەوشتەکان).

موسڵمانان خوای پەروەردگار دروستی کردووین بۆ عیبادەت و گوێڕایەڵی کردنی خـۆی، نـەك بـۆ گاڵتەو گەپ و تـاوان و سەرپێچـی، هـەروەك دەفـەرموویت: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ ﴾ (المؤمنون: ١١٥). واتـە: ئایـا وا گومـان دەبـەن و وای لێـك دەدەنـەوە کـە ئێمە ئێوەمان بـۆ گاڵتـەو گـەپ و بێمەبەسـت دروسـت کـردووە، وە ئێـوە وا گومـان دەبـەن کـە ناگەڕێنەوە لای ئێمە لە دواڕۆژدا (بێگومان هـەمووتان دەگەڕێنـەوە لامـان و لێپرسـینەوەتان لـە گەڵـدا دەکـەین، لەسـەر کـارە خراپــەکانتان، گـوێ نـەدانت بـە فـەرمانی خـوای پـەروەردگار و پێغەمبــەرە (ﷺ) خۆشەویســتەکەی). پێویســتە ژیانمــان بــە هــەموو ماناکانیــەوە بــۆ خــوای پەروەردگار بێت هیچ کاتێك دانەبڕێت لە پەرستنی خـوای پـەروەردگاری تـاك و تـەنها، ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ (الأنعام: ١٦٢- ١٦٣). واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە موشریکین و هاوەڵ پەیداکەران بڵێ: من نوێژ کردنم (فـەرزەکانم و سـوننەتەکانم) سـەربڕینم و هـەموو ژیـانم "ئـەوەی لـەم دونیایـەدا ئـەنجامی ئەدەم و ئەوەی کە بەسەرم دێت "مردنم" واتە: هەموو ئـەو کـارە چاکانەی کـە لەسـەری ئـەمرم تەنها بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانـە، ئـەو خوایـەی کـە هـیچ هـاوەڵێکی نییـە، بـەو شـێوەیە

فەرمانم پێ کراوە کە هەموو پەرستنەکان تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەم، وە من یەکەم کەسم لەم ئوممەتە کە مل کەچم بۆفەرمانەکانی خوای گەورە.

بۆیە هەر کارێك و ڕەوشتێك پێچەوانەی ئەم بنەمایەو بەندایەتی کردنە بێت بۆ خوای پەروەردگار ئەوە لە شەرعی پیرۆزدا حەرامەو ڕێگەی پێنەدراوە، بەڵام ئەوەی ئەو بنەماو حیکمەتەی لە دڵ و دەروون و بۆچوونی ئێمەدا لاواز کردووە: بینینی بانگەشەی ڕوون و ئاشکراو بێ پەردەیە بۆ خراپ بوونی بیروباوەڕو ڕەوشتی بەرز و تێکچونی شیرازەی کۆمەڵگا ...

با پێکەوە بیرێك لەو هەموو تاوان و خراپەو خراپەکاریانە بکەینەوە کە ئەو ئامێرانە لە خۆی گرتوون، کە هیچ کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات مەگەر کەسانی لە خۆبایی.

ئیمانداران، قورئان خوێنان، باوکان، برایان، مێردەکان، خاوەن حەیاکان، کەسانی ناموس پارێز، گەنجان، باش بزانن و ئاگاداربن کە خوای پەروەردگار بە گوێماندا دەدات و دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلۡمُؤۡمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِمۡ وَيَحۡفَظُواْ فُرُوجَهُمۡۚ ذَٰلِكَ أَزۡكَىٰ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ أَوۡ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآئِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوۡ نِسَآئِهِنَّ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾﴾ (النّور: ٣٠- ٣١). واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: با چاوو داوێنیان بپارێزن (چاو لە نەزەرو داوێن لە زینا)، چونکە چاو گرتن و داوێن گرتن و پاراستنیان زۆر پاکترو باشترە بۆیان، بەڕاستی خوای پەروەردگار زۆر شارەزایە بە خودو ناوەڕۆکی ئەو کارانەی کە دەیکەن، وە هەروەها بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: با چاوو داوێنیان بپارێزن (لە نەزەرو زینا)، ﴿وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَا﴾ وە با جوانی

خۆیان دەرنەخەن بۆ پیاوانی بێگانەو نامەحرەم جگە لەوەی کە بەدەرەوەیە و دیارە لە جوانی (دەم وچاوو دەستیان)، ﴿وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ وە با سەرپۆشەکانیان بەربدەنەوە بەسەر سینگ بەرۆکیاندا، ﴿وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ وە با جوانی خۆیان دەرنەخەن زیاد لەوەی کە دەردەکەوێت، ﴿إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ﴾ مەگەر بۆ مێردیان یان باوکیان، ﴿أَوۡ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یان باوکی مێردەکانیان، ﴿أَوۡ أَبۡنَآئِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یان کورەکانیان یان کوڕی مێردەکانیان (لە ژنی تریان)، ﴿أَوۡ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ أَخَوَٰتِهِنَّ﴾ یان براکانیان یان کوڕی براکانیان (برازایان) یان کوڕی خوشکەکانیان (خوشکەزایان)، ﴿أَوۡ نِسَآئِهِنَّ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُنَّ﴾ یان ئافرەتانی (ئیماندار) یان کەنیزەکانیان، ﴿أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ﴾ یان ئەو شوێن کەوتەو پیاوانەی کە بی نیازن لە ئافرەتان (وەك خزمەتکارو پیاوانی پیرو پەککەوتەو نەخۆش کە ئارەزووی ژن و مێردایەتیان نییە)، ﴿أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ﴾ یان ئەو منداڵە کوڕانەی کە ئاگایان لە لەشی (عەورەت) ئافرەتان نییە (منداڵن و باڵغ نەبوونە)، ﴿وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ﴾ وە بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: با لە کاتی ڕۆیشتنیاندا قاچیان نەدەن بە زەویدا (تا دەنگی خڕخاڵ و پاوەنەکانیان بێت) و بزانرێت بەو جوانییەی (پێیان) کە شاردویانەتەوە، ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ هەمووتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ئەی ئیمانداران تا ڕزگارو سەرکەوتوو بن.

زیـــانەکـانی سەتەلایت و تەلەفـزیۆن و تۆڕی ئینتــەرنێت

موسڵمانی خۆشەویست کوا گوێڕایەڵیمان بۆ ئەم ئایەتانە لە مامەڵە کردنمان لە گەڵ (سـەتەلایت و تەلەفزیۆن و تۆڕی ئینتەرنێت)، ئایا چاوەکان شەونخوونی ناکەن و بەردەوام نـین لـە تێـڕوانین بۆ دیمەن و کارە حەرام و سەنج ڕاکێشەکان؟ بۆ ئافرەتانی پیاوان لە خشـتەبەر؟ لاشـەو جـوانی خۆیان بەوپەڕی بێباوەڕی و لە خوانەترسی و بێشەرمییەوە دەرخستووە.

برایانی موسـڵمان بـا ڕوون و ئاشـکرابین لەگـەڵ یـەکتردا، ئایـا ئـەوەی لـە شاشـەکانەوە پیشـان دەدرێت تەنها ئارەزووی گەنجان ناجولێنێت؟ بەڵێ بەڵکو فیتنەو ئاشوبن و ئـارەزووی گـەنجان و پیران دەجولێنێت، هەر یەك لە ئێمەی مرۆڤـ دان بـەوەدا دەنێـت کـە خـوای پـەروەردگار حـەزو ویست و ئارەزووی پێبەخشیوەو حەزوو ئارەزوومان هەیە.

بەڵـــــێ بـەڵای گـەورەو کـاری بێشـەرم و بێحـەیایی لـە نـاو موسـڵماناندا بـە شـێوەیەکی زۆر بەربڵاوە، لە کاتێکدا دەبینیـت ئافرتـان (لـە کچـان و خوشـکان و ژنـان) پێکـەوە لەگـەڵ پیـاوان لەبەردەم شاشەی (سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکان) دادەنیشن، یەك لە دوای یـەك دیمـەنی پیـاوان و گەنجان پیشان دەدرێت لەو پەڕی گەنجانیەتی و جوانێتیاندا، پیـاوی وا هەیـە یـەك جـار غـیرەت دەیگرێت و تورە دەبێـت کاتێـك پیـاوێکی بێگانـە دەبینێـت سـەیری خێزانـی دەکـات و نـەزەری لێـدەکات، بـەڵام سـەد جـار غـیرەت دەیگرێـت تـورە دەبێت کاتێـك دەبینێـت خێزانـی (کچـی، خوشکی) سەیری پیاوێکی بێگانە دەکات و نەزەری لێدەکات، ئەگـەر ڕوو بـەڕوو بێـت ! !، بـەڵام ئەو ڕۆژە پیاوان با هەست بە بێغیرەتی و بێدەسەڵاتی پیاوەتی خۆیـان بکـەن، کاتێـك دەبیـنن ئافرەتانیان بە دیار شاشەی (سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکان)ـەوە دادەنیشن و دەڕواننـە (المصارعة

الحرة) یان (فلان گۆرانی بێژی پیاوی عەرەبی یان بیانی) یان (زنجیره فیلمەکان) یان (دیمەنی ڕەقص و خۆبادان و تێکەڵاوی پیاوان و ئافرەتان) یان (فیلمە بەدڕەوشتەکان کە ڕاستەوخۆو بێ هیچ پێچ و پەناو پەردەیەك فاحیشەی زیناو نێربازی) پیشان دەدرێت، دەبینرێت ئافرەتان بەدیار ئەم بێ ڕەوشتییەوە دادەنیشن بێ ئەوەی دەسەڵاتدارانیان (باوكان، مێردەكان، براكانیان) ڕێگریان لێبكەن، هۆكار چییەو بۆچی؟

وەڵام: هەموویان بەشدارن لەو تاوانەدا، تۆ بێ دەنگبەو واز لە من بێنە، منیش واز لە تۆ دێنم، كاتێك ئافرەتان بێشەرم و بێترس ئەوكارە دەكەن بێگومان باوك و مێردو براكانیشیان ئەو كارە دەكەن بۆیە غیرەتیان ناجولێت تا ڕێگریان لێبكەن.

إذا كان رب البيت للدف ضارباً ... فشيمة أهل البيت كلّهم الرقص

واتە: ئەگەر خاوەن ماڵ و گەورەكەیان تەپڵ و دەف لێبدات، ئەوە سیفەت و پیشەی دانیشتوانی ئەو ماڵە ڕەقص و خۆ بادان دەبێت!!!.

ئەگەر گەورەو دەسەڵاتداری ئافرەتان خۆیان ئەو كارە بكەن ئەوە هەرگیز غیرەتیان ناجولێت و ناتوانن ڕێگری لە ئافرەتەكانیان بكەن!!.

ئەمە یەكێكە لە زیانەكانی ئەو ئامێرانە، لەوەش خراپتر ئەوەیە فەسادو بەدڕەوشتی پێزیاتر دەبێت لە ڕێی خستنە ڕووی چەندین فیلم كە هەموویان باس لە دڵداری و خۆشەویستی دەكات، كە لە زانكۆو خوێندنگاو شوێنە گشتییەكان ڕوودەدات، بێ ئەوەی كەس و كاری ئافرەتان ئاگایان لێبێت، پاشان كۆتاییەكەی ژن و مێردێكی بەختەوەر (بە گومانی پڕوپوچی خۆیان)، ئەم فیلم و كارە بەدڕەوشتییانە دەخرێتە ڕووی كۆمەڵگای موسڵمانان، ئەو گۆمەڵگایەی كە پێویستە كچانی فێر بكات كە سەیركردنی پیاوان بۆیان و كۆبونەوە لەگەڵیان بە تەنها حەرامەو نادروستە!!!.

بەڵێ لەوەش خراپتر ئەوەیە شاشەی تەلەفزیۆنەكان دیمەنی سەرجێی ژن و مێرد پیشان دەدات

لە هۆدەی نوستن و حەوانەی خۆیان، ئاخۆ دەبێ بۆچوونی منداڵیان چۆن بێت لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە؟ لە کاتێکدا ئیسلام فێریان دەکات سێ جار ئیزن وەرگرن تا ڕێگەیان بدرێت، بێنە ژوورەوە یان نا، دەبێ چی ڕێزو چی مامەڵەیەك بێت لەگەڵ کارە بە نرخ و بەهاکانی ئیسلامی پیرۆزدا؟

بەڕاستی کارەساتە، لەو کارەساتەش گەورەترو تاڵترو ترسناکتر ئەوەیە: داڕووخانی موسڵمانانە لە دین و ڕەوشت و عیبادەت و مێژووی پڕشنگداری پڕ لە ماندووبوون و شەونخونی و جیهاد کردنە بە هۆی تێڕوانین و خووگرتن بەو ئامێرە لەناوبەرانەوە.

بەڵێ داڕووخانی سەربەرزیی شوێنکەوتوانی ئوممەتی ئیسلام بەرامبەر غەرب و بێباوەڕان، بەوەرگرتنی ڕێڕەوی ژیان و هەڵس و کەوتیان و نەهێشتنی پەردەی نێوەندی ڕق لێبونیان و دوور کەوتنەوە لێیان (البَراءُ مِنهُم)، سەیر کردنیان و بینیی هەڵس و کەوتیان بەبەردەوامی وای لە هەندێ موسڵمان کردووە شوێنی داب و نەریب و بۆچوونیان بکەوێت لە کاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١﴾(المائدة: ٥١). واتە: ئەی ئیمانداران گاورو جولەکە مەکەنە هاوەڵ و خۆشەویستی خۆتان، ئەوان هەندێکیان هاوەڵ و خۆشەویستی یەکترن، هەر یەکێك لە ئێوەی موسڵمان خۆشەویستی هەبێت بۆیان و پشتگیریان لێبکات، ئەوە بێگومان لەوانە (بێباوەڕە وەکو ئەوان)، بەڕاستی خوای پەروەردگار هیدایەت و ڕێنمونی کەسانی زاڵم و ستەمکار ناکات. خوای پەروەردگار وا دەفەرموێت: ئەی کوا وەڵامی تۆی موسڵمانی نوێژخوێن و قورئان خوێن و شوێنکەوتووی پێغەمبەر (ﷺ)؟ بە گومانی خۆت موسڵمانێکی باشی بەڵام مەرج نییە لای خوای پەروەردگار وا بیت.

شوێنەواری شوێن کەوتنی خراپی گاورو جولەکە بە هەندێك لە کوڕان و کچانی موسڵمانانەوە دیارە لە جل و بەرگ و سەر چاکردن و بگرە لە ووتوو وێژیشیاندا.



لەوەش ترسناکتر ئەوەیە منداڵ و جگەر گۆشەکانمان بدەینە دەست شاشەی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکان تا ژیانیان وێران بکەن و شەڕو خراپەکاری لە ناخیاندا بڕوێنن، گومان دروست کردن لە بیروباوەڕیان بەرامبەر خوای پەروەردگار، ڕاهێنانیان لەسەر ئەنجامدانی چەندین کاری کوشتن و سەربڕین و تەقاندنەوەو شەڕ کردن، ژیان لە نێوان خەیاڵ و گوماندا، ترساندنیان بە بینینی ئەو کارە دڕندانەیەی کە پیشان دەدرێت.

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەمان لە بیر نەچێت کاتێك بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەکرێتەوە سەرەتاو دەستپێکی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزو چەند ئامۆژگارییەك دەبێت کە زۆربەی خەڵکی بێتاقەت دەبن بە بیستن و بینینیی (لەبەر ئەوەی حاڵی موسڵمانی ئیمان لاوازی ئەمرۆ وایە کە بە بینین و بیستنی قورئان و فەرموودەو ووتارو ئامۆژگار بێتاقەت دەبن)، **نابێت ئەمانە چاومان کوێر بکات بەرامبەر ئەو هەموو خراپەیەی کە لە دواییدا پیشان دەدرێت.**

موسڵمانی خۆشەویست ئەمە زیان و خراپەی تەلەفزیۆنە، لە کاتێکدا چاو دەکەیتەوە دەبینیت هەموو سەربان و بان شوقەو بینایەك صەحنی سەتەلایتی بەسەرەوە دەبینرێت (مەگەر کەسانێك خوای پەروەردگار ڕەحمی پێکردبێتن)، بەڵێ بوونی ئەو سەتەلایت و ئامێرانە خاوەنەکەی ڕووبەڕووی چەندین تاوان و خراپەکاری دەکاتەوە، گومان دروست بوون لە بیروباوەڕی ئیسلام، دروست بوونی چەندین بیروباوەڕی بەتاڵ و پوچەڵ، وەرگرتنی بیروباوەڕی پڕو پووچ و باتڵی گاورو جولەکەو دارو بەردوو بت پەرستان.

لە هۆڵندا گۆنگرەیەکی جیهانی بەسترا کە زیاتر لە هەشت سەد هەزار پیاوی بانگ خوازی گاوری تێدا بەشدار بوو، مەبەستیش لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە ئەوەبوو: چۆن بتوانن لە ڕێی بڵاو کردنەوەی ڕاستەوخۆ (لە ڕێی سەتەلایتەوە) خەڵکی بکەن بە گاور.

بەڵێ داڕووخانی ڕەوشت و ئەخلاق لە ڕێی بڵاوکردنەوەی چەندین فیلم و بەرنامەوە کە هەموویان بانگەشەکردنە بۆ نەهێشتن و لە دەست دانی ڕەوشتی بەرزی ئیسلام، چی فیلمێکی بیانی و

عەرەبی هەیە دوور بێت لە دیمەنی وورووژاندنی لایەنی شەهوەت، خواردنەوەی مەی، بەکارهێنانی مادده سەرخۆشکەرەکان، ڕەقص و خۆ بادان، تێکەڵاوی پیاوان و ئافرەتان، دڵداری، گۆرانی و مۆسیقا، ......هتد؟.

وە زیانێك و ترسناکییەکی تر لە بوونی ئەو ئامێرانە ئەوەیە: ترسناکی لەسەر باری ئەمنی و هێمنی کۆمەڵگا دەبێت، پیشاندانی ئەو هەموو فیلمە توندوتیژیی و شەڕوشۆڵە هاندەرێکە بۆ ئەوەی کەسانێکی خراپەکار تووشی کوشتن و بڕین ڕفاندن و ترساندن ببن، هەروەك یەکێك لە دکتۆرە نەفسانییە غەربییەکان دەڵێت: ئەگەر بەندیخانە (السِّجْن) کۆکەرەوەی خراپەکاران و تاوانباران بێت، ئەوە تەلەفزیۆن و سەتەلایت سەرەتایەکە بۆ ڕوودانی ئەو هەموو خراپەو تاوانکارییە و بوونی خراپەکاران و تاوانباران.

موسڵمانی خۆشەویست، کاتێك باسی ئەم بابەتە دەکەین پێویستە چەند حەقیقەت و ڕاستییەك بخەینە پێش چاو، وە ئاگاداریشی بین:

یەکەم: ئامێرەکانی (سەتەلایت و تەلەفزیۆن) چەکێکی دووڕوون، واتە: بۆ لایەنی باشەو بۆ لایەنی خراپەش بەکاردێت، بەڵام ئەو کەسانەی هەیانەو بەکاریان دێنن زیاتر بۆ لایەنی خراپەو تاوان بەکاری دێنن، کە ئەویش لایەنە ژەهراوییەکەیەتی.

دووەم: ئەم ئامێرانە لایەنی باشەو خراپەی تێدایە، بەڵام خراپەو تاوان و زیانی زۆر زۆرترە لە سودو قازانجی، چۆن ئەگەر شیر تێکەڵ بە مەی بکرێت حەرام دەبێت، هەرچەندە شیرەکەش حەلاڵە ، ئەگەر ئەو ئامێرانەش بۆ حەرام بە کاربهێنرێن، ئەوە هەر حەرامە ئەگەر بشووترێت: چاکەی تێدایە، دڵۆپە چاکەیەك لە چاو دەریایەك خراپەو تاوان، مەگەر کەسانێك هەر لە بنەڕەتەوە تەنها بۆ زانستی شەرعی و چەند کارێکی باشەی تر بە کاری بهێنن، تەنانەت نابێت کەناڵێکی ئیسلامیشی تیابێت ئەگەر گۆرانی و مۆسیقاو بیدعەو هەندێ تاوانی تر بڵاو بکاتەوە، لەبەر ئەوەی چۆن دەووترێت: ئەو کەناڵانە دروست نییە چونکە خراپە بڵاو دەکەنەوە، ئەوە

دەبێ بشووترێت: گۆرانی و مۆسیقاو بیدعەو چەند کارێکی تـر حەرامـە و نابێـت بـڵاو بکرێتـەوە، چونکە ئەگەر کارێك حەرام بوو ئەوە ئەو کـارە حـەڵاڵ نابێت هەرچـەندە موسـڵمانیش ئـەنجامی بدات، حەرام بە کردەوەی موسڵمان حەڵاڵ نابێت، هەرچەندە ئەو موسڵمانەی ئـەو کـارە دەکـات بە لای خۆیەوە یان بە لای خەڵکییەوە کەسێکی باشـە، کەسـی بـاش هـەرگیز بـە خراپـەو تـاوان ناڵێت باش (باش لە باشـەوەیە، خراپـەش لـە کەسـی خـراپ دەوەشـێتەوە)، ئەگـەر ئـەو کەسـە بانگەشەی لە خوا ترسان و شوێن کەوتنی قورئان و سوننەتیش بکات!!!.

سێیەم: ئەو شاشە بچوکەی تەلەفزیۆن و سەتەلایت بۆتـە گـەورەترین چـەك بەدەسـت دوژمنـانی ئیسلامەوە تا بتوانن لە ڕێیانەوە بیروباوەڕو ڕەوشت و بەها پیرۆزو بەرزەکانی ئیسلامی پێ لەناو بەرن.

چوارەم: تەلەفزیۆن و سـەتەلایت دەسـەڵاتی پـەروەردەیی لـە دایکـان و باوکـان و مامۆسـتایان و بانگەوازکاران سەندووەو ئەو ئامێرانە پەروەردەیان دەکەن، دەبینیت ئەو هەموو مۆدیل و مۆدیل کاریانـەی لـەناو موسـڵماناندا هەیـە زۆربـەی هـەرە زۆری لـە ڕێـی ئـەو ئامێرانـەوە هاتۆتـە نـاو کۆمەڵگای موسڵمانی بێئاگاو شوێن کەوتووی گاورو جولەکەو بێباوەڕان، بۆیە پێویستە کەشـتی تەقواو خۆپارێزی بخەینە ڕێ پێش هەستان و هاتنی لافاوی تاوان و خراپەی لەناوبەر.

برای موسڵمان، خاوەن سەتەلایت، خاوەن تەلەفزیۆن، فرۆشیاری گـۆرانی وفیلمـە خراپـەکان، ئەی ئەو کەسەی کە دەڕوانیتە ئەو شاشـە بەدڕەوشـتییانە، بـاش بزانـە هـەر بـە سـەیرکردنێکت نوکتەیەکی ڕەش لەسەر دڵت دروست دەبێت و ڕەشایی تاوان یەك لە دوای یەك زیـاد دەکـات تـا زاڵ دەبێت بەسەر سپیایی دڵتدا، ئەو کاتە دڵت دەمرێت و تەنها لاشـەت زینـدوو دەبێـت، حـەزت بـە هـەموو خراپەیـەك دەبێـت و ڕقـت لـە هـەموو کـارێکی خێـرو چـاکە دەبێـت، لـە چـاکە دوور دەکەویتـــەوەو لـــە خراپـــە نزیـــك دەبیتـــەوە، خـــەم و خەفـــەت و دڵتـــەنگی بـــەناو چـــەوانتەوە دەردەکەوێت، چۆن بەختەوەر دەبیت لە کاتێدا خوای پـەروەردگار فەرموویـەتی؟: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ

عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ١٢٤﴾ (طـه: ١٢٤) واتـــه: هـــەر كەسێك پشت لە یادو زیكری من هەڵبكات (شوێنی فەرموودەی خواو پێغەمبەر (ﷺ) نەكەوێت) ئەوە ژیانێكی تەنگ و ناڕەحەتی دەبێت (لە دونیاو لە ناو گۆڕدا) وە لە ڕۆژی دواییدا بە كوێری حەشری دەكەین.

موسڵمانی خۆشەویست هەڵویستەیەك بكەو پرسیارێك لە خۆت بكە، تا كەی شوێنی هەواو ئارەزوو دەكەویت و خۆت دەخەیتە گێژاوی تاوان و خراپەكارییەوە؟ مردن و كاتی سەرەمەرگ بێنە پێش چاوی خۆت، ئەو ڕۆژە بێنە پێش چاوت بە زەلیلی و داماوی لەبەر دەستی خوای پەروەردگاردا دەوەستیت، بەچی زمانێك وەڵامی خوای پەروەردگار دەدەیتەوە؟ (بەو زمانەی خراپەیەك نەمابوو پێی نەكەیت؟)!!، بەچی پێیەك خۆت ڕادەگریت و دەوەستیت؟ (بەو پێیەی لەهەر شوێن و جێگایەك خراپە هەبوایە دەڕۆیشتی بۆی)!!!؟ وەڵامت چییەو چی دەڵێیت كاتێك خوای پەروەردگار پێی ووتی؟ ئەی بەندەكەم بۆ بەگەورەمت نەزانی و ترسی منت لە دڵدا نەبوو؟ ئەی بەندەكەم بۆ شەرمت لێم نەكرد؟ بۆ منت بە چاودێر نەزانی بەسەرتەوە؟ ئایا ئاگادار بوون و بینینی منت بەكەم سەیر دەكرد؟ ئایا چاكەم لە گەڵدا نەكردبووی؟ ئایا نازوو نیعمەتم بەسەردا نەڕشتبووی؟

موسڵمانی خۆشەویست دینت، ڕەوشتی بەرزت، عەقڵی تەواوت، وە ئەو دڵەت كە لە خوای پەروەردگار دەترسێت، وە غیرەتت لەسەر ئافرەتانت، ئەم شتانە بە حەرام و خراپ دەزانێت، دەی سەركەوە بەسەر نەفستاو زاڵبە بەسەر ئارەزووتداو ئەو جیهازو شاشانە لەماڵتدا دەركەو مەیهێڵە "خۆ ئەگەر ئەڵێی ئەمە ناگونجێ و ناكرێت (بەڵام لە بنەڕەتدا وانییە) ئەوە هەوڵبدە كەناڵێك لە ماڵەكەتدا مەهێڵە ئەگەر گۆرانی موسیقاشی تێدایە"، چونكە تۆی دەسەڵاتدار لە ماڵەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەرپرسێتی خستۆتە سەر شانت و پێت دەڵێت: ((... وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي

أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ...)) [98]. واتە: ... پیاوان شوان و بەرپرسن لە ماڵ و منداڵ و خێزانیان، وە پرسیاریان لێدەکرێت (لە دواڕۆژدا) لە بارەی بەرپرسیارێتێکەیانەوە....

دەی موسڵمان ئەو بەڵایە لە ماڵەکەتدا دەربکەو واز بهێنە لە کڕین و فرۆشتنی ئەو شتە خراپانە بهێنە.

برای بەڕێز زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرنامەو فیلمانە بەرنامە ڕێژیان بۆ کراوە بۆ نەهێشتنی دینی تۆ، بۆ داڕووخان و نەمانی ڕەوشتی بەرزو جوانی تۆی موسڵمان. پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێمان داوە کە فیتنە یەك لە دوای یەك بە وێنەی شەوی تاریك و ڕەش بەسەر ئەم ئوممەتەدا دێت کۆتاییەکەی لە سەرەتاکەی خراپترە، وە موسڵمانانیشی لێ ئاگادار کردۆتەوە، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أسامة کوڕی زید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر بەرزی و تەپۆلکەیەکی شاری مەدینەو فەرمووی: ((هَلْ تَرَوْنَ مَا أَرَى إِنِّي أَرَى مَوَاقِعَ الْفِتَنِ خِلَالَ بُيُوتِكُمْ كَمَوَاقِعِ الْقَطْرِ)) [99]. واتە: ئایا نابینن ئەوەی کە من دەیبینم؟ من دەبینم فیتنە بەسەر ماڵەکانتاندا بە وێنەی باران دەبارێت. پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك ئەو فەرموودە پیرۆزەی فەرمووە، نە سەتەلایت، نە تەلەفزیۆن، نە گۆرانی و فیلمی خراپ هەبووە!! ئەم شتانە هیچی نەبوو پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرمووە، تو خوا ئەگەر خۆشەویستمان (ﷺ) ئێستا زیندوو بوایەو حاڵی "ئیمان لاوازی و دوور کەوتنەوە لە شەرع و تاوان زۆری و چاکە کەمی" ئەمڕۆی موسڵمانانی ببینیایە دەبوایە چی بووتایە؟!!!

خۆشەویستان ئەگەر بە وردی بڕوانینە بەرنامە داڕێژی دوژمنانی ئیسلام ئەوە زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی دەبینین کە دوژمنانی ئیسلام جۆرەها بەرنامە دادەڕێژن بۆ لەناو بردنی ئیسلام، دەی

---

[98] صحيح، أخرجه البخاري في "كتاب الجمعة" (٨٥٣)، ومسلم في "كتاب الإمارة" (١٨٢٩)، من حديث إبن عمر (رضي الله عنه).

[99] رواه البخاري (١٨٧٨)، ومسلم (٧٤٢٧).

کەوابوو موسڵمانان با دوژمنانی ئیسلام و فیڵ و تەڵەکانیان بناسین، چونکە مەبەستیان تەنها ئەوەیە بتکەن بە گاور یان جولەکە یان هاوڵ بڕیاردەر یان بێباوەڕبوون، یان کەمترین شت دڵت پەیوەست بێت بە ڕەوشت و داب و نەریتیان.

موسڵمانان شتێك کە خوای پەروەردگارو پێغەمبەر (ﷺ) بۆیان جێگیر کردبێتین تا هەموو موسڵمانان ئاگاداری بن و بیزانن، ئەوەیە کە دوژمنانی ئیسلام جۆرەها بەرنامە دادەڕێژن بۆ لەناو بردنی دین وماڵی موسڵمانان و لەناو بردنی خۆشیان، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ﴿١٠٩﴾ ﴾ (البقرة: ١٠٩). واتە: زۆرێك لە خاوەن کیتابەکان (گاورو جولەکە) لەبەر حەسوودیی و ناپاکیان پێیان خۆشەو حەزدەکەن دوای ئەوەی باوەڕتان هێناوەو موسڵمان بوونە کافرتان بکەنەوە، پاش ئەوەی کە بە تەواوی هەق و ڕاستیان بۆ ڕوون بوویەوەو زانیان کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ﴿٢١٧﴾ ﴾ (البقرة: ٢١٧). واتە: بێگومان بن کە ئەو بێ باوەڕانە جەنگتان لەگەڵ دەکەن و هەرگیز کۆتایی ناهێنن و دەست هەڵناگرن "تا ئەگەر بۆیان بگونجێت" لە ئایینتان وەردەگێڕن.

بەندەکانی خوا گەورەترین هۆکارێك بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی دینی تۆی موسڵمان سەفەر کردنە بۆ وولاتانی شیرك و کوفرو بێ ڕەوشتی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: ((إِنِّي بَرِيءٌ مِنْ كُلِّ مُسْلِمٍ يُقِيمُ بَيْنَ ظَهْرَانَيِ الْمُشْرِكِينَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَلِمَ ؟ قَالَ: لا تَرَاءَى نارَهُمَا)) [١٠٠].

واتە: من بەریم لەو موسڵمانەی کە نیشتەجێیە لەناو هاوەڵ بڕیاردەران، هاوەڵانی بەڕێز (خوایان

---

[١٠٠] رواه أبو داود (٢٦٤٧)، والترمذي (١٦٠٤)، و الطبراني في "المعجم الكبير" (٢/٤٤١/٢٢١٥)، وصححه الشيخ الألباني في "صحيح سنن أبي داود" (٣/٤٥/٢٦٤٥).

لێ ڕازی بێت) ووتیان بۆچی ئەی پێغەمبەر (ﷺ)؟ ئەویش فەرمووی: لەبەر ئەوەی حوکمیان یەکسان نییە، وە هەندێ لە زاناکان فەرموویانە: لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار جیاوازی خستۆتە نێوان ووڵاتی موسڵمانان و ووڵاتی بێباوەڕان، بۆیە دروست نییە بۆ موسڵمان نیشتەجێ بێت لە ووڵاتی کافران کاتێك ئەوان ئاگریان کردەوەو ئەمیش بیان بینێت [١٠١].، واتە:نزیك بێت لێیان و تێکەڵاویان بێت مەگەر بۆ کاری پێویست.

موسڵمانی خۆشەویست باسی سەفەرێك دەکەم کە لە مێشکی زۆربەی خەڵکیدا نییە، بەڵکو زۆربەی خەڵکی هەر بەسەفەری نازانن، بەڵێ منیش دەڵێم: ئەو سەفەرە نییە کە کەسی گەشتیار تیایدا ماندوو دەبێت، نارەحەتی تیابێت و لە ماڵ و منداڵ و کەس و کارو ووڵاتی دوور بێت و غەریب بێت، بەڵکو باسی سەفەرێك دەکەم پێویستی بە پاسپۆرت و شوێن گرتن نییە، گەشتیار پێویستی بە تەمەنی دیاری کراو نییە، گەشتیار پێویستی بە هاوڕێ نییە، بەڵکو تەنها پێویستی بە هاوڕێیەتی کردنی شەیتان و نەفسی فەرمان کارێتی بە خراپە، گەشتێکە کەسی گەشتیار نەفسی تاوانباری ئەمیرێتی، کوێی ویست لێبێت دەیبات، لە نێوان ووڵاتان دەیگێرێت، گەشتێکە پیاو بە ویستی خۆی بە تەنها لە گەڵ ئافرەتان دەمێنێتەوەو بەدەمیانەوە پێدەکەنێت و سەیری جوانیان دەکات، کە ئەوەش ئەو پەڕی بێ شەرمی و بێ حەیاییە.

ئەو سەفەرەی کە من باسی دەکەم بریتییە: لە سەفەر کردنی مرۆڤ بە عەق و دڵی بۆ ووڵاتانی شیرك و کوفرو داڕوخانی ئەخلاق و ڕەوشت لە ڕێگەی شاشەو کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کە ئەمڕۆ ماڵی زۆربەی موسڵمانانی داگیر کردووە.

گەشت کردن بۆ ئەو ووڵاتانە لە ڕێگەی شاشەکانەوە (تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت) زیان و ترسناکی زۆر زیاترە، وە پاشەڕۆژی زۆر ترسناکترە وەك لە سەفەر کردن بە لاشەو بە ڕێگەی

---

[١٠١] **بڕوانە**: تفسير سنن أبي داود (معالم السنن) لأبي سليمان الخطابي (٢/١٦).

دیاری کراودا، چونکە ئەو کەسەی بە دیار ئەو شاشانەوە دادەنیشێت و کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات تەنها سەیر دەکات و شت وەردەگرێت، بێئەوەی هیچ بەرەنگاری و ڕەددێکی هەبێت، بەڵام ئەو کەسەی بە لاشەی سەفەری پێویست دەکات بۆ ئەو وڵاتانە بە ئاگایەو دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆیدا هەیە، زیاتر لەو کەسەی کە بە عەق و دڵی گەشت دەکات بۆ وڵاتانی شیرك و كوفرو داڕوخانی ئەخلاق و ڕەوشت لە ڕێگەی شاشەو کەناڵە ئاسمانییەکانەوە.

بەندەکانی خوا ئەو کەناڵە ئاسمانییە خراپانە کە زۆربەی خەڵکی ڕازییەو ڕێگەی داوە بێتە ناو ماڵەکانیان لە شەرعدا حەرامە، هەرچەندە کەسانێك بە باشی بزانن بڵێن باشەی تێدایە، بەڵێ منیش وا دەڵێم، بەڵام بێگومان دەبێت دان بەوەدا بنێین کە لایەنی باشەی سەدان جار کەمترە لە لایەنی خراپەو تاوانی.

موسڵمانی خۆشەویست ئاگادارت دەکەمەوە بە سێ شت، ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو پیاوێکی بەرپرس لە ماڵ و منداڵ و ئافرەتانی:

یەکەم: خوای پەروەردگار فەرمانی بە بەندەکانی کردووە کە تەقوای بکەن و لێی بترسن، بەڵام پێت دەڵێم: کوا تەقواو ترسی تۆ لە خوای گەورە کاتێك بە چاوەکانت دەڕوانیتە ئەو کارە حەرام و خراپانە.

دووەم: خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردوویت کە خۆت و ماڵ و منداڵت لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت، هەروەك دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ٦ ﴾ (التحريم: ٦). واتە: ئەی ئیمانداران خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، ئەو ئاگرەی کە سوتەمەنییەکەی مرۆڤ و بەردە (بەردی ڕەشی کبریت، زوو ئاگر دەگرێت و بەلاشەوە دەنووسێت)، خۆتان ڕزگار بکەن لە ئاگرێکی زۆر بە ئێشی ترسناك، وە لەگەڵ خۆتاندا ئەهلەکەشتان ڕزگار بکەن کە دەڵێن خۆشمان دەوێن، چۆن خۆشتان دەوێن لە کاتێکدا بە دەستی خۆتان بەرەو هەڵدێران و لەناو چوونیان دەبەن لەگەڵ بوونی ئەو ئامێرانەدا.

ئەو کەسەی کە ئەهل و منداڵەکانی تووشی ئەو تاوانانە دەکات ئایا لەوە ناترسێت بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێت کە دەفەرمووێت: ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُو غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ إِلاَّ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ))[١٠٢]. واتە: هیچ بەندەیەك نییە کە خوای پەروەردگار دەیکاتە بەرپرس و گەورەو دەسەڵاتدار، ئەو ڕۆژەی کە دەمرێت غەش و خیانەتی کردووە لەژێر دەستەکانی، ئەوە خوای پەروەردگار ڕێگەی بەهەشتی لێدەگرێت و نایکاتە بەهەشتەوە لەگەڵ کۆمەڵی یەکەم لە سەرفرازان، یان هەر نایکاتە بەهەشتەوە ئەگەر زوڵم و ستەم و خیانەت بە دروست و حەڵاڵ بزانێت[١٠٣].

موسڵمانی خۆشەویست وا گومان مەبە!! بلێیت: ئەم فەرموودەیە تەنها مەبەستی گەورەو کاربەدەستانە، نەخێر هەرگیز وانییە، بەڵکو فەرموودەیەکی گشتیەو هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە فەرمانیان پێکراوە ژێر دەستەکانیان بپارێزن، پێشەوا لەسەریێتی حەق و مافی خەڵکی بپارێزێت، پیاوان لەسەریانە ماڵ و منداڵیان بپارێزن[١٠٤].

خۆ ئەگەر هەر پشت هەڵ دەکەیت و گوێ نادەیت بە حەق و شوێنی هەواو ئارەزوو و شەیتان دەکەویت، ئەوە ئاگادارت دەکەمەوە لە کاری **سێیەم:** ئەویش ئەوەیە: دوو شتت لەبەر دەمدایە، کە ڕاکردن نییە لێیان، **یەکەمیان**: خوای پەروەردگار بەشەوو ڕۆژ نیعمەتی بەسەردا ڕشتوویت، ئایا لەوە ناترسیت لە ناکاو خوای گەورە سزات بۆ بنێرێت (لەسەر تاوانەکانت)، ئایا نازانیت چەند گەل و هۆز لە ناوچوون لە چاو تروکانێکدا بە هۆی تاوانەکانیانەوە؟.

---

[١٠٢] رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٦٧٣١)، و مسلم (١/٨٧/٣٨٠)، وابن حبان في "صحيحه"(٤٤٩٥)، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

[١٠٣] **بڕوانە**: شرح النووي على صحيح مسلم (٢/١٦٦).

[١٠٤] **بڕوانە**: المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم (١/٢٨٤).

خۆ ئەگەر هەر واز ناهێنیت لە تاوان ئەوە کارێکی تـرت لەبەردەمـدا مـاوە کـە بـەهیچ شـێوەیەك ڕزگارت نابێت لێی: **ئەویش مانەوەو تەنیایی نـاو گۆڕتـە**، پـڕ بـان دەم و چـاوت بـووە لـە خـۆڵ، لاشەت پڕ بووە لە کرم و مارو دوپشـك، پاشـان کـە زینـدوو دەکرێیتـەوە بەسـەری ڕووت و پێـی پەتی لەبەر دەستی خوای پەروەردگاردا دەوەستێندرێیت، حەسرەت و پەشیمانیت زیاتر دەبێت ئەو کاتەی کە خێزانت، کوڕت، کچت، برات، شوێنکەوتوانت، شـانت دەگـرن و پێـت دەڵـێن: کـوا مافمان؟ بۆ فێڵت لێکردین؟ بۆ غەش و خیانەتت لێکردین؟ بۆ ئامۆژگاریت نـەکردین؟ بـۆ ڕێگـەی تاوانت بۆ ئاسان کردین؟ بۆ دەمانت بینی بـەدیار کەناڵـە خراپەکانـەوە دانیشـتبووین و تاوانمـان دەکرد بەڵام ڕێگریت لێنەدەکردین؟ دەبێت حاڵت چۆن بێت لەو کات و ساتە نارەحەتەدا.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر بە سادەیی ئەو ئامێرانـە لـە ماڵـەوە دادەنـێن، **پێیـان دەڵـێم:** سـوێند بـە خـوای پـەروەردگار ڕادەگیرێیـت لەبـەر دەسـتی خـوای پـەروەردگاردا، وە پرسـیارت لێدەکرێت، دەبێت وەڵامت چی بێت بەرامبەر خوای زانا بە هەموو ئاشکراو نهێنیەکان؟!!!

خۆ ئەگەر پاش هەموو ئەمانـە هـەر وازت نـەهێناو شاشـەی تەلەفزیۆنەکـەت پـڕ بـوو لـە کـەناڵی خراپ، ئەوە بەدووری مەگرەو لۆمەی کوڕەکەت مەکە سبەینێ سەڵیب لە مل بکات (ببێتە گـاورو جولەکە)، وە بەدووری مەزانە کچەکەت بێ هیچ شەرم و بێ هـیچ حەیایـەك پەیوەنـدی ناشـەرعی لەگەڵ کوڕانی بێگانە ببەسـتێت و هـەر ڕۆژەی لەگـەڵ کوڕێکـدا دەرچـێت بـەملاولادا، وە بـەدوور نازانرێت کە ئافرەتانی خاوەن مێـرد پەیوەنـدی حـەرام و ناشـەرعی لەگـەڵ دۆسـت و هاوڕێیـانی مێردیان و کەسانی تردا ببەستن و تووشی تاوانی سەرشـۆڕکەرو ئـابڕوو بـەری زینـــــا بـبن، ئەویش هەمووی بە هۆی بوونی ئەو ئامێر و کەناڵە خراپانەوەیە لە ناو ماڵەکانماندا!!!.

ئەوەی کە ئینسان دەیان بینێت لە شاشەی کەناڵەکانەوە بێگومـان کاریگـەری لەسـەری دەبێـت ئەگەر پاش ماوەیەکی زۆریش بێت، بەڵام شەیتان چاوو دڵی خەڵکی کوێر کـردووە و ئاگایـان لـە خۆیان نییە، کەسی وا هەیە چەندین ساڵ هـەوڵی داوە تـا مـاڵ و منـداڵی چـاك بکـات، بـەڵام لـە

ماوەیەکی زۆر کەمدا تووشی خراپەو تاوانی زۆریان دەکات، ئەویش بە هێنانی ئەو ئامێرو کەناڵە خراپانەیە بۆ ناو ماڵ و منداڵی.

موسڵمانی خۆشەویست حوکمی کڕین و فرۆشتنی تەلەفزیۆن و سەتەلایت لای ئەم زانا بەڕێزانە حەرامە، مەگەر سەدا سەد بۆ کاری باشە بەکار بهێنرێت: (الشيَّخ إبنُ حَميد، سَماحَةُ الشَّيخِ إبنُ باز، وَفَضيلَةُ الشَّيخ إبنُ العُثَيمين، وَفَضيلَةُ الشَّيخ إبنُ جبرين) (ڕەحمەتی خوایان لێبێت).

خۆ ئەگەر دەڵێیت من تازە ئەو ئامێرانەم هەیە چی بکەم؟ دەڵێم: لە خوا بترسە و هەوڵبدە با کەناڵەکانت دینی بێت (قورئانی پیرۆزو شەرعی ئیسلام و بەرنامەی بەسوود بێت)، با کەناڵێکی تیا نەبێت کە خراپەو تاوانی تیا پیشان دەدرێت، تەنانەت با بە ناوی هەواڵ و زانیاری و وەرزش و ...هتد، شەیتان هەلْت نەخەڵەتێنێت و دەرگای خراپەت بۆ بکاتەوەو بە هۆیانەوە بێئاگا بیت و تووشی تاوان بیت، موسڵمان پاش هەموو ئەمانە ئەوە ماوە ئەرکی سەرشانت بزانیت و هەستیت بە کاری خۆت*.

١٣. ڕوشت جوانی لەگەڵ خەڵکیدا:

هاوەڵی بەڕێز عبدُالله کوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ألا أُخْبِرُكُمْ بِمَنْ يُحَرَّمُ عَلى النّارِ، أو بِمَنْ تَحرمُ عَلَيهِ النّار؟ عَلى كُلِّ قَريبٍ هَيِّنٍ سَهْلٍ))، وفي رواية للإمام أحمد أنَّهُ (ﷺ) قال: ((حُرِّمَ على النَّارِ كُلُّ هَيِّنٍ لَيِّنٍ سَهْلٍ قَرِيبٍ مِنَ النّاسِ)) [١٠٥]. واتە: ئایا هەواڵتان پێبدەم بە هەموو ئەو موسڵمانانەی کە پارێزراون لە ئاگری دۆزەخ، یان ئاگری دۆزەخیان لەسەر دورە، لەسەر هەموو موسڵمانێکی ڕوو خۆشی نەرم ونیان و لەسەرخۆو نزیك لە خەڵکی. وە لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: ئاگری دۆزەخ ڕیگەی لێگیراوە

---

* وەرگێڕ.

[١٠٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧٨/١٩)، والترمذي (٢٤٨٨)، وإبن حبان (٤٧٠)، وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: صحيح لغيره (٢٦٧٦).



لە سووتان و ئازاردانی هەموو موسڵمانێکی ڕووخۆش و نەرم و نیان و لەسەرخۆو نزیک لە خەڵکی.

١٤. ئارامگرتن لەسەر بوونی کچان و بەخێو کردنیان و چاودێری کردنیان بە چاکـــی:

دایکی ئیمانداران خاتوو **عائيشة** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ ابْتُلِيَ بِشَيْءٍ مِنْ الْبَنَاتِ فَصَبَرَ عَلَيْهِنَّ كُنَّ لَهُ حِجَابًا مِنْ النَّارِ)) [١٠٦].واتە: هەر موسڵمانێك تاقی کرایەوە بە بوونی کچان، ئارامی لەسەر گرتن، ئەوە ئەو کچانە بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا خاتوو **عائيشة** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك هات بۆ ماڵمان دوو کچی لەگەڵدا بوو، داوای شتێکی لێکردم (خواردنێك)، منیش لە خورما زیاتر هیچم نەبینی لە ماڵ خۆماندا، بۆیە تەنها خورمام پێدا، ئەویش بەشی کرد لە نێوانیاندا و خۆی هیچی لێ نەخوارد، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە ماڵەوە بۆم باس کرد، ئەویش فەرمووی: هیچ موسڵمانێك تاقی ناکرێتەوە بە بوونی کچان و ئارامیان لەسەر دەگرێت، ئیللا ئەو کچانە بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ.

هاوەڵی بەڕێز **عُقبة** کوڕی **عَامِر** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ كَانَتْ لَهُ ثَلاثُ بناتٍ فَصَبَرَ عَلَيْهِنَّ، وَأَطْعَمَهُنَّ، وَسَقَاهُنَّ وَكَسَاهُنَّ، كُنَّ لَهُ حِجَابًا مِنَ النَّارِ)) [١٠٧]. واتە: هەر موسڵمانێك سێ کچی هەبێت، ئارامیان لەسەر بگرێت، بە جوانی خواردنیان بدات، وە ئاویان بدات (نان و ئاویان بداتێ) وە جل و بەرگیان بۆ بکات (جل و بەرگی پۆشتەو شەرعی)، ئەوە ئەو کچانە بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ.

---

[١٠٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٥٠)، والبخاري (١٤١٨)، ومسلم (٢٦٢٩)، والترمذي (١٩١٣).

[١٠٧] رواه الإمام أحمد "لفتح الرباني" (١٩/٥٠)، وابن ماجه (٣٦٦٩)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٤٨٨).

دایکی ئیمانداران خاتوو **عائیشة** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((**لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ أُمَّتِي يَعُولُ ثَلاَثَ بَنَاتٍ، أَوْ ثَلاَثَ أَخَواتٍ، فَيُحْسِنُ إِلَيْهِنَّ، إلاَّ كُنَّ لَهُ سِتْراً مِنَ النَّارِ**))[١٠٨]. واتە: هیچ موسڵمانێك نییە لە ئوممەتی من کە سێ کچ، یان سێ خوشك بە خێو دەکات و چاکەیان لەگەڵدا دەکات و ڕەوشتی جوان دەبێت لەگەڵیاندا، ئیللا ئەو سێ کچە، یان سێ خوشکە بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ.

مُطَّلِب کوڕی **عَبدُالله المخزومي** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: جارێکیان چووم بۆلای **أمُّ سَلَمَة** خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)، **أمُّ سَلَمَة** (خوای لێ ڕازی بێت) پێی ووتم: ئەی کوڕی خۆم ئایا فەرموودەیەکت بۆ باس بکەم کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە؟ منیش ووتم: بەڵێ ئەی دایکی خۆم (خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دایکی ئیماندارانن)، ئەویش فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هیچ موسڵمانێك نییە کە دوو کچ، یان دووخوشك، یان دوو ئافرەتی خزم و نزیکی بە خێو دەکات، ئەو مەسرەفەی کە دەیان کات حیسابی ئەجرو پاداشتی بۆ دەکات لای خوای پەروەردگار (لە بەر خوای پەروەردگار بە خێویان دەکات)، تا بە هۆی بەخشینیەوە ئەو دوو کچە، یان ئەو دوو خوشکە، یان ئەو دوو ئافرەتە دەوڵەمەند دەبن، یان بێ پێویست دەبن لە بەخشین و مەسرەفی ئەو موسڵمانە، ئیللا ئەو دوو کچەی، یان ئەو دوو خوشکەی، یان ئەو دوو ئافرەتەی خزم و نزیکی بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ.

کاتێك دەووترێت: ئەو دوو کچە، یان ئەو دوو خوشکە، یان ئەو دوو ئافرەتە (ئافرەتان) بۆی دەبنە پەردەو بەربەست لە ئاگری دۆزەخ، دەبێت ئەو کەسە بە پەروەردەیەکی ئیسلامی و شەرعی پەروەردەیان بکات، چاك بوون لەگەڵیاندا و خزمەت کردنیان تەنها بۆ دونیا نەبێت، بەڵکو بۆ دواڕۆژیش بێت، کە دەبێت فێری چاکەیان بکات و ڕێگەی خراپەیان لێبگرێت.

---

[١٠٨] رواه البيهقي، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٣٧٢).

١٥. ئارامگرتن لە کاتی توشبوون بە نەخۆشی گرانەتا:

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی پیاوێکی کرد کە نەخۆشی گرانەتای گرتبوو، پێی فەرموو: موژدەت لێبێت، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ((هِيَ نَارِي أُسَلِّطُهَا عَلَى عَبْدِي الْمُذْنِبِ لِتَكُونَ حَظَّهُ مِنَ النَّارِ)) [١٠٩]. واتە: ئەوە ئاگری خۆمە دەیدەم بەسەر بەندەی تاوانبارمدا تا بەشی بێت لە ئاگری دۆزەخ "سزای دواڕۆژی پێکەم دەبێت".

هاوەڵی بەڕێز أبوأمامة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الْحُمَّى كِيرٌ مِنْ جَهَنَّمَ، فَمَا أَصَابَ الْمُؤْمِنَ مِنْهَا كَانَ حَظَّهُ مِنَ النَّارِ)) [١١٠]. واتە: نەخۆشی گرانەتا لە گڕو تین و هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخەوەیە، بۆیە هەر موسڵمانێك تووشی بێت لە دونیادا، ئەوە بەشێتی لە ئاگر (واتە: لە دواڕۆژدا تووشی ئاگری دۆزەخ نابێت).

زانای پایەبەرز ئیمامی المُناوي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: هەر موسڵمانێك تووشی ئەو نەخۆشییە بێت ئەوە زۆر بە ئاسانی بەسەر پردی (صِراط)دا دەپەڕێتەوە، بە شێوەیەکی وا هەست بە ناخۆشی و ناڕەحەتی ناکات [١١١]. بۆیە دروست نییە جوێن بە نەخۆشی گرانەتا و هیچ جۆرە نەخۆشییەك بدرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووین کە نابێت جوێن بە هیچ جۆرە نەخۆشییەك بدەین.

هەروەك هاوەڵی بەڕێز جابرِ کوڕی عَبدُالله (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆلای (أمّ السّائب، یان أمّ المُسيّب)، فەرمووی: ئەوە چیتە (أمَّ السّائِب،

---

[١٠٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/١٣٥)، والترمذي واللفظ له (٢٠٨٨)، وإبن ماجه (٣٤٧٠)، والحاكم (١/٤٩٦)، وحسنه إبن كثير في "النهاية" (٢/١٢٦)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٣٢).

[١١٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/١٦٠)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٣١٨٨).

[١١١] **بڕوانە**: فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (٣/٤٢١).

یان أمَّ المُسیب) هەڵدەلەرزیت؟ ئەویش ووتی: الحُمَّی لا بَارَكَ اللهُ فِيهَا! فَقَالَ: لا تَسُبِّي الحُمَّى فَإنَّهَا تُذْهِبُ خطَايَا بَنِي آدَمَ كَمَا يُذْهِبُ الكِيْرُ خَبَثَ الحَدِيدِ)) [١١٢]. واتە: ووتی: نەخۆشی گرانەتامە، خوا بەرەکەتی تێنەکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نا، جوێنی پێ مەدە، چونکە ئەو نەخۆشییە تاوانی موسڵمان لا دەبات و نایهێڵێت هەروەك چۆن ئاگر خڵت و خاش و پیسی ئاسن ناهێڵێت، (تووشبوون بە نەخۆشی گرانەتا پاك بوونەوەیە لە تاوان).

١٦. سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی ناو هێنانی یان بیستنی ناوی:

مُحَمَّد کوڕی عَلي کوڕی حُسَین (خوایان لێ ڕازی بێت) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَم يُصَلِّ عَلَيَّ فَقَدْ خَطِئ طَرِيْقَ الْجَنَّةِ)) [١١٣]. واتە: هەر موسڵمانێك ناوی منی لا هێنرا (باسکرا) سەڵاواتی لەسەرم نەدا، ئەوە بەڕاستی ڕێگەی ڕاستی بەهەشتی هەڵە کردووە [١١٤]. واتە: هەر موسڵمانێك ناوی پێغەمبەری (ﷺ) بیست و بە دەستی ئەنقەست سەڵاواتی لەسەر نەدا (گرنگی پێنەداو بەگەورەی نەزانی)، ئەوە بەڕاستی ڕێگەی بەهەشتی هەڵە کردووە، وە ڕێگەی ڕاستی بەهەشتیش تەنها ڕۆیشتنە بەسەر پردی (صِراط)دا، وە هەر کەسێك ڕێگەی (صِراط) هەڵە بکات، ئەوە هیچی بۆ نەماوە مەگەر بەر بونەوەو کەوتنە خوارەوە لەسەر پردی (صِراط)ـەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.

واتای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت: کە هەر موسڵمانێك کاتێك ناوی پێغەمبەر (ﷺ) دەبیستێت و سەڵاواتی لەسەر دەدات و دەڵێت: (عَلَيهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) یان (صَّلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، ئەوە ڕێگەی بەهەشت هەڵە ناکات و لێی ناگۆڕێت، بەڵکو ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەبێت، وە

---

[١١٢] رواه الإمام مسلم واللفظ له (٢٥٧٥)، وإبن ماجه (٣٤٦٩).

[١١٣] رواه البيهقي في الشعب (١٥٧٣)، وصححه الألباني في "فضل الصّلاة على النبي" (ﷺ) (٤٤).

[١١٤] **بروانە:** شرح "عمدة الأحكام" للشّيخ عَبد الله بن عبد الرحمن بن عبد الله بن جبرين (١٣/٢١).

ڕێگەی ڕاستی بەهەشتیش بریتیە لە پەڕینەوە بەسەر پردی (صِراط)دا بە ئاسانی و چوونە ناو بەهەشت، دەی کەوابوو موسڵمانی خۆشەویست هەر کاتێك ناوی پێغەمبەری خۆشەویستت (ﷺ) بیست، بڵێ: (عَلَيهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) یان (صَّلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم)، تا ڕێگەی بەهەشت هەڵە نەکەیت. هاوەڵی بەڕێز حُسَينِ کوڕی ئیمامی عَلي (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَخَطِئَ الصَّلاةَ عَلَيَّ، خَطِئَ طَرِيقَ الْجَنَّةِ)) [١١٥]. واتە: هەر موسڵمانێك ناوی منی لا هێنراو بیستی، وە بە دەستی ئەنقەست سەڵاواتی لەسەرم نەدا، ئەوە بەڕاستی ڕێگەی بەهەشتی هەڵە کردووە.

هاوەڵی بەڕێز إبنُ عَبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ نَسِيَ الصَّلاةَ عَلَيَّ خَطِئَ طَرِيقَ الْجَنَّةِ)) [١١٦]. واتە: هەر موسڵمانێك بەدەستی ئەنقەست سەڵاوات لەسەرم نەداو وازی لێبهێنێت، ئەوە بەڕاستی ڕێگەی بەهەشتی هەڵە کردووە.

زانای پایەبەرز ئیمامی المُناوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ووشەی (نَسِيَ) واتە: بەدەستی ئەنقەست سەڵاوات لەسەرم نەداو وازی لێبهێنێت، چونکە هەندێ جار ووشەی (النّسيان) بە واتای واز لێبهێنان و پشت گوێ خستن دێت، نەك بەواتای لەبیر چوون، چونکە کاتێك کەسێك شتێکی لە بیر دەچێت هیچی لەسەر نییە، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ ١٢٦﴾ (طه: ١٢٦). واتە: ئایەتەکانی ئێمەت پێگەیشت پشت گوێت خست و وازت لێهێنا بە ویستی خۆت [١١٧]. هاوەڵی بەڕێز جابرِ کوڕی سَمُرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) سەرکەوتە سەر مینبەر لە پلەی یەکەم فەرمووی: (آمين)، وە پلەی دووەمیش

---

[١١٥] رواه الطبراني في "الأوسط"، وحسنه إبن حجر في "الفتح" (١١/١٧٢ ح ٦٣٥٨)، والسيوطي في "الجامع الصغير" (٨٦٧٩)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٢٤٥).

[١١٦] رواه إبن ماجه (٩٠٨)، والبيهقي (٥٨٧٢)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٥٦٨).

[١١٧] **بروانه:** فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (٦/١٢٩).

ووتی: (آمین)، وه له پلەی سێیەمیش ووتی: (آمین)، پاشان كه هاوەڵانی بەڕێز پرسیاریان كرد له پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی سێ جار ووتت: (آمین)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((أَتَانِي جِبْرِيلُ (عليه‌السلام)، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ مَنْ أَدْرَكَ أَحَدَ وَالِدَيْهِ، فَمَاتَ، فَدَخَلَ النَّارَ، فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، قُلْ آمِينَ، فَقُلْتُ: آمِينَ، قَالَ: يَا مُحَمَّدُ مَنْ أَدْرَكَ شَهْرَ رَمَضَانَ، فَمَاتَ، فَلَمْ يُغْفَرْ لَهُ، فَأُدْخِلَ النَّارَ، فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، قُلْ آمِينَ، فَقُلْتُ: آمِينَ، قَالَ: وَمَنْ ذُكِرْتَ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْكَ، فَمَاتَ فَدَخَلَ النَّارَ، فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، قُلْ آمِينَ، فَقُلْتُ: آمِينَ))[118]. واته: كاتێك ئەم ووت: (آمین)، ئەوه جبریل (عليه‌السلام) بوو هات بۆ لام و پێی ووتم: ئەی مُحَمَّد (ﷺ) هەر موسڵمانێك یەكێك له دایك و باوكی پیر بوون و كەوتنه لای، ئەو موسڵمانه ئەوەنده چاكەی لەگەڵدا نەكردن تا به هۆیانەوه بچێته بەهەشتەوه، بەڵكو خراپ بوو لەگەڵیان، كاتێك مردوو چووه ئاگری دۆزەخەوه، ئەوه خوای پەروەردگار له ڕەحم و بەزەیی خۆی دووری بخاتەوه، بڵێ: (آمین)، منیش ووتم: (آمین)، كاتێك له پلەی دووەم ووتم: (آمین)، جبریل (عليه‌السلام) پێی ووتم: ئەی مُحَمَّد (ﷺ) هەر موسڵمانێك كاتێك مانگی ڕەمەزانی پێگەیشت ئەوەنده چاكەی تیا نەكرد تا به هۆیەوه بچێته بەهەشتەوه، بەڵكو خراپەی تیا دەكرد (به ڕۆژوو نەدەبوو، تاوانی تیا ئەنجام دەدا)، كاتێك مردوو چووه ئاگری دۆزەخەوه، ئەوه خوای پەروەردگار له ڕەحم و بەزەیی خۆی دووری خاتەوه، بڵێ: (آمین)، منیش ووتم: (آمین)، كاتێك له پلەی سێیەم ووتم: (آمین)، جبریل (عليه‌السلام) پێی ووتم: ئەی مُحَمَّد (ﷺ) هەر موسڵمانێك كاتێك ناوی تۆی لا هێنراو بیستی، بەڵام سەڵاواتی لەسەرت نەدا، تا به هۆیەوه بچێته بەهەشتەوه، بەڵكو گوێی پێنەداو پشت گوێی خست و به كەمی زانی، كاتێك مردوو چووه ئاگری دۆزەخەوه، ئەوه خوای پەروەردگار له ڕەحم و بەزەیی خۆی دووری خاتەوه، بڵێ: (آمین)، منیش ووتم: (آمین).

---

[118] رواه الطبراني (١٩٩٠)، وإبن حبان (٤١٠)، وصححه الألباني في "التعليقات الحسان على صحيح إبن حبان" (٤٠٩).

ئەم فەرموودانە بەڵگە نین لەسەر واجبێتی سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) هەر کاتێك ناوی باسکرا، هەروەك زانای پایەبەرز إبن حَجَر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئەم فەرموودانە بەڵگە نین لەسەر واجبێتی سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و سوننەتێتی و جەختکراوی سەڵاواتدان لەسەری (ﷺ) هەرکاتێك ناوی بیسترا، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی داواکراوە لەو کەسەی کە زۆر جار ناوی پێغەمبەر (ﷺ) دەبیستێت و سەڵاواتی لەسەر نادات، تا سەڵاواتی لەسەر بدات کاتێك ناوی بیست، وە ئەم فەرموودانە بەڵگەش نین لەسەر واجبێتی دووبارە کردنەوەی سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) هەر کاتێك ناوی دووبارە کرایەوە لە دانیشتنێکدا [119].

١٧. فریاکەوتنی "الله أكبر"ی نوێژ دابەستن لەگەڵ ئیمامدا :

فریاکەوتنی "اللّهُ أكبر"ی نوێژ دابەستن لەگەڵ ئیمامدا چل ڕۆژ بە بەردەوامی موسڵمان دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ، هاوەڵی بەڕێز أنَسِ کوڕی مالك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ صَلَّى لِلَّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا فِي جَمَاعَةٍ يُدْرِكُ التَّكْبِيرَةَ الأُولَى كُتِبَتْ لَهُ بَرَاءَتَانِ: بَرَاءَةٌ مِنْ النَّارِ، وَبَرَاءَةٌ مِنْ النِّفَاقِ)) [120]. واتە: هەر موسڵمانێك چل ڕۆژ لەسەر یەك و بە بەردەوامی نوێژ بە جەماعەت بکات تەنها بۆ خوای پەروەردگار (دوور بێت لە ڕیاو خۆ دەرخستن و ....)، ئەوە لە دوو شت پارێزراو دەبێت، لە ئاگری دۆزەخ و لە دووڕوویی.

موسڵمان ناتوانێت فریای "الله أكبر"ی نوێژ دابەستن بکەوێت لەگەڵ ئیمامدا مەگەر زوو بچێت بۆ نوێژ، هەندێك لە پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە ئەگەر فریای "الله أكبر"ی نوێژ دابەستن نەکەوتنایە

---

[119] **بڕوانە**: فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (١١/١٧٣ ح ٦٣٥٨).

[120] رواه الترمذي (٢٤١)، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٣٦٥).

لەگەڵ ئیمامدا ئەوە سەرەخۆشیان لە خۆیان دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو دوو شایەتییە گەورەیەیان لە دەست چووە

لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، پارێزراوی لە ئاگری دۆزەخ و لە دووڕوویی.

ئیمامی إبراهیم النّخعي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: کاتێك بینیت موسڵمانێك کەمتەرخەمەو دوا دەکەوێت لە "الله أکبر"ی نوێژ دابەستن لەگەڵ ئیمامدا ئەوە دەستی لێ بشۆ (واتە: پیاوێکی باش نییە) [121].

تابعی بەڕێز سَعید کوڕی الُمسَیّب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لێی گێڕدراوەتەوە کە نزیکەی چل ساڵ "الله أکبر"ی نوێژ دابەستنی لەگەڵ ئیمامدا لە دەست نەچووە، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە صەفی یەکەم نوێژی کردووە لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ).

ئیمامی وَکیع (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی أعْمَش (ڕەحمەتی خوای لێبێت) نزیکەی حەفتا ساڵ "الله أکبر"ی نوێژ دابەستنی لەگەڵ ئیمامدا نەفەوتاوە [122].

١٨. گرتنی دەست نوێژ بە جوانی:

دەست نوێژ جوان گرتن بۆ نوێژ لاشەی موسڵمان دەپارێزێت لە گڕو تین و شالاّوی ئاگری دۆزەخ کاتێك ئەو موسڵمانە بەسەر پردی (صِراط)دا تێدەپەڕێت.

هاوەڵی بەڕێز عَبدالله کوڕی عَمْرو (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) گەڕاینەوە لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە، لە ڕێگا ئاوێکمان لێدەرکەوت، کاتی نوێژی عەسر بوو هەندێ لە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) پەلەیان کرد لە پێش ئێمەوە چوون بۆ دەست نوێژ گرتن، کاتێك گەیشتینە لایان بینیمان پاژنەی پێیان تەڕ نەبووە (ئاوی

---

[121] **بڕوانە:** حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء لأبي نعیم (٢/٥١).

[122] **بڕوانە:** صفة الصفوة لإبن الجوزي (٢/٦٩).

بەرنەکەوتبوو)، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بینیتیانی فەرمووی: ((وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ مِنْ النَّارِ، أَسْبِغُوا الْوُضُوءَ)) [١٢٣]. واته: هاوار بۆ ئەو کەسانەی کاتێك نوێژ دەگرن و پاژنەی پێیان تەڕ ناکەن، موسڵمانان کاتێك دەست نوێژ دەگرن پاژنەی پێتان تەڕ بکەن و جوان دەست نوێژ بگرن.

جارێکیان أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) کەسانێکی بینیی دەست نوێژیان دەگرت، پێیانی فەرموو: گوێم له أبو القاسم (واته: پێغەمبەری خوا) (ﷺ) بووه، دەیفەرموو: ((وَيْل لِلْعَرَاقِيبِ مِنْ النَّار)) [١٢٤]. واته: هاوارو لەناوچوون بۆ ئەو کەسانەی کاتێك دەست نوێژ دەگرن و پاژنەی پێیان تەڕ ناکەن.

١٩. سەلام کردن و خواردن بەخشین و شەو نوێژ کردن:

عَبدالله کوڕی سَلام (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ شاری مەدینە، خەڵکی کەوتنە ڕێ بۆ بینینی پێغەمبەر (ﷺ)، دەووترا: پێغەمبەر (ﷺ) هات، پێغەمبەر (ﷺ) هات، پێغەمبەر (ﷺ) هات، عبدالله (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: منیش نزیك بوومەوە ویستم ڕووی پێغەمبەرم (ﷺ) لێدەربکەوێت، کاتێك ڕووی پێغەمبەرم (ﷺ) بینی بۆم دەرکەوت ئەم دەم و چاوو ڕووە گەشە ڕووی کەسێکی درۆزن نییە، یەکەم ووتەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبوو دەیفەرموو: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَأَفْشُوا السَّلاَمَ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلاَمٍ)) [١٢٥]. واتە: ئەی خەڵکینە خواردن ببەخشن (بە فەقیرو هەژاران)، وە

---

[١٢٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/٤٢)، والبخاري (٦٠)، ومسلم واللفظ له (٢٤١)، والنسائي (١١١)، وأبو داود (٩٧)، وإبن ماجه (٤٥١).

[١٢٤] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/٤٢)، ومسلم واللفظ له (٢٤٢)، وإبن ماجه (٤٥٢).

[١٢٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/٣٣١)، والترمذي واللفظ له (٢٤٨٥)، وإبن ماجه (١٣٣٤)، والدارمي (١٤٦٠)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٧٨٦٥).

سەلام بکەن، وە سیلەی ڕەحم بە جێ بگەیەنن لە گەڵ خزم و کەس و کارتاندا، وە شەو نوێژ بکەن لە کاتێکدا خەڵکی خەوتوون، ئەگەر ئەم کارانەتان کرد ئەوە بە سەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە.

حیکمەت لە باس کردنی چوونە بەهەشت بە سەلامەتی بۆ موسڵمانێك کە ئەم کارانە دەکات، ئەوەیە: کاتێك موسڵمان بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات بە سەلامەتی دەپەڕێتەوە بێئەوەی ئاگری دۆزەخ بیسوتێنێت.

٢٠. هەر موسڵمانێك كۆتا ووشەی (لا إله إلا الله) بێت:

هەر موسڵمانێك كۆتا ووشەی ئەم زیكرانە بێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە: ((لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ، لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاّ بِاللَّهِ)).

هاوەڵانی بەڕێز أبوهريرة و أبوسعيد الخدري (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموون: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِذَا قَالَ الْعَبْدُ لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، قَالَ: يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَأَنَا أَكْبَرُ، وَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ: لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ، قَالَ: صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَحْدِي، وَإِذَا قَالَ: لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، قَالَ: صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلاّ أَنَا وَلا شَرِيكَ لِي، وَإِذَا قَالَ: لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، قَالَ: صَدَقَ عَبْدِي لَا إِلَهَ إِلاّ أَنَا لِي الْمُلْكُ وَلِيَ الْحَمْدُ، وَإِذَا قَالَ: لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَلا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلاّ بِاللَّهِ، قَالَ: صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلاّ أَنَا وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاّ بِي، مَنْ رُزِقَهُنَّ عِنْدَ مَوْتِهِ لَمْ تَمَسَّهُ النَّارُ)) [١٢٦]. واتە: هەر كاتێك بەندەی موسڵمان ووتی: "لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ"، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: بەندەكەم ڕاستی كرد، بەڕاستی هیچ

---

[١٢٦] رواه الترمذي (٣٤٣٠)، وإبن ماجه واللفظ له (٣٧٩٤)، وإبن حبان (٨٥١)، والحاكم (١/٥)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٧١٣).



پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە من، وە من لە هەموو كەس و شتێك گەورەترم، وە هەر كاتێك بەنـدەی موسـڵمان ووتـی: "لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ"، خـوای پـەروەردگار دەفـەرمووێت: بەندەكـەم ڕاستی كرد، بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە من بە تاك و تـەنها، وە هـەر كاتێك بەندەی موسڵمان ووتی: "لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ لَا شَرِيكَ لَهُ"، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: بەندەكەم ڕاستـی كـرد، بەڕاسـتی هـیچ پەرسـتراوێك نییـە بـە حـەق جگـە لـە مـن، وە مـن هـیچ هـاوەڵ و شەریكێكم نییە، وە هەر كاتێك بەنـدەی موسـڵمان ووتـی: "لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ"، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: بەندەكەم ڕاستی كرد، بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نییە بە حـەق جگە لە من، وە هەموو موڵـك و دەسـەڵات و سـوپاس و ستایشـی تـەواو تـەنها بـۆ منـە، وە هـەر كاتێـك بەنـدەی موسـڵمان ووتـی: "لا إِلَهَ إِلاَ اللَّهُ وَلا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلاّ بِاللَّهِ"، خـوای پـەروەردگار دەفەرمووێت: بەندەكەم ڕاستی كرد، بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نییە بـە حـەق جگـە لـە مـن، وە هیچ هەڵس و كەوتوو هێزێك ناكرێت جگە بە من نەبێت، هەر موسڵمانێك لـە كـاتی سـەرەمەرگیدا ئەمانە بڵێت ئەوە ئاگری دۆزەخ نایسووتێنێت.

٢١. پەناگرتن بە خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخ:

هاوەڵی بەڕێز أَنَسِ كوڕی مالك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((مَا سَأَلَ رَجُلٌ مُسْلِمٌ الْجَنَّةَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَطُّ، إِلاّ قَالَتِ الْجَنَّةُ: اللَّهُمَّ أَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَلا اسْتَجَارَ مِنْ النَّارِ، إِلاّ قَالَتِ النَّارُ: اللَّهُـمَّ أَجِرْهُ))[١٢٧]. واتـە: هـیچ بەندەیـەكی موسـڵمان نییـە لـە پیـاوان و ئافرەتـان سـێ جـار داوای بەهەشـت بكـات، ئـیللا بەهەشـت دەڵـێت: خوایـە ئـەو بەندەیـە بكـە بەهەشتەوە، وە هیچ بەندەیەكی موسڵمان نییە لە پیاوان و ئافرەتان سێ جار پـەنا دەگرێـت بـە

[١٢٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٦٣/٢٤)، والترمذي واللفظ له (٢٥٧٢)، والنسائي (٥٥٢١)، وإبن ماجه (٤٣٤٠)، والحاكم (٥٣٥/١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٢٧٥).

خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخ ئیللا دۆزەخ دەڵێت: خوایە ئەو بەندەیە بپارێزە لە ئاگری دۆزەخ. وە فەرمانمان پێکراوە کە دوای هەموو تەحیاتێك و پێش سەلامدانەوە لە نوێژدا پەنا بگرین بە خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخ، هەروەك أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْ أَرْبَعٍ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ))[١٢٨]. واتە: هەر یەکێك لە ئێوە کاتێك تەحیاتتان خوێند پێش سەلامدانەوە پەنا بگرن بە خوای پەروەردگار تا پەناتان بدات و بتان پارێزێت لە ئاگری دۆزەخ، واتە: ئەو موسڵمانە بڵێت: ((اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)). واتە: ئەی پەروەردگار پەنات پێدەگرم لە سزای ئاگری دۆزەخ، وە لە سزای ناو گۆڕ، وە پەنات پێدەگرم لە ناڕەحەتی و تاقی بوونەوەی ژیان و مردن، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنەو ئاشوبی دەجال.

هەر موسڵمانێك پەنابگرێت بە خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخ ئومێدە خوای پەروەردگار بیپارێزێت لێی، وە ڕزگاری بکات لە شاڵاوی ئاگری دۆزەخ کاتێك بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات.

٢٢. ئازادکردنی (کۆیلە):

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً أَعْتَقَ اللَّهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عُضْوًا مِنَ النَّارِ حَتَّى فَرْجَهُ بِفَرْجِهِ))[١٢٩]. واتە: هەر

---

[١٢٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٩/٤)، والبخاري (١٣٧٧)، ومسلم واللفظ له (٥٨٨)، والترمذي (٣٦٠٤)، والنسائي (٥٥٠٥)، وإبن ماجه (٩٠٩)، والدارمي (١٣٤٤).

[١٢٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤٠/١٤)، والبخاري واللفظ له (٦٧١٥)، ومسلم (١٥٠٩)، والترمذي (١٥٤١)، والنسائي (٣١٤٥).

موسڵمانێك بەندەیەكی موسڵمان ئازاد بكات، ئەوە خوای پەروەردگار بەهەر ئەندامێكی لاشەی ئەو بەندەیە ئەندامێكی لاشەی ئەو موسڵمانە ئازاد دەكات لە ئاگری دۆزەخ، تا داوێنی ئەو موسڵمانە بە ڕزگاركردنی ئەو بەندەیە ڕزگار دەكات، (واتە: خوای پەروەردگار ئەو موسڵمانە ڕزگار دەكات لە ئاگری دۆزەخ بە وێنەی ئازادكردنی ئەو كۆیلەیە، هەتا ئەگەر ئەو موسڵمانە بە داوێنی تاوانیشی ئەنجام دابێت ئەوە خوای پەروەردگار بە ئازاد كردنی ئەو بەندەیە ئازادی دەكات، جگە لە زینا چونكە زینا تاوانی گەورەیەو پێویستی بە تەوبە هەیە).

چۆن "كۆیلە" ئازاد دەكەیت؟ یان چۆن پاداشتی كۆیلە ئازاد كردنت دەست دەكەوێت؟

موسڵمانی خۆشەویست ئەو ڕێگایانەی كە ئیسلام گرتویەتیەبەر بۆ ئازادكردنی كۆیلە زۆرن، **لەوانە:**

ئازادكردنی كۆیلە لە كەفارەتی كوشتندا، خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۢ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٩٢﴾ ﴾ (النّساء: ٩٢). واتە: هیچ باوەڕدارێك ڕێگەی پێنەدراوەو بۆی نییە كە باوەڕدارێكی تر بكوژێت مەگەر بە هەڵە، وە هەر كەسێك مرۆڤێكی باوەڕداری بە هەڵە كوشت، ئەوە دەبێت لە تۆڵەیدا دوو شت ئەنجام بدات، **یەكەم:** (فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ) ئازادكردنی كۆیلەیەكی باوەڕدار لەبەر ئەوەی تاوانێكی گەورەی ئەنجام داوە، **دووەم:** (وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ) وە خوێنێك بە كەس و كاری كوژراوەكە بدرێت، (إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْ) مەگەر كەس و كاری كوژراوەكە بیكەنە صەدەقەو بیبەخشن و خوێنی لێنەستێنن، (فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ)

ئەگەر کوژراوەکە لە تیرەی خوانەناسانی دوژمنتان بوو، بەڵام موسڵمان بوو ئەوە (ئەو کەسەی کە بە هەڵە کوشتویەتی) تەنها کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد دەکات، خوێنی نادرێ، (وَإِن كَانَ مِن قَوْمِۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ) وە ئەگەر ئەو مرۆڤە ئیماندارە کوژراوە لە تیرەیەکی خوانەناسی هاوپەیمانتان بوو، ئەوە دەبێ تۆڵەی خوێنەکەی بە میراتگری کوژراوەکە بدرێت و بەندەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکات، (فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ) جا هەر کەسێك بەندەی دەست نەکەوت (توانای کڕینی نەبوو، یان هەر نەمابوو، وەك ئێستا)، ئەوە دەبێت دوو مانگ بەبەردەوامی و بێ بەین تێکردن بە ڕۆژوو بێت (مەگەر نەخۆش بێت یان بەر ڕۆژانی جەژن بکەوێت)، (تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ) تا خوای پەروەردگار تەوبە لە بکوژەکە وەربگرێت، (وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا) خوای پەروەردگار زاناو کار بەجێیە دەزانێت چی فەرمان و بڕیارێك بۆ بەندەکانی چاکە.

ئازاد کردنی بەندە بۆ کەفارەتی (الظِّهار) *: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ ﴾ (المجادلة: ٣). واتە: ئەوانەی لە ژنەکانیان (ظِهار) دەکەن، پاشان پەشیمان دەبنەوە لە قسەی خۆیان و دەیانەوێت بیان کەنەوە بە ژنی خۆیان، ئەو کەسە پێش ئەوەی ئەم کارە بکات، دەبێ کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات، (واتە: ئەو موسڵمانە کاتێك (ظِهار) لە ژنەکەی دەکات و پاشان پەشیمان دەبێتەوە پێش ئەوەی بچێتە لای و جیماعی لەگەڵدا بکات پێویستە بەندەیەکی

* الظِّهار: ئەوەیە پیاوێك بە خێزانی بڵێت: تۆ وەکو دایکم وایت، یان وەکو پشتی دایکم وایت، واتە: چۆن دایکم لێم حەرامە تۆش بەهەمان شێوە، ئەگەر پیاوێك وای بە ژنەکەی ووت و پاشان پەشیمان بووەوە، ئەوە پێش ئەوەی بچێتە لای خێزانەکەی پێویستە یەکێك لەو کەفارەتانە بدات کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە (واتە: نابێت جیماع لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات تا کەفارەتی قسەی نەدات).

باوەڕدار ئازاد بكات، (ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِۦ) ئەوەی خوا واجبی كردۆتە سەرتان لە ئازادكردنی بەندە ئامۆژگارییەكە بۆتان و ئامۆژگاریتانی پێدەكرێت تا جارێكی تر ئەو ووتانە بەدەمتاندا نەیەت، وە خوای پەروەردگاریش ئاگادارە بەو كارو كردەوانەی كە ئێوە دەیكەن.

ئەگەر ئەو موسڵمانەی كە (ظِهار)ی لە ژنەكەی كردووە و پاشان پەشیمان دەبێتەوە ئەوە پێش ئەوەی بچێتە لای خێزانی پێویستە بەندەیەكی باوەڕدار ئازاد بكات، ئەگەر بەندەی دەست نەكەوت ئەوە دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك و بێ بەین تێكردن بە ڕۆژوو بێت، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەوە دەبێت خواردنی شەست كەسی فەقیرو هەژار بدات.

وە ئازادكردنی بەندە لە تۆڵەی كەفارەتی سوێند خواردندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ (المائدة: ٨٩). واتە: خوا بە سوێندی سەرزارەكی و بێمەبەست و بێنیاز ناتانگرێ و هیچتان لەسەر نانووسێت، بەڵام بەو سوێندانە دەتانگرێ و لەسەرتان دەنووسێت كە لە دڵتانەوە دێتە دەرو ناشیان بەنەسەر، جا هەر كەسێك سوێندی ناو دڵ بخوات و نەیباتە سەر، یان بۆی نەكرا، ئەوە دەبێت كەفارەتی بدات بەم شێوەیە: خواردنی دە كەسی فەقیرو هەژار بدات لەو خۆراكە مام ناوەندییە كە ئێوە ڕۆژانە بە ماڵ و منداڵ و خێزانی خۆتانی دەدەن، یان دەبێ جل و بەرگی دە كەسی فەقیرو هەژار بكەن، یان دەبێت كۆیلەیەك ئازاد بكەن، **جا هەر كەسێك ئەوانەی نەبوو ئەوە دەبێت سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت**، ئەوەیە كەفارەتی ئەو سوێندانەی كە بە ئەنقەست خواردووتانن و دەیان شكێنن، دەی كەوابوو سوێندەكانتان ڕاگرن و بیانپارێزن، بە ناچاری نەبێت مەیان

شكێنن، ئا بەو شێوەیە خوا یاساکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆتان تا ئێوەش سوپاسگوزاری پەروەردگارتان بن.

وە ئازادکردنی کۆیلە وەکو کەفارەت بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بە ڕۆژووەو جیماع لەگەڵ خێزانیدا دەکات، هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووین لە مەجلیسێك، پیاوێك هات و ووتی: ((يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلَكْتُ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَا لَكَ؟ قَالَ: وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي وَأَنَا صَائِمٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): هَلْ تَجِدُ رَقَبَةً تُعْتِقُهَا؟ فَقَالَ: لاَ، فَقَالَ: فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ؟ قَالَ: لاَ، قَالَ: فَهَلْ تَجِدُ إِطْعَامَ سِتِّينَ مِسْكِينًا؟ قَالَ: لاَ، فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَبَيْنَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ أُتِيَ بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ وَالْعَرَقُ الْمِكْتَلُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَيْنَ السَّائِلُ آنِفًا؟ خُذْ هَذَا التَّمْرَ فَتَصَدَّقْ، فَقَالَ الرَّجُلُ: أَعَلَى أَفْقَرَ مِنْ أَهْلِي يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَوَ اللَّهِ مَا بَيْنَ لاَبَتَيْهَا يُرِيدُ الْحَرَّتَيْنِ أَهْلُ بَيْتٍ أَفْقَرُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِي، قَالَ: فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ، ثُمَّ قَالَ: أَطْعِمْهُ أَهْلَكَ))[١٣٠]. واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هیلاکدا چووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: چیتە بۆ بە هیلاك چووی؟ پیاوەکە ووتی: لەگەڵ خێزانمدا جیماعم کرد لە کاتێکدا بە ڕۆژوو بووم (لە مانگی ڕەمەزاندا)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا کۆیلەیەك شك دەبەیت تا ئازادی بکەیت؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بە ڕۆژوو بیت؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەتوانی خواردنی شەست فەقیر بدەیت، پیاوەکە ووتی: نەخێر، أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) تۆزێك مایەوە سەبەتەیەك خورمای بۆهات، پاشان فەرمووی: کێ

---

[١٣٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٠/٨٩)، والبخاري واللفظ له (١٩٣٦)، ومسلم (١١١)، والترمذي (٧٢٤)، وأبو داود (٢٣٩٠)، وابن ماجه (١٦٧١).

بوو ئەو کەسەی کە پێشتر پرسیاری کرد؟ پیاوەکە ووتی من بووم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڕۆ ئەو سەبەتە خورمایە بەرەو بیکە بە خێر، پیاوەکە ووتی: ئایا کەسێك هەیە لە من فەقیرتر بێت تا بیکەمە خێرو بیدەمێ؟ سوێند بە خوا لەم پەڕ بۆ ئەو پەڕی شارماڵێك نییە لە ماڵی ئێمە هەژارتر بێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی تا ددانی پیرۆزی دەرکەوت، پاشان فەرمووی: بڕۆ ئەو سەبەتە خورمایە بکە خواردنی ماڵ و منداڵەکەت.

وە ئازادکردنی بەندە بۆ کەسێك کە بەندەکەی ئازار دەدات، زاذان (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: چووم بۆ لای إبن عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) بەندەیەکی ئازادکردبوو، چیلکەیەك یان شتێکی هەڵگرت و ووتی: ئازادکردنی ئەو بەندەیە بە ئەندازەی ئەو چیلکە دارە خێری تیا نییە، بەڵام گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: ((مَنْ لَطَمَ مَمْلُوكَهُ أَوْ ضَرَبَهُ فَكَفَّارَتُهُ أَنْ يُعْتِقَهُ)) [١٣١]. واتە: هەر کەسێك لە کۆیلەکەی داو ئەزیەتی داو برینداری کرد ئەوە کەفارەتەکەی ئازادکردنییەتی.

أبو مسعود الأنصاري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: کۆیلەیەکم هەبوو لێم داو ئەزیەتم دا، گوێم لە دەنگێك بوو لە پشتمەوە دەیووت: خوای پەروەردگار بەدەسەڵاتترە بەسەرتا لە دەسەڵاتی تۆ بەسەر ئەودا، کاتێك ئاوڕم دایەوە بینیم پێغەمبەرە (ﷺ)، ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئازادبێت لە بەر خوا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((أَمَا لَوْ لَمْ تَفْعَلْ لَلَفَحَتْكَ النَّارُ أَوْ لَمَسَّتْكَ النَّارُ)) [١٣٢]. واتە: ئەگەر ئازادت نەدەکرد ئەوە شاڵاوی ئاگری دۆزەخ دەتی گرت، یان دەتی سووتاند (واتە: لە دواڕۆژدا). ئازادکردنی کۆیلە تەنها لەبەر خوای پەروەردگار، بێ هیچ کەفارەتێك خێرو پاداشتی یەکجار زۆری هەیە، وە خاوەنەکەی ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ،

---

[١٣١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/١٤٩)، ومسلم واللفظ له (١٦٥٧)، وأبو داود (٥١٦٨).

[١٣٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/١٤٩)، ومسلم واللفظ له (١٦٥٩)، والترمذي (١٩٤٨)، وأبو داود (٥١٥٩).

عَمْرِو کوڕی عَنْبَسَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُؤْمِنَةً كَانَتْ فِدَاءَهُ مِنَ النَّارِ)) [١٣٣]. واتە: هەر موسڵمانێك کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات ئەوە بۆی دەبێتە ڕزگارکەری لە ئاگری دۆزەخ.

هەر بۆیە پیاوچاکانی پێشینی ئەم ئوممەتە پێشبڕکێیان کردووە لە ئازاد کردنی کۆیلە، تا خێرو پاداشتی گەورەی بەندە ئازادکردنیان دەست بکەوێت.

نافع (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: إبنُ عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) نەمرد تا هەزار یان زیاتر کۆیلەی ئازادکرد [١٣٤].

وە حَکیمِ کوڕی حِزام (خوای لێ ڕازی بێت) لە سەردەمی جاهلیدا سەد کۆیلەی ئازاد کردووە، وە دوای موسڵمان بوونیشی سەد کۆیلەی تری ئازاد کردووە [١٣٥].

هاندانی ئیسلام و دەست پێشخەری موسڵمانان بۆ کۆیلە ئازاد کردن وای کرد کە کۆیلایەتی نەمێنێت، تا وای لێهاتووە موسڵمان کۆیلەیەك نابینێت تا ڕزگاری بکات ئەگەر یەکێك لەو کەفاراتانەی کەوتەسەر، یان بیەوێت خێری کۆیلە ئازاد کردنی دەست بکەوێت، ئەمەش ڕاستی فەرموودەی خوای پەروەردگاری پێ دێتەدی کە لە چەند ئایەتێکدا دەفەرموێت: ﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ ﴾ (النساء: ٩٢)، وە ﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ﴾ (المائدة: ٨٩)، واتە: ئەگەر کەسێك کۆیلەی نەبوو یان دەستی نەکەوت ئەوە با دوو مانگ لەسەر یەك و بێ بەین تێکردن بە ڕۆژوو بێت (لە کەفارەتی کوشتندا)، یان سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت لە کەفارەتی سوێند خواردنا (پاش ئەوەی ئەو کەسە سوێندی خواردووەو نایباتە سەرو دەیشکێنێت).

---

[١٣٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/١٤٢)، والنسائي (٣١٤٢)، وأبو داود (٣٩٦٦)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٠٥٠).

[١٣٤] **بڕوانە**: صفة الصفوة لإبن الجوزي (١/٢٤٠).

[١٣٥] **بڕوانە**: صفة الصفوة لإبن الجوزي (١/٣١٣).



بەمەش بۆمان دەردەکەوێت ئیسلام یەکەم دینە کە کۆیلەی ئازاد کردووە بە هۆکاری زۆر سووک و ئاسان.

موسڵمانی خۆشەویست فەزڵ و بەرەکەتی خوای پەروەردگار زۆرە بەسەرمانەوە لە کاتێکدا بێبەشی نەکردووین لە خێرو پاداشتی کۆیلە ئازادکردن سەرەڕای نەبوونی یان ئەستەم دەست کەوتنی (لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا)، بەڵکو چەند کارێکی خێری بۆ داناوین بە کردنیان خێرو پاداشتی کۆیلە ئازاد کردنمان دەست دەکەوێت، ئەمەش واتای ڕزگار بوونە لە ئاگری دۆزەخ، بەڵام ئەم کارە خێرانە شوێنی کەفارەتی کوشتن و ظِهار و سوێند خواردن و...، ناگرێتەوە.

ئەو کارە خێرانەی خێرو پاداشتی کۆیلە ئازاد کردنیان هەیە ئەمانەن

یەکەم: سوڕانەوە بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا (الطَّواف):

إبنُ عُبَيدِ کوڕی عُمَير (خوایان لێ ڕازی بێت) لە باوکییەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: جارێکیان "عبدُالله کوڕی ئیمامی عُمَر"م بینی (خوایان لێ ڕازی بێت) لە ڕووکنی (اليَمانِي) و ڕوکنی (بەردەڕەشەکە "الحَجَرُ الأسوَد") زیاد دەچووە پێشەوە، هیچ کات هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرم (ﷺ) نەبینیبو بەو شێوەیە، منیش ووتم: ئەی باوکی عَبدالرَّحمن دەتبینم لە ڕوکنی (اليَمانِي) و ڕوکنی (بەردەڕەشەکە) زیاد دەچیتە پێشەوە، هیچ کات هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرم (ﷺ) نەبینیوە بەو شێوەیە، "عبدُالله کوڕی ئیمامی عُمَر" (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: بۆیە ئەو کارە دەکەم، چونکە گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: ((إنَّ مَسْحَهُما كَفّارَةٌ لِلخَطايا))، واتە: دەست هێنان بە ڕوکنی (اليَمانِي) و ڕوکنی (بەردەڕەشەکە"الحَجَرُ الأسوَد")

دەبێتە هۆكاری لێخۆش بوون و سڕینەوەی تاوانەكان. وە گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: ((مَنْ طَافَ بِهَذَا الْبَيْتِ أُسْبُوعًا فَأَحْصَاهُ كَانَ كَعِتْقِ رَقَبَةٍ لا يَضَعُ قَدَمًا وَلا يَرْفَعُ أُخْرَى إِلَّا حَطَّ اللَّهُ عَنْهُ خَطِيئَةً وَكَتَبَ لَهُ بِهَا حَسَنَةً)) [١٣٦]. واتە: هەر كەسێك بە دەوری ئەم بەیتەدا بسوڕێتەوە حەوت جار بێ كەم و زیاد، ئەوە خێرو پاداشتی كۆیلە ئازاد كردنێكی هەیە، وە ئەو كەسەی كە تەواف دەكات هیچ پێیەكی هەڵناگرێ و ئەوی تریان دانانێت ئیللا خوای پەروەردگار تاوانێكی پێ دەسڕێتەوەو خێرێكی بۆ دەنووسێت.

دەی كەوابوو ئەی موسڵمانی خۆشەویست كاتێك ڕێت كەوتە ئەو شوێنە پیرۆزە تەواف زۆر بكەو كاتت بە بازاڕو سەردانی شوێنێك مەكوژە كە لە سوننەتدا نەهاتووە، چونكە ئەو خێرە گەورەیەت لە دەست دەچێت و لە هیچ شوێنێكی سەر ڕووی زەوی دەستت ناكەوێت.

دووەم: كردنی دوو ڕكات نوێژی سوننەت لە دوای تەواف كردن، وە هاتوو چۆی نێوان سەفاو مەڕوە:

ئیمامی عُمَر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَأَمّا ركعتاكَ الطَّوافَ، كَعِتْقِ رَقَبَةٍ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ، وأمّا طَوافُكَ بَينَ الصَّفا وَالمَروَةِ بَعدَ ذلكَ كَعِتْقِ سَبعينَ رَقَبَةٍ ...)) [١٣٧]. واتە: ... كردنی دوو ڕكات نوێژت لە دوای تەواف پاداشتی ئازاد كردنی كۆیلەیەكی هەیە لە نەوەی پێغەمبەر إسماعیل (علیه‌السلام)، وە هاتوو چۆی نێوان سەفاو مەڕوەت لە دوای ئەو دوو ڕكات نوێژە پاداشتی ئازاد كردنی حەفتا كۆیلەی هەیە ....

هاتوو چۆی نێوان سەفاو مەڕوە ناكرێت بەبێ كردنی حەج و عومرە، لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كردنی حەج و عومرە خاوەنەكەی ڕزگار دەكات لە ناخۆشی و ناڕەحەتی ئاگری دۆزەخ كاتێك موسڵمان بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات.

---

[١٣٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٣/١٢)، والترمذي واللفظ له (٩٥٩)، والنسائي (٢٩١٩)، وابن ماجه (٢٩٥٦)، والحاكم (٤٨٩/١)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": صحيح لغيره (١١٣٩).

[١٣٧] رواه الطبراني، والبزار، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن لغيره (١١١٢).

سێیەم: جیهاد کردن لە پێناو خوای پەروەردگاردا:

عَمرِو کوڕی عَنبَسَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ رَمَى الْعَدُوَّ بِسَهْمٍ فَبَلَّغَ سَهْمَهُ أَخْطَأَ أَوْ أَصَابَ فَعِدْلُ رَقَبَةٍ)) [١٣٨]. واتە: هەر موسڵمانێك تیرێك بهاوێت بۆ دوژمن و پێی بگات، بیپێکێت یان نا (بەر دوژمن بکەوێت و بیکوژێت یان نەیکوژێت)، ئەوە پاداشتی ئازاد کردنی کۆیلەیەکی هەیە.

وە هاوەڵی بەڕێز أبو نَجیح (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ رَمَى بِسَهْمٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَهُوَ عِدْلُ مُحَرَّرٍ)) [١٣٩]. واتە: هەر موسڵمانێك تیرێك بهاوێت لە پێناو خوای پەروەردگاردا ئەوە پاداشتی ئازاد کردنی کۆیلەیەکی هەیە.

موسڵمانی خۆشەویست لەم فەرموودانە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە تیر هاویشتن بە نییەتی جیهاد کردن لە گەڵ کافراندا خێرو پاداشتی ئازاد کردنی کۆیلەی هەیە.

چوارەم: یارمەتی دانی برای موسڵمانت، قەرز پێدانی، ڕێ پیشاندانی کەسێکی ڕێ لێ تێکچوو، یان کەسێکی نابینا:

هاوەڵی بەڕێز براءِ کوڕی عازب (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ مَنَحَ مِنْحَةَ وَرِقٍ أَوْ مِنْحَةَ لَبَنٍ أَوْ هَدَى زُقَاقًا فَهُوَ كَعِتَاقِ نَسَمَةٍ)) [١٤٠]. واتە: هەر موسڵمانێك قەرز بدا بە موسڵمانێك، یان "ووشترەکەی، مانگاکەی، مەڕەکەی..." بداتێ تا سوودی لێ

---

[١٣٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/١٢)، وابن ماجه (٢٨١٢)، والحاكم (٢/٩٥)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (١٢٨٥).

[١٣٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢١/١٧٧)، والترمذي (١٦٣٨)، والنسائي (٣١٤٣)، والحاكم (٢/١٢١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٢٦٨).

[١٤٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥/١٦٣)، والترمذي (١٩٥٧)، وابن حبان (٥٠٩٦)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٥٥٩).

ببینێت "شیرەکەی بدۆشێت" پاشان بۆی بگێڕێتەوە، یان ڕێنموونی کەسێکی ڕێ لێ تێکچوو بکات یان دەستی نابینایەك بگرێت، ئەوە خێرو پاداشتی ئازاد کردنی کۆیلەیەکی هەیە.

ئەم کارە خێرانە کە لابردنی ناخۆشی و ناڕەحەتی موسڵمانانە، بە کردنی هەر یەکێکیان خوای پەروەردگار خێرو پاداشتی ئازاد کردنی کۆیلەیەکت بۆ دەنووسێت.

پێنجەم: خوێندنی ئەم زیکرە لە دوای نوێژی بەیانی و ئێوارە دە جار، (لا إِلَهَ إلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ):

هاوەڵی بەڕێز أبو أيوب الأنصاري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەر موسڵمانێك بەیانیان دە جار بڵێت: ((لا إِلَهَ إلا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)) ئەوە: ((كُتِبَ لَهُ بِكُلِّ وَاحِدَةٍ قَالَهَا عَشْرُ حَسَنَاتٍ، وَرَفَعَهُ اللَّهُ بِهَا عَشْرَ دَرَجَاتٍ، وَكُنَّ لَهُ كَعِتْقِ عَشْرِ رِقَابٍ، وَكُنَّ لَهُ مَسْلَحَةً مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ إِلَى آخِرِهِ، وَلَمْ يَعْمَلْ يَوْمَئِذٍ عَمَلا يَقْهَرُهُنَّ، وَإِنْ قَالَهَا حِينَ يُمْسِي فَمِثْلُ ذَلِكَ))[١٤١]. واتە: هەر موسڵمانێك بەیانیان دە جار ئەم زیکرەی خوێند ئەوە هەر بە یەکجار ووتنی (لا إِلَهَ إلا اللَّهُ وَحْدَهُ ...) خوای پەروەردگار دە چاکەی بۆ دەنووسێت، وە دە خراپەی لەسەر لا دەبات، وە دە پلە بەرزی دەکاتەوە، وە دە جار ووتنی ئەو زیکرە خێرو پاداشتی ئازاد کردنی دە کۆیلەی هەیە، وە خوای پەروەردگار ئەو زیکرانە بۆ ئەو موسڵمانە دەکاتە سیلاح و پارێزەرێك لە بەیانی هەتا ئێوارە دەیپارێزێت، وە هیچ کەسێك چاکەی ناگاتە ئەو موسڵمانە مەگەر کەسێك بە وێنەی ئەو یان زیاتری کردبێت، وە ئەگەر موسڵمان ئێوارەش دە جار ئەو زیکرەی خوێند ئەوە ئەو هەموو خێرو چاکەیەی بۆ دەنووسرێت.

---

[١٤١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٤/٢٣٥)، والترمذي (٣٥٣٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٦٦٠).

خوێندنی ئەم زیکرە بەیانیان دە جارو ئێواران دە جار خێرو پاداشتی ئازاد کردنی بیست کۆیلەی هەیە.

شەشەم: ووتنی ئەم زیکرە ڕۆژانە سەد جار، ((لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير)):

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەر موسڵمانێك ڕۆژی سەد جار بڵێت: ((لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)) ئەوە ((كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنْ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِيَ وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلَّا أَحَدٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ)) [١٤٢]. واتە: هەر موسڵمانێك ڕۆژی سەد جار ئەم زیکرەی خوێند ئەوە خێرو پاداشتی ئازاد کردنی دە کۆیلەی بۆ دەنووسرێت، وە سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، وە سەد تاوانی دەسڕدرێتەوە، وە بۆی دەبێتە پارێزەر لە شەیتان ئەو ڕۆژە تا ئێوارە، وە هیچ کەسێك نایات لە دوارۆژدا بەوێنەی ئەو موسڵمانە خێرو چاکەی هەبێت، مەگەر موسڵمانێك ئەو زیکرەو کردەوەی چاکەی زیاتری کردبێت.

موسڵمانی ئازیز دەتوانیت سەد جار ئەم زیکرە بڵێیت لە چارەکە سەعاتێکدا، لە ناو سەیارەدا بیت، یان بۆ سەر کارەکەت بچیت، یان لە بازاڕ بیت، یان بۆ مزگەوت بچیت،......، جا ئەم هەموو خێرە لە دەست خۆت مەدە.

حەوتەم: ووتنی ئەم زیکرانە سەد جار لە ڕۆژێکدا (اللهُ أكبَر، الحَمدُلله، سُبحانَ الله):

هەر موسڵمانێك ئەم زیکرانە سەد جار بخوێنێت خێرو پاداشتی ئازاد کردنی سەد کۆیلەی بۆ دەنووسرێت، أُمُّ هانئ (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: چووم بۆ لای پێغەمبەرو (ﷺ) پێم

---

[١٤٢] رواه الإمام مالك (٤٨٦)، وأحمد "الفتح الرباني" (٢١٦/١٤)، والبخاري (٣٢٩٣)، ومسلم (٢٦٩١)، والترمذي (٣٤٦٨)، وإبن ماجه (٣٧٩٨).

ووت: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پیر بوومەو بێتاقەت بوومە (واتە: ناتوانم هەموو کارێکی خێر بکەم) کارێکی چاکم پێ بڵێ (تا بە دانیشتنەوە بیکەم و شوێنی هەندێ عیبادەتم بۆ بگرێتەوە کە ناتوانم بیکەم)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كَبِّرِي اللَّهَ مِائَةَ مَرَّةٍ، وَ احْمَدِي اللَّهَ مِائَةَ مَرَّةٍ، وَسَبِّحِي اللَّهَ مِائَةَ مَرَّةٍ، خَيْرٌ مِنْ مِائَةِ فَرَسٍ مُلْجَمٍ مُسْرَجٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَخَيْرٌ مِنْ مِائَةِ بَدَنَةٍ، وَخَيْرٌ مِنْ مِائَةِ رَقَبَةٍ)) [١٤٣]. واتە: سەد جار بڵێ (اللهُ أكبَر)، وە سەد جار بڵێ (الحَمدُلله)، وە سەد جار بڵێ (سُبحانَ الله)، ووتنی ئەمانە خێرترە لە ئامادەکردنی سەد ئەسپی لغاو کراو لە پێناو خوای پەروەردگاردا (بۆ جیهاد)، وە خێرترە لە بەخشینی سەد ووشتر، وە خێرترە لە ئازاد کردنی سەد کۆیلە.

نرخی ئازادکردنی سەد کۆیلە لە سەدان ملیۆن دینار زیاترە، هەر موسڵمانێك ئەم زیکرانە بڵێت ئەوە وەك ئەوە وایە ئەوەندە پارەیەی کردبێت بە خێرو قەڵایەکی پۆڵایینی لە نێوان خۆی و ئاگردا دروست کردبێت کاتێك بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕوات.

بەشی سێیەم:
ناڕەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط) و ئەو کارانەی کە ڕوناکی دەکەنەوە

ناڕەحەتی و تاریکی سەر پردی (صِراط) زۆر زۆرە لە کاتێکدا ئەوەندە تاریکە موسڵمان هیچ نابینێت، مەگەر کەسانێك خوای پەروەردگار ڕوناکی پێ بەخشیبێتن و پردی (صِراط)ی بۆ ڕوناك کردبێتنەوە، لە پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا کردوویانە، لە کاتێکدا ئاگری دۆزەخ ئەوەندە ڕەش و تاریکە تروسکەیەك ڕوناکی تێدا نییە، هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ

[١٤٣] حسنه الشيخ الألباني في "صحيح سنن إبن ماجة" (١٢٥٢/٢، رقم:٣٨١٠).

ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أَتَحْسَبُونَ أَنَّ نَارَ جَهَنَّمَ مِثْلُ نَارِكُمْ هَذِهِ؟ هِيَ أَشَدُّ سَوَادًا مِنَ الْقَارِ، هِيَ جُزْءٌ مِنْ بِضْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا مِنْهَا)) [١٤٤]. واتە: ئایا وا گومان دەبەن کە ئاگری دۆزەخ وەکو ئاگری دونیاتان وایە؟ نەخێر ئاگری دۆزەخ ڕەشترە لە قیر، ئاگری دونیا بەشێکە لە شەست و ئەوەندە بەشی ئاگری دۆزەخ (واتە: ئاگری دۆزەخ شەست و ئەوندە جار ڕەشترو گەرمترو بە تینترە لە ئاگری دونیا).

هاوەڵی بەڕێز ثَوبان (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: جارێکیان لای پێغەمبەر (ﷺ) وەستابووم، زانایەك لە زاناکانی جولەکە هات و ووتی سەلامت لێبێت ئەی موحەممەد (ﷺ)، ثَوبان (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پاڵێکم پێوەناو ئەزیەتمدا، زانا جولەکە ووتی: بۆ پاڵم پێوە دەنێی؟ منیش ووتم: بۆ ناڵێی ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش ووتی: ئێمە بانگی دەکەین بەو ناوەی کە ئەهلەکەی ناویان ناوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ناوم "مُحَمَّد"ـە، ئەهلەکەم بەو ناوە ناومیان ناوە، زانا جولەکەکە ووتی: بۆ ئەوە هاتووم بۆلات تا چەند پرسیارێکت لێ بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جا هەر شتێکت بۆ باس بکەم سوودت پێدەگەیەنێت؟ جولەکەکە ووتی: گوێی لێدەگرم، پێغەمبەر (ﷺ) چیلکە دارێکی بە دەستەوە بوو لە زەوی دەخشاند، ووتی: پرسیار بکە، جولەکەکە ووتی: خەڵکی لە کوێن لەو ڕۆژەی کە ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕدرێن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هُمْ فِي الظُّلْمَةِ دُونَ الجِسْرِ) لە تاریکیدان لەسەر پردی (صِراط)، جولەکەکە ووتی: یەکەم کەس کێیە بەسەریا دەپەڕێتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فُقَراءُ المُهاجِرين) فەقیرو هەژارە کۆچکردووەکانن، جولەکەکە ووتی: کاتێ دەچنە بەهەشتەوە چییان دەدرێتێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جەرگی حووت، جولەکەکە ووتی: دواى ئەوە چی خواردنێکیان دەدرێتی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (يُنْحَرُ لَهُم ثَورُ الجَنَّةِ الّذي كانَ

---

[١٤٤] صححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٦٦)، الجامع الصحيح للسنن والمسانيد (٣ /٣٣٤)

يَأكُلُ مِنْ أطْرافِها) گای بەهەشتیان بۆ سەر دەبڕدرێت، کە لە دەورو پشتی بەهەشت دەلەوەڕێت، جولەکەکە ووتی: ئەی خواردنەوەیان چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (مِنْ عَينٍ فيها تُسَمّى سَلْسَبيلاً) خواردنەوەیان لە کانی و چاوەیەکە پێی دەووترێت (السّلْسَبيل)، جولەکەکە ووتی: ڕاستە فەرمووی. کاتێك هاتم بۆلات و ئەو پرسیارانەتم لێ کرد، مەبەستم ئەوەبوو ڕاستی پێغەمبەرێتی (ﷺ) تۆم بۆ دەربکەوێت، چونکە هیچ کەس لەسەر ڕووی زەوی وەڵامی ئەم پرسیارانە نازانێت مەگەر پێغەمبەرێك (ﷺ) ، یان پیاوێك، یان دوو پیاو، زانا جولەکەکە ووتی: پرسیارێکی ترت لێدەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جا هەر شتێکت بۆ باس بکەم سوودت پێدەگەیەنێت؟ جولەکەکە ووتی: گوێی لێدەگرم، هاتووم پرسیاری منداڵت لێبکەم (واتە: ئایا پێش لە دایك بوونی دەزانرێت کوڕە یان کچە؟)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (مَاءُ الرَّجُلِ أَبْيَضُ وَمَاءُ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ، فَإِذَا عَلاَ مَنِيُّ الرَّجُلِ مَنِيَّ الْمَرْأَةِ أَذْكَرَا بِإِذْنِ اللَّهِ تَعَالَى، وَإِذَا عَلاَ مَنِيُّ الْمَرْأَةِ مَنِيَّ الرَّجُلِ آنَثَا بِإِذْنِ اللَّهِ). واتە: ئاوی پیاو سپییەو ئاوی ئافرەتیش زەردە، ئەگەر هەردووکیان کۆبونەوە، ئاوی پیاوەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی ئافرەتەکەدا ئەوە منداڵەکە کوڕ دەبێت بە ویستی خوای پەروەردگار، وە ئەگەر ئاوی ئافرەتەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاوەکەدا ئەوە منداڵەکە کچ دەبێت بە ویستی خوای پەروەردگار، جولەکەکە ووتی: ڕاستت فەرموو بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خوایت (ﷺ) ، پاشان پشتی هەڵکردوو ڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لَقَدْ سَأَلَنِي هَذَا عَنِ الَّذِي سَأَلَنِي وَمَا لِي بِشَيْءٍ مِنْهُ عِلْمٌ حَتَّى أَتَانِي اللَّهُ بِهِ)) [١٤٥]. واتە: کاتێك ئەو جولەکەیە پرسیاری ئەو شتانەی لێکردم، زانیاریم بە هیچیان نەبوو تا خوای پەروەردگار فێری کردم و ئاگاداری کردمەوە.

[١٤٥] رواه الإمام مسلم (٣١٥)، والبيهقي في "السنن الكبرى" (١ / ١٦٩، رقم:٨٣٠)

کاتێك ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕدرێن بە ئاسمان و زەوی تر، خەڵکی لە ناڕەحەتی و تاریکیدان لەسەر پردی (صِراط)، هەروەك دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشة لەم بارەیەوە فەرموودەیەکمان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموویێت: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ﴿٤٨﴾ ﴾ (إبراهيم: ٤٨). واتە: لەو ڕۆژەدا کە قیامەتە ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕدرێت بۆ ئاسمان و زەوی تر. ووتم: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژەدا خەڵکی لە کوێن؟ ئەویش فەرمووی: لەسەر پردی (صِراط)ن، لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی التّرمذي دەیگێڕێتەوە، فەرمووی: خەڵکی لەو ڕۆژەدا لە تاریکیدان لەسەر پردی (صِراط) [١٤٦].

لەوکاتەدا خوای پەروەردگار ڕوناکی بە ئیمانداران و دووڕووان دەبەخشێت، پێی دەڕۆن لەسەر پردی (صِراط)، لە ناکاو "لەو تاریکی و ناڕەحەتییە" ڕوناکی دووڕووەکان دەکوژێتەوە، تا بکەونە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ڕوناکی ئیمانداران دەمێنێتەوە بەڵام هەر کەس بە پێی کردەوەکانییەتی.

أبوالزُّبیر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: ئاگام لێبوو پرسیار لە جابر کوڕی عبدُالله کرا (خوایان لێ ڕازی بێت) دەربارەی: (وَإنْ مِّنكُم إلاّ وارِدُها) ئەویش فەرمووی: لە دواڕۆژدا دێین، بانگی ئوممەتان دەکرێت بە پەرستراوەکانیانەوە (ئەوەی لە دونیادا پەرستوویانە) ئوممەت لە دوای ئوممەت، دوای ئەوە خوای پەروەردگار دێت بۆ لامان و پێمان دەڵێت: کێتان دەوێ و چاوەڕێی کێ دەکەن؟ موسڵمانان دەڵێن: چاوەڕێی پەروەردگارمان دەکەین، خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: من پەروەردگارتانم، ئێمەش دەڵێین دەمانەوێ بتبینین، خوای پەروەردگار خۆی پیشانیان دەدات و پێدەکەنێت، خوای پەروەردگار دەیان بات و ئەوانیش شوێنی دەکەون،

---

[١٤٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٨٩/١٨)، ومسلم (٢٧٩١)، و الترمذي (٣١٢١)، وإبن ماجه (٤٢٧٩)، والدارمي (٢٨٠٩)، وإبن حبان (٣٣١)، والحاكم (٤٧٣/٢).

پاشـان خـوای پـەروەردگار ڕوناکیـان پێدەبەخشـێت ئیمانـدار بـن یـان دووڕوو، ئـەوانیش دوای ڕووناکییەکەیان دەکەون تا لەسەر پردی (صِراط) پێی بپەڕنەوە، لەسەر پردی (صِراط) قـولاپ و دڕکی ئاگرینی لێیە ئەو کەسانە دەگرێت کـە خـوای پـەروەردگار ویسـتی لێیـە، پاشـان ڕونـاکی دووڕووەکـان دەکوژێتـەوە، موسـڵمانان لەسـەر پـردی (صِراط) دەپەڕنـەوەو ڕزگاریـان دەبێـت، یەکەم کۆمەڵ کە دەپەڕنەوەو ڕزگاریان دەبێت دەم و چاویان درەوشاوەیە وەکو مانگ لە شەوی چواردەدا، حەفتا هەزار کەسن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت (سـزا نـادرێن)، پاشـان کۆمـەڵی دوای ئەوان کە دەپەڕنەوەو ڕزگاریان دەبێت وەکو ئەسـتێرەکانی ئاسمـان درەوشـاوەن، پاشـان کۆمەڵ کۆمەڵ بەو شێوەیە دەپەڕنەوەو ڕزگاریان دەبێـت، پاشـان شـەفاعەت ڕێگـە پێـدەدرێت، موسڵمانان شەفاعەت دەکەن، بە هـۆی شـەفاعەتیانەوە کەسـانێك لـە ئـاگری دۆزەخ دەردەکـەن ووتویانــە: (لا إله إلاّ الله)، وە لــە دڵیانــدا خێــرو چــاکە هــەبووە بــە ئەنــدازەی دەنکــە جــۆ، دەردەهێنرێن لە ئاگری دۆزەخ و لە دەوری بەهەشت دادەنرێن، ئەهلی بەهەشت ئاویان بەسـەردا دەکەن، ئەوانیش دەگەشـێنەوە (سـووتاویان چـاك دەبێتـەوەو ڕەشـێتیان نامێنێت) بـە وێنـەی دانەوێڵە چۆن ئاوی بەسەردا دەڕوات دەڕوێت و دەگەشێتەوە، ئەوانیش بەو ئاوە دەگەشـێنەوە، پاشان ئەو موسڵمانانە بەردەوام داوای بەهەشت دەکەن تا خوای پەروەردگار بـــە وێنەی دونیاو دە جار ئەوەندەی دونیا موڵکیان پێدەدات[١٤٧].

خوای پەروەردگار دیمەنی ئیماندارانمان بۆ باس دەکات کە لە ڕوناکیدا دەڕۆن، وە دیمەنی دووڕووانمان بۆ باس دەکات چۆن ڕوناکیان دەکوژێتەوەو داوا لە ئیمانداران دەکەن تا چاوەڕێیان بکەن و ئەمانیش بە هۆی ڕوناکی ئەوانەوە بتوانن لە تاریکی سەر پردی (صِراط) ڕزگاریان بێت و بپەڕنەوە، خـوای پـەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم

---

[١٤٧] رواه الإمام أحمد "المسند"(١٤٧٦٣)، ومسلم موقوفا على جابر τ (١٩١).



بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٢﴾ يَوۡمَ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ
لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا فَضُرِبَ بَيۡنَهُم بِسُورٖ لَّهُۥ بَابُۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحۡمَةُ
وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلۡعَذَابُ ﴿١٣﴾ يُنَادُونَهُمۡ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمۡ فَتَنتُمۡ أَنفُسَكُمۡ وَتَرَبَّصۡتُمۡ وَٱرۡتَبۡتُمۡ
وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ﴿١٤﴾ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُؤۡخَذُ مِنكُمۡ فِدۡيَةٞ وَلَا مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ
مَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُۖ هِيَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾ ﴾ (الحديد: ١٢ – ١٥). واته: ڕۆژی قیامەت پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار دەبینیی ڕوناکیەکەیان لەبەر دەم و لای ڕاستیانەوە دەدرەوشێتەوە، فریشتە پێیان دەڵێن: مژدەتان لێبێت ئەمڕۆ بە باخ و باخاتێك كە جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەخت و کۆشکەکانیاندا دەڕوات، بە هەمیشەیی و هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە، بەڕاستی ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی گەورە، (يَوۡمَ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ) لەو ڕۆژەدا پیاوانی دووڕوو و ئافرەتانی دووڕوو بە ئیمانداران دەڵێن: چاوەڕوانیمان بکەن تا لە نوورو ڕوناکیەکەتان وەرگرین، (قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا) پێیان دەووترێ: بگەڕێنەوە بۆ دواوەتان (دونیا) و لەوێ ڕوناکی وەربگرن، (فَضُرِبَ بَيۡنَهُم بِسُورٖ لَّهُۥ بَابُۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحۡمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلۡعَذَابُ) یەکسەر بەربەستێك (دیوارێك) دەخرێتە نێوان ئیمانداران و مونافیقەکان، دەرگایەکی تیایە، دیوی ناوەوەی ڕەحمەتی تیایە (ئەوەی لە ئیماندارەکانەوە دیارە)، لە دیوی دەرەوەشی سزای تیایە (ئەوەی لە مونافیقەکانەوە دیارە)، دوای ئەوە بەهەشتیەکان دەچنە بەهەشتەوە، (يُنَادُونَهُمۡ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡ) مونافیقەکان بانگیان لێدەکەن و دەڵێن: باشە ئێمە لەگەڵ ئێوە نەبووین "لە دونیا"، موسڵمانان دەڵێن: (بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمۡ فَتَنتُمۡ أَنفُسَكُمۡ وَتَرَبَّصۡتُمۡ وَٱرۡتَبۡتُمۡ) بەڵێ بە ڕواڵەت لەگەڵمان بوون، بەڵام ئێوە خۆتان تووشی دووڕوویی کرد، وە هەمیشە چاوەڕوانیتان دەکرد تا ئێمە توشی بەڵا بین، وەك لە سورەتی (التَّوبَة)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ

الدَّوائِر) خۆیان مەلاس دابوو تا زیان بە موسڵمانان بگەیەنن، (وَٱرۡتَبۡتُمۡ) وە هەمیشە لە دوو دڵی و گوماندا دەژیان بەرامبەر دینەکەی خوا، (وَٱرۡتَبۡتُمۡ وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ) وە هیواو ئارەزووی ناشیاو فریوی دابوون، تا فەرمانی خوا هات (مردن)، وە شەیتانی نەفرەت لێکراوو خراپەکاریش فریوی دابوون بەرامبەر فەرمانەکانی خوا، دەی کەوابوو (فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُؤۡخَذُ مِنكُمۡ فِدۡيَةٞ وَلَا مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ مَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُۖ هِيَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ) ئەمڕۆ هیچ فیدیەیەك لە ئێوەو ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون وەرناگیرێت، شوێن و جێگەتان ئاگری دۆزەخەو ئەوە شایستەترە پێتان، ئاگری دۆزەخیش خراپترین جێگای گەڕانەوەیە (بۆ بێباوەڕان و دووڕووان).

موسڵمانی خۆشەویست بیرکەوە لە داواکاری دووڕووەکان و وەڵامی موسڵمانان بۆیان ئەوەت بۆ دەردەکەوێت هاوڕێیەتی کردنی پیاوچاکان بە ئیمان و بە بەردەوامی چەندێ گرنگە، (يُنَادُونَهُمۡ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ).

هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) لە تەفسیری ئایەتی (يَسۡعَىٰ نُورُهُم بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ) دەفەرمووێت: موسڵمانان بە پێی کردەوەکانیان ڕوناکیان پێ دەدرێت، هەیانە ڕوناکییەکەی بە قەد شاخێکە، وە کەمترینیان ڕوناکییەکەی بەسەری پەنجەیەوەیەتی جارێك دەکوژێتەوەو جارێك ڕوناك دەبێتەوە[١٤٨].

لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمووێت: موسڵمانان بە پێی کردەوەکانیان بەسەر پردی (صِراط)دا دەڕۆن، هەیانە ڕوناکییەکەی بە قەد شاخێکە، وە هەیانە بە قەد دار خورمایەکە، وە کەمترینیان ڕوناکییەکەی بەسەری پەنجەوەیەتی جارێك ڕووناك دەبێت و جارێك دەکوژێتەوە[١٤٩].

---

[١٤٨] رواه الحاكم (٢/٤٧٩)، وقال الذهبي في التلخيص: على شرط البخاري.

[١٤٩] أخرجه إبن جرير وإبن أبي حاتم، كما في البدور السافرة للسيوطي (ح ٩٩٣) (ص ٣٢٦)

کردەوە چاکەکانت دەبێتە ڕوناکی بۆت لەسەر پردی (صِراط)، پەیوەندی نێوان خێرا ڕۆیشتن و ڕوناکیت لەسەر پردی (صِراط) پەیوەندیەکی پێکەوە پەیوەستن، هەر کاتێك ڕوناکیت زۆر بوو ئەوە زوو بەسەر پردی (صِراط)دا دەپەڕیتەوە، بەڵام چەندێ ڕوناکیت کەم بێت ئەوە ڕۆیشتنت بەسەر پردی (صِراط)دا هێواش دەبێت، لەبەر ئەوەی هەردووکیان پەیوەستن بە کردەوە چاکەکانەوە، بیهێنە پێش چاوت ئەگەر پێت بووترێت بەشەو سەفەر بکە بۆ شوێنێك بە ئۆتۆمبیلەکەت، لە کاتێکدا ئۆتۆمبیلەکەت لایتەکانی بێهێزبن (ڕوناکی کەم بێت)، چەندێ کاتت پێویستە تا بگەیتە ئەو شوێنە، بێگومان زۆر، چونکە ڕوناکیت کەمەو زۆر لەسەر خۆ دەڕۆیت؟

بۆیە موسڵمانی خۆشەویست پێویستە لەم دونیایەدا پێشبڕکێ بکەیت بۆ کردنی کاری چاکە، تا ئەو کارە چاکانە کۆبکەیتەوە کە ڕوناکی سەر پردی (صِراط)ت زیاد دەکات، تا لەو گەشتە ترسناکە بتوانی بە سەلامەتی و خێرایی بڕۆیت، لە کاتێکدا نازانیت ئایا دەیبڕیت یان نا؟ باش بزانە هیچ کەس بەسەلامەتی پردی (صِراط) نابڕێت مەگەر کەسانی لە خوا ترس و ئەو کەسانەی کاری چاکە زۆر دەکەن و بە گەرم و گوڕی دینیان گرتووەو بەردەوامیان هەیە لەسەری.

هاوەڵی بەڕێز **عبدالله** کوڕی **مَسعود** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... والصِّراط كَحَدِّ السَّيْفِ دَحْضُ مَزِلَّةٍ، قَالَ: وَيَقُولُ: مُرُّوا، فَيَمُرُّونَ عَلَى قَدْرِ نُورِهِمْ، مِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَطَرْفِ الْعَيْنِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالْبَرْقِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالسَّحَابِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَانْقِضَاضِ الْكَوْكَبِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَالرِّيحِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَمُرُّ كَشَدِّ الرَّجُلِ وَيَرمَلُ رَمْلاً، فَيَمُرُّونَ عَلى قَدَرِ أعمَالِهِم، حَتّى يَمُرُّ الذّي نُورُهُ عَلى إبْهامِ قَدَمَيهِ، تَخِرُّ يَدٌ وَتَعْلَقُ يدٌ، وتَخِرُّ رِجْلٌ، وَتَعْلَقُ رِجْلٌ، فَتُصِيبُ جَوَانُبَهُ النَّار))[150]. واتە: ... پردی (صِراط) بە وێنەی دەمی شمشێر تیژە، خلیسکەو پێیەکان لەسەری خۆی ناگرێت، دەفەرمووێت: پێیان

---

[150] رواه الحاكم واللفظ له (٤/٦٣٣)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣٦٢٩).

دەووترێت: بەسەریدا بــڕۆن، خەڵكیش بە پێی ئەو نورو ڕوناكییەی پێیان بەخشراوە بەسەریدا دەڕۆن، هەیانە بە خێرایی چاو تروكان بەسەریدا دەڕوات و دەپەڕێتەوە، وە هەیانە بە خێرایی تیشك و بە وێنەی خێرایی هەور، وە هەیانە بە وێنەی ئەستێرەكشان، وە هەیانە بە خێرایی با، وە هەیانە بە وێنەی ڕاكردنی پیاوێك بە خێرایی، بە پێی كردەوەكانیان بەسەریا ئەپەڕنەوە، تا ئەگاتە ئەو كەسەی كە نورو ڕوناكییەی بەسەرە پەنجەوەیەتی (زۆر كەمە)، دەستێكی دادەنێت و دەستەكەی تری هەڵدەگرێت، پێیەكی دادەنێت و پێیەكەی تری هەڵدەگرێت، ئاگر ئەملاو ئەولای ئەو موسڵمانە دەگرێت و دەیسووتێنێت.

هاوەڵی بـەڕێز **عبدُاللە** كـوڕی **مَسعود** (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: خـوای پـەروەردگار لـە دواڕۆژدا هـەموو خـەڵكی كـۆ دەكاتـەوە، ....، پاشـان نـورو ڕوناكیـان بـە پێـی كردەوەكانیـان دەدرێتێ، هەیانە زیاتر لە كردەوەكانی خـۆی ڕونـاكی پێدەدرێـت، وە هەیانـە بـە ئەنـدازەی دار خورمایـەك ڕونـاكی پێدەدرێـت بـە دەسـتی ڕاسـتیەوەیەتی، وە هەیانـە ڕونـاكی لـەوە كـەمتری پێدەدرێت، تا كۆتا كەس ئەوەندە ڕوناكییەكـەی كەمـە بەسـەری پەنجـەی پێیەوەیـەتی جارێك هەڵدەبێت و جارێك دەكوژێتەوە، كاتێك ڕوناك دەبێت هەنگاوێك دەنێت وە كاتێك دەكوژێتەوە لە شـوێنی خـۆی دەوەسـتێت و ناتوانێـت هـەنگاو بنێـت، ئـەوها خـەڵكی بەسـەر پـردی (صِراط)دا دەڕۆن، پردی (صِراط)یش بە وێنەی دەمـی شمشـێر تیـژە، خلیسـكەو پێیـەكان لەسـەری خـۆی ناگرێت، دەفەرمووێت: پێیان دەووترێت: بەسەریدا بڕۆن، خەڵكیش بە پێی ئەو نـورو ڕوناكییـەی پێیــان بەخشــراوە بەســەریدا دەڕۆن، هەیانــە بــە خێرایــی چــاو تروكــان بەســەریدا دەڕوات و دەپەڕێتــەوە، وە هەیانــە بــە خێرایــی تیشــك و بــە وێنــەی خێرایــی هــەور، وە هەیانــە بــە وێنــەی ئەستێرەكشان، وە هەیانە بە خێرایی با، وە هەیانە بە وێنـەی ڕاكردنـی پیاوێـك بـە خێرایـی، بـە پێی كردەوەكانیان بەسەریا دەپەڕنەوە، تا دەگاتە ئـەو كەسـەی كـە نـورو ڕوناكییـەی بەسـەرە پەنجەیەوەیەتی (زۆر كەمە)، كاتێك پەڕینەوەو ڕزگاریان بوو، دەڵێن: سـوپاس بـۆ ئـەو خوایـەی

که ڕزگارمانی کرد لێت، دوای ئەوەی تۆی نیشان داین، بەڕاستی خوای پەروەردگار شتێکی پێبەخشیوین بە هیچ کەسێکی نەبەخشیوە [١٥١].

ئەو کارە چاکانەی کە نورو ڕوناکی موسڵمان زیاد دەکات لەسەر پردی (صراط)

شەرعی پیرۆز زۆر کارو کردەوەی چاکی بۆڕوون کردوینەتەوە کە نورو روناکی موسڵمان زیاد دەکات لەسەر پردی (صِراط)، وە هەر کاتێك موسڵمان ڕوناکی زۆر بێت لە دواڕۆژدا ئەوە خێرایی لەسەر پردی (صِراط) زیاد دەبێت.

ئەو کردەوە چاکانە ئەمانەن:

١. کردنی پێنج نوێژە فەرزەکان بە گشتی و نوێژی بەیانی بە تایبەتی:

هاوەڵی بەڕێز عَبدالله کوڕی عَمْرو کوڕی العاص (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی نوێژی کردوو فەرمووی: ((مَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا، كَانَتْ لَهُ نُوراً وَبُرهَاناً وَنَجاةً يَوْمَ الْقِيامَة، وَمَنْ لَمْ يُحَافِظ عَلَيْهَا، لَمْ يَكُنْ لَهُ نُوراً وَلاَ بُرهَاناً وَلاَ نَجاةً، وَكَانَ يَوْم الْقِيامَةِ مَعَ قَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَأُبِيَّ بن خَلَفْ)) [١٥٢]. واتە: هەر موسڵمانێك پارێزگاری لە نوێژەکانی بکات (لە کاتی خۆیدا بیان کات و بەردەوام بێت لەسەر کردنیان)، ئەوە نوێژەکانی بۆی دەبنە

---

[١٥١] رواه الحاكم (٢/٤٠٨)، والبيهقي، وصححه الألباني في تخريج أحاديث العقيدة الطحاوية (صفحة ٤٧٠).

[١٥٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/٢٣٢)، وابن حبان وصححه (١٤٦٧)، والدارمي (٢٧٢١)، والبيهقي، والهيثمي في مجمع الزوائد وقال: رجال أحمد ثقات (١/٢٩٣)، وقال المنذري في الترغيب والترهيب: رواه أحمد بإسناد جيد (١/٣٨٦)، وصححه الألباني في "مشكاة المصابيح" (٥٧٨)، ثم ضعفه في "التعليقات الحسان على صحيح إبن حبان" (١٤٦٥).

نورو ڕوناکی و بەڵگەی سەرفرازی و ڕزگار بوون لە دواڕۆژدا، وە هەر موسڵمانێك پارێزگاری لە نوێژەکانی نەکات، ئەوە لە دواڕۆژدا نورو ڕوناکی و بەڵگەی سەرفرازی و ڕزگار بوونی نییە، وە ئەو کەسە لە قیامەتدا لەگەڵ (قارون و فِرعَون و هامان و أُبَيّ کوڕی خَلَف) حەشر دەکرێت (خوا پەنامان بدات).

وە هاوەڵی بەڕێز أبو موسى الأشعري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الطّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ للهِ تَمْلأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ للهِ تَمْلآنِ مَا بَيْنَ السّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ، وَالصّلاَةُ نُورٌ، والصّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النّاسِ يَغْدُو، فَبَائِعٌ نَفْسَهُ، فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا))[١٥٣]. واتە: دەست نوێژ نیوەی ئیمانە، یان دەست نوێژ نیوەی نوێژە، (یان خۆ پاککردنەوە نیوەی ئیمانە، چونکە ئیمان دوو بەشە: بەشێکیان پاککردنەوەی دڵ و دەروونە لە شیرك و کوفرو دووڕوویی و ...، وە بەشەکەی تری پاککردنەوەی لاشەیە لە لەشگرانی و بێدەست نوێژی و پیسیەکانی تر)، وە ووتنی زیکری (الحَمْدُ للهِ) ترازووی چاکەت پڕ دەکات، وە ووتنی زیکری (سُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ للهِ) نێوان ئاسمانەکان و زەوی پڕ دەکات لە چاکە، وە نوێژ نورو ڕووناکییە، وە صەدەقە (زەکات و خێرکردن) بەڵگەی ئیمانی ئەو کەسەیە تا پاداشتی لەسەر وەربگرێت لە دواڕۆژدا، چونکە کافرو موشریك و دووڕوو باوەڕیان بە پاداشتی صەدەقە نییە، وە ئارامگرتن (لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرو (ﷺ) نەکردنی خراپە) ڕوناکییە، وە قورئانی پیرۆز بەڵگەی ڕزگار بوونتە (ئەگەر کارت پێ کردبێت)، یان بەڵگەیە لەسەر لەناو چوونت (ئەگەر پشت گوێت خستبێت و کارت پێنەکردبێت)، هەموو خەڵکی هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات، هەیانە نەفسی دەفرۆشێت

---

[١٥٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٧)، ومسلم (٢٢٣)، والترمذي (٣٥١٧)، والنسائي (٢٤٣٧)، وإبن ماجه (٢٨٠)، وإبن حبان (٨٤٤)، والدارمي (٦٥٣).

به خوای پەروەردگار (گوێڕایەڵی دەکات) و نەفسی ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ، وە هەیانە لەناوی دەبات (بە فرۆشتنی بە شەیتان و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوی).

زانای پایەبەرز إبنُ رجَب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا ووتوویەتی: (وَالصّلاَةُ نُورٌ): بەڵێ نوێژ نورو ڕوناکی ئیماندارانە لە تاریکاییەکانی قیامەتدا، نورو ڕوناکیان بە پێی کردەوەکانیان پێدەدرێت[١٥٤].

هەر لەبەر قورسی نوێژی بەیانییە لەسەر نەفس کە خوای پەروەردگار هانی موسڵمانانی داوە تا بە جەماعەت و لە کاتی خۆیدا بیکەن، هەر موسڵمانێك بەردەوام بیکات خوای پەروەردگار پاداشتێکی بۆ داناوە کە لە نوێژەکانی تردا بەدی ناکرێت (ئەویش نورو ڕوناکی تەواوە لەسەر پردی (صِراط)، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أَنَسِ کوڕی مالك (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بَشِّرْ الْمَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إِلَى الْمَسَاجِدِ بِالنُّورِ التَّامِّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[١٥٥]. واتە: مژدە بێت بە نورو ڕوناکی تەواو لە قیامەتدا بۆ ئەو موسڵمانانەی کە لە تاریکایی شەودا دەکەونە ڕێ و بە پێ دەڕۆن بۆ مزگەوتەکان (بۆ کردنی نوێژی جەماعەت).

زانای پایەبەرز ئیمامی السّندي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئەم فەرموودیە نوێژی عیشاو بەیانی دەگرێتەوە، چونکە هەردووکیان لە تاریکایی شەودا دەکرێت[١٥٦].

ئەگەر ئافرەتێك مێردو منداڵەکانی خەبەر بکاتەوەو هانیان بدات بۆ ئەوەی بچن بۆ کردنی نوێژی عیشاو بەیانی بە جەماعەت، ئۆمێدە ئەو نورو ڕوناکییە تەواوەی بدرێتێ لە دواڕۆژدا، چونکە هەرکەسێك یارمەتی دەری کەسێك بێت لە کردنی کاری چاکە (یان خراپە)، ئەوە بە ئەندازەی ئەو کەسەی کە هانی داوە یان یارمەتی داوە خێر (یان خراپەی) بۆ دەنووسرێت.

---

[١٥٤] **بڕوانە**: جامع العلوم والحكم لابن رجب الحنبلي، تحقيق شعيب الأرناؤوط وإبراهيم باجس (٢/٢٣).

[١٥٥] رواه الترمذي (٢٢٣)، وأبو داود (٥٦١)، وإبن ماجه (٧٨١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٢٨٢٣).

[١٥٦] **بڕوانە**: شرح سنن ابن ماجه القزويني لأبي الحسن الحنفي المعروف بالسندي (١/٢٦٢).

٢. كردنی نوێژی جومعە بە ئادابەكانی، وە بانگدان تەنها بۆ ڕازی بوونی خوا:

هاوەڵی بەڕێز أبو موسى الأشعري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ الأَيَّامَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى هَيْأَتِهَا، وَيَبْعَثُ الْجُمُعَةَ زَهْرَاءَ مُنِيرَةً، أَهْلُهَا يَحُفُّونَ بِهَا كَالْعَرُوسِ تُهْدَى إِلَى كَرِيمِهَا تُضِيءُ لَهُمْ، يَمْشُونَ فِي ضَوْئِهَا، أَلْوَانُهُمْ كَالثَّلْجِ بَيَاضًا، وَرِيحُهُمْ يَسْطَعُ كَالْمِسْكِ، يَخُوضُونَ فِي جِبَالِ الْكَافُورِ، يَنْظُرُ إِلَيْهِمُ الثَّقَلانِ لاَ يُطْرِقُونَ تَعَجُّبًا حَتَّى يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ، لاَ يُخَالِطُهُمْ أَحَدٌ إِلاَّ الْمُؤَذِّنُونَ الْمُحْتَسِبُونَ)) [١٥٧]. واتە: خوای پەروەردگار لە دوارۆژدا ڕۆژەكان لەسەر شێوەی خۆیان دێنێت، وە ڕۆژی هەینیش دێنێت كە زۆر ڕوناك و درەوشاوەیە، ئەهلی جومعە (ئەو موسڵمانانەی ئامادەی نوێژی جومعەو ووتاری جومعە بوونە)، دەوری دەدەن (بە وێنەی بوكێك ڕازێندرابێتەوە بۆ مێردەكەی)، ئەوەندە جوان و درەوشاوەیە، ئەوانیش بە هۆی ڕوناكییەكەیەوە دەكەونە ڕێ، ڕوویان وەكو بەفری سپی درەوشاوەیە، بۆنێكی خۆشیان لێدێت بە وێنەی بۆنی خۆشی میسك، دەچنە ناو كێوی بۆن خۆشی كافورەوە، مرۆڤ و جنۆكەكان سەیریان دەكەن و چاویان ناتروكێنن و سەیری ئەملاو ئەولا ناكەن سەرسامن بەو ئەجرو پاداشت و ڕێزە گەورەیەیان لای خوای پەروەردگار، تا دەچنە بەهەشتەوە، هیچ كەسێك تێكەڵیان نابێت و لەگەڵیاندا ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر تەنها ئەو بانگ بێژانەی كە لەبەر خوای گەورە بانگیان دابێت، بە نییەتی وەرگرتنی ئەجرو پاداشت لە دواڕۆژدا (تەنها بۆ ڕازی بوونی خوا بانگیان داوە، بێ‌ئەوەی چاویان لە پاداشتی خەڵكی بووبێت، وە نییەتیشیان تەنها بۆ خوا بووە).

---

[١٥٧] رواه الحاكم (١/٢٧٧)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (١٨٧٢).

٣. دەرکردنی زەکات:

هاوەڵی بەڕێز أبو موسى الأشعري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: فەرموویەتی: ((الطّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ، ......، والصّدَقَةُ بُرْهَانٌ، ....))[١٥٨]. واتە: دەست نوێژ نیوەی ئیمانە، یان دەست نوێژ نیوەی نوێژە، (یان خۆ پاککردنەوە نیوەی ئیمانە، چونکە ئیمان دوو بەشە بەشێکیان پاککردنەوەی دڵ و دەروونە لە شیرك و کوفرو دووڕوویی و ...، وە بەشەکەی تری پاککردنەوەی لاشەیە لە لەشگرانی و بێدەست نوێژی و پیسیەکانی تر)، ....، وە صەدەقە (زەکات و خێرکردن) بەڵگەی ئیمانی ئەو کەسەیە تا پاداشتی لەسەر وەربگرێت لەسەری لە دواڕۆژدا چونکە کافرو موشریك و دووڕوو باوەڕیان بە پاداشتی نییە، ....).

٤. ئارامگرتن لەسەر قەدەری خوای پەروەردگار:

هاوەڵی بەڕێز أبو موسى الأشعري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: فەرموویەتی: ((الطّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ، ......، وَالصّبْرُ ضِيَاءٌ، .....))[١٥٩]. واتە: دەست نوێژ نیوەی ئیمانە،......، وە ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، وە نەکردنی خراپە، وە تووش بوون بە ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەبوونی، ......، نورو ڕوناکییە لە دواڕۆژدا،....).

ئارامگرتن: واتە: گرتنەوەی نەفس لە دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئەو شتانەی کە تووشت دەبێت و (بەویستی خوای پەروەردگار) پێت ناخۆشە، ئارامگرتن نیوەی ئیمانە، دەی کەوابوو پێویستە ئارام بگرین لەسەر قەدەری خوای پەروەردگار، لەسەر گوێڕایەڵی خوا، لەسەر تاوان

---

[١٥٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٧/١٩)، ومسلم (٢٢٣)، والترمذي (٣٥١٧)، والنسائي (٢٤٣٧)، وإبن ماجه (٢٨٠)، وإبن حبان (٨٤٤)، والدارمي (٦٥٣).

[١٥٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٧/١٩)، ومسلم (٢٢٣)، والترمذي (٣٥١٧)، والنسائي (٢٤٣٧)، وإبن ماجه (٢٨٠)، وإبن حبان (٨٤٤)، والدارمي (٦٥٣).

نەکردن، لە کاتی تووش بوون بە ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەبوونی، ......، تا ئەو نورو ڕوناکییە گەورەیەمان لەدەست نەچێت لە تەنگانەو ناڕەحەتی سەر پردی (صِراط).

٥. خوێندنی سورەتی "كَهْف" لە ڕۆژی جومعەدا:

هاوەڵی بەڕێز أبو سعيد الخدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنْ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ)) [١٦٠]. واتە: هەر موسڵمانێك سورەتی "كَهْف" بخوێنێت لە ڕۆژی جومعەدا، ئەوە بۆی دەبێتە نورو ڕوناکی تا جومعەی داهاتوو (ڕۆژانی نێوان هەردوو جومعەکەی بۆ ڕوناك دەکاتەوە)، لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموویێت: ((مَن قَرَأَ سُورَةَ اَلْكَهْفِ كَمَا أُنْزِلَتْ، كَانَتْ لَهُ نُورًا مِنْ مُقَامِهِ إِلَى مَكَّة)). واتە: هەرکەسێك سورەتی "كَهْف" بخوێنێت لە ڕۆژی جومعەدا بەو شێوەیەی کە دابەزیوە، ئەوە بۆی دەبێتە نورو ڕوناکی لەو شوێنەی کە خوێندوویەتی تا شاری مەککە.

٦. خوێندنی سورەتی "البَقَرَة وَ آلِ عِمْران" بەبەردەوامی:

هاوەڵی بەڕێز أبو أمامة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إقْرَءُوا الْقُرْآن فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْم الْقِيَامَة شَفِيعًا لأَصْحَابه، اقْرَءُوا الزهراوين: الْبَقَرَة و سُورَة آل عمرَان، فَإِنَّهُمَا يأتيان يَوْم الْقِيَامَة كَأَنَّهُمَا غمامتان، أَو كَأَنَّهُمَا غيايتان، أَو كَأَنَّهُمَا فِرقانِ مِنْ طَيرٍ صَواف يُحاجّان عَن صَاحِبِهِمَا، اقْرَءُوا سُورَة الْبَقَرَة؛ فَإِنْ أَخذهَا بركَة، وَتركَهَا حَسْرَة، وَلا يَستَطيعُها البَطَلَةَ)) [١٦١]. واتە: موسڵمانان قورئان بخوێنن چونکە قورئان لە دواڕۆژدا شەفاعەت دەکات بۆ خاوەنەکەی (ئەو موسڵمانەی تەنها لەبەر خوا قورئان خوێن بووە)، وە ئەو دوو سورەتە ڕۆشن و پرشنگدارە بخوێنن (کە سورەتی "بَقَرَة و آل عِمْران"ـە، لەبەر ئەوەی هیدایەتی تیایە بۆ ئەو کەسەی کە

---

[١٦٠] رواه الحاكم (١/٧٥٢)، والدارمي (٣٤٠٧)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٤٧٠).

[١٦١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٨/٦٩)، ومسلم (٨٠٤).

دەیانخوێنێت، یان نورو ڕوناکی دەبەخشن بە خوێنەرەکەی لە دواڕۆژدا، چونکە ئەو دوو سورەتە لە دواڕۆژدا دێن بە وێنەی دوو پەڵە هەور، یان بە وێنەی دوو کۆمەڵ باڵندەی زۆر، سێبەرو شەفاعەت بۆ خاوەنەکانیان دەکەن، سورەتی "بَقَرَة"بخوێنن، چونکە خوێندن و دەست پێوە گرتنی بەرەکەتی تیایە، وە پشت گوێ خستن و نەخوێندن و کارپێنەکردنی پەشیمانی لە دوایە، وە هەر کەسێك بیخوێنێت سیحرو ساحیران پێی ناوێرن و کاری لێناکەن.

زانای پایەبەرز ئیمامی المُناوي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە مانای ووشەی "الزّهراوَين"دا دەڵێت: ئەم دوو سورەتە ڕۆشن و پرشنگدارو ڕوناککەرەوەن، لەبەر زۆری ڕوناکی حوکمە شەرعیەکان و زۆری ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار کە لەم دوو سورەتەدا هەیە، یان هیدایەتی تێدایە بۆ ئەو کەسەی کە دەیانخوێنێت، یان نورو ڕوناکی دەبەخشن بە خوێنەرەکەی لە دواڕۆژدا [١٦٢].

موسڵمانی خۆشەویست ئەم فەرموودە پیرۆزە هانمان دەدات بۆ لەبەر کردن و خوێندنی ئەم دوو سورەتە پیرۆزە بەبەردەوامی.

٧. فێربوونی قورئانی پیرۆزو لەبەرکردنی:

هاوەڵی بەڕێز بُرَيدَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ وَتَعَلَّمَهُ وَ عَمِلَ بِهِ، أُلْبِسَ وَالِدَاهُ تَاجاً يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ نُورٍ، ضَوْءُهُ مِثلُ ضَوْءِ الشَّمْسِ، وَيُكسَى والِداهُ حُلَّتَينِ لا يَقومُ لَهُما الدُّنيا، فَيَقولانِ: بِمَ كُسِينا هذا؟ فَيُقالُ: بِأَخْذِ وَلَدِكُما القُرآنَ)) [١٦٣].

واتە: هەر موسڵمانێك قورئان بخوێنێت و خەڵکی فێر بکات و خۆشی کاری پێ بکات، لە دواڕۆژدا تاجی نورو ڕوناکی دەکرێتە سەر دایك و باوکی، ڕوناکی ئەو تاجە بەوێنەی ڕوناکی خۆرە، وە جل و بەرگێك دەکرێتە بەریان کە هەموو دونیا پێی ناگات و بە وێنەی ئەو تاجە بە نرخ نین،

---

[١٦٢] **بڕوانە**: فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (٢/٦٣).

[١٦٣] رواه الحاكم (١/٧٥٦)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن لغيره (١٤٣٤).

ئەوانیش دەڵێن: بەچی ئێمە ئەم جل و بەرگە جوان و بەنرخە کرایە بەرمان؟ پێیان دەووترێت: بە دەست گرتنی کوڕەکەتان بە قورئانی پیرۆزە (دەیخوێندو خەڵکی فێر دەکردو کاری پێ دەکرد). جا هەر موسڵمانێك دەیەوێت چاکە لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات و سەرفرازیان بکات، ئەوە با قورئانی پیرۆز لەبەر بکات، موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر خوای پەروەردگار ئەو ڕێزو کەرامەتە بە دایك و باوکی قورئان خوێن ببەخشێت؟ ئەی ئەو کەسەی کە قورئانی لەبەرەو خەڵکی فێر دەکات و خۆشی کاری پێ دەکات، دەبێ خوای پەروەردگار چەندێ ڕێزداری بکات و پلەو پایەی بەرز بکاتەوە.

٨. تێکۆشان لە پێناو خوای پەروەردگار:

تێکۆشان و جەنگان لە پێناو خوای پەروەردگاردا نورو ڕوناکی دەبەخشێت بە خاوەنەکەی لە دواڕۆژدا، هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ رَمَى بِسَهْمٍ فِي سَبِيلِ اللهِ، كَانَ لَهُ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) [١٦٤]. واتە: هەر موسڵمانێك تیرێك بهاوێت لە پێناو خوای پەروەردگار (بۆسەرکەوتنی دینەکەی)، ئەوە ئەو تیر هاویشتنەی بۆ دەبێتە نورو ڕوناکی لە دواڕۆژدا.

شەهیدان نورو ڕوناکیان بۆهەیە لای خوای پەروەردگار لە دواڕۆژدا، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَۖ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡۖ ١٩﴾ (الحديد: ١٩). واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرانی (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) ئەوانە پلەی ڕاستگۆییان وەرگرتووە، وە شەهیدەکانیش پاداشت و ڕوناکی خۆیان هەیە لە دواڕۆژدا.

---

[١٦٤] رواه البزار، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": صحيح لغيره (١٢٩٢).

زانای پایەبەرز ئیمامی الطَّبَري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: شەهیدان ئەو کەسانەن کە لە پێناوی خوای پەروەردگاردا شەهید کراون، یان لە پێناو ئەودا لە ناو چوون، ئەو کەسانە پاداشتی گەورەو نورو ڕوناکی زۆریان بۆهەیە[١٦٥].

موسڵمانی خۆشەویست داوا لە خوای پەروەردگار بکە تا پلەی شەهیدیت پێ ببەخشێت، چونکە هەرکەسێك لە دڵەوەو بەڕاستی داوای شەهیدی بکات لە خوای پەروەردگار، ئەوە خوای پەروەردگار پێی دەبەخشێت ئەگەر ئەو کەسە لە ساحەی جیهادیشدا شەهید نەبێت، هەروەك هاوەڵی بەڕێز سَهلِ کوڕی حُنَیف (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ سَأَلَ الله الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ، بَلَّغَهُ الله مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ))[١٦٦]. واتە: هەر موسڵمانێك لە دڵەوەو بەڕاستی داوای شەهیدی بکات لە خوای پەروەردگار، ئەوە خوای پەروەردگار پێی دەبەخشێت و دەیگەیەنێت بە پلەی بەرزی شەهیدان، ئەگەر ئەو کەسە لەسەر جێگەکەی خۆشی بمرێت.

٩. دادپەروەری و زوڵم نەکردن:

هاوەڵی بەڕێز جابرِ کوڕی عَبدُالله (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إتَّقوا الظُّلم؛ فَإِن الظُّلمَ ظلمات يَوْم الْقِيَامَة، وَاتَّقوا الشُّح؛ فَإِن الشُّح أهلك من كَانَ قبلكُمْ، حملهمْ على أَن سَفَكُوا دِمَاءَهُمْ، وَاسْتَحَلُّوا مَحَارِمهمْ))[١٦٧]. واتە: خۆتان بپارێزن لە زوڵم و ستەم کردن، چونکە ستەم کردن تاریکاییە لە دواڕۆژدا، وە خۆتان بپارێزن لە بەخیلی و ڕەزیلی، چونکە بەخیلی و ڕەزیلی گەلانی پێش ئێوەی لەناو بردوو بە هیلاکی بردن، وای لێکردن تا

---

[١٦٥] **بروانە**: مختصر تفسير الطبري للصابوني (٢/٤٢٧).

[١٦٦] رواه الإمام مسلم (١٩٠٩)، وأبو داود (١٥٢٠)، والترمذي (١٦٥٣)، والنسائي (٣١٦٢).

[١٦٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٣٥)، والبخاري (٢٤٤٧)، ومسلم واللفظ له (٢٥٧٨)، والترمذي (٢٠٣٠)، والدارمي (٢٥١٦)، والحاكم (١/٥٦).

خوێنی یەکتری بڕێژن، وە وای لێکردن کە ئافرەتانیان حەڵاڵ بکەن، یان ئەو ماڵەی کە خوای پەروەردگار حەرامی کردبوو حەڵاڵیان کرد [١٦٨].

زانای پایەبەرز ئیمامی النَّووي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی القاضي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ووتراوە: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە زوڵم و ستەم کردن دەبێتە تاریکایی لەسەر ستەمکاران، کەسی ستەمکار لە دواڕۆژدا ناتوانێت هیچ ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ ئەوەی تاریکاییەکانی سەر پردی (صِراط)ی بۆ ڕوناك بێتەوە، لە کاتێکدا ئیمانداران نورو ڕوناکی لە بەردەم و پشتیانەوە هەیە [١٦٩]. ئەگەر زوڵم و ستەم ببێتە تاریکی لە دواڕۆژدا، ئەوە دادپەروەری دەبێتە نورو ڕوناکی بۆ خاوەنەکەی لە دواڕۆژدا، لە کاتێکدا فەرمانمان پێکراوە کە دادپەروەر بین لە نێوان خەڵکیدا، هەتا لە نێوان منداڵەکانمدا، بگرە لەسەر نەفسی خۆشمان، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٨ ﴾ (المائدة: ٨). واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، هەمیشە هەوڵ بدەن لەبەر خوا دادگەرو ڕاستگۆ بن و پابەندی هەموو بڕیارو فەرمانەکانی خوا بن، بە دادپەروەرانە شایەتی بدەن و بە لای هیچ لایەکدا دایمەبڕن، تەنانەت ئەگەر منداڵەکانیشتان بن، ﴿ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْ ﴾ وە ڕق و کینەو دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك واتان لێنەکات کە بە دادپەروەرانە ڕەفتار نەکەن، ﴿ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰ ﴾ دادگەر بن (هەرچەندە ئەوان نا عەدالەت و ناڕێکیش بن)، چونکە بێگومان

---

[١٦٨] **بڕوانە**: التيسير بشرح الجامع الصغير،للإمام الحافظ زين الدين عبد الرؤوف المناوي، (١/٥٨).

[١٦٩] **بڕوانە**: صحيح مسلم بشرح النووي (١٦/٣٧٠).

ڕەفتاری دادگەریی و یەکسانی بە تەقواوە نزیکترەو پارێزگاری سنورەکانی خوای پێدەکرێت، ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾ وە تەقوای خوا بکەن و لەو بترسن، چونکە بەڕاستی ئێوە هەر کارێك بکەن خوای پەروەردگار ئاگادارە لێی.

١٠. بەرد هاویشتنی شەیتان ڕەجم کردن (رَمْي الجِمار):

هاوەڵی بەڕێز إبنُ عَباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إذا رَمَيْتَ الجِمارَ كانَ لَكَ نُوراً يَوْمَ القِيامَةِ))[١٧٠]. واتە: کاتێك شەیتانت ڕەجم کرد، ئەوە بۆت دەبێتە نورو ڕوناکی لە ڕۆژی دواییدا (کاتێك حاجی لە ڕۆژی یەکەم ودووەم و سێیەمی جەژن لە مینا دەڕوات بۆ ئەو شوێنەی کە شەیتان هاتە ڕێی پێغەمبەر إبراهيم (عليه‌السلام) تا ڕێی لێبگرێت، ئەویش حەوت بەردی تێگرت و شەیتانیش خۆی شاردەوە، بۆیە بەو کارە ئەووترێت "رَمْيُ الجِمار"، بەرد هاویشتن، نەك شەیان ڕەجم کردن.

١١. سەرتاشین لە حەج:

هاوەڵی بەڕێز إبن عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَإذا حَلَقَ رَأْسَهُ، فَلَهُ بِكُلِّ شَعْرَةٍ سَقَطَتْ مِنْ رَأْسِهِ نُورٌ يومَ القيامَةِ، وَإذا قَضَى آخِرَ طَواف بِالبَيتِ خَرَجَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَومِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ))[١٧١]. واتە: ... کاتێك حاجی سەری تاشی (پیاوان)، ئەوە هەر تاڵە قژێکی سەری کە بەردەبێتەوە سەر زەوی دەبێتە نورو ڕوناکی بۆی لە دواڕۆژدا، وە کاتێك حاجی (پیاوان و ئافرەتان) کۆتا سوڕانەوەی دەوری کەعبەی پیرۆزی تەواو کرد پاك دەبێتەوە لە تاوانەکانی بەوێنەی ئەو ڕۆژەی کە تازە لە دایك بووە (هیچ تاوانی نامێنێت).

---

[١٧٠] رواه البزار فى كشف الأستار (٢/٣٣ رقم ١١٤٠)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (١٥٥٧).

[١٧١] رواه إبن حبان (١٨٨٦)، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١١٥٥).

وه هـاوەڵی بـەڕێز عبادة كـوڕی صامت (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... وَأَمَّا حَلْقُكَ رَأْسَكَ، فَإِنَّهُ لَيْسَ مِنْ شَعْرِكَ مِنْ شَعْرَةٍ تَقَعُ فِي الْأَرْضِ إِلَّا كَانَتْ لَكَ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) [172]. واتـە: سـەر تاشـینت لـە حـەج ئەوەنـدە خێـرە بـە ڕادەیـەك هـیچ تاڵـە موویەكی سەرت ناكەوێتە سەر زەوی ئیللا دەبێتە نورو ڕوناكی بۆت لە دواڕۆژدا.

١٢. فێربوونی زانستی شەرعی تەنها بۆ ڕازی بوونی خوای گەورە:

هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((مَا مِنْ رَجُلٍ يَسْلُكُ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا إِلاَّ سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقَ الْجَنَّةِ وَمَنْ أَبْطَأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ)) [173]. واتە: هیچ پیاوێكی موسڵمان نییە كە ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ فێربـوونی زانسـت و زانیاری شەرعی، ئیللا خوای پـەروەردگار بـە هـۆی ئـەو كارەیـەوە ڕێگـای بەهەشـتی بـۆ ئاسـان دەكـات، وە هـەر كەسـێك كردەوەكـانی دوای بخـات ئـەوە كـەس و كـارو عەشـیرەت و نـاوو داوی پێشــی نـاخـات (كـردەوەی چـاكەی كـەم بێـت). وە هــەروەها أبوهريرة (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ)) [174]. واتە: هەر موسڵمانێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر، بەمەبەستی فێربوونی زانست و زانیاری شەرعی، ئەوە خوای پەروەردگار ڕێگەیەكی بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات.

موسڵمانی خۆشەویست جوان ووردبـەوە لـە فەرموودەكـە چـۆن پێغەمبـەر (ﷺ) وازهێنـانی لـە فێربوونی زانست و زانیاری شەرعی پەیوەست كـردووە بـە دواكـەوتن و هێـواش ڕۆیشـتن لەسـەر پردی (صِراط)، ئەوەی ڕۆیشتنی بەندەی موسڵمان خێرا دەكات لەسەر پـردی (صِراط) زانسـت و

---

[172] رواه الطبراني في "المعجم الأوسط" برقم (٢٤١٠)، وحسنه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (١١١٣).

[173] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٦٥)، وأبو داود (٣٦٤٣)، والدارمي (٣٤٤)، وإبن حبان (٨١)، والحاكم (١/١٦٥)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٥٧١٥).

[174] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٦٥)، ومسلم (٢٦٩٩)، والترمذي واللفظ له (٢٦٤٦)، وإبن ماجه (٢٢٣)، والدارمي (٣٤٤).

زانیاری شەرعی و کردەوەی چاکەیە نەك کەس و کارو عەشیرەت و ناوداوی، وە هەرکەسێك خێرایی زیاد بێت لەسەر پردی (صِراط) بێگومان نورو ڕوناکییەکەی زۆرە.

زانای پایەبەرز إبنُ رَجَب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: سەرەڕای ئاسان بوونی پەڕینەوەی لەسەر پردی (صِراط)، ناخۆشی و ناڕەحەتی پێش و دوای پردی (صِراط)یشی بۆ ئاسان دەبێت[١٧٥].

وە زانای پایەبەرز ئیمامی شافعي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: جارێکیان زانایەك نامەیەکی نووسی بۆ زانایەکی تر، تیایدا نووسیبوی: برای خۆم خوای پەروەردگار زانست و زانیاری شەرعی پێبەخشیوویت، تێکی مەدەو خراپی مەکە بە تاریکی تاوانەکان، لە دواڕۆژدا لە تاریکاییەکاندا دەمێنیتەوە، لە کاتێکدا زانایان و ئەهلی عیلم بە هۆی نورو ڕوناکی زانستیانەوە بەر پێیان ڕوناکەو پێی دەڕۆن[١٧٦].

١٣. خۆش ویستن لەبەر خوای پەروەردگار:

هاوەڵی بەڕێز أبومالك الأشعري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ اسْمَعُوا وَاعْقِلُوا، وَاعْلَمُوا أَنَّ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عِبَادًا لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ، يَغْبِطُهُمْ الْأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنْ اللَّهِ، فَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ الْأَعْرَابِ مِنْ قَاصِيَةِ النَّاسِ وَأَلْوَى بِيَدِهِ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ نَاسٌ مِنْ النَّاسِ لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمْ الْأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنْ اللَّهِ؟ انْعَتْهُمْ لَنَا (يَعْنِي صِفْهُمْ لَنَا) فَسُرَّ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِسُؤَالِ الْأَعْرَابِيِّ، فَقَالَ: رَسُولُ (ﷺ) هُمْ نَاسٌ مِنْ أَفْنَاءِ النَّاسِ وَنَوَازِعِ الْقَبَائِلِ لَمْ تَصِلْ بَيْنَهُمْ أَرْحَامٌ مُتَقَارِبَةٌ، تَحَابُّوا فِي اللَّهِ وَتَصَافَوْا، يَضَعُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ فَيُجْلِسُهُمْ عَلَيْهَا، فَيَجْعَلُ

---

[١٧٥] **بڕوانە**: جامع العلوم والحكم لإبن رجب الحنبلي، تحقيق شعيب الأرناؤوط وإبراهيم باجس (٢/٢٩٧).

[١٧٦] **بڕوانە**: حلية الأولياء وطبقات الأصفياء لأبي نعيم (٩/١٤٦).

وُجُوهَهُمْ نُورًا وَثِيَابَهُمْ نُورًا، يَفْزَعُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا يَفْزَعُونَ، وَهُمْ أَوْلِيَاءُ اللَّهِ الَّذِينَ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ)) [١٧٧]. واته: ئەی خەڵكینە گوێ بگرن و تێبگەن، خوای پەروەردگار كۆمەڵە بەندەیەكی هەیە نە پێغەمبەرانن و (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) وە نە شەهیدانیشن، بەڵكو پێغەمبەران و (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) شەهیدان ئاوات بە پلەو پایەو شوێنی نزیكیان لە خوای پەروەردگار دەخوازن، پیاوێكی دەشتەكی لەوپەڕی قەومەكەوە هات و دەستی هەڵبڕی و ئیشارەتی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) كردو ووتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) كەسانێك لە خەڵكی هەن نە پێغەمبەرانن و (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) وە نە شەهیدانیشن، بەڵكو پێغەمبەران و (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) شەهیدان ئاوات بە پلەو پایەو شوێنی نزیكیان لە خوای پەروەردگار دەخوازن، كێن ئەو كەسانە بۆمان ڕوون بكەوەو باسی سیفاتەكانیانمان بۆ بكە؟ ڕووی پێغەمبەر (ﷺ) گەشایەوە كاتێك ئەو پیاوە دەشتەكییە ئەو پرسیارەی لێكرد، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو كەسانە چەند كۆمەڵێكن لە چەند هۆزێكی جیاواز، وە نازاندرێت لە چی خێڵ و كۆمەڵێكن، لەبەر خاتری خوای پەروەردگار یەكتریان خۆش دەوێت و ڕێكن لەگەڵ یەكتردا، بێ ئەوەی كەسی یەكتربن و خزمایەتی نزیك لە نێوانیاندا هەبێت، ئەو كەسانەی كە ئەوهان خوای پەروەردگار لە دواڕۆژدا مینبەریان لە نورو ڕوناكی بۆ دادەنێت و دایان دەنیشێنێت لەسەری، دەم و چاوو ڕوویان گەش دەكات و جل و بەرگیشیان نورو ڕوناك دەكات، لەو ڕۆژەدا خەڵكی هەموویان دەترسێن و دڵیان ڕادەچەڵەكێت لە كاتێكدا ئەوان ترس و دڵە ڕاوكێیان لەسەر نییە، بەڕاستی ئەوانە دۆست و ئەولیای خوای گەورەن، ئەو كەسانەن كە نە ترسیان لەسەرەو نە خەفەتیش دەخۆن (واتە: نە ترسی سزاو نارەحەتی دواڕۆژیان هەیە، وە نە خەفەتیش دەخۆن لەوەی كە بە جێیان هێشتووە لە دونیادا).

---

[١٧٧] رواه الإمام أحمد واللفظ له"الفتح الرباني" (١٥٨/١٩)، وأبو داود عن عمر (عليه‌السلام) (٣٥٢٧)، وابن حبان (٥٧٣)، وأبو يعلى، والحاكم (١٨٨/٤)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": صحيح لغيره (٣٠٢٧).



١٤. جێبەجێكردنی كاری خەڵكی و لابردنی ناخۆشی و ناڕەحەتی لەسەریان:

هاوەڵی بەڕێز إبنُ عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يُسْلِمُهُ، مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي حَاجَتِهِ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ بِهَا كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) [١٧٨]. واتە: موسڵمان برای موسڵمانە زوڵم و ستەمی لێناكات و پشتی لێهەڵناكات و نایداتە دەست دوژمنانی، هەر موسڵمانێك كاروباری برای موسڵمانی جێبەجێ بكات و یارمەتی بدات، خوای پەروەردگار كارو باری ئەو موسڵمانە هەڵدەسوڕێنێت و بەڕێوەی دەبات، وە هەر موسڵمانێك ناخۆشی و ناڕەحەتییەك لەسەر موسڵمانێك لابدات خوای پەروەردگار ناڕەحەتییەك لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی دواڕۆژی لەسەر لا دەبات، وە هەر موسڵمانێك عەیب و كەم و كوڕی موسڵمانێك بپۆشێت لە دونیادا خوای پەروەردگار كەم و كوڕی و عەیبەكانی ئەو موسڵمانە دەپۆشێت لە دواڕۆژدا.

وە هەروەها أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ فِي الدُّنْيَا، نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ القِيامَةِ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ فِي يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِماً سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ ...)) [١٧٩]. واتە: هەر موسڵمانێك ناڕەحەتییەك لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی دونیا لەسەر موسڵمانێك لابدات، ئەوە خوای پەروەردگار ناڕەحەتییەك لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی دواڕۆژی لەسەر لا دەبات، وە هەر موسڵمانێك كار ئاسانی بۆ كەسێكی هەژارو نەبوو بكات، ئەوە خوای پەروەردگار كارەكانی لەسەر ئاسان دەكات لە دونیاو

---

[١٧٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٦٧/١٩)، والبخاري (٢٤٤٢)، ومسلم واللفظ له (٢٥٨٠)، والترمذي (١٤٢٦)، وأبو داود (٤٨٩٨).

[١٧٩] الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٦٦/١٩)، ومسلم واللفظ له (٢٦٩٩)، والترمذي (١٤٢٥)، وأبو داود (٤٩٤٦)، وابن ماجه (٢٢٥).

دواڕۆژدا، وە هەر موسڵمانێك عەیب و کەم و کوڕی موسڵمانێك بپۆشێت لە دونیادا، خوای پەروەردگار کەم و کوڕی و عەیبەکانی ئەو موسڵمانە دەپۆشێت لە دونیاو دواڕۆژدا، وە خوای پەروەردگار ئیش و کارەکانی بەندەی موسڵمان جێبەجێ دەکات، ئەگەر ئەو بەندە موسڵمانە لە خزمەتی برا موسڵمانەکەیدا بێت و کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات...).

موسڵمانی خۆشەویست پێغەمبەر (ﷺ) جۆری ئەو ناڕەحەتییەی باس نەکردووە کە لە دواڕۆژدا لەسەرت لا دەبردرێت، بەڵکو بە گشتی باسی کردووە، وە پاداشتیش لەسەر بنەڕەتی کردەوەکانە، وە بە هۆی جێبەجێ کردنی کاری موسڵمانان و یارمەتی دانیان و لابردنی ناخۆشی و ناڕەحەتییان، خوای پەروەردگار ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی دواڕۆژت لەسەر لا دەبات، پێدەچێت یەکێك لەو ناخۆشی و ناڕەحەتییانە لابردنی تاریکی و ناڕەحەتی سەر پردی (صِراط) بێت، نورو ڕوناکیت زیاد دەبێت بە هۆی لابردنی ناخۆشی و ناڕەحەتی برایانی موسڵمانت، ئەو کاتە خێرایی سەر پردی (صِراط)ت زیاد دەبێت، وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە هەر موسڵمانێك لەگەڵ برایەکی موسڵمانیدا بڕوات بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی پێویستی، تا ئەو موسڵمانە پێویستییەکەی تەواو دەکات و تەواو پێیەکانی جێگیر دەبێت تیایدا، ئەوە خوای پەروەردگار پێیەکانی جێگیر دەکات لەسەر پردی (صِراط) لەو ڕۆژەی کە پێیەکان هەڵدەخلیسکێن و خۆیان ناگرن بەسەر پردی (صِراط)ەوە [١٨٠]، بە ئەندازەی ئاسان کردنی کاری برای موسڵمانت و یارمەتی دانی خوای پەروەردگار ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ئەو ڕۆژە ترسناکەت بۆ ئاسان دەکات، دەی کەوابوو هەوڵبدە زۆر کاری موسڵمانان ئاسان بکەو یارمەتییان بدە، تا خوای پەروەردگار هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتییەکاتی دواڕۆژت لەسەر لا بدات و بۆت ئاسان بکات.

---

[١٨٠] رواه ابن أبي الدنيا، والطبراني، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (١٧٦).



١٥. هەڵنەکێشانی مووی سپـــی:

هەندێ موسڵمان شەرم دەیگرێت کاتێك مووی سپی دەبێت، وە حەز ناکات مووی سپی لێدەر بکەوێت، بۆیە یەکسەر هەڵی دەکێشێت، یان سبووغی دەکات بە ڕەنگی ڕەش کە ئەویش حەرامە، بەڵام ئەو کەسە نازانێت کە موو سپی بوون لە ئیسلامدا دەبێتە نورو ڕوناکی لە دواڕۆژدا.

هاوەڵی بەڕێز فُضالَة کوڕی عُبَید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ شَابَ شَيْبَةً فِي الإِسْلامِ كَانَتْ لَهُ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَقَالَ رَجُلٌ: إِنَّ رِجَالا يَنْتِفُونَ الشَّيْبَ، فَقَالَ: مَنْ شَاءَ فَلْيَنْتِفْ نُورَهُ)) [١٨١]. واتە: هەر موسڵمانێك مووی لاشەی سپی بێت لە ئیسلامدا، ئەوە ئەو موو سپیی بوونەی بۆ دەبێتە نورو ڕوناکی لە دواڕۆژدا، پیاوێك ووتی: کەسانێك هەن مووی سپییان هەڵدەکێشن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جا هەر کەسێك حەز دەکات نورو ڕوناکییەکەی نەهێڵێت و کەمی بکاتەوە با مووە سپییەکانی هەڵبکێشێت.

فەزڵی هێشتنەوەی مووی سپی و هەڵنەکێشانی ئەوەیە خاوەنەکەی چوار شتی پێدەدرێت لە دواڕۆژدا: ڕوناکی سەر پردی (صراط)، وە بە هەر تاڵە موویەکی سپی چاکەیەکی پێدەدرێت، وە تاوانێکی لەسەر لا دەچێت، وە بەهۆیەوە پلەیەك بەرز دەبێتەوە لە دواڕۆژدا.

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاَ تَنْتِفُوا الشَّيْبَ فَإِنَّهُ نُورٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَ مَنْ شابَ شَيْبَةً فِي الإِسْلاَمِ، كُتِبَ لَهُ بِهَا حَسَنَةً، وَحُطَّ عَنْهُ خَطِيئَةً، وَرُفِعَ لَهُ بِها دَرَجَة)) [١٨٢]. واتە: مووی سپی لاشەتان هەڵمەکێشن، بەڕاستی نورو ڕوناکییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وە هەرکەسێك مووی سپی بێت لە ئیسلامدا ئەوە بەهەر تاڵە موویەکی سپی

---

[١٨١] رواه البزار، والطبراني، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٠٩٢).

[١٨٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/٣١٥)، والترمذي (٢٨٢١)، وإبن ماجه (٣٧٢١)، وإبن حبان، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": حسن صحيح (٢٠٩٦).

چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وە تاوانێکی لەسەر لا دەچێت، وە بەهۆیەوە پلەیەك بەرز دەبێتەوە لە بەهەشتدا. موسڵمانی خۆشەویست لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەر فەرمانێکی پێغەمبەرو (ﷺ) کارێکی چاکە بە گاڵتە فەرمانمان پێنەکراوە کە بیکەین، بەڵکو قازانج و بەرووبومی باشی هەیە، وە تا خوای پەروەردگار پاداشتی چاکەی چاکەکاران بداتەوە، وە گوێڕایەڵی کارو تاوانبار لێك جیا بکاتەوە.

موو سپی بوون نیعمەتە، لەبەر ئەوەی ترسێنەرو بە یاد هێنەرەوەی کەسی ژیرە بە نزیکی مردن و ئەجەلی، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ۖ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴿٣٧﴾﴾ (فاطر: ٣٧). واتە: بێباوەڕان لە ئاگری دۆزەخدا زۆر هاوار دەکەن و دەڵێن: ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾ پەروەردگارمان لەم سزاو ناڕەحەتییە دەرمان بێنە، تا ئەم جارە کاری چاکە ئەنجام بدەین جگە لەو کارە خراپانەی پێشوو کە دەمان کرد، ئەو کاتە باوەڕ دێنین و تەنها گوێڕایەڵی تەواوی تۆ دەکەین، وەڵامیان دەدرێتەوەو پێیان دەووترێت: ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ﴾ ئایا ئەوەندە تەمەنی درێژمان پێنەدان کە هەر کەسێك ژیرو وریا بوایە لەو ماوەیەدا بیر بکاتەوە، کە دەیتوانی پەندو کەڵکی لێ وەربگرێت؟ لە هەمان کاتیشدا ترسێنەرمان بۆ ناردن تا بتان ترسێنێت لەم سزا گەورەو ناڕەحەتە، بەڵام ئایا هیچ سوودتان لێبینی؟ ﴿فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴾ دەی کەوابوو سزای زوڵم ستەمتان بچێژن، لەو ڕۆژەدا هیچ یارمەتی دەرێك نییە بۆ زاڵمان و ستەمکاران.

جارێكیان عَبدالعزیزِ كوڕی أبورَوّاد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بە پیاوێكی ووت: هەر كەسێك پەند لە سێ شت وەرنەگرێت ئەوە هەرگیز پەند لە هیچ شتێك وەرناگرێت: ئیسلام، قورئانی پیرۆز، موو سپی بوون (پیر بوون) [(١٨٣)].

١٦. چاكە كردن لەگەڵ دۆستانی باوكت:

هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله كوڕی ئیمامی عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) جارێكیان لە سەفەرێكدا پیاوێكی دەشتەكی بینی كە دۆستی باوكی بوو، پیاوە دەشتەكییەكە بە عَبدُالله ووت: تۆ كوڕی فلانە كەس نیت؟ (واتە: ئیمامی عُمَر (خوای لێ ڕازی بێت)؟ عبدالله فەرمووی: بەڵێ، پاشان عَبدُالله (خوای لێ ڕازی بێت) ئەو گوێ درێژەی كە پێی بوو داییێ لەگەڵ عەمامەكەی سەری، ئەوانەی لەگەڵ عَبدُالله بوون، ووتیان: ئایا بەس نەبوو تەنها دوو درهەمت بدایەتێ؟ عبدالله (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إحْفَظ وِدَّ أَبِيْك لا تَقْطَعْهُ فيُطفيءُ اللّهُ نُورَكَ)) [(١٨٤)]. واتە: دۆستایەتی و خۆشەویستی باوكت بپارێزەو مەیبڕە، ئەگەر وا بكەیت ئەوە خوای پەروەردگار نورو ڕوناكیت دەكوژێنێتەوە.

زانای پایەبەرز ئیمامی المُناوي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی حافظِ العراقي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئایا مەبەست بە نەمان و كوژانەوەی نورو ڕوناكی لە دونیا دایە یان لە دواڕۆژدایە؟ پێدەچێت لە هەردوو لا بێت [(١٨٥)].

---

(١٨٣) **بڕوانە**: صفة الصفوة لإبن الجوزي (١/٤٧٠).

(١٨٤) قال الهيثمي في مجمع الزوائد: رواه الطبراني في الأوسط وإسناده حسن اهـ (٨/١٤٧)، ووافقه السيوطي في الجامع الصغير (٢٦٥) والمناوي في فيض القدير وقال: قال زين الحفاظ العراقي إسناده جيد اهـ (١/١٩٦)، **بەڵام زانای پایەبەرز شێخ ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەم فەرموودەیەی بە "ضَعیف" داناوە، بڕوانە**: الأدب المفرد (٤٠).

(١٨٥) **بڕوانە**: فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي (١/١٩٦).



١٧.داوا کردنی نورو ڕوناکی لە خوای پەروەردگار:

موسڵمانی خۆشەویست زۆر داوا بکە لە خوای پەروەردگار تا نورو ڕوناکیت پێببەخشێت، لە سوجەدەدا، ئەو کاتەی ئەڕۆیت بۆ مزگەوت.

هاوەڵی بەڕێز عبداللە کوڕی عَبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: شەوێکیان لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) خەوتم، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا بۆ شەو نوێژ کردن سیواکی کردو دەستنوێژی شوشت و ئەم ئایەتانەی دەخوێند: ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾ رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ ۖ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿١٩٢﴾ رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا ۚ رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾ فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۖ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾ لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ ﴿١٩٦﴾ مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَٰكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾ وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۗ أُولَٰئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾ ﴾ (آل عمران: ١٩٠- ٢٠٠).

پاشان هەستا دوو ڕکات نوێژی کرد، تیایدا زۆر بە پێوە وەستاو ڕکوع و سوجدەی زۆر درێژ کردەوە، پاشان چووەوە سەر جێگاکەی خەوت تا پرخە پرخی لێوە هات، (پێغەمبەر (ﷺ) بە

چاو دەخەوت بەڵام دڵی بە ئاگابوو)، سێ جار ئەم کارەی دووبارە کردەوە لە نێوان شەش ڕکاتدا، لە نێوان هەردوو ڕکاتێکدا سیواکی دەکردو دەستنوێژی دەشوشت و ئەم ئایەتانەی دەخوێند، پاشان سێ ڕکات نوێژی ویتری کرد، پاشان بیلال (خوای لێ ڕازی بێت) هات بانگیدا، دوای بانگ پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ نوێژو لە ڕێگا دەیفەرموو: ((اللهُمَ اجعَل فِي قَلبِي نُوراً، وَ في لِسانِي نُوراً، وَ اجعَل فِي سَمعي نُوراً، وَ اجعَل فِي بَصَري نُوراً، وَ اجعَل مِنْ خَلفِي نُوراً، وَ مِنْ وأَمامِي نُوراً، وَ اجْعَلْ مِنْ فَوقِي نُوراً، وَ مِنْ تَحتِي نُوراً، اللهم أعْطِنِي نُورا)) [١٨٦]. واتە: ئەی خوایە نورو ڕوناکی بکەیتە ناو دڵمەوە، وە ڕوناکی بکەیتە زمانمەوە، وە ڕوناکی بکەیتە گوێیەکانمەوە، وە ڕوناکی بکەیتە چاوەکانمەوە، وە پشتمەوە نورو ڕوناك بکەیت، وە پێشمەوە ڕوناك بکەیت، وە سەرووم ڕوناك بکەیت، وە ژێرم ڕوناك بکەیت، وە خوایە نورو ڕوناکیم پێببەخشیت.

لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی النَّسائي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەیگێڕێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دوعایەی لە سوجدەدا خوێندووە. زانای پایەبەرز إبنُ عَلان (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی قُرطُبي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئەو نورو ڕوناکییانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) داوای کردووە دەتوانرێت لەسەر ڕواڵەتی فەرموودەکە لێك بدرێتەوە، واتە: داواکردنی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبووە کە خوای پەروەردگار نورو ڕوناکی بکاتە هەموو ئەندامەکانی لاشەیەوە تا بتوانێت بە هۆیەوە تاریکییەکانی دواڕۆژی پێ ڕوناك بکاتەوە، بەڵام لە پێشتر وایە بگووترێت داواکردنی ئەو نورو ڕوناکییە عیلم و ڕێنمونی و هیدایەتە [١٨٧]. موسڵمانی ژیر نابێت واز بێنێت لە داواکردنی نورو ڕوناکی لە خوای پەروەردگار، بەڵکو دەبێت بەردەوام بێت لە داواکردنی، هەر لەبەر گرنگی نورو ڕوناکییە کە موسڵمانان لە دواڕۆژیشدا داوا لە خوا دەکەن تا

---

[١٨٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٣/٢٩١)، والبخاري (٦٣١٦)، ومسلم واللفظ له (٧٦٣)، وأبو داود (١٣٥٣)، والنسائي (١١٢١).

[١٨٧] **بڕوانە**: الفتوحات الربانية على الأذكار النووية، لإبن علان الصديقي (٢/٣٧).



بۆیان زیاد بکات، ئایا فەرموودەی خوای پەروەردگارت نەخوێندۆتەوە کە دەفەرموویێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ ۖ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَـٰنِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَٱغْفِرْ لَنَآ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٨﴾ ﴾ (التحريم: ٨). واتــــە: ئــــەی ئــــەو کەسانەی ئیمانتان هێنــاوەو ئیمانــدارن، تەوبــە بکــەن و بگەڕێنــەوە بــۆ لای خــوای پــەروەردگارو تەوبەیەکی یەکجاری بکەن، تەوبەیەکی (نَصوح) بکەن، پرسیار کرا لە ئیمامی عومەر (خــوای لــێ ڕازی بێت) تەوبەی (نَصوح) چییە؟ ئەویش (خــوای لــێ ڕازی بێــت) فــەرمووی: تەوبــەی (نَصوح) ئەوەیە: ئەو کەسە تاوانبارە لە تاوانەکانی پەشیمان بێتــەوەو جــارێکی تــر نەگەڕێتــەوە ســەری، چۆن شیر هەر کە هاتە دەر لە گوانی ئــاژەڵ جــارێکی تــر ناگەڕێتــەوە نــاو گــوانی، ئــەو کەســەش نابێت جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر تاوانەکانی پێشووی، بێگومان بن ئەگەر تەوبەیــەکی ئاوهاتــان کرد خوای پەروەردگار لە تاوانەکانتان خۆش دەبێــت و دەتانخاتــە بەهەشــتانێکەوە کــە ڕووبــارو ئاوی ساف و سازگار بــە ژێــر باخەکانیــدا دەڕوات، ﴿ يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ ۖ ﴾ لــەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) خوای پەروەردگار پێغەمبــەرو (ﷺ) ئەوانــەی کــە بــە ڕاســتی باوەڕیــان هێنابوو لەگەڵیا زەلیــل و سەرشــۆڕ ناکــات، ﴿ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَـٰنِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَٱغْفِرْ لَنَآ ﴾ نورو ڕوناکیان لەبەر دەمیانەوەو لە لای ڕاستیانەوە دەدرەوشێتەوەو لەســەر پــردی (صِراط) پێــی دەڕۆن و دەڵــێن: ئــەی پــەروەردگاردمان نــورو ڕوناکییەکــەمان بــۆ تــەواوو بــەردەوام بکــەو لێمــان خــۆش بــە، ﴿ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ بەڕاســتی تــۆ بەســەر هــەموو شتێکــــدا بە توانایت.

زانـای پایەبـەرزو ڕاڤـەکاری قورئـانی پـیرۆز إبنُ کَثیر (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەڵێـت: ئیمـامی مجاهد و ضَحاك وحَسن البصري و جگە لەوانیش (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: لە دواڕۆژدا کاتێك ئیمانـداران دەبیـنن نـورو ڕونـاکی دووڕووەکـان دەکوژێتـەوە دەڵـێن: ﴿ رَبَّنَآ أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآ ﴾[١٨٨]. موسڵمانی خۆشەویست هەموو ئەو کارە چاکانەی باسمـان کـرد نـورو ڕونـاکی ئیمانداران زیاد دەکات لە دواڕۆژدا (لە ڕۆژی تاریکاییی و ناخۆشـی و نارەحـەتی)، داواکـارین لـە خوای پەروەردگار کە نورو ڕوناکی زۆرمان پێببەخشێت لە دواڕۆژدا تا بەرچاومان ڕۆشن و ڕونـاك بێت و بە ئاسانی لە تاریکایی ساحەی مەحشەرو سەر پردی (صِراط) بپەڕینەوەو ڕزگارمان بێـت، آمیـن.

بەشی چوارەم:
ئەو تاوانانەی کە بە هۆیەوە خاوەنەکەی دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە

موسـڵمانی خۆشەویسـت پێویسـتە ئـەوە بزانرێـت کـە ئوممـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەوەنـدەیان دەچنە دۆزەخەوە کەس ژمارەیان نازانێت مەگەر تەنها خوای پەروەردگار، ئەویش لەبەر ئـەوەی تاوان و سەرپێچی خوای پەروەردگاریان زۆر کردووە.

هاوەڵی بەڕێز عبداللە کوڕی عَمْرو (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((يَدْخُلُ مِنْ أَهْلِ هَذِهِ الْقِبْلَةِ النَّارَ مَنْ لا يُحْصِي عَدَدَهُمْ إلاّ الله، بِمَا عَصُوا اللَّهَ، وَاجْتَرَأُوا عَلَى مَعْصِيَتِهِ، وَخَالَفُوا طَاعَتَهُ، ...))[١٨٩]. واتە: ئەوەندە کەسانی ئەهلی قیبلە

---

[١٨٨] **بڕوانە**: تفسير القرآن العظيم لإبن كثير (٦/٢٢٢).

[١٨٩] رواه الطبراني، وحسن إسناده الحافظ إبن حجر في الفتح (١١/٤٦٣) (ح ٦٥٧٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب"

(موسڵمانان) دەچنە دۆزەخەوە کە کەس ژمارەیان نازانێت مەگەر تەنها خوای پەروەردگار، ئەویش لەبەر ئەوەی تاوان و سەرپێچی خوای پەروەردگاریان زۆر کردووە، وە بە بوێرانەو بێ ترس و بێ شەرم سەرپێچی خوای گەورەیان کردووە، وە بە پێچەوانەی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار جولاونەتەوە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی کەوتە ناو ئاگری دۆزەخەوە بە هەمیشەیی تیایدا بمێنێتەوە.

موسڵمانی وا هەیە بە هۆی هەندێ تاوانەوە کە کردوویەتی لەسەر پردی (صِراط)ـەوە بەر دەبێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ، هەرچەندە ئەو موسڵمانە سوور بووە لەسەر کردنی ئەو کارە چاکانەی کە هۆکار بوونە بۆ خێراکردنی ڕۆیشتنی لەسەر پردی (صِراط)، وەکو نوێژو ڕۆژوو و چەندین کاری تری گەورەی چاکە، لە فەرموودەی پیرۆزی صەحیحدا هاتووە کە هەندێ لە موسڵمانان بەردەوام پارێزگاریان کردووە لە نوێژو زەکات و حەج و جیهاد، بەڵام سوودی پێنەگەیاندوون بۆ پەڕینەوەیان لەسەر پردی (صِراط)، بۆیە بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخ، پێدەچێت هۆکارەکە ئەوە بێت ئەو کردەوە چاکانەیان لێ وەرنەگیرابێت، یان چەند تاوانێکی گەورەیان هەبووبێت و تەوبەیان لێنەکردبێت و خوای پەروەردگار لێیان خۆش نەبووبێت.

هاوەڵی بەڕێز **أبوسَعيد الخُدري** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: کەسانێك لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئایا ئێمە خوای پەروەردگار دەبینین لە دواڕۆژدا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئێوە تووشی هیچ نارەحەتی و زەحمەتێك دەبن لە کاتی سەیر کردنی خۆرو مانگ لە ڕۆژێکی ساف و بێ تەم و هەوردا؟ ووتیان: نەخێر، (واتە: بێگومان خوای پەروەردگار دەبینن)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((... ثُمَّ يُضْرَبُ الْجِسْرُ عَلَى جَهَنَّمَ وَتَحِلُّ الشَّفَاعَةُ، وَيَقُولُونَ: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ. قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ: وَمَا الْجِسْرُ؟ قَالَ:

.(٣٦٤٠)

دَحْضٌ مَزِلَّةٌ. فِيهِ خَطَاطِيفُ وَكَلاَلِيبُ وَحَسَكٌ تَكُونُ بِنَجْدٍ فِيهَا شُوَيْكَةٌ يُقَالُ لَهَا: السَّعْدَانُ، فَيَمُرُّ الْمُؤْمِنُونَ كَطَرْفِ الْعَيْنِ وَكَالْبَرْقِ وَكَالرِّيحِ وَكَالطَّيْرِ وَكَأَجَاوِيدِ الْخَيْلِ وَالرِّكَابِ فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ وَمَخْدُوشٌ مُرْسَلٌ وَمَكْدُوسٌ فِي نَارِ جَهَنَّمَ. حَتَّى إِذَا خَلَصَ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ بِأَشَدَّ مُنَاشَدَةً لِلَّهِ فِي اسْتِقْصَاءِ الْحَقِّ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ لِلَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ فِي النَّارِ، يَقُولُونَ: رَبَّنَا كَانُوا يَصُومُونَ مَعَنَا وَيُصَلُّونَ وَيَحُجُّونَ. فَيُقَالُ لَهُمْ: أَخْرِجُوا مَنْ عَرَفْتُمْ. فَتُحَرَّمُ صُوَرُهُمْ عَلَى النَّارِ، فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا قَدْ أَخَذَتِ النَّارُ إِلَى نِصْفِ سَاقَيْهِ وَإِلَى رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ يَقُولُونَ: رَبَّنَا مَا بَقِيَ فِيهَا أَحَدٌ مِمَّنْ أَمَرْتَنَا بِهِ. فَيَقُولُ: ارْجِعُوا فَمَنْ وَجَدْتُمْ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالَ دِينَارٍ مِنْ خَيْرٍ فَأَخْرِجُوهُ. فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا، ثُمَّ يَقُولُونَ: رَبَّنَا لَمْ نَذَرْ فِيهَا أَحَدًا مِمَّنْ أَمَرْتَنَا. ثُمَّ يَقُولُ: ارْجِعُوا فَمَنْ وَجَدْتُمْ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالَ نِصْفِ دِينَارٍ مِنْ خَيْرٍ فَأَخْرِجُوهُ. فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا، ثُمَّ يَقُولُونَ: رَبَّنَا لَمْ نَذَرْ فِيهَا مِمَّنْ أَمَرْتَنَا أَحَدًا. ثُمَّ يَقُولُ: ارْجِعُوا فَمَنْ وَجَدْتُمْ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ فَأَخْرِجُوهُ. فَيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا، ثُمَّ يَقُولُونَ: رَبَّنَا لَمْ نَذَرْ فِيهَا خَيْرًا ...)) [١٩١]. واته: پاشان پردی (صِراط) دادەنرێت لەسەر پشتی دۆزەخ، ڕێگە بە شەفاعەت کردن دەدرێت، پێغەمبەران (صەڵاوات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەڵێن: خوایە سەلامەتیان بکە، خوایە سەلامەتیان بکە، ووترا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پردە چییەو چۆنە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پردی (صِراط) ڕێگەیەکە زۆر لووسە پێی لەسەر بەند نابێت بەڵکو هەڵدەخلیسکێت، لەسەر ئەو ڕێگەیە کۆمەڵە قولاپ و ڕاکێشەرێك هەیە، وە دڕکێکی پێوەیە کە بەلەشیانەوە دەنوسێت و ڕایان دەکێشێت، پێی دەووترێت: دڕکی (سَعدان) کە لە وولاتی نەجد هەیە، پاشان موسڵمانان کۆمەڵ کۆمەڵ بە پێی کردەوەکانیان بەسەریدا دەڕۆن، یەکەم کۆمەڵیان بە وێنەی چاو تروکان، پاشان بەوێنەی تیشك و هەورە

---

[١٩١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٤/٢٠٨)، والبخاري (٧٤٣٩)، ومسلم واللفظ له (١٨٣)، والنسائي (٥٠٢٥)، والحاكم (٤/٥٨٢).



بروسکە، پاشان وەکو خێرایی با بەسەریا دەڕۆن، پاشان وەکو ڕۆیشتنی باڵندە، پاشان وەکو سوارچاکێکی باش، پاشان وەکو ڕۆیشتنی پیاوێکی خێرا، وە هەیانە بە پیادە دەپەڕێتەوەو بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت، وە هەیانە ڕزگاری دەبێت بەڵام لەش و دەم و چاوی ڕووشاوە، هەیانە بەردەبێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ و ناتوانێت بپەڕێتەوە، هەتا موسڵمانان ڕزگاریان دەبێت لە ئاگری دۆزەخ، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو پەروەردگارەی کە گیانی منی بەدەستە هیچ کەس لە ئێوە نییە لە دونیادا کە داوا لە خوا بکات بۆ بە دەست هێنانی مافی خۆی لەو کەسەی کە زوڵم و ستەمی لێکردووە، وەکو داواکردنی ئیمانداران لە خوای پەروەردگار تا ڕێگەیان بدات بۆ شەفاعەت کردن بۆ برایانی موسڵمانانی تاوانبارو سزادراویان لە دواڕۆژدا (واتە: ئەوەندە خەمی برایانی موسڵمانانی ناو دۆزەخیان زیاتر لە حەق و مافەکانی خۆیان لە دونیادا)، ئیمانداران دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەو موسڵمانانە ڕۆژوویان دەگرت لەگەڵماندا، وە نوێژیان دەکرد، وە حەجیان دەکرد، پێیان دەووترێت: بڕۆن ئەو کەسانەی دەیان ناسن دەریان بێنن لە ناو دۆزەخدا، ئاگری دۆزەخ شێوەو ڕوخساری تێك نەداون، ئەوانیش دەچن کۆمەڵێکی زۆر دەردێنن کە ئاگری دۆزەخ تا نیوەی ئەژنۆ، یان سەر ئەژنۆیانی گرتووەو سووتاندوویەتی، کاتێك دەگەڕێنەوە دەڵێن: ئەی پەروەردگار هیچ کەس نەماوە لەو کەسانەی کە فەرمانت پێکردین تا دەریان بێنین، خوای پەروەردگار پێیان دەفەرمووێت: بگەڕێنەوە سەیر بکەن هەرکەسێك لە موسڵمانانی ناو ئاگری دۆزەختان بینی بە ئەندازەی قورسی دەنکە گەردیلەیەك خێرو چاکەی هەبوو دەری بێنن لە دۆزەخ، ئەوانیش دەچن کەسانێکی زۆر دەردەکەن لە دۆزەخ، کاتێك دەگەڕێنەوە دەڵێن: ئەی پەروەردگار هیچ کەسێکمان نەهێشت لەو کەسانەی کە

فەرمانت پێکردین تا دەریان بێنین لە دۆزەخ، لە دواییدا دەڵێن: ئەی پەروەردگار کەسێك نەماوە کە خێرو چاکەی هەبێت تا ئێمە دەری بێنین، ...)[١٩٢].

موسڵمانی خۆشەویست جوان ووردبەوە لە ووتەی ئیمانداران کە باسی برایانی موسڵمانیان دەکەن و دەڵێن: (رَبَّنَا كَانُوا يَصُومُونَ مَعَنَا وَيُصَلُّونَ وَيَحُجُّونَ) ئەی پەروەردگار ئەو موسڵمانانە رۆژوویان دەگرت لەگەڵماندا، وە نوێژیان دەکرد، وە حەجیان دەکرد، (موسڵمان بوونەو کردەوەی چاکەشیان زۆر بووە، بەڵام ئێستا چوونەتە ئاگری دۆزەخەوە) بەڕاستی کارەسات و موصیبەتێکی زۆر گەورەیە کە موسڵمان ڕوکنەکانی ئیسلام بە جێ بگەیەنێت و کردەوە چاکەکانیش بکات پاشان بچێتە ئاگری دۆزەخەوە، (خوا هەموو لایەکمان بپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ)، دەی کەوابوو بابزانین ئەو تاوانانە چین کە بە هۆیەوە موسڵمانانی تاوانبار دەچنە دۆزەخەوە؟

ئەو تاوانانە چین کە بە هۆیەوە خاوەنەکەی دەچێتە دۆزەخەوە؟

موسڵمانی خۆشەویست ناتوانرێت ئەو تاوانانە هەموویان بژمێردرێت و دیاری بکرێت، لەبەر زۆریان، وە نەبوونی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئەوەی کە هەر موسڵمانێك بیان کات دەچێتە دۆزەخەوە، هەرچەندە هەڕەشەی دۆزەخ کراوە لەو کەسەی کە دەیان کات، **گەورەترین تاوانەکان ئەم تاوانەن:**

یەکەم: کەوتنە ناو ئارەزووە حەرامەکانەوە:

[١٩٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٠٨/٢٤)، والبخاري (٧٤٣٩)، ومسلم واللفظ له (١٨٣)، والنسائي (٥٠٢٥)، والحاكم (٥٨٢/٤).

ئـارەزووە حەرامـەکان: ئـارەزووە دیـارو هەسـت پێکراوەکـان و ئـارەزووە شـاراوەکانیش دەگرێتەوە، ئـارەزووە دیـارو هەسـت پێکراوەکـان وەکـو: شـەهوەت و ئـارەزووی سـك و داوێـن، ئارەزووە شاراوەکانیش وەکو: حەز کردن بە پلەو پایەو خۆ دەرخستن و تۆڵە سەندنەوە.

هاوەڵی بەڕێز أبو بَرزة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفـەرموویت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((إِنَّ مِمَّـا أَخَـافُ عَلَـيْكُمْ شَـهَوَاتِ الْغَـيِّ فِـي بُطُـونِكُمْ وَفُـرُوجِكُمْ، وَمُضِـلاتِ الْهَـوَى)) [193]. واتـــە: ترسناکترین شتێك کە لێی بترسم تووشتان بێـت: ڕۆچـوون و شـوێنکەوتنی حـەزو ئارەزووەکـانی سـك و داوێنتانـە (ئـەو تاوانانـەی کـە بـە دڵ و دەروون دەکرێـت، وە ئـەو تاوانانـەی بـە داوێـن دەکرێت)، وە شوێنکەوتنی ئارەزووە سەرلێشێوێنەرەکـانە.

کەوتنە ناو ئارەزووە حەرامەکانی وەکـو: زینـاو نێربـازی و خواردنـەوەی مـەیی و تێـڕوانین بـۆ ئافرەتانی بێگانەو (نەزەر کردن)، پەیاکردنی ماڵی حەرام و گاڵتە کـردن بـە ناموسـی خـەڵکی و .... هتد، کە مرۆڤـــ لـەززەت و ئـارەزووی پێـوە وەردەگرێـت، لـە کاتێکدا خـوای پـەروەردگار حـەرامی کـردووە، هـەموو ئـەم کـارە حەرامانـە هۆکـارە بـۆ ئـەوەی خاوەنەکـەی بچـێتە ئـاگری دۆزەخەوە.

زانای پایەبەرز إبنُ حَجَر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی القاضي أبوبَكر العربي (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) ووتوویـەتی: ئـەو قولاپانـەی کـە بـەدەوری پـردی (صِراط)وە هەیـە ئـەو هـەواو ئارەزووانەن کە لە فەرموودەکەی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((حُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ)) واتـە: ئـاگری دۆزەخ دەورە دراوە بـە هـەواو ئارەزووەکـان، هـەواو ئارەزووەکان دانراون بە دەوری دۆزەخەوە، هەرکەسێك شـوێنی ئارەزوویـەك بکـەوێت دەکەوێتـە ناو دۆزەخەوە، لەبەر ئەوەی تاوانەکان ڕاکێشەرن بۆ ناو دۆزەخ [194].

---

[193] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٨٠)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٥٢).

[194] **بروانە**: فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (١١/٤٦١ ح ٦٥٧٤).

دەی خۆزگە خەڵکی بەخەر بهاتنایە لەو خەوە بێئاگاییەی کە تیایدان، وە بە ئاگا بهاتنایە لەو پێهەڵخلیسکان و کەوتنە ناو هەواو ئارەزووە حەرامەکانەوە لە کاتی سەفەرەو گەشت و تێڕوانین بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئەنتەرنێت و مۆبایل و کتێت و گۆڤارە بەدرەوشتییەکان)، بێئاگان لەو هەموو سزاو ناخۆشی و ناڕەحەتی و ئەو قولاپانەی تەنیشت پردی (صِراط) کە چاوەڕییان دەکات و بەزەیی بە هیچ کەسێکدا نایات، فەرمان کرابێت هەرکەسێك ڕابکێشرێت بۆ ناو دۆزەخ، ڕادەکێشرێت و لە بیر ناکرێت، پیاوان و ئافرەتانی پێ هەڵخلیسکاو لەسەر پردی (صِراط)و بەرەوە بوو بۆ ناو دۆزەخ زۆر زۆرن لەو ڕۆژەدا.

زانای پایەبەرز إبنُ رَجَب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: لە کاتێکدا ئیمان و کردەوەی چاکە لە دونیادا ئەو ڕێگە ڕاستەیە کە خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە تا بەندەکان لەسەری بڕۆن و بەردەوام بن لەسەری، وە فەرمانی پێکردوون کە داوا لە خوا بکەن تا خوا هیدایەتیان بدات بۆی، بۆیە هەر موسڵمانێك لە دونیادا ڕێگەی تەنها ئەو ڕێگە ڕاستە بێت لە ڕواڵەت و دەروونیدا، ئەوە پێیەکانی جێگیر دەبێت و ڕێك و ڕاست لەسەر ئەو پردی (صِراط)ەی کە لەسەر دۆزەخ دانراوە دەڕوات و بە سەلامەتی دەپەڕێتەوە، بەڵام هەرکەسێك لە دونیادا تەنها لەسەر ئەو ڕێگە ڕاستە نەبێت لە ڕواڵەت و دەروونیدا، بەڵکو لابدات بەلای فیتنەو ئاشووبی گومانەکان یان هەواو ئارەزووەکان، ئەوە قولاپە ڕاکێشەرەکانی سەر پردی (صِراط) ڕایان دەکێشێت، بە پێی لادانیان لە ڕێگە ڕاستەکەی خوای پەروەردگارو شوێنکەوتنی گومانەکان یان هەواو ئارەزووەکان، هەروەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((تَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ)) واتە: قولاپەکانی تەنیشت پردی (صِراط) تاوانباران بە پێی تاوانەکانیان ڕادەکێشێت [١٩٥].

---

[١٩٥] **بڕوانە**: التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار للحافظ إبن رجب الحنبلي، تحقيق إياد القيسي (صفحة ٢٣٠).



ئیمامی سَهْلِ کوڕی عَبدُالله التَسْتُري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: هەر کەسێك لە دونیادا ڕێگە لەسەر خۆی تەسك بكات، ئەوە لە دواڕۆژدا بۆی پان و فراوان دەبێت (واتە: پردی صِراط)، وە بە پێچەوانەوە هەر کەسێك لە دونیادا ڕێگە لەسەر خۆی پان و فراوان بكات، ئەوە لە دواڕۆژدا بۆی تەسك وتەنگ دەبێت (واتە: پردی (صِراط)ی لەسەر تەسك دەبێت) [196].

زانای پایەبەرز إبنُ رَجَب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەسەر ووتەکەی ئیمامی سَهلِ کوڕی عَبدُالله التستري دەفەرموویێت: مانای ووتەکەی ئەوەیە: هەر کەسێك ژیان لەسەر خۆی تەسك بكاتەوە لە دونیادا بە شوێن کەوتنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرو (ﷺ) دورکەوتنەوە لە تاوانەکان، کە ئەوەش ڕاستێتی بەردەوام بوونە لەسەر ڕێگای ڕاست لە دونیادا، ئەوە پاداشتی لە دواڕۆژدا ئەوەیە: پردی (صِراط)ی بۆ فراوان دەکرێت، وە هەر کەسێك ژیان لەسەر خۆی فراوان بكات لە دونیادا بە شوێن کەوتنی ئارەزووە حەرامەکان و ئارەزووە سەرلێشێوێنەرەکان تا لە ڕێگەی ڕاست دەردەچێت، ئەوە سزاکەی لە دواڕۆژدا ئەوەیە: پردی (صِراط)ی لێ تەنگ و تەسك دەکرێتەوە بە پێی دوورکەوتنەوەی لە ڕێگا ڕاستەکەوەو شوێن کەوتنی ئارەزووە حەرامەکان [197].

زانای پایەبەرز إبنُ تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: لە کاتێکدا دۆزەخ بەربەست کراوەو دەورە دراوە بە ئارەزووەکان هیچ کەس ناچێتە ناوی مەگەر بە هۆیانەوە نەبێت (بە هۆی حەرامەکانەوە)، وە لە کاتێکدا بەهەشت بەربەست کراوەو دەورە دراوە بە ناخۆشی و

---

[196] بروانە: حلية الأولياء وطبقات الأصفياء لأبي نعيم (١٠/١٩٧)، وصفة الصفوة لإبن الجوزي (٢/٢٧٨).

[197] بروانە: التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار للحافظ إبن رجب الحنبلي، تحقيق إياد القيسي (صفحة ٢٣٣).

ناڕەحەتییەکان ئەوە هیچ کەس ناچێتە ناوی مەگەر بە هۆیانەوە نەبێت (بە هۆی کارە چاکەکانەوە) [١٩٨].

بۆیە پێویستە موسڵمان بەردەوام بێت لەسەر دینی خوای پەروەردگار، وە خۆی بپارێزێت لە هەندێ شتی حەڵاڵی دونیایی تا نەکەوێتە ناو حەرامەوە، هەروەك هاوەڵی بەڕێز أبوذر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: خۆشەویستم (واتە: پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێدام کە پردی (صِراط) ڕێگەیەکی خلیسکەو پێی لەسەر بەند نابێت، وە ئێمە کاتێك دەچینە سەری ئەگەر بارمان سووك بێت (تاوانمان کەم بێت و لێپرسینەوەمان سووك بێت)، ئەوە زووتر ڕزگارمان دەبێت لێی وەك لەوەی کە بارمان قورس بێت کاتێك دەچینە سەری (تاوانمان زور بێت و لێپرسینەوەمان قورس بێت) [١٩٩].

دووەم: تەوبە نەکردن لە تاوانە گەورەکان:

بەڵگەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە دەسەلمێنن ئەو موسڵمانە خوا بە تەنها پەرستانەی کە دەچنە دۆزەخەوە، بە هۆی ئەو تاوانانەوەیە کە کردوویانەو لەسەری مردوونە بێ ئەوەی تەوبەیەکی ڕاستەقینەیان لێ کردبێت، وەکو خواردنی ڕیبا، بەکەم زانینی خەڵکی و مافەکانیان، بیدعە کردن، شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بۆ ژێر قاپەڕەقەی پێیەکان (بۆ پیاوان)، خۆ بە زل زانین، ووتنی ووتەیەك کە خوای پەروەردگار پێی ناخۆشە، درۆ هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، وە جگە لەم تاوانە گەورانە کە هەڕەشە لە خاوەنەکانیان کراوە بە ئاگری دۆزەخ، یان نەفرەت لێکردن، یان توڕەیی خوای

---

[١٩٨] **بڕوانە**: الاستقامة لإبن تيمية (١/٤٥١).

[١٩٩] رواه الإمام أحمد "المسند" (٢١٤٥٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٣١٧٨).



پەروەردگار، یان بوونی وەیل بۆیان، یان بوونی سزای تووند بۆیان، یان بوونی حەد لەسەریان، پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار[٢٠٠].

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە: پێنج نوێژە فەرزەکە تەنها گوناهە بچوکەکان دەسڕنەوە نەك گوناهە گەورەکان، **لەسەر بۆچوونی هەندێك لە زانایان**، چونکە تاوانە گەورەکان مەگەر تەوبەیەکی نەصوح و ڕاستەقینە بیان سڕێتەوە.

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الصَّلَواتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ، وَرَمَضانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ))[٢٠١]. واتە: کردنی پێنج نوێژە فەرزەکە، وە کردنی نوێژی هەینی تا هەینی داهاتوو، وە گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، دەبنە کەفارەتی تاوانەکان ئەگەر ئەو بەندە موسڵمانە خۆی لە تاوانە گەورەکان پاراستبێت.

بەڵام هەندێ لە زانایان بۆچوونیان وایە کە کردنی پێنج نوێژە فەرزەکە دەبێتە هۆکاری سڕینەوەی هەموو تاوانەکان هەتا تاوانە گەورەکانیش، بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیە کە هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((أَرَأَيْتُم لَو أَنَّ نَهْرَاً بِبَاب أحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ مِنْهُ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ، هَل يبْقى من دَرَنِهِ شَيْءٌ؟ قَالُوا: لا يبْقى من دَرَنِهِ شَيْءٌ. قَالَ: فَكَذَلِك مثل الصَّلَوَات الْخمس يَمْحو الله بِهِنَّ الْخَطَايَا))[٢٠٢]. واتە: ئەگەر ڕووبارێك بەبەردەمی ماڵی یەکێکتاندا بڕوات و ڕۆژی پێنج جار خۆی تیا بشوات، ئایا ئەو کەسە

---

[٢٠٠] تاوانە گەورەکان زۆر لەوە زیاترن کە خەڵکی دەیان کات و زۆر بە سووکی سەیریان دەکات، بۆ زیاتر شارەزابوون لە تاوانە گەورەکان، بڕوانە ئەم کیتابانە: "الكبائر" و "تبيين المحارم" للإمام الذهبي، و "الزواجر عن اقتراف الكبائر" للإمام الهيتمي" وە جگە لەم کیتابانە.

[٢٠١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/١٩٨)، ومسلم واللفظ له (٢٣٣) والترمذي (٢١٤).

[٢٠٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢/٢٠٢)، والبخاري (٥٢٨)، ومسلم (٦٦٧)، والترمذي (٢٨٦٨)، والنسائي (٤٦٢)، وإبن ماجه (١٣٩٧)، والدارمي (١١٨٣).

هیچ چڵك و پیسی بەلاشەیەوە دەمێنێت؟ هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویان: نەخێر هیچ چڵك و پیسی بەلاشەیەوە نامێنێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی ئەوە وێنەی پێنج نوێژە فەرزەکەیە خوای پەروەردگار تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە (چۆن ئەو ئاوە لاشە پاك دەکاتەوە لە چڵك و پیسی، بەهەمان شێوە کردنی نوێژە فەرزەکانیش موسڵمان پاك دەکاتەوە لە تاوانەکان).

مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە ئەوەیە: ئەو موسڵمانەی کە خوا بە تەنها پەرستەو تاوانی گەورەی هەیە، ئەگەر خوای پەروەردگار لێی خۆش نەبێت ئەوە بە پێی تاوانەکەی سزا دەدرێت و پاشان ڕزگاری دەبێت لە دۆزەخ و بە هەمیشەیی تیایدا نامێنێتەوە، بۆیە پێویستە موسڵمان خۆی بپارێزێت لە تاوانە گەورەکان، وە زۆر بە خێرایی تەوبەی لێبکات ئەگەر هەر یەکێکیانی کردووەو کەوتۆتە ناوی.

ئەو تاوانە گەورانەی کە زۆربەی خەڵکی تێی کەوتوونەو گوێی پێنادەن ئەمانەن:

١. ڕیا کردن لە کردنی کارە چاکەکان و نەبوونی دڵسۆزی تیایدا:

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى فِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَلاثَةٌ: رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِي سَبِيلِكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ، قَالَ: كَذَبْتَ إِنَّمَا أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ: فُلانٌ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ، فَأَمَرَ بِهِ فَيُسْحَبُ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، فَأُتِيَ بِهِ اللَّهَ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَقَرَأْتُ الْقُرْآنَ وَعَلَّمْتُهُ فِيكَ، قَالَ: كَذَبْتَ إِنَّمَا أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ: فُلانٌ عَالِمٌ، وَفُلانٌ قَارِئٌ، وَقَدْ قِيلَ فَأَمَرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ أَنْوَاعَ الْمَالِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ فَقَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ شَيْءٍ تُحِبُّ أَنْ أُنْفِقَ فِيهِ إِلاَّ أَنْفَقْتُ فِيهِ لَكَ، قَالَ: كَذَبْتَ إِنَّمَا أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ: فُلانٌ جَوَادٌ، فَقَدْ قِيلَ فَأَمَرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ))، وفي رواية عند التِّرمذي أنَّ النَّبيَّ

(ﷺ) قال: ((أُولَئِكَ الثَّلاَثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ الله تُسَعَّرُ بِهِمْ النَّارُ)) [٢٠٣]. واته: یەکەم کەس و کۆمەڵ لە دواڕۆژدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت سێ کۆمەڵن (سێ کەسن):

یەکەم: پیاوێکە شەهید کراوە، ئەم پیاوە دەهێنرێت و نیعمەتەکانی خوای گەورەی بە ڕوودا دەدرێتەوەو ئەویش هەمووی دێتەوە یاد، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: چیت کرد بەو هەموو نازو نیعمەتەی کە پێم بەخشیبووی؟ ئەویش دەڵێت: جیهادم کردو تێمکۆشا لە پێناوی تۆدا تا شەهید کرام، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: درۆت کرد جەنگایت تا پێت بووترێت: فلانەکەس ئازایە، وە پێت ووترا ئازایە لە دونیادا، پاشان فەرمان دەکرێت بە ڕاکێشانی بۆ ناو دۆزەخ، بەسەر سەرا ڕائەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

دووەم: پیاوێکە زانست و زانیاری شەرعی فێر بووەو قورئان خوێن بووەو خەڵکیشی فێرکردووە، ئەم پیاوەش دەهێنرێت و نیعمەتەکانی خوای گەورەی بە ڕوودا دەدرێتەوەو ئەویش هەمووی دێتەوە یاد، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: چیت کرد بەو هەموو نازو نیعمەتەی کە پێم بەخشیبووی؟ ئەویش دەڵێت: زانست و زانیاری فێر بووم و خەڵکیشم فێرکردو قورئانیشم خوێند لەبەر خاتری تۆ ئەی خوایە، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: درۆت کرد زانست و زانیاری فێربوویت تا پێت بووترێت: زانایە، وە پێت ووترا لە دونیادا، وە قورئانت خوێند تا پێت بووترێت: قورئان خوێنە، وە پێت ووترا لە دونیادا، پاشان فەرمان دەکرێت بە ڕاکێشانی بۆ ناو دۆزەخ، بەسەر سەرا ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

سێیەم: پیاوێکە خوای پەروەردگار دەوڵەمەندی کردووەو چەندین جۆر ماڵی پێبەخشیوە، ئەم پیاوەش دەهێنرێت و نیعمەتەکانی خوای گەورەی بە ڕوودا دەدرێتەوەو ئەویش هەمووی دێتەوە یاد، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: چیت کرد بەو هەموو نازو نیعمەتەی کە پێم بەخشیبووی؟

---

[٢٠٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٢٣)، ومسلم واللفظ له (١٩٠٥) والنسائي (٣١٣٧)، والترمذي (٢٣٨٢)، والحاكم (١/٥٧٩)، وإبن خزيمة.



ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگار هیچ ڕێگەیەکی خێرو چاکە نەمابوو کە تۆ حەز بکەیت تیایدا ببەخشرێت ئیللا لەبەر خاتری تۆ ماڵم تیا بەخشی، خوای پەروەردگار پێی دەڵێت: درۆت کرد ماڵت دەبەخشی و خێرت دەکرد تا پێت بووترێت: فڵانەکەس بەخشندەو خێرخوازە، وە پێت ووترا لە دونیادا، پاشان فەرمان دەکرێت بە ڕاکێشانی بۆ ناو دۆزەخ، بەسەر سەرا ڕائەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی التّرمذي دەیگێڕێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی أبوهريرة ئەم سێ کۆمەڵە یەکەم کۆمەڵ و دروست کراوی خوای پەروەردگارن کە ئاگری دۆزەخیان پێ گەرم و داخ دەکرێت و دەسووتێندرێن، (قورئان خوێنێك، تێکۆشەرێك، خێرخوازێك، ئەو کارە باشانەیان کردووە بۆ ئەوەی پێیان بووترێت: فڵانەکەس قورئان خوێن بووە، فڵانەکەس ئازا بووە، فڵانەکەس بەخشندەو خێرخواز بووە، کردەوەکانیان تەنها لەبەر خاتری خوای پەروەردگار نەبووە، بەڵکو بۆ ڕیاو خۆ دەرخستن بووە).

هەر بۆیە هاوەڵی بەڕێز أبو هُريرة (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك ئەم فەرموودەیەی دەگێڕایەوە دەبورایەوەو لە هۆش خۆی دەچوو.

وە هەروەها هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) أبوهريرة (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمودەیەکی ترمان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَنْ تَعَلّمَ العِلمَ لِيُباهيَ بِهِ العُلَماءَ، وَ يُجاريَ بِهِ السُّفَهاءَ، وَ يَصْرِفَ بِهِ وجوهَ الناسَ إلَيه، اَدْخَلَهُ اللهُ جَهَنَّمَ)) [٢٠٤]. واتە: هەرکەسێك فێری عیلم و زانیاری شەرعی ببێت بۆ خۆ ڕادان و شانازی کردن بەسەر زانایاندا، وە بۆ دەمە دەمێ و موناقەشە کردن لە گەڵ کەسانی بێعیلم و نەزاندا تا گومانیان بۆ دروست بکات، وە بە هۆی فێربوونی عیلم و زانیاری شەرعییەوە ڕووی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت (بۆ ئەوەی بەردەوام

---

[٢٠٤] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١/١٦٤)، وابن ماجه واللفظ له (٢٦٠)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": صحيح لغيره (١١٠).



لەسەرووی خەڵكەوە بێت یان زیاتر ڕێز لێگیراو بێت)، هەر كەسێك ئەو كارە بكات (عیلم و زانیاری شەرعی فێر بێت بە مەبەستی یەكێك لەو سێ شتە) ئەوە بێگومان خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو دۆزەخەوە.

٢. وێنە گرتن:

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنْ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، لَهُ عَيْنَانِ يُبْصِرُ بِهِمَا، وَأُذُنَانِ يَسْمَعُ بِهِمَا، وَلِسَانٌ يَنْطِقُ بِهِ، فَيَقُولُ: إِنِّي وُكِّلْتُ بِثَلَاثَةٍ بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ، وَبِكُلِّ مَنْ ادَّعَى مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَالْمُصَوِّرِينَ)) [٢٠٥].

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا ملێك لە ناو ئاگری دۆزەخەوە دەردەچێت، دوو چاوی هەیە پێی دەبینێت، دوو گوێی هەیە پێی دەبیستێت، زمانێكی هەیە قسەی پێدەكات و دەڵێت: من شەرپشك كراوم و ڕێگە پێدراوم بە ڕاكێشانی سێ كۆمەڵ كەس بۆ ناو ئاگری دۆزەخ: هەموو كەسێكی خۆ بەزل زانی ئینكاركەر لە حەق، وە هەموو ئەو كەسانەی لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هاوار بۆ پەرستراوی تر دەكەن (موشریكین)، وە هەموو وێنەگرو وێنەكێشێك.

سَعيدِ كوڕی أبو الحَسَن (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: جارێكیان پیاوێك هات بۆلای إبنُ عَبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) پێی ووت: من ئەم وێنانە دەكێشم (وێنەی ڕوح لەبەران) جا بۆم ڕوون بكەوە ئایا دروستە یان نا؟ إبنُ عبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) پێی ووت: نزیك بەرەوە لێم، پیاوەكە لێی نزیك بووەوە، دووبارە إبنُ عبّاس (خوایان لێ ڕازی بێت) پێی ووت: نزیك بەرەوە لێم، پیاوەكە لێی نزیك بووەوە تا إبنُ عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەستی خستە سەر سەری و پێی ووت: ئەوەت بۆ باس دەكەم كە خۆم لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە*، بیستوومە لە پێغەمبەر

---

[٢٠٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٦٨/٢٤)، والترمذي واللفظ له (٢٥٧٤)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٨٠٥١).

* موسڵمانی ڕاستەقینە دەبێت وەكو إبنُ عَبّاس بێت (خوایان لێ ڕازی بێت)، تەنها فەرموودەی خوای پەروەردگارو پێغەمبەر

(ﷺ) كە فەرموویەتی: ((كُلُّ مُصَوِّرٍ فِي النَّارِ يَجْعَلُ لَهُ بِكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَهَا نَفْسًا فَتُعَذِّبُهُ فِي جَهَنَّمَ. وَقَالَ: إِنْ كُنْتَ لاَ بُدَّ فَاعِلاً، فَاصْنَعِ الشَّجَرَ، وَمَا لاَ نَفْسَ لَهُ)) [٢٠٦]. واتە: هەموو وێنەگرو وێنەكێشێك لە ئاگری دۆزەخدایە، هەر وێنەیەك كە كێشاوێتی لە دونیادا دەكرێت بە ڕوح لەبەرێك و سزای (وێنەگرو وێنەكێشەكە) دەدات، إبنُ عبّاس (خوایان لیٚ ڕازی بێت) بە پیاوەكەی ووت: ئەگەر تۆ هەر وێنەكێشی و وێنە دەكێشیت، ئەوە وێنەی دارو درەخت و ئەو شتانە بكێشە كە ڕوح لەبەر نین (واتە: وێنەی شاخ و كێوو ڕووبارو ... هتد).

موسڵمانی خۆشەویست ئاگاداربەو خۆت بپارێزە لە دروست كردنی پەیكەرو وێنـەی مرۆڤــ و ڕوح لەبەران، یان گۆڕینی وێنەكان بە گاڵتە كردن بە شێوەو ڕوخساریان بە بڕین و پێكەوە نانیان لـە ڕێگەی بەرنامەی كۆمپیوتەرو مۆبایل و هۆكارەكانی تر، كە زۆربەی خەڵكی بـە چـاوی سـووكەوە سەیری دەكەن و كردوویانەتە هۆكاری گاڵتە ئامێزو كاتی پیٚ بەسەر دەبەن.

وە هەروەها خۆت بپارێزە لە وێنە گرتن و مەڵیٚ كاتی خۆی بە دەست وێنە كێشراوە، ئێستا بە كامێراو ئامێری پێشكەوتوو دەگیرێت و حوكمی وێنە كێشانی نییە.

نەخێر وا نییـە، موسـڵمانی خۆشەویسـت پێـت دەڵـێم: خـۆتی لـیٚ بپـارێزە تـا هەڕەشـەی ئـەو فەرموودانەی سەرەوەو چەندین فەرموودەی صەحیحی تـری پێغەمبـەر (ﷺ) نەتگرێتـەوە، خـۆ

(ﷺ)، باس بكات و فەتوای پێبدات، نەك ووتەی ئەم و ئەو، بە تایبەتی لەو باسانەی كە خیلافی زۆری تیا دروست بووە لەم سەردەمەدا، وەكو: گۆرانی و مۆسیقاو وێنەگرتن و ڕیش تاشین و جل و بەرگ شۆڕكردنەوە بۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەكان (بۆ پیاوان)، وە حەڵاڵ كردنی پانتۆڵ و دەم و چاوو برۆ هەڵگرتن بۆ ئافرەتان،......، ئەگەر تۆ موسڵمانی ڕاستەقینە بیت و بتەوێت بەڕاستی شوێنی قورئانی پیرۆزو فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بكەویت، ئەوە بۆت دەردەكەوێت هەموو ئەم شتانەو چەندین شتی تر كە لە بنەڕەتدا حەرامە، بەڵام بە ووتەو فەتوای ئەم و ئەو حەڵاڵ كراوە، نەك بە فەرموودەی خوای پەروەردگارو پێغەمبەر (ﷺ).

[٢٠٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٧٧/١٧)، والبخاري (٢٢٢٥)، ومسلم واللفظ له (٢١١٠)، والترمذي (٧٧٥١)، والنسائي (٥٣٥٨)، وأبو داود (٥٠٢٤).



ئەگەر دەڵێیت: بابەتەکە بابەتێکی خیلافییەو زانایانی سەردەم بۆچوونیان جیاوازە لەسەر دروستێتی و نادروستێتی (وێنەگرتن)، بەڵێ منیش لەگەڵتام کە زانایانی سەردەم بۆچوونیان جیاوازە لەسەر دروستێتی و نادروستێتی، بەڵام مەرج نییە هەر بابەتێکی شەرعی زانایان بۆچوونیان جیاواز بوو تیایدا تۆ بڵێیت: کامیان ئاسانترو گونجاوترو خۆشترە ئەوەیان ئەنجام دەدەم، چونکە حەق هەرگیز یەکەو لای کۆمەڵێکیانە نەك لای هەردوو لایان، وە ئەگەر شوێنی خیلافی بێ بنەماو بێ بەڵگە بکەویت ئەوە سەرت لێدەشێوێت و موسڵمانێکی حەق ویست نابیت، لەبەر ئەوەی ئەو زانایانەی کە دەڵێن: وێنەگرتن دروست نییەو لە تاوانە گەورەکانە، بەڵگەیان هەم فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرەو (ﷺ)، هەم بۆچوونی ڕاست و دروستی خۆیان و زانایانی پێش خۆیانە، کە ئەمەش تەواو گونجاوترە لەگەڵ حوکم و مەبەستەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی تاوان و هەموو خراپەکارییەك، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە هەموو جۆرە خراپەو تاوانێك بەربڵاوەو موسڵمانان تێیکەوتوونە جا نەزانن ئەو کارە حەرامە، یان بشزانن حەرامە هەر دەیکەن و گوێی پێنادەن کە ئەم لایەنەیان زیاترە، چونکە موسڵمان زۆربەی بابەتەکانی حەرام و حەڵاڵی بۆ ڕوون بووەتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا تاوان کردن و گوێ نەدان بە حەرام و حەڵاڵ لە هەموو کات و سەردەمێك زیاترە، وە زۆربەی وێنەگرتنەکان پیاوان و ئافرەتان بە تێکەڵاوی دەیگرن و بێ ئەوەی مەحرەمی یەکتریش بن، ئافرەتان بە سەری ڕووت و جل و بەرگی ناشەرعی و شان بە شانی پیاوان وێنە دەگرن، دواتریش مەگەر تەنها خوای پەروەردگار بزانێت ئەو وێنانە چییان لێدەکرێت و چۆن بەناو خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە. زانای پایەبەرز الشّوكانِي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دوای ئەوەی خیلافی نێوان زانایان باس دەکات سەبارەت بەگۆرانی، دەڵێت: پاش ئەوەی بەڵگەی هەردوولامان باس کرد سەبارەت بە گۆرانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەگەر خیلافی نێوان زانایان لە بازنەی حەرامیش دەرچێت ئەوە لە بازنەی شوبهەو گومان دەرناچێت (لەم باسەدا: باسی گۆرانی)، وە ئیماندارانیش

وەستاون بەرامبەر ئەو فەرموودانەی کە ماناکەی تەواو ئاشکراو دیار نییە (هەرچەندە ئەم باسە حوکمی ڕوون و ئاشکرایە لای زانایانی ڕاستەقینەو موسڵمانی شوێن کەوتووی حەق)، وە هەروەها لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە کە شتە حەڵاڵەکان ڕوون و ئاشکراو دیارن، وە شتە حەرامەکانیش بەهەمان شێوە، وە لە نێوانیاندا چەند کارو شتێك هەیە ماناو واتاکەی بە ڕوون و ئاشکرایی لە هەموو کەسێك دیارنییە، هەر موسڵمانێك خۆی بپارێزێت لێیان ئەوە دینەکەی سەلامەت دەبێت و خۆی دوورخستۆتەوە لە توانج و قسەو قسەلۆك و گومانی خەڵکی[٢٠٧]. موسڵمانی خۆشەویست ووتەی زانای پایەبەرز ئیمامی الشّوكانِي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) تەواو وێنەگرتنیش دەگرێتەوە بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، بۆیە خۆتی لێبپارێزەو مەیگرە ئەگەر فەتوای نادروستیشی لەسەر بێت.

٣. ووتنی ووتەیەك کە خوای پەروەردگاری پێ تووڕە دەبێت:

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لاَ يُلْقِي لَهَا بَالاً، يَرْفَعُ اللَّهُ بِهَا لَهُ دَرَجَاتٍ، وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لاَ يُلْقِي لَهَا بَالاً، يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ))[٢٠٨]. واتە: بەندەی وا هەیە ووتەیەك دەڵێت بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار، ئەو بەندەیە ئەو ووتەیە زۆر بە گەورەیە نازانێت، بەڵام بەلای خوای پەروەردگارەوە زۆر خێرو گەورەیە، بۆیە چەندین پلە لە بەهەشتدا بەرزی دەکاتەوە بە هۆیەوە، وە بەندەی وا هەیە ووتەیەك دەڵێت کە خوای پەروەردگار پێی ناخۆشەو پێی تووڕە دەبێت، ئەم بەندەیە گوێ بەو ووتەیە نادات و زۆر بە گەورەی نازانێت،

---

[٢٠٧] **بڕوانە**: نيل الأوطار للعلاّمة الإمام الشّوكاني (٨/٥١١).

[٢٠٨] رواه الإمام مالك (١٨٤٩)، وأحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٦٩)، والبخاري (٦٤٧٨)، ومسلم (٢٩٨٨)، والترمذي (٢٣١٤).



بەڵام بەلای خوای پەروەردگارەوە تاوانێکی زۆر گەورەیە، بۆیە بە هۆی ئەو قسەیەوە بەردەدرێتەوە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

وە هاوەڵی بەڕێز مُعاذِ کوڕی جَبَل (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ((كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي سَفَرٍ فَأَصْبَحْتُ يَوْمًا قَرِيبًا مِنْهُ وَنَحْنُ نَسِيرُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي عَنْ النَّارِ؟ قَالَ: لَقَدْ سَأَلْتَنِي عَنْ عَظِيمٍ وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ، تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ، ثُمَّ قَالَ: أَلا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ، الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ، وَصَلَاةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ، قَالَ: ثُمَّ تَلا: (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنْ الْمَضَاجِعِ) حَتَّى بَلَغَ (يَعْمَلُونَ) ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ كُلِّهِ وَعَمُودِهِ وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ؟ قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: رَأْسُ الْأَمْرِ الْإِسْلَامُ وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ، ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخْبِرُكَ بِمَلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟ قُلْتُ: بَلَى يَا نَبِيَّ اللَّهِ، فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ، قَالَ: كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا، فَقُلْتُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ: وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ فَقَالَ: ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلاّ حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ؟)) [٢٠٩].

واتە: جارێکیان لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووم، تا ڕۆژێکیان بە ڕێگادا دەڕۆیشتین لێی نزیك بوومەوەو پێم ووت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵم پێبدە بەو کارە چاکانەی کە ئەگەر بیکەم پێی بچمە بەهەشتەوە، وە دوورم بخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی پرسیاری کارێکی زۆر گەورەت لێکردم، بەڵام ئاسانە لەسەر ئەو کەسەی کە خوای پەروەردگار لەسەری ئاسان بکات، (ئەو کارە چاکانەی پێی بچیتە بەهەشتەوەو دوور بکەویتەوە لە ئاگری دۆزەخ) ئەمانەن: خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها بپەرستیت و هیچ

---

[٢٠٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٥٨)، والترمذي واللفظ له (٢٦١٦)، وإبن ماجه (٣٩٧٣)، والحاكم (٢/٤٤٧)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٥١٣٦).

هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار نەدەیت، وە نوێژ بکەیت، زەکاتی ماڵەکەت دەربکەیت، وە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت، حەجی ماڵی خوای پەروەردگار بکەیت، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا هەواڵت پێبدەم و پێت ڕابگەیەنم کە دەرگای خێرەکان چین؟ ڕۆژوو قەڵغانە (موسڵمان دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ)، وە خێرو صەدەقە تاوان دەسڕێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، وە شەونوێژ کردن لە جەرگەی شەودا، **مُعاذ** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (**تَتَجافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ المَضاجِعِ**) تا گەیشتە (**يَعْمَلُونَ**)، پاشان فەرمووی: ئایا هەواڵت پێبدەم بە سەرچاوەی هەموو کارە چاکەکان وە کۆڵەکەو لووتکەی بەرزی ئەم دینە؟ **مُعاذ** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سەرچاوەی هەموو کارە چاکەکان ئیسلام بوونە (پێش کردنی هەر کارێکی چاکە دەبێت ئەو کەسە موسڵمان بێت ئەگەر بە تەمای خێرو پاداشتی دوارۆژە)، وە کۆڵەکەی ئەم دینە نوێژ کردنە (بێ نوێژ کردن ئەو کەسە دینی نییە)، وە لووتکەی بەرزی ئەم ئیسلامە جیهادو تێکۆشانە لە پێناو خوای پەروەردگاردا، **مُعاذ** (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی **مُعاذ** (خوای لێ ڕازی بێت) ئایا هەواڵت پێبدەم بە کارێك کە کۆکەرەوەی هەموو ئەمانەیە؟ ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، **مُعاذ** (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) زمانی گرت و فەرمووی: خۆت لە شەڕو خراپەو تاوانی ئەمە بپارێزە، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئێمە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین سزا دەدرێین (لە سەر ووتەی خراپ و نابەجێ و تاوانی زمانمان)؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی لەبار دایکت بچویتایە، ئەمە گاڵتەیەك بووە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانی کردوویەتی (خوایان لێ ڕازی بێت)، ئایا کاتێك خەڵکی بەسەر دەم و چاوو ڕوویانا ڕادەکێشرێن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ هەمووی بە هۆی دروێنەی زمانیانەوە نییە (تاوانەکانی زمانیان)؟.

٤. ئازاردانی دراوسێ:

هـاوەڵی بـەڕێز أبو هريرة (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفـەرموویێت: جارێکیـان پیاوێـك ووتـی: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) فلانـە ئـافرەت باسـی نوێـژی زۆرو ڕۆژووی زۆرو خێـری زۆری دەکرێـت، بـەڵام ئەوەندە هەیە ئەو ئافرەتە بـە زمـانی ئـازاری دراوسـێی دەدات (خراپـە لەگەڵیاندا)، هاوسـێکانی بێوەی نین لە زمانی بەڵکو لە زمانی دەترسن)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هِيَ فِي النّارِ))، ئـەو ئافرەتە لە ئاگری دۆزەخدایە، پیاوەکە ووتی: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) فلانـە ئـافرەت باسـی کـەم نوێژیی و کەم ڕۆژوویی و کەم خێری دەکرێـت جـاری وا هەیـە (وورده کەشـك دەکـات بـە خێـر)، بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە ئـەو ئافرەتـە بـە زمـانی ئـازاری دراوسـێکانی نـادات (باشـە لەگەڵیانـدا)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هِيَ فِي الجَنَّةِ)) [٢١٠]، ئەو ئافرەتە لە بەهەشتدایە.

٥. شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەکان:

موسـڵمانی خۆشەویسـت ئـەم بابەتـەش وەکـو بابـەتی وێنـەگرتن و گـۆرانی و مۆسـیقاو چـەندین بابەتی تر کەلەم دواییەدا خیلاف لە نێوان زانایان دروست بووە لەسەر دروسـتێتی و حـەرامێتی، ئایا شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەکان (بۆ پیاوان) حەرام و تاوانە یان نا؟ موسـڵمانی خۆشەویسـت ئەگـەر بـۆ فیـزو تەکـەبوور بێـت ئـەوە هـەموویان یەکـدەنگن لەسـەر حەرامێتی ونادروستێتی، وە تاوانێکـە لـە تاوانـە گـەورەکان، بـەڵام ئەگـەر بـۆ خـۆ ڕادان و فیـزو تەکەبوور نەبێت ئایا هەر تاوانەو حەرامە؟ فەرموودەکان هەندێکیان بە ڕەهایی (مُطْلَقْ) هاتوونەو هەندێکیان بە دیاری کراوی (مُقَيَّدْ) هاتوونە لەسەر حوکم و سزای شۆڕکردنەوەی جل و بـەرگ بـۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەکان، بەڵام ئەگەر ووردبینەوە لە هۆکاری شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەکان، وە سزای هەر دوو جۆرە شۆڕ کردنەوەکە (بۆ فیزو تەکەبوور بێت یان نـا)

---

[٢١٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢١٩/١٩)، والحاكم (١٨٣/٤)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٢٥٦٠).

ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بە هەموو شێوەیەك شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بۆ ژێر قاپە ڕەقەی پێیەکان حەرامەو تاوانە (جا خۆتی لێبپارێزەو گوێ مەدە بە قسەی ئەم و ئەو کە گوایە حەڵاڵەو دروستە ئەگەر بۆ فیزو تەکەبوور نەبێت).

هاوەڵی بەڕێز هبیب الغِفاري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ وَطِئَ عَلى إزارِهِ خُيَلاءَ وَطِئَ فِي نارِ جَهَنَّمَ))[٢١١]. واتە: هەر کەسێك جل و بەرگی لەبەر کردو شۆڕی کردەوە بۆ فیزو تەکەبوور ئەوە پێیەکانی خستۆتە ئاگری دۆزەخەوە.

وە هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَا أَسْفَلَ مِنَ الكَعْبَينِ مِنَ الإزارِ فَفِي النَّارِ))[٢١٢]. واتە: هەر جل و بەرگێك لە ژێر قاپە ڕەقەی پێوە بێت ئەوە ئەو پێیانە لە ئاگری دۆزەخدایە.

٦. پاڵدانە لای زاڵم و ستەمکاران و ڕازی بوون بە کارەکەیان:

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ (هود: ١١٣). واتە: خۆتان مەدەنە پاڵ و زاڵم و ستەمکاران و ڕازی مەبن بە کارەکەیان، خۆ ئەگەر واتان کرد ئەوە ئاگری دۆزەخ دەتان گرێت و دەتان سووتێنێت، ئەو کاتە جگە لە خوای پەروەردگار هیچ دۆست و خۆشەویستێکتان نییە، وە پاشان سەر ناکەوێنرێن لە لایەن ستەمکارانەوە (کاتێك ئاگری دۆزەخ گرتانی).

٧. دەرنەکردنی زەکـــــات:

[٢١١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/٢٩٠)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٥٩٢).

[٢١٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/٢٣٥)، والبخاري واللفظ له (٥٧٨٧)، والنسائي (٥٣٣١)، وإبن ماجه (٣٥٧٣).

خـــوای پـــەروەردگار دەفـــەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۗ وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٤﴾ يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ ﴿٣٥﴾﴾ (التوبة: ٣٤ – ٣٥). واتە: ئەی ئیمانداران ئاگادار بن و باش بزانن کە زۆرێك لە قەشەو (فرەزانەکانی جولەکە) پاپاکان (گۆشەگیرو ڕەبەنە فەلەکان) ماڵ و سامانی خەڵکی دەخۆن بە ناحەق و بە تاڵانی دەبەن، وە ڕێگریشیان لێدەکەن و ناهێڵن دینی ئیسلام قەبووڵ بکەن، ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە ئەو کەسانەی کە زێڕو زیو کۆ دەکەنەوەو نایبەخشن لە ڕێی خوادا، ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ﴿فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ﴾ مـژدەیان پێبـدە بـە سـزایەکی ئـێش پێگەیەنـەر، ﴿يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ﴾ لـە ڕۆژێکـدا ئـەو زێـڕو زیـوە لـە نـاو ئـاگری دۆزەخـدا سـوور دەکرێتەوەو گەرم و داخ دەکرێت و نێو چاوو تەنیشتەکان و پشتیانی پێداخ دەکرێت و پێیان دەووترێـت: ﴿هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ﴾ ئەمـە ئـەو زێـڕو زیوەیـە کـە خڕتان کردەوە بۆ خۆتان و نەتان بەخشی لە ڕێی خوای پەروەردگاردا، دەی کەوابوو ئێستا سزاکەی بچێژن.

٨. پشت هەڵکردن لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەی دوژمن:

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٦﴾﴾ (الأنفال: ١٥ – ١٦). واتە: ئەی ئیمانداران کاتێك

لە مەیدانی جەنگدا بوون و تووشی بێباوەڕان بوون و بەزۆری هێرشیان بۆ دەهێنان و لێتان نزیك دەبوونەوە، نابێت پشتیان تێبکەن و هەڵبێن و ڕابکەن، بەڵکو خۆ ڕاگر بن و بەرامبەریان بوەستن، چونکە ﴿ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ ﴾ هەرکەسێك لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا پشت هەڵبکات و خۆی بدزێتەوەو شوێنیان بۆ چۆڵ بکات، بە ڕاستی تورەیی خوای پەروەردگاری دەکەوێتە سەرو جێگاشی دۆزەخ دەبێت، ﴿ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ ﴾ مەگەر کەسێك بۆ شەڕ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی ئەوەی جارێکی تر خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ هێرش بردن، یان بۆ ئەوەی فێڵ لە بێباوەڕان بکات و خێرا بگەڕێتەوە سەریان بۆ جەنگ، یان جێگۆڕکێ بکات تا خۆی بگەیەنێتە تاقمێکی تری جەنگاوەران، بۆ ئەوەی هەموویان بە کۆمەڵی بجەنگن، ئەوە قەیدی نییە لەم حاڵەتانەدا، بەڵام ئەگەر لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمندا پشت هەڵبکات و خۆی بدزێتەوەو شوێنیان بۆ چۆڵ بکات لە ترسان یان بە مەبەستی زاڵ بوونی دوژمن بەسەر موسڵماناندا ئەوە ﴿ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ ﴾ بە ڕاستی تورەیی خوای پەروەردگاری دەکەوێتە سەرو جێگاشی دۆزەخ دەبێت، بەڕاستی دۆزەخیش چارەنوسێکی زۆر خراپە.

٩. پۆشینی جل و بەرگی ناشەرعی بۆ ئافرەتان:

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مَائِلاَتٌ مُمِيلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَمْثَالِ أَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ كَذَا وَكَذَا))[٢١٣]. واتە: دوو تاقم و کۆمەڵ هەن ئەهلی ئاگری

---

[٢١٣] رواه الإمام مالك (١٦٩٤)، وأحمد "الفتح الرباني" (٣٠٢/١٧)، ومسلم واللفظ له (٢١٢٨).

دۆزەخن کە من نەیانم بینیوە (چونکە لەسەردەمی ئەودا نەبوونە): کۆمەڵێکیان کەسانێکن قامچیان بە دەستەوەیە بە وێنەی کلکی مانگا خەڵکی پێ ئازار دەدەن (واتە: جەلادەکان)، وە تاقم و کۆمەڵی دووەمیان ئافرەتانێکن جل و بەرگیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن (جل و بەرگیان تەنگ و تەسك و کورت و کون کونە کە لاشەیان دەردەخات)، بە لەنجەولار دەڕۆن و خۆیان با دەدەن، قژی سەریان بە وێنەی کۆپانەی سەر پشتی ووشتر لار بۆتەوە (سەریان ڕووت دەکەن و بە تۆپەڵ دەیبەستن لەسەر تەوقی سەریان، لەچکی چی و حیجابی چی؟)، ئەو ئافرەتانەی ئەوە حاڵیانە ناچنە بەهەشتەوەو بۆن و بەرامی خۆشی بەهەشتیش ناکەن، لە کاتێکدا بۆن و بەرامی خۆشی بەهەشت دووری ئەوەندەو ئەوەندە ساڵە دەڕوات (پێنج سەد ساڵ).

بەڵێ ئەی پێغەمبەری (ﷺ) خۆشەویست ئەو دوو کۆمەڵە لە خوا نەترسە نەبوونە لە سەردەمی تۆو هاوەڵانی بەڕێزت و پێشینی چاکەخواز (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) کە بە ڕاستی تەنها شوێنکەوتووی قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی تۆی خۆشەویست بوونە، دەبێ بڵێین: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦﴾ (البقرة: ١٥٦)، بۆ دووری و گوێنەدانی زۆربەی موسڵمانان بە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ)، زیاتر ئافرەتان لە ڕووی پۆشینی جل و بەرگی ناشەرعی و دەرخستنی لەش و لاریان، کە بوونەتە مایەی فیتنەو فەساد بۆ زۆرێك لە گەنجان و ڕاکێشانیان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، دەبێ چی غیرەتێك لەو باوك و برا و مێردەیا هەبێت کە دەبینن ئافرەتانیان ئەو جل و بەرگە ناشەرعییە دەپۆشن و ڕێگریان لێناکەن؟ لە کاتێکدا زۆربەشیان نوێژخوێن و ڕۆژوو گروو مامە حاجیشن!!! دەبێ ئەو کەسانە چی دڵێکیان بەو نوێژ و ڕۆژوو و حەجەیان خۆش بێت؟ لە کاتێکدا ئەوها گوێ نادەن بە نرخترین زێرو گەوهەریان کە ئافرەتانیانن، زۆربەی ئافرەتانی ئەم ڕۆژگارە بەجۆرەها مۆدیل و جل و بەرگی ناشەرعی خۆیان دەڕازێننەوە بۆ پیاوانی بێگانە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ)، عابای چی و حیجابی چی و لەچکی چی؟ ئەمانە هەمووی هی ئیسلامەو

ڕۆیشت و بەسەر چوو مۆدیلی نەماوە لایان، ئێستا دەوری مۆدیلی غەرب و گاورو جولەکەیە، خۆپۆشتە کردن و جل و بەرگی شەرعی لەبەر کردن، دواکەوتنە بەلای ئەوانەوە، وە دەڵێن: بە کەڵکی ئەمڕۆ نایات، ئەگەر ئەو ئافرەتانە بە زمانیشیان وا نەڵێن، ئەوە بە زمانی حاڵیان وا دەڵێن (بالاو جل و بەرگیان وا دەڵێت، لە بەر کردنی پانتۆڵ و تەنوورەی تەسك و کورت و سترێچ ......هتد)، هەرچۆنێك بێت ئەمە حاڵی ئافرەتانێکە کە یان باوەڕیان بە خوای پەروەردگارنییە، یان هەر لێی ناترسن، یان ئەگەر لێشی بترسن ئەوە ترسیان کەمە و ئیمانیان لاوازە، بەڵام هەندێ لە خوشکانی حیجاب لەبەر (هەر بە ناو) حیجابەکەیان یان تەسکەو لاشەیان دەردەخات، یان مانتۆیە، یان بریق وباقی پێوەیە، یان لەسەر مۆدیلەو مەرجەکانی حیجابی تیانییە.

بۆیە بە هەموو خوشکێکی بەڕێز دەڵێم: زۆر ئاگاداری جل و بەرگتان بن و جوانی خۆتان دەرمەخەن بۆ پیاوانی بێگانە، خۆتان مەکەنە نێچیری گورگە برسییە لە خوا نەترسەکان، خۆتان مەخەنە بەر هەڕەشەو نەفرەتی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ) و فریشتەکان و سەرجەم موسڵمانان، بەڵکو خۆتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، ئەو ئاگرەی کە سووتەمەنییەکەی مرۆڤ و بەردی کبریتە، ئاگرێکە شەست و نۆجار (یان نەوەدو نۆ جار) گەرمترە لە ئاگری دونیا کە هیچ کەس تەحەمولی ناکات و بەرگەی ناگرێت، ئایا ئێوەی بێدەسەلات بەرگەی دەگرن؟ نا، سوێند بە خوای پەروەردگار بەردو ئاسنیش بەرگەی ناگرێت، دەی کەوابوو ئەگەر تا ئێستا بێ ئاگا بوویتە و نەتزانیوە یان گوێت پێنەداوە، ئەوە هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدەو خەم لە خۆت بخۆ، چونکە هەندێ جار بۆ ژیانی دواڕۆژت تەنها مامۆستایان و کەسانی چاکەخواز دڵسۆزتن، نەك ئەو باوك و براو مێردەی کە بەبەر چاویانە جل و بەرگی ناشەرعی دەپۆشیت، گوێی پێنادەن و ڕێت لێناگرن و لە ئاگری دۆزەخ ناتپارێزن لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوەو پێی ڕاگەیاندووین ئەو ئافرەتانەی جل و بەرگیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن، وە بە لەنجەولار دەڕۆن و خۆیان با دەدەن، قژی سەریان بە وێنەی کۆپانەی سەر پشتی ووشتر لار بۆتەوە، بۆنی بەهەشت ناکەن و

ناچنە بەهەشتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) وا دەفەرمووێت و وا فەرمان دەکات، باوك و براو مێردەکانیش ئاوهان و گوێی پێنادەن و بێدەنگن بەرامبەرتان.

سُلَيمانِ کوڕی یَسار (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: باشترینی ئافرەتانتان ئەو ئافرەتانەن کە منداڵیان دەبێت و مێردەکانیان خۆش دەوێت و قسەو بۆچوونیان لەگەڵ قسەی مێردەکانیاندایە، وە لەگەڵ ئەوەشدا تەقوای خوا دەکەن و لێی دەترسن، وە خراپترینی ئافرەتانتان ئەو ئافرەتانەن کە جل و بەرگی ناشەرعی دەپۆشن و سافرەن و خۆ بەزل زانن، ئەو ئافرەتانەی ئەوە حاڵیانە ئافرەتانێکی دووڕوو و لە سنوری خوا دەرچوون، ئەو ئافرەتانە لێیان ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر بە وێنەی قەلەرەشی پێ سپی (کە ئەم جۆرە قەلەرەشە زۆر کەمە)، واتە: ئەو ئافرەتە موسڵمانانەی کە جل و بەرگی ناشەرعی دەپۆشن زۆریان دەچنە دۆزەخەوە، کەمیان هەیە بچێتە بەهەشتەوە، مەرج نییە ئەو ئافرەتانە کافرو بێباوەڕ بن، نەخێر بەڵکو ئافرەتانێکن هەندێکیان موسڵمانیشن نوێژیش دەکەن و ڕۆژوش دەگرن و چاکەش دەکەن و جل و بەرگیشیان لەبەردایە، بەڵام ڕووتن (واتە: جل و بەرگیان تەنگ و تەسك و کورت و کون کونە کە لاشەیان دەردەخات)، دەی کەوابوو خوشکی موسڵمانی سافرەی بێئاگا خۆت بپارێزە لە ئاگری دۆزەخ، ئەو ئاگرەی کە سووتەمەنییەکی تۆی بێدەسەڵات و بەردە، وە ئاگرێکە نەوەدو نۆ جار گەرمترو سوتێنەرترە لە ئاگری دونیا [٢١٤].

١٠. ئەوانەی کە فەرمان دەکەن بە چاکەو خۆیان نایکەن، وە بە خەڵکی دەڵێن ئەوە خراپەیەو مەیکەن بەڵام خۆیان دەیکەن:

هاوەڵی بەڕێز أُسامة کوڕی زَید (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((يُجَاءُ بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُهُ فِي النَّارِ فَيَدُورُ كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِرَحَاهُ،

---

[٢١٤] رواه البيهقي، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٣٣٣٠).



فَيَجْتَمِعُ أَهْلُ النَّارِ عَلَيْهِ فَيَقُولُونَ: أَيْ فُلَانُ مَا شَأْنُكَ أَلَيْسَ كُنْتَ تَأْمُرُنَا بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَانَا عَنْ الْمُنْكَرِ؟ قَالَ: كُنْتُ آمُرُكُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَلَا آتِيهِ، وَأَنْهَاكُمْ عَنْ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ)) [٢١٥]. واته: له ڕۆژی دواییدا پیاوێك دەهێندرێت و فرێ دەدرێته ناو ئاگری دۆزەخەوە، ڕیخۆڵەی بەردەبێتەوە بەر پێی و بە دەوریا دەسوڕێتەوە وەکو گوێ درێژ کاتێك گێرە دەکات چۆن بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، ئەهلی ناو دۆزەخ لێی کۆ دەبنەوەو پێی دەڵێن: ئەی فلان کەس چیته بۆ وات لێهاتووه چیت لێ قەوماوە؟ ئایا تۆ له دونیادا پێمانت نەدەووت: ئەوە چاکەیە بیکەن و ئەوە خراپەیە مەیکەن؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ، پێتانم دەووت: ئەوە چاکەیە بیکەن بەڵام خۆم نەمدەکرد، وە پێتانم دەووت: ئەوە خراپەیە مەیکەن و لێی دوور بکەونەوە، بەڵام خۆم دەمکرد.

موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر تۆزێ بە ووردی بڕوانیته فەرموودەکە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کەسانێك لەناو ئاگری دۆزەخدا دەسووتێن، تەنها ئاگری دۆزەخیان بەسە بۆ سزاو سووتانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە کەسێك لێی کۆبوونەتەوە (لە کاتێکدا ڕیخۆڵەی بەربۆتەوە بەر پێی و بە دەوریا دەسوڕێتەوە وەکو گوێ درێژ کاتێك گێرە دەکات چۆن بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە)، کە ئەویش بەڵگەیە لەسەر ناشرینی تاوانەکەیی و توندی سزاکەی، وە شوبهێنراوە بە گوێ درێژیش، چونکە هیچ نەفامی و نەزانیەك لەوە گەورەتر نییە کە کەسێك حەق بزانێت و خەڵکیشی بۆلا بانگ بکات، بەڵام خۆی کاری پێنەکات، وە ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانیاندا دەکرێت گفتوگۆیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو پڕە لە هاوارو ڕۆڕۆو سزای بە ئێش، خوای پەروەردگار کۆی کردونەتەوەو گفتۆگۆ دەکەن و دەسوتێن و سزاشیان لەسەرە، بۆ ڕیسوا بوونیان و دان نان بە تاوانەکانیان.

---

[٢١٥] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧٢/١٩)، والبخاري واللفظ له (٣٢٦٧)، ومسلم (٢٩٨٩).



موسڵمانی خۆشەویست جوان وورد بەوە لە فەرموودەکە چۆن خوای پەروەردگار ئەو بانگەوازکارەو هەندێك لە شوێن کەوتوانی بە یەکەوە کۆ کردۆتەوە لە ناو دۆزەخدا تا زیاتر سەرشۆڕ بن ، چونکە لە دونیادا گوێیان لە ئامۆژگارییەکانی گرتووە بەڵام گوێیان پێنەداوەو بە قسەیان نەکردووە، ئەوانەی سزا دەدرێن دوو کۆمەڵن: یەکەم: کەسانێك حەقیان زانیوەو خەڵکیشیان فێر کردووە، بەڵام کاریان پێنەکردووە، دووەم: کەسانێك گوێیان لە عیلم و پەندو ئامۆژگاری و ووتار گرتووە، بەڵام گوێیان پێنەداوەو کاری چاکەیان پێ نەکردووە، بۆیە هەرکەسێك کاری چاکە نەکات بە عیلم و زانیارییەکەی یان ووتەی پێچەوانەی کردەوەی بێت ئەوەیە شایستەی سزای بە ئێش و سەرشۆڕکەر دەبێت لە دواڕۆژدا.

١١. دواکەوتن بە بەردەوامی لە ڕیزی یەکەم لە نوێژی جەماعەت:

دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاَ يَزَالُ قَوْمٌ يَتَأَخَّرُونَ عَنِ الصَّفِّ الأَوَّل حَتَّى يُؤَخِّرَهُمُ اللَّهُ فِي النّارِ))[٢١٦]. واتە: کەسانێك بەردەوام دوا دەکەون لە ڕیزی یەکەم لە نوێژی جەماعەت، تا خوای پەروەردگاریش دوایان دەخات بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.

زانای پایەبەرز ئیمامی السُّبُكي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: پێدەچێت ئەم هەڕەشە توندە بۆ موسڵمانێك بێت ئەوەندە دوا دەکەوێت لە ڕیزی یەکەم لە نوێژی جەماعەت تا وای لێدێت واز لە نوێژ دێنێت، یان ئەو دواکەوتنەی وای لێدەکات نوێژەکانی بەردەوام دوا دوابخات و لە کاتی خۆیدا نەیکات[٢١٧].

---

[٢١٦] رواه أبو داود (٦٧٩)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٧٦٩٩).

[٢١٧] **بڕوانە**: المنهل العذب المورود شرح سنن الإمام أبي داود لمحمود السبكي (٥/٧٠).

وە زانـــای پایەبـــەرز مُحَمَّد الحسن الـدَّدو [٢١٨] (ڕەحمــەتی خــوای لێبێــت) لــە شــەرحی ئــەم فەرموودەیەدا دەڵێت: پێدەچێت ئەو دواکەوتنە لە ڕیزی یەکەم لە نوێژی جەماعـەت دواکـەوتنێك بێت بۆ ئەوەی خاوەنەکەی هیچ عوزرو بیانویەکی شەرعی هەبێت، بەڵکو دونیای خـۆش دەوێـت و شوێنی کەوتووەو داوێتی بەسەر دواڕۆژدا.

١٢. خواردنەوەی مەی:

هاوەڵی بەڕێز جابر کوڕی عبداللە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: جارێکیان پیاوێك لە "جَیشان" (شوێنێکە لە وولاتی یەمەن) هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکرد دەربارەی خواردنەوەیەك کە لە وولاتی ئەوان دەخورێتەوە لە گەنمە شامی دروست دەکرێت و پێی دەووترێت (المِزْرُ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئەو خواردنەوەیە سەرخۆش کەرە؟ پیاوەکە ووتی: بەڵێ، هەرکەسێك بیخواتەوە سەرخۆشی دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ، إنَّ عَلَى اللهِ عَهْدًا لِمَنْ يَشْرَبُ الْمُسْكِرَ أَنْ يَسْقِيَهُ مِنْ طِينَةِ الْخَبَالِ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا طِينَةُ الْخَبَالِ؟ قَالَ: عَرَقُ أَهْلِ النَّارِ أَوْ عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ)) [٢١٩]. واتە: هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرو بێ هۆشکەر حەرامە، وە خوای پەروەردگار پەیمانی داوەو هەڕەشەی کردووە لەو کەسەی کە مەی دەخواتەوە (خۆی بێهۆش دەکات بە ماددە بێهۆشکەرو سڕکەرەکان) کە (طِينَةُ الْخَبَال) بکاتە خواردنەوەی ئەو کەسە لە دواڕۆژدا، ووترا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) (طِينَةُ الْخَبَال) چییە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێم زوخاوو خوێن و پیسی ئەهلی ئاگری دۆزەخە، دەرخواردی مەی خۆرو خۆ بێ هۆشکەرەکان دەدرێت.

---

[٢١٨] مُحَمَّد الحسن الدَّدو یەکێکە لە زانا ناودارو شارەزاکانی وولاتی مۆریتانیا.

[٢١٩] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني– (١٣٢/١٧)، ومسلم واللفظ له (٢٠٠٢)، وأبو داود (٣٦٨٠)، والنسائي (٥٧٠٩).

وە هەروەهـــا هـــاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی عَمْرو (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ وَسَكِرَ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ صَبَاحًا، وَإِنْ مَاتَ دَخَلَ النَّارَ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَإِنْ عَادَ فَشَرِبَ فَسَكِرَ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ صَبَاحًا، فَإِنْ مَاتَ دَخَلَ النَّارَ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَإِنْ عَادَ فَشَرِبَ فَسَكِرَ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ صَبَاحًا، فَإِنْ مَاتَ دَخَلَ النَّارَ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَإِنْ عَادَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يَسْقِيَهُ مِنْ رَدَغَةِ الْخَبَالِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا رَدَغَةُ الْخَبَالِ؟ قَالَ عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ))[٢٢٠]. واتە: هەرکەسێك مەی خواردەوەو خۆی سەرخۆش کرد، ئەوە چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وە ئەگەر بەو حاڵەوە بمرێت دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام ئەگەر وازی لێهێناو تەوبەی کرد ئەوە خوای پەروەردگار تەوبەی لێ قەبوڵ دەکات، وە ئەگەر گەڕایەوە سەر ئەو تاوانەو مەی خواردەوەو خۆی بێهۆش کردەوە، ئەوە چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وە ئەگەر بەو حاڵەوە بمرێت دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام ئەگەر وازی لێهێناو تەوبەی کردەوە، ئەوە خوای پەروەردگار تەوبەی لێ قەبوڵ دەکات، وە ئەگەر ئەمجارەشیان گەڕایەوە سەر ئەو تاوانەو مەی خواردەوەو خۆی بێهۆش کردەوە، چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وە ئەگەر بەو حاڵەوە بمرێت دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام ئەگەر وازی لێهێناو تەوبەی کردەوە خوای پەروەردگار تەوبەی لێ قەبوڵ دەکات، ئەگەر ئەو کەسە هەر وازی نەهێناو گەڕایەوە سەر خواردنەوەیی و خۆی بێهۆش کردەوە، ئەوە خوای پەروەردگار پەیمانی داوەو هەڕەشەی کردووە کە (رَدْغَةُ الْخَبَال) بکاتە خواردنەوەی ئەو کەسە لە دواڕۆژدا، ووترا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) (رَدْغَةُ الْخَبَال) چییە؟

---

[٢٢٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٣٨/١٧)، والترمذي (١٨٦٢)، وإبن ماجه واللفظ له (٣٣٧٧)، والنسائي (٥٦٧٠)، والدارمي (٢٠٩١)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٣١٢).

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێم زوخاوو خوێن و پیسی ئەهلی ئاگری دۆزەخە، دەرخواردی مەی خۆرو خۆ بێهۆشکەرەکان دەدرێت *.

ئەی ئەو کەسەی مەیی و هاوشێوە حەرامەکانی دەخۆیتەوەو نوێژخوێنیشی، ئەگەر لەو چل شەوو ڕۆژەی کە نوێژت لێ وەرناگیرێت بمرێت، دەبێ حاڵت چۆن بێت لای خوای پەروەردگار، وە حوکمی دواڕۆژت چی بێت؟ لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) بەو ترسناکییە باسی مەی خواردنەوەی کردووە.

١٣. درۆ هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ):

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) [٢٢١]. واتە: هەرکەسێك بە دەستی ئەنقەست درۆم بەدەمەوە هەڵبەستێت، ئەوە با شوێنێك لە ئاگری دۆزەخ بۆ خۆی دابنێت.

موسڵمان ئاگاداربەو باش بزانە ڕەتکردنەوەی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر (ﷺ) حوکمی کەمتر نییە لە درۆ هەڵبەستن بۆی، پاش ڕوون بوونەوەی صەحیحێتی و دەرکەوتنی مانای تەواوی، چونکە ئەو کەسەی درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەڵدەبەستێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموودەکانی بەلاوە کەمەو بە چاوی بێڕێزییەوە سەیریان دەکات، وە ئەو کەسەشی کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەتدەکاتەوە یان بەلایەوە کەمەو بە چاوی بێڕێزییەوە سەیریان

---

* موسڵمانی خۆشەویست تەنها مەی حەرام نییە بەڵکو هەر ماددەیەك مرۆڤ سەرخۆش بکات ئەوە حەرامە وەکو (تلیاك و حەشیشەو ئەفیۆن و ......هتد)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ))، واتە: هەموو شتێك کە مرۆڤ سەرخۆش دەکات و عەقڵی لای خۆی ناهێڵێت حەرامە، وە هەر شتێك خواردنەوەی زۆری مرۆڤ سەرخۆش دەکات ئەوە کەمەکەشی هەر حەرامە ئەگەر دڵۆپەیەکیش بێت، وە بە هیچ شێوەیەك عیلاج و چارەسەر بە هۆکاری حەرام ناکرێت وەکو (مەی و بیرەو ....).

[٢٢١] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٢٦٧/١٩)، والبخاري (١٢٩١)، ومسلم واللفظ له (٣)، وأبو داود (٣٦٥١)، والترمذي (٢٦٥٩)، وإبن ماجه (٣٠)، والدارمي (٥٩٣).

دەکات، یان باوەڕی پێی نییە جا بەهەر بیانویەك بێت، چونکە ئەوەی موسڵمانی ڕاستەقینە بێت دەبێت حاڵی بەو شێوەیە بێت کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾ (الأحزاب: ٣٦). واتە: بۆ پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار نییە کاتێك خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانێکیان کردو شتێکیان بە باش زانی، ئەوان بڵێن: ئێمە سەرپشکین لەوەی کە شوێنی بکەوین یان نا!! نەخێر وانییە بەڵکو دەبێت گوێڕایەڵی تەواویان هەبێت بۆ فەرموودەکانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەوان خۆیان بە ئیماندار دەزانن، وە هەرکەسێك سەرپێچی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات، ئەوە بێگومان سەری لێشێواوە بەسەر لێشێوانێکی ڕوون و ئاشکرا.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾﴾ (الحشر: ٧). واتە: ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویێتی بۆتان و فەرمانی پێکردوون، ئێوە بیکەن و دەستی پێوە بگرن، وە ئەوەی ئەو ڕێگری لێکردوونە تا نەیکەن و بە خراپی دەزانێت، ئێوە مەیکەن و لێی دوور بکەونەوە، وە لە خوا بترسن و تەقواتان هەبێت و خۆتان لە غەزەب و تووڕەیی خوا بپارێزن (بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی)، چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار تۆڵەو سزای زۆر توند و بە ئێشە.

١٤. خواردن و خواردنەوە لە قاپ و قاچاغی ئاڵتون و زیو:

دایکی ئیمانداران أُمُّ سَلَمَةَ (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ شَرِبَ فِي إِنَاءٍ مِنْ ذَهَبٍ أَوْ فِضَّةٍ، فَإِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نَارًا مِنْ جَهَنَّمَ))[٢٢٢]. واتە: هەرکەسێك لە

---

[٢٢٢] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٧/٢٥٣)، والبخاري (٥٦٣٤)، ومسلم واللفظ له (٢٠٦٥)، وإبن ماجه (٣٤١٣).

قاپ و قاچاغی ئاڵتون و زیو بخوات یان بخواتەوە، ئەوە ئاگری دۆزەخی ڕاکێشاوە بۆ ناو سکی خۆی.

١٥. خواردنی ماڵی هەتیو بە زوڵم و ستەم:

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا ١٠﴾ (النساء: ١٠). واتە: ئەو کەسانەی کە بە زوڵم و ستەم و ناهەق ماڵ و سامانی منداڵانی بێباوك و هەتیو دەخۆن، بێگومان ئەو کەسانە تەنها ئاگر دەکەنە ناو سکیانەوە، وە بە زوویی دەکرێنە ناو ئاگرێکی زۆر گەرمی بەگوڕی سوتێنەری دۆزەخەوە.

١٦. وەرگرتن و بردنی ماڵی خەڵکی بە سوێندی درۆ:

هاوەڵی بەڕێز أبو أمامة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ، فَقَدْ أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُ النَّارَ وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ. فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ))[٢٢٣]. واتە: هەرکەسێك ماڵ و هەقی موسڵمانێك وەربگرێت و بیبات بۆ خۆی بە سوێندی درۆ، ئەوە خوای پەروەردگار ئاگری دۆزەخی بۆ ئەو کەسە مسۆگەر کردووەو بەهەشتیشی لەسەر حەرام کردووە، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەو ماڵە یان ئەو شتە شتێکی کەمیش بێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئەو شتە بە وێنەی دار سیواکێکیش بێت، (واتە: ئەو ماڵەی کە بە سوێندی درۆ وەری دەگرێت با ئەوەندە کەمیش بێت).

---

[٢٢٣] رواه الإمام مالك (١٤٣٥)، وأحمد "الفتح الرباني" (١٠٣/١٨)، ومسلم (١٣٧)، والنسائي (٥٤١٩)، والدارمي (٢٦٠٣)، وإبن ماجه (٢٣٢٤).

١٧. کەمتەرخەمی لە گەیاندنی ئەمانەت و بچڕاندنی سیلەی ڕەحم:

پارێزگاری کردن لە ئەمانەت و گەیاندنی سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتی، گرنگترین ئەو کارانەن کە لە دوارۆژدا لە تەنیشت پردی (صِراط)ـەوە دەوەستن جگە لە کردەوە چاکەکانی تر، ئەویش لەبەر گەورەییانە لای خوای پەروەردگار، هەروەك هاوەڵی بەڕێز حُذَيفَة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((... فَيَأْتُونَ مُحَمَّدًا (ﷺ) فَيَقُومُ فَيُؤْذَنُ لَهُ، وَتُرْسَلُ الأَمَانَةُ وَالرَّحِمُ، فَتَقُومَانِ جَنَبَتَيِ الصِّرَاطِ يَمِينًا وَشِمَالاً فَيَمُرُّ أَوَّلُكُمْ كَالْبَرْقِ ...))[٢٢٤].

واتە: ... پاشان خەڵکی لەو ناخۆشی و نارەحەتییەی کە تیایدان دێنە لای پێغەمبەر (ﷺ) تا شەفاعەت بکات بۆ ڕزگار بوونیان، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەستێت بۆ ئەوەی شەفاعەت بکات ڕێگەی پێدەدرێت و ئەویش شەفاعەت دەکات، وە ئەمانەت و سیلەی ڕەحم دەنێردرێن، هەردووکیان لای ڕاست و چەپی پردی (صِراط)ـەوە دەوەستن، یەکەم کۆمەڵتان بە وێنەی خێرایی تیشك دەپەڕنەوە...).

پێدەچێت وەستانی ئەمانەت و سیلەی ڕەحم لای ڕاست و چەپی پردی (صِراط) بۆ ئەوە بێت تا پێی ئەو کەسانە جێگیر بکەن کە بە جوانی و ڕێك و پێکی ئەنجامیان داون، وە ئەو کەسانە بەردەنەوە ناو ئاگری دۆزەخ کە فەوتاندوویانەو بە ڕێك و پێکی بە جێیان نەگەیاندوون، لە کاتێکدا هاوەڵی بەڕێز جُبَيرِ کوڕی مُطْعِمْ (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعُ رَحِمٍ))[٢٢٥]. واتە: ئەو کەسەی کە سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت بە بێ هیچ بیانویەکی شەرعی ناچێتە بەهەشتەوە.

زانای پایەبەرز ئیمامی الُملا عَلي قاري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئیمامی التُّوربشتي

---

[٢٢٤] رواه الإمام مسلم (١٩٥)، والحاكم (٦٣١/٤).

[٢٢٥] رواه الإمام أحمد "المسند" (١٦٢٩١)، والبخاري (٥٩٨٤)، ومسلم واللفظ له (٢٥٥٦)، والترمذي (١٩٠٩)، وأبو داود (١٦٩٦).



(ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (جَنَبَتَيِ الصِّرَاطِ): مەبەست پێی لای ڕاست و چەپی پردی (صِراط)ـە، واتای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت: کە ئەمانەت و سیلەی ڕەحم ئەوەندە گەورەو گرنگن بەلای خوای پەروەردگارەوە کە پێویستە بەندەکان ڕەچاویان بکەن و بە چاکی جێبەجێیان بکەن، دەکرێن بە شێوەی دوو مرۆڤـ لەبەر چاوی کەسانی دەست پاك و خیانەتکار، وە لەبەر چاوی ئەو کەسەی کە سیلەی ڕەحمی گەیاندووەو ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندووەو نەیگەیاندووە، تا ببنە بەڵگەی ڕزگار بوون بۆ ئەو کەسانەی کە بە جوانی و ڕێك و پێکی ئەنجامیان داون و گەیاندوویانە، وە ببنە بەڵگەی لەناو چوون و بەربوونەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە فەوتاندوویانەو بە ڕیك و پێکی بە جێیان نەگەیاندوون، تا هەردوو لایان لەیەك جیا بکرێنەوە [٢٢٦]. وە زانای پایەبەرز ئیمامی الطِّيبي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ناردنی ئەمانەت و سیلەی ڕەحم لەبەر گەورەیی و پلەو پایەیانە لای خوای پەروەردگار، لە دوارۆژدا دەکرێنە سەر شێوەی دوو مرۆڤـ بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار ویستی لێیە، وە مانای فەرموودەکە ئەوەیە: ئەمانەت و سیلەی ڕەحم لە تەنیشتی لای ڕاست و چەپی پردی (صِراط)ـەوە دەوەستن تا داوای ماف خۆیان بکەن لەو موسڵمانانەی کە دەیانەوێت بەسەر پردی (صِراط)دا بپەڕنەوە، ئەگەر بە جوانی و ڕێك و پێکی ئەنجامیان دابن و گەیاندبێتیان یارمەتیان دەدەن بۆ پەڕینەوەیان بەسەر پردی (صِراط)دا بەسەلامەتی، بەڵام ئەگەر فەوتاندبوویان و بە ڕیك و پێکی بە جێیان نەگەیاندبوون، وازی لێدێنن و یارمەتی نادەن تا بەر ببێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ [٢٢٧].

هاوەڵی بەڕێز إبنُ مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: ((القَتْلُ فِي سَبيلِ اللهِ يُكَفِّرُ الذُّنوبَ

[٢٢٦] بڕوانە: مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح للملا علی قاري (٩/٥٢٧).

[٢٢٧] بڕوانە: شرح الطيبي على مشكاة المصابيح المسمى: الكاشف عن حقائق السنن (١٠/٢٣١).



كُلَّها إلاّ الأمانَةَ، قالَ: يُؤتَى العَبدُ يومَ القيامَة وَإنْ قُتِلَ فِي سَبيلِ اللهِ، فَيُقالُ: أدِّ أمانَتَكَ، فَيَقُولُ: أيْ رَبِّ كَيفَ وَقَد ذَهَبَتِ الدُّنيا؟ فَيُقالُ: إنْطَلِقُوا بِهِ إلى الهاوِيَة، فَيُنْطَلَقُ بِهِ إلى الهاوِيَة، وَتُمَثَّلُ لَهُ أمانَتُه كَهَيئَتِها يومَ دُفعِتْ إليهِ، فَيَراها فَيَعْرِفُها، فَيهوي فِي أثَرِها حَتَّى يُدْرِكَها، فَيَحْمِلُها عَلى مِنْكَبَيهِ، حَتَّى إذا ظَنَّ أنَّهُ خارِجٌ، زَلَّتْ عَن مِنْكَبَيهِ، فَهو يَهوي فِي أَثَرِها أَبَدَ الآبِدِين، ثُمَّ قالَ: الصَّلاةُ أمانَةٌ، وَالوُضوءُ أمانَةٌ، وَالوَزنُ أمانَةٌ، وَالكَيلُ أمانَةٌ، وَأشياءَ عَدَّدَها، وَأَشَدَّ ذلكَ الوَدائعَ، قالَ: يَعني زاذانُ: فَأَتَيتُ البَرّاءَ بنَ عازبٍ فَقُلْتُ: ألاَ تَرَى إلى ما قالَ إبنُ مَسعود قالَ: كَذا؟ قالَ: صَدَقَ، أما سَمِعْتَ اللهَ يَقولُ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾ ﴾ (النساء: ٥٨) [٢٢٨]. واته: شەهید بوون لە پێناو خوای پەروەردگاردا هەموو تاوانێك دەسڕێتەوە جگە لە ئەمانەت، إبنُ مَسعود (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا بەندەیەك دەهێندرێت ئەگەر شەهیدیش بووبێت لە پێناو خوای پەروەردگاردا، پێی دەووترێت: ئەو ئەمانەتانەی لات بووە بیانگێڕەوە بۆ خاوەنەکانیان، ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگار ئەمانەتی چی؟ چۆن بیانگێڕمەوە لە کاتێکدا دونیا نەماوە (لە دونیادا نیم و ئەمانەتەکانم لا نەماوە)؟ دەووترێت: بیبەن فڕێی بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەو بەندەیە دەبردرێت و فڕێی دەدرێتە ناو دۆزەخەوە، ئەو شتەی لە دونیادا بە ئەمانەت پێی درابوو تا پارێزگاری لێبکات، بەڵام ئەو خیانەتی تیا کردبوو و فەوتاندبووی، ئەو ئەمانەتە دێتەوە سەر ئەو شێوەیەی کە لە دونیادا پێی درابوو، ئەو بەندەیە سەیری دەکات و دەیناسێتەوەو شوێنی دەکەوێت تا دەگات پێی، هەڵی دەگرێت و دەیکاتە سەر شانی، ئەو بەندەیە وا گومان دەبات ئێستا دەچێت دەیهێنێت و دەیداتەوە خاوەنەکەیی و ڕزگاری دەبێت، بەڵام لە ناکاو پێیەکانی دەخلیسکێت و بەردەبێتەوە لەسەر شانی، ئەویش بە شوێنیا دەڕوات هەتا هەتایە (بەرەو

---

[٢٢٨] رواه الطبراني في "الكبير" (١٠٥٢٧)، وأبو نعيم في الحلية (١٠١/٤)، وحسنه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٢٩٩٥).

خوارەوەی دۆزەخ بەردەبێتەوە)، پاشان إبنُ مَسعود (خوای لیّ ڕازی بێت) فەرمووی: نوێژ ئەمانەتە (خوای پەروەردگار خستوویەتییە سەر شانت پێویستە پارێزگاری لێبکەیت)، وە دەست نوێژ ئەمانەتە (پێویستە بە جوانی بیگریت و کەم و کوڕی تیا نەکەیت)، وە کێشانەو پێوانە ئەمانەتە (بە باشی بیپێوی بێکەم و زیاد)، چەند شتێکی باس کرد کە هەموویان ئەمانەتن و پێویستە بپارێزرێن و خیانەتیان تیا نەکرێت، لە هەموویان گەورەتر ئەو شتانەیە کە مافی خەڵکییەو لەژێر دەستتدایە، زاذان (خوای لیّ ڕازی بێت) دەڵێت: چووم بۆلای بَرّاء کوڕی عازب (خوای لیّ ڕازی بێت) پێم ووت: ئایا نابینیت إبنُ مَسعود (خوای لیّ ڕازی بێت) چی دەڵێت؟ ئەویش ووتی: ڕاست دەکات، ئایا گوێت لە فەرموودەی خوای پەروەردگار نەبووە کە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾ ﴾؟(النساء: ٥٨). واتە: بێگومان خوای پەروەردگار فەرمانتان پێدەکات کە هەموو ئەمانەت و سپاردەیەك بدەنەوە دەست خاوەنەکەی، وە هەر کاتێك دادگایی نێوان خەڵکی دەکەن بە دادپەروەرانەو یەکسانییەوە بیکەن، بەلای هیچ کەسێکدا دایمەبڕن، بەڕاستی خوای گەورە بە جوانترین شێوەو بە شێوازێکی زۆر چاك ئامۆژگاریتان دەکات، بێگومان خوای پەروەردگار بیسەرە بۆ هەموو ووتەیەك، وە بینایە بە هەموو نهێنی و ئاشکرایەك، دەی کەوابوو ئێوە ئەو ئەمانەتانەی لاتانە بیدەنەوە خاوەنەکانیان.

زۆر بەداخەوە کاتێك سەیری حاڵی ئەمڕۆی خەڵکی دەکەیت بە ئاشکرا دەبینرێت خیانەت دەکرێت لە ئەمانەت و سپاردەکانی سەر شانیان، خیانەت کردن لە عیبادەتدا (ئەنجامدانی بە کەم و کوڕییەکی زۆرەوە)، خیانەت کردن لە بەخێو کردن و چاودێری کردنی منداڵ و کەس و کاریان، وە خیانەت کردن لە کارو پیشەکانیان ئەویش بە درۆ کردن و فێڵ کردن و ڕاستگۆ نەبوون تیایاندا، وە پەیوەست نەبوون بە کاتی دیاری کراوی کارو پیشەیان،... هتد، ئەمانەو

چەندین شتی تر کە هەموویان ئەمانەتن و پێویستە موسڵمان ئاگای لێیان بێت و خیانەتیان تیا نەکات، بەڵکو بە ڕێکو پێکی و بە باشی ئەنجامیان بدات.

١٨. درۆ هەڵبەستن بۆ موسڵمان:

هاوەڵی بەڕێز عَبدُالله کوڕی ئیمامی عُمَر (خوایان لیٚ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ حَالَتْ شَفَاعَتُهُ دُونَ حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ فَقَدْ ضَادَّ اللَّهَ فِي أمْرِهِ، وَمَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ فَلَيْسَ بِالدِّينَارِ وَالدِّرْهَمِ، وَلَكِن بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ، وَمَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِلٍ وَهُوَ يَعْلَمُه، لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَنْزِعَ، وَمَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أسكَنَهُ اللهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ وَلَيس بِخارِجٍ))[٢٢٩]. واتە: هەرکەسێك تکا بۆ کەسێك بکات کە ئەو کەسە حەددێکی شەرعی کەوتۆتە سەر بۆ ئەوەی لایبەرێت و جێبەجیٚ نەکرێت لەسەری، ئەوە ئەو کەسە دژایەتی خوای پەروەردگاری کردووە لە فەرمانیدا (واتە: خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە تا حوکمی بەسەردا جێبەجیٚ بکرێت، بەڵام ئەو کەسە تکاو واستەی بۆ دەکات تا ئەو حەددەی لەسەر لابەرێت)، وە هەرکەسێك بمرێت و قەرزی خەڵکی لەسەر بێت، ئەوە ئەو قەرزو ماڵەی خەڵکەی لێدەسەندرێتەوە لە ڕۆژێکدا کە دینارو درهەمی لێناسەندرێتەوە (ئەگەر ئەو موسڵمانە بە نییەتی خواردن و نەدانەوەی قەرزی وەرگرتبێت)، بەڵکو چاکەو خراپەیە (لە چاکەکانی دەبردرێت و دەدرێتە خاوەن قەرزەکانی، وە لە خراپەی ئەوان دێتە سەر خراپەکانی)، وە هەر کەسێك موجادەلەو دەمەدەمیٚ بکات لەسەر شتێکی ناهەق و باتڵ و بشزانێت ئەو شتە ناهەقە، ئەوە بەردەوام ئەو کەسە لە ژێر غەزەب و تورەیی خوای پەروەردگاردایە، وە هەر کەسێك شتێك بداتە پاڵ موسڵمانێك کە ئەو شتە لەو موسڵمانەدا نییە

---

[٢٢٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٥/٢٨٨)، وأبو داود (٣٥٩٧)، والحاكم (٢/٣٢)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦١٦٩).

(درۆی بۆ هەڵبەستێت)، ئەوە خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو کێم زوخاو و پیسی ئەهلی ئاگری دۆزەخەوە، تا واز دێنێت لەو درۆیەی کە بۆی هەڵبەستووە، یان لێی دەردەچێت، کە لێشی دەرناچێت بە ئاسانی (واتە: تا گەردنی خۆی بەو موسڵمانەی کە درۆی بۆ هەڵبەستووە ئازاد نەکات، یان بە پێی ئەو تاوانەی کە کردوویەتی تا نەسووتێت پاك نابێتەوەو دەرناچێت لە ئاگری دۆزەخ).

١٩. قسە نەکردن لەگەڵ موسڵمان زیاتر لە سێ ڕۆژ:

هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ فَمَنْ هَجَرَ فَوْقَ ثَلاَثٍ فَمَاتَ دَخَلَ النَّارَ))[٢٣٠]. واتە: حەڵاڵ نییەو دروست نییە بۆ هیچ موسڵمانێك کە قسە لە برا موسڵمانەکەی دابڕێت و قسەی لەگەڵدا نەکات زیاتر لە سێ ڕۆژ، هەر کەسێك لە سێ ڕۆژ زیاتر قسە لە برا موسڵمانەکەی دابڕێت و قسەی لەگەڵدا نەکات (بێ هیچ بیانوویەکی شەرعی)، ئەو کەسە بمرێت دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

٢٠. هەرکەسێك حەزبکات خەڵکی لەبەری هەستن و بە گەورەی بزانن:

أبو مجلز (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: جارێکیان مُعاوية (خوای لێ ڕازی بێت) دەرچوو، چوو بۆلای إبنُ الزُّبير و إبنُ عامر (خوایان لێ ڕازی بێت)، إبنُ عامر لەبەری هەستا، بەڵام إبنُ الزُّبير لەبەری هەڵنەستا، مُعاوية (خوای لێ ڕازی بێت) بە إبنُ عامرٍ ووت: دانیشە، چونکە گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە، فەرموویەتی: ((مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَمْثُلَ لَهُ الرِّجَالُ قِيَامًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ

---

[٢٣٠] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٣٩)، والبخاري (٦٠٧٧)، ومسلم (٢٥٦١)، وأبو داود واللفظ له (٤٩١٤)، والترمذي (١٩٣٢)، وإبن ماجه (٤٦).



النَّارِ)) [٢٣١]. واتـه: هـەر کەسـێك حـەز بکـات و پێـی خـۆش بێـت پیـاوان لەبـەری هەسـتن و بـە گەورەی بزانن، ئەوە با شوێنێك لە ئاگری دۆزەخدا بۆ خۆی دابنێت.

زانای پایەبەرز إبنُ حَجَر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە ئیمامی **"غَزالي"**ــەوە (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەگێڕێتەوە: ئەگەر ئەو هەستانە بۆ بەگەورە زانین بێت ئەوە مەکروهەو تاوانە، بـەڵام ئەگـەر بـۆ ڕێـز لێگـرتن بێـت ئـە وە دروسـتە [٢٣٢]. (وەکـو هەسـتان لەبـەر میـوان یـان کەسـێك ماوەیەکـە نەتبینیوە).

٢١. کەسێك بانگەشەی شتێك بکات و هی خۆشی نەبێت:

هاوەڵی بەڕێز أَبو ذَر (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((لَيْسَ مِنْ رَجُلٍ ادَّعَى لِغَيْرِ أَبِيهِ وَهُوَ يَعْلَمُهُ إِلاَّ كَفَرَ، وَمَنِ ادَّعَى مَا لَيْسَ لَهُ فَلَيْسَ مِنَّا، وَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ، وَمَنْ دَعَا رَجُلاً بِالْكُفْرِ أَوْ قَالَ: عَدُوَّ اللَّهِ وَلَيْسَ كَذَلِكَ إِلاَّ حَارَ عَلَيْهِ)) [٢٣٣]. واتە: هیچ پیاوێك نییە بڵێت من لە باوکی خۆم نیم، بشزانێتت کە کوڕی باوکی خۆیەتی، ئیللا کوفری کردووە، وە هەر کەسێك بڵێت ئەو شتە هی منە کە هی ئەویش نییە، ئەوە ئەو کەسە لە ئێمە نییە، وە با شوێنێك لە ئاگری دۆزەخدا بۆ خۆی دابنێت، وە هەر کەسێك بە موسڵمانێك بڵێت: کافر یان دوژمنی خوا، واش نەبێت (واتە: ئەو موسڵمانە کارێکی وای نەکردبێت پێی کافر بێت یان ببێتە دوژمنی خوا)، ئەوە ئەو قسەیەی بەسەر خۆیدا دەگەڕێتەوە (ووتنی: کافر یان دوژمنی خوا).

---

[٢٣١] رواه الإمام مالك (١٧١٧)، وأحمد "لفتح الرباني" (٣٥٧/٢٢)، والبخاري (٥٦٣٤)، ومسلم واللفظ له (٢٠٦٥)، وابن ماجه (٣٤١٣)، والدارمي (٢١٢٩).

[٢٣٢] **بڕوانە**: فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (٥٦/١١ ح ٦٢٦٢).

[٢٣٣] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (٤٢/١٧)، ومسلم واللفظ له (٦١)، وإبن ماجه (٢٣١٩).

زانای پایەبەرز ئیمامی النَّوَوي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی بانگەشەکردنی هەرشتێك کە هی خۆت نەبێت، جا مافی خەڵکی بێت یان نا، (واتە: ئەگەر ئەو شتە مافی کەسێکی دیاری کراویش نەبوو، هەر حەرامە بڵێیت: هی منە، چونکە لە بنەڕەتدا مافی تۆ نییە)، وە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حەرامە ماڵێك یان شتێك وەربگریت کە هی تۆ نییەو شایستەی تۆ نییە، با حاکم یان قازیش بۆت دابنێت یان بۆت وەربگرێت[٢٣٤].

٢٢. داوا کردنی ماڵ و پارە لە خەڵکی بۆ زیاتر دەوڵەمەند بوون:

هاوەڵی بەڕێز ئیمامی عُمَرِ کوڕی خَطّاب (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ سَأَلَ النَّاسَ لِيُثْرِيَ مَالَهُ فَإِنَّما هيَ رَضْفٌ مِنَ النّارِ مُلْهِبَةِ، فَمَنْ شَاءَ فَلْيُقِلَّ، وَمَنْ شَاءَ فَلْيُكْثِرْ))[٢٣٥]. واتە: هەر کەسێك داوای پارەو ماڵ لە خەڵکی بکات (دەستیان لێ پان بکاتەوە) بۆ ئەوەی ماڵەکەی زیاتر بکات و خۆی دەوڵەمەندتر بکات، ئەوە ئەو دەست پان کردنەوە و سواڵ کردنەی (یان ئەو ماڵەی کە وەری دەگرێت)، بەردی گەرمی داخکراوی ناو ئاگری دۆزەخە وەری دەگرێت و دەیخوات لە دۆزەخدا، جا هەر کەسێك حەزی لێیە با کەم داوا بکات، یان زۆر (واتە: بە سواڵ کردن و دەست پان کردنەوەی لە خەڵکی بۆ زیاتر دەوڵەمەند بوون، لە کاتێکدا خۆی هەیەتی و هەژار نییە، یان قەرزێکی زۆر نەکەوتۆتە سەری، ئەوە ئەو کەسە دەوڵەمەندە چەندێ زۆر ماڵ وەربگرێت ئەوەندە لە ئاگری دۆزەخی بۆ خۆی زیاد کردووە، وە ئەگەر کەمتر وەربگرێت، ئەوە کەمتر ئاگری دۆزەخی وەرگرتووە).

---

[٢٣٤] **بڕوانە**: صحيح مسلم بشرح النووي (٢/ ٤١٠ ح ٦١).

[٢٣٥] رواه إبن حبان (٣٣٩١)، وقال الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب": صحيح لغيره (٨٠٦).

٢٣. كوشتنی مرۆڤــ بە ناهەق:

هاوەڵی بەڕێز أبو هُرَيرَة (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەفـەرموویێت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((لا يُشِيرُ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ بِالسِّلَاحِ، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ، فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنْ النَّارِ))[٢٣٦]. واتە: ئەی موسڵمانان هیچ کەسێك لە ئێوە با ڕووی چـەکەکەی (شمشـێرەکەی یـان ڕمەکەی) نەکاتە برا موسڵمانەکەی، چونکە نازانێت پێدەچێت شـەیتان لـە دەسـتی وەربگرێـت و بیکوژێت (بە یاری و گاڵتەوە)، ئەو کاتە ئەو کەسەی ڕووی سیلاحەکەی کردۆتە برای موسـڵمانی دەکەوێتە ناو چاڵێك لە چاڵەکانی دۆزەخەوە (واتە: دوای کوشتنی برا موسڵمانەکەی، هـەر بۆیـە چەك و سیلاح ڕووکردنە موسڵمان بە یاری و گاڵتەوە، فریشتەکانی خوای پـەروەردگار نـەفرەتت لێدەکەن هەر چەندە ئەو موسڵمانە برای دایك و باوکیشت بێت).

سـێیــــەم:
لەو تاوانانەی کە بە هۆیەوە خاوەنەکەی دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە

بەکەم زانینی تاوانە بچوکەکان و سەیرکردنی بە چاوی سووکەوە:

زۆر بەداخەوە زۆربەی موسڵمانانی ئەم ڕۆژگارە تاوانە بچـوکەکان بەکـەم دەزانـن و بـە چـاوی سووکەوە سەیری دەکەن و دەڵێن: ئەو تاوانانە نوێژو ڕۆژوو و چـەند کـارێکی تـری چـاکە دەیـان سڕێتەوە، کێشە تەنها ئەوە نییە کە موسڵمان دەکەوێتە ناو تاوانە بچـوکەکانەوەو بـەس، بـەڵکو کێشە بەکەم زانینی و سەیرکردنێتی بە چاوی سووکەوە، وە کەمتەرخەم بوون تیایدا، وە سـوور بوون و بەردەوام بوون لەسەری، پاشان تەوبە نەکردن لێی!!.

---

[٢٣٦] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني"(١٩/٣٣٠)، والبخاري واللفظ له (٧٠٧٢)، ومسلم (٢٦١٧).

هـــاوەڵی بـــەڕێز عَبدالله كـــوڕی مَسْعُود (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) دەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەر (ﷺ)فەرموویـەتی: ((إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ، فَإِنَّهُنَّ يَجْتَمِعْنَ عَلَى الرَّجُلِ حَتَّى يُهْلِكْنَهُ)) [٢٣٧]. واتە: موسڵمانان خۆتـان بپـارێزن لـە تاوانـە بچـوكەكان و مـەیان كـەن، چـونكە پیـاوی وا هەیـە ئەوەندە تاوانی بچوك دەكات تا لەسەری كۆ دەبێتەوەو شانی قورس دەكات و لەناوی دەبات.

وە هـــاوەڵی بـــەڕێز سَهلِ كـــوڕی سَعْد (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) دەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ، فَإِنَّمَا مَثَلُ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ كَمَثَلِ قَوْمٍ نَزَلُوا بَطْنَ وَادٍ، فَجَاءَ ذَا بِعُودٍ، وَجَاءَ ذَا بِعُودٍ، حَتَّى حَمَلُوا مَا أَنْضَجُوا بِهِ خُبْزَهُمْ، وَإِنَّ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ مَتَى يُؤْخَذْ بِهَا صَاحِبُهَا تُهْلِكْهُ)) [٢٣٨]. واتە: موسڵمانان خۆتان بپارێزن لە تاوانـە بچـوكەكان و مـەیان كـەن، چونكە كردنی تاوانە بچوكەكان، نموونەی وەكو قـەومێك وایـە بچـن بـۆ سـەفەرێك و دابەزنـە نـاو شیوێكەوە، هەر یەكێك بەلایەكدا بڕوات بۆ كۆ كردنەوەی چیلكەو دار، یەكێك دارێك بێنێت، ئەوی تر دارێك بێنێت، تا ئەوەندە كۆدەكەنەوە خواردنەكەیانی پێ لێـدەنێن (تاوانـە بچـوكەكانیش بـە وێنەی ئەوە كۆ دەبێتەوە تا زۆر دەبێت)، وە ئەو تاوانانەی كە خەڵكی بـە بچـوكی دەزانـن و بـە چاوی سووكەوە سەیری دەكەن هەر كاتێك موسڵمان گوێی پێنەداو زۆری كرد لە ناوی دەبات.

دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم: ((يَا عَائِشَةُ إِيَّاكِ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ فَإِنَّ لَهَا مِنْ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ طَالِبًا)) [٢٣٩]. واتە: ئەی عائیشة

---

[٢٣٧] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٠/٢١٢) و(١٩/٢٥٣)، والطبراني في الكبير (١٠٥٠٠)، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (٢٦٨٧).

[٢٣٨] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٥٣)، والبيهقي في شعب الإيمان (٧٢٦٧)، وصححه السّيوطي في "الجامع الصغير" (٢٩١٦)، والألباني في "صحيح الجامع" (٢٦٨٦).

[٢٣٩] رواه الإمام أحمد "الفتح الرباني" (١٩/٢٥٣)، وإبن ماجه (٤٢٤٣)، والدارمي (٢٧٢٦)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" (٢٤٧٢).

ئاگاداربەو خۆت بپارێزە لەو تاوانانەی کە خەڵکی بە بچوکی دەزانن و بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەن، چونکە خوای پەروەردگار لێپرسینەوەیان لەسەر دەکات.

زانای پایەبەرز ئیمامی السِّندي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: (مُحَقَّرَاتُ الذُّنُوبِ): ئەو تاوانەن کە خەڵکی گوێی پێنادەن و بە کەمی دەزانن، (طَالِباً): واتە: خوای پەروەردگار لێپرسینەوەیان لەسەر دەکات، بەلای خوای پەروەردگارەوە گەورەیە هەر بۆیە فەرمانی کردووە تا بنووسرێت لەسەر ئینسان، وە فریشتەشی تایبەت کردووە بە نووسینی [٢٤٠].

وە زانای پایەبەرز ئیمامی غَزالِي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) شەش خاڵی باس کردووە بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی کە بچوکن و خەڵکی گوێی پێنادەن و بە کەمی دەزانن ببێت بە تاوانی گەورە: یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە: کاتێك موسڵمانێك تاوان دەکات بە کەمی دزانێت و بە چاوی سووکەوە سەیری دەکات ئەوکاتە تاوانە بچوکەکانی دەبێت بە تاوانی گەورە، چونکە بەندەی موسڵمان هەرچەندێك تاوان بە گەورە بزانێت و بە دڵی پڕ لە ترسەوە سەیری بکات و ئەنجامی بدات، ئەوە لای خوای پەروەردگار ئەو تاوانە بچوك دەبێت (لە بنەڕەتدا تاوانەکە خۆی بچوکە ئەم موسڵمانە کاتێك دڵی دەترسێت و بە کەمی نازانێت، بەڵکو مرۆڤێکەو تاوانی لێوەشاوەتەوە وەکو سەرجەم مرۆڤەکان) [٢٤١].

هەر بۆیە بِلالِ کوڕی سَعْد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەمان ترسێنێت و ئاگادارمان دەکاتەوە لە بەکەم زانینی تاوان و گوێ پێنەدانی و سەیر کردنی بە چاوە سووکەوە، هەروەك دەڵێت: ئەی موسڵمان کاتێك ویستت تاوان بکەیت مەلێ تاوانێکی بچوکە، سەیری بچوکی و کەمی تاوانەکە مەکە، بەڵکو سەیری گەورەیی ئەو خوایە بکە کە سەرپێچی دەکەیت [٢٤٢].

---

[٢٤٠] **بڕوانە**: شرح سنن ابن ماجه القزويني للإمام أبي الحسن الحنفي المعروف بالسندي (٢/٥٦٠).

[٢٤١] **بڕوانە**: إحياء علوم الدين للإمام الغزالي بتصرف (٥/٣١).

[٢٤٢] **بڕوانە**: شعب الإيمان للبيهقي (٥/٤٣٠)، ئەمە ووتەی (بِلالِ کوڕی سَعْد)ـە، نەك فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ).

موسڵمانی خۆشەویست ئاگاداربەو خۆت بپارێزە لە بەکەم زانین و سوور بوون لەسەر کردنی تاوانە بچوکەکان هەرچەندە کەمیش بێت و بچوکیش بێت، چونکە پێدەچێت ببێتە هۆکارێك لەو هۆکارانەی کە بەندەی موسڵمانی پێ بەردەبێتەوە لەسەر پردی (صِراط)ـەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان بپارێزێت لە ناخۆشی و ناڕەحەتی سەر پردی (صِراط) و سزای ئاگری دۆزەخ، آمین.

کـــۆتـــایی

موسڵمانی خۆشەویست پێویستە گرنگی بدرێت بەو کارانەی کە پەیوەستن بە عیلم و زانستی دواڕۆژ، وە ئەو کارە ناخۆش و ناڕەحەتانەی ڕووبەڕووی موسڵمان دەبێتەوە لە دواڕۆژدا، وە باس کردن و بلاوکردنەوەی لە نێوان خەڵکیدا، جا بە هۆی هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن بێت، یان بە باس کردنی بێت لە مزگەوتەکان، تا خەڵکی لە خەوی بێئاگاییان بەخەربێنەوە، وە فریای خۆیان بکەون و کاری چاکە بکەن و دەست لە تاوان و خراپە بگرنەوە پێش مردنیان.

تێپەڕبوون بەسەر پردی (صراط)، ئەو پردەی کە لەسەر دۆزەخ دانراوە، یەکێکە لە ترسناکترین ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی دوایی، وە ئەو قولاپانەی کە لەسەریەتی یان لاشەی موسڵمانانی تاوانبار بریندار دەکات و دەیڕوشێنێت، یان لاشەیان پارچە پارچە دەکات، یان ڕایان دەکێشێت بۆ ناو ئاگری دۆزەخ بە پێی کردەوەکانیان.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبە ئەوەت بۆ دەرکەوت، یەکەم ئوممەت لەناو هەموو ئوممەتان ئوممەتی پێغەمبەرە (ﷺ) کە بەسەر پردی (صِراط)دا دەپەڕنەوە ئەویش لەبەر ڕێزو کەرامەتیانە لای خوای پەروەردگار، وە یەکەم کەس لەم ئوممەتە پێغەمبەرە (ﷺ) کە بەسەر پردی (صِراط)دا دەپەڕێتەوە، لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) هەژارە کۆچکردووەکانن، وە کۆتا کەس کە دەپەڕێتەوە بەسەر پردی (صِراط)دا، موسڵمانێکە دەکەوێت و هەڵدەستێتەوەو بە سکە

خشكیٚ دەڕوات ئەویش لەبەر زۆری تاوان و كەمی كردەوەی چاكەیەتی.

وە گرنگترین هۆكارو یارمەتیدەر بۆ پیٚ جیٚگیر بوون لەسەر پردی (صِراط)و بەڕینەوە بەسەریدا بە ئاسانی و بیٚ ئەوەی گەرمی ئاگری دۆزەخ بتسووتیٚنیٚت و بیٚ ئەوەی بەربیتەوە ناوی ئەمانەن:

نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار بە كردنی هەموو ووتەو كاریٚكی چاكە كە خوای پەروەردگار پیٚی خۆشەو پیٚی ڕازییە، بە تایبەتی ئەو كارە چاكانەی لەم كتیٚبەدا باس كراوە، وە دوور كەوتنەوە لە هەموو ووتەو كاریٚكی خراپ و تاوان كە خوای پەروەردگار پیٚی ناخۆشەو پیٚی ڕازی نییە، لە شویٚن كەوتنی هەواو ئارەزووە حەرامەكان، كردنی تاوانە گەورەكان، كە هەڕەشەی ئاگر یان لەعنەت یان توڕەیی خوای پەروەردگار یان سزای توندو بە ئیٚش بۆ خاوەنەكەی دانراوە.

موسڵمانی خۆشەویست تاكە ڕیٚگە بۆ ڕزگار بونمان لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی سەر پردی (صِراط) زۆر كردنی كارە چاكەكانە بە گشتی، وە كردنی ئەو كارانەی ڕزگاركەرن لە ئاگری دۆزەخ، وە ئەو كارانەی كە ڕۆیشتنی موسڵمان خیٚرا دەكات بەسەر پردی (صِراط)دا، وە كردنی ئەو كارە چاكانەی ڕۆشنكەرەوەی تاریكی سەر پردی (صِراط)ن بە تایبەتی، وە پەلە كردن لە داوای لیٚخۆش بوون كردن لە خوای پەروەردگار بۆ هەر تاوانیٚك كە كردوومانە بە تایبەتی تاوانە گەورەكان، خوای پەروەردگار دەفەرموویٚت: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾ (النساء: ٣١).واتە: موسڵمانان ئەگەر ئیٚوە خۆتان بپاریٚزن لەو تاوانە گەورانەی كە ڕیٚگریمان لیٚكردووە تا نەیان كەن، ئەوە تاوانەكانتان دەسڕینەوەو لیٚتان خۆش دەبین (تاوانە بچوكەكان)، وە دەتان خەینە ناو بەهەشتانی بە قەدرو ڕیٚزەوە (واتە: بەهەشتتان دەدەینیٚ).

بەڵام هەركەسیٚك كەمتەرخەم بیٚت لەمەدا، سەرقاڵ بوون بە ژیانی دونیای بیٚ ئاگای كردبیٚت لە

ژیانی دواڕۆژی و کاره چاکەکانی به باشی ئەنجام نەدابێت، ئەوه لەسەره مەرگ و دوای مردن حەسرەت و پەشیمانی دەردەبڕێت، بەڵام چی کاتێك؟ ئەو کاتەی کە دەردەبڕینی پەشیمانی سوودی نییه، ئەو کاتەی کە تەواو بەندە ناڕەحەت بووەو ناخۆشی و ناڕەحەتی تەنگی پێهەڵچنیوه.

پیاوچاکانی پێشینی ئەم ئوممەتە دەژیان و بەردەوام ترس و دڵەڕاوکێی پەڕینەوەی پردی (صِراط)یان لە دڵدا بووه، لە هەموو هەڵس و کەوتێکیاندا لە پێش چاویان بووه، هەربۆیه دەروونیان پاك بوو لە تاوان، وە تاوانیان کەم بوو، چاکەیان زۆر بوو، ئایا ئێمەی موسڵمان وەکو ئەوانین و شوێنیان کەووتوین بە ڕاستی؟!!!

سەیری حاڵی رَبِیع کوڕی خُثَیم بکە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) چۆن بەردەوام دڵی لای ناخۆشی و ناڕەحەتی پردی (صِراط) بووه، جارێکیان پیاوێك جوێنی پێدا، ڕەبیعیش ووتی: ئەی فلان کەس خوای پەروەردگار ووتەکەتی بیست (جوێندانەکەت)، بەڵام من وەڵامت نادەمەوەو هیچت پێناڵێم، چونکە پێش چوونە بەهەشتەوه کۆسپێکی زۆر ناخۆش و ناڕەحەت هەیە پردی (صِراط)، ئەگەر بە سەلامەتی و بە ئاسانی بیبڕم و بەسەریدا بپەڕمەوه ئەوه جوێنەکەی تۆ هیچ زیانێکم پیناگەیەنێت، وە ئەگەر نەتوانم بە سەلامەتی بەسەریدا بپەڕمەوه ئەوه من زۆر خراپترم لەوەی کە پێم دەڵێیت [٢٤٣]. وە با حاڵت وەکو حاڵی هاوەڵی بەڕێز أبو الدّرداء بێت (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویێت: کاتێك بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمووی: لە پێشتانەوه کۆسپێکی زۆر ناخۆش و ناڕەحەت هەیه "واتە: پردی صِراط" کەسانی لەش قورس ناتوانن بە ئاسانی بیبڕن (شانیان قورس بووه بە تاوان)، بۆیە حەزدەکەم خۆم سووك بکەم (واتە: چاکە زۆر بکەم و تاوان نەکەم) بۆ ڕزگار بوون لەو کۆسپ و ناخۆشی و ناڕەحەتییه (واتە: کۆسپەکانی سەر

---

[٢٤٣] **بروانە**: صلاح الأمة في علو الهمة للدكتور سيد عفاني (٥/٢٥٣).



پردی (صِراط) [٢٤٤]. با حاڵت وەکو حاڵی خالِدُ الوَرّاق نەبێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کاتێکدا نەزانە بەرامبەر ناخۆشی و نارەحەتییەکانی سەر پردی (صِراط) و بێئاگایە لێی، هەروەك خۆی باسی خۆی دەکات و دەڵێت: جارییەیەکم هەبوو عیبادەتی زۆر دەکردو خۆی زۆر ماندوو دەکرد، ڕۆژێکیان بینیم زۆر ماندووە بە عیبادەتەوە، پێیم ووت: خوای پەروەردگار زۆر بە ڕەحمە و کردەوەی چاکەی کەمیش وەردەگرێت لە بەندەکانی خۆی، ئەویش گریاو ووتی: ئۆمێدم ئەوەندە زۆرە بە خوا ئەگەر شاخەکان بیدەن بەسەر شانیاندا ناتوانن هەڵی بگرن بەڵکو بێتاقەت دەبن لە هەڵگرتنی، هەروەك چۆن بێدەسەلاّت بوون لە هەڵگرتنی ئەمانەت، جارییەکە ووتی: منیش دەزانم کە خوای پەروەردگار وەلاّمی هەموو تاوانبارێك دەداتەوەو بە هانایەوە دێت، بەلاّم دەبێ حاڵم چۆن بێت لە دەربڕینی پەشیمانی لە ڕۆژی پێشبڕکێی ڕاستەقینەدا؟ خالِدُ الوَرّاق ووتی: دەربڕینی پەشیمانی لە ڕۆژی پێشبڕکێی ڕاستەقینەدا مانای چییە؟ ئەویش: دەربڕینی پەشیمانی لە ڕۆژی پێشبڕکێی ڕاستەقینە بەرەبەیانی ڕۆژی حەشرە، ئەو ڕۆژەی ئەوەی لە ناو گۆڕەکاندایە دێنە دەرەوە، چاکەکاران بە هۆی کردەوە چاکەکانیانەوە کەوتنە ڕێ و پێشبڕکێیان کردو پەڕینەوە بەسەر پردی (صِراط)دا، سوێند بە خوای پەروەردگار ئەو کەسانەی کەمتەرخەمن و کردەوەی چاکەیان کەمە هەرگیز پێش ئەو کەسانە ناکەون کە چاکەکارن و چاکەیان زۆرە، ئەگەر چاکەکاران بە گاوڵکێش بڕۆن، پاشان جارییەکە ووتی: ئەی هاوار بۆ خۆم دەبێ چۆن لە خەفەتا نەمرم کاتێك دەبینم چاکەکاران پێشبڕکێ دەکەن و خێرا دەڕۆن و ئالاّی چاکەکاریان بۆ بەرز کراوەتەوە، وە پردی (صراط)یان بڕی خۆشەویستان گەیشتن بە خوای پەروەردگار، وە منیش لەگەڵ خراپەکاران و تاوانباراندا بە جێ مام و دواکەوتم، پاشان دەستی کرد بە گریان و ووتی: ئەی خالد با هیچ شتێك ڕێگریت لێ نەکات بۆ

---

[٢٤٤] رواه الحاكم في المستدرك وصححه (٥٧٤/٤)، ووافقه الذهبي في التلخيص (٨٧١٣)، والألباني في "صحيح الجامع" (٢٠٠١).

پێشبڕكێ كردن و كردنی كاره چاكەكان، چونكە لە نێوان دونیاو دواڕۆژدا شوێنێك نییە تا كەمتەرخەمان كاتێك كەمتەرخەمیان كردووە لە خزمەتی گەورەكەیاندا (واتە: خوای پەروەردگار) قەرەبووی بكەنەوە، هاوار بۆ ئەو كەسەی كەمتەرخەمە لە خزمەتی گەورەكەیدا، وە لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئومێدو ئاواتی پێی هەیە، دەی خۆزگایە كردەوە چاكەكان بە ئاگای بهێنایە كاتێك تەمبەڵ و كەمتەرخەمەكان نووستوون[٢٤٥].

لە كۆتاییدا دەڵێم: برای خۆشەویستم، خۆشكی بەڕێزم، هەر چاكەیەت خوێندەوەو بەر چاوت كەوت لەم كتێبەدا هەوڵبدە كەسانی تریش فێر بكە و لە ناو خەڵكیدا بڵاوی بكەوە، چونكە ئەو كاره یەكێكە لەو هۆكارانەی كە ڕزگارت دەكات لە ناخۆشی و ناڕەحەتیەكانی سەر پردی (صِراط)، وە ڕێگەی تاریكی سەر پردی (صِراط)ت بۆ ڕووناك دەكاتەوە بە ویستی خوای پەروەردگار، چونكە ئەو موسڵمانەی هاندەری خەڵكییە بۆ كردنی خێرو چاكە وەكو ئەوە وایە خۆی ئەو چاكەكەیەی كردبێت.

داواكارم لە خوای پەروەردگاری باڵا دەست و خاوەن عەرش، هەموو لایەكمان لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی دواڕۆژ ڕزگار بكات بە گشتی، وە لە ناخۆشی و ناڕەحەتی سەر پردی (صِراط) بە تایبەتی، وە بمانخاتە بەهەشتەوە، وە مامەڵەمان لەگەڵدا نەكات بە خراپەی خۆمان، بەڵكو بە ڕەحم و بەزەیی و لێبوردەیی خۆی مامەڵمان لەگەڵدا بكات، بەڕاستی خوا لێبوردەیەو لێخۆش بووە لە تاوانی بەندەكانی، بەڕاستی خوا بیسەرو وەڵامدەرەوەی پاڕانەوەكانە، وە سەڵات و سەلامی خوای پەروەردگار بڕژێت بەسەر خۆشەویست و شەفاعەتكارمان لە دواڕۆژدا پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)، وە بەسەر یارو یاوەران و شوێن كەوتووانیان بە گشتی، آمین.

---

[٢٤٥] **بڕوانە**: صفة الصفوة لإبن الجوزي (٢/٢٦٤).



تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم کیتابە بە سوودە بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەرە بەیانی ڕۆژی هەینی ١٦ جمادی الأولی ١٤٣١ کۆچی، بۆ هەر ڕەخنەو پێشنیارێکتان پەیوەندی بکەن بەم ژمارە مۆبایلەوە: (٠٧٧٠١٥٨٠٧٩٨).

نـــــــاوەڕۆك

بەشی سێیەم:

بەشی چوارەم:

لەبڵاوکراوەکانی

سایتی فەرموودە

هەمیشە ڕاستگۆیی

www.fermude.com

fermude33@yahoo.co